جەلال تاڵەبانی

# کوردایەتی

## بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گـــەلی کـــوردستانە

مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی روناکبیریی و پەروەردەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، لەسەر بنەمای سۆشیال ـ دیموکرات و لە پێناوی پەرە و گەشەپێدانی بەهاکانی (ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەیخۆنووسین) زەمینەی دیالۆگ، گەشەپێدانی هزری و هۆشیاریی سیاسیی دەرەخسێنێت.

لە رێگای ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیران، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، نامیلکە، گۆڤار، کۆڕ و سیمیناری تایبەتمەند و دروستکردنی بەڵگەفیلم ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، هەروەها گرنگی بە ئەرشیفکردنی مێژووی (شۆڕشی نوێ و یەکێتی) بە تایبەت و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و دیموکراسی عیراقی بەگشتی دەدات.

## پرۆژەی سەرجەم بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال

پرۆژەیەکی ئامانجدارە، لە قۆناغی یەکەمدا هەوڵ ئەدات هەموو بەرهەمە بڵاوکراوەو بڵاونەکراوەکانی سەرۆک مام جەلال کۆ بکاتەوە، لە کتێب و وتار و نامە و چاوپێکەوتنە بینراوو نەبینراوەکان، پاشان چاپکردن و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەیان. ئەمە پرۆژەیەکی کراوەیە بۆ بەشداری هەموو ئەو بەڕێزانەی لە ئەرشیفی خۆیاندا بەرهەمێک لەو بەرهەمانەیان پاراستووە، لەگەڵ پاراستنی مافە مەعنەوییەکانی ئەو بەڕێزانە.

ئەمە سادەترین پرۆژەی وەفادارییە بۆ درێژەپێدانی رێبازی سەرۆک مام جەلال ، رێبازێک کە رۆشنکەرەوەی فیکری و عەمەلیی رێگای خەباتە بۆ هەموو تێکۆشەرانی رێگای رزگاریی نیشتمانی و ئاشتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین.

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا**
**سەرپەرشتیاری گشتیی پرۆژەکە**
**لێپرسراوی ئەنجومەنی راوێژکارانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری**

پرۆژەی کۆ بەرهەم

٨

جەلال تاڵەبانی

# کوردایەتی

## بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گـــەلی کـــوردستانە

پێشەکی بۆ چاپی نوێ :

**فەرید ئەسەسەرد**

ئامادەکردنەوەی بۆ چاپ و پەراوێزەکان:

**سامی قادر**

-ناوی کتێب: کوردایەتی -
-نووسەر: جەلال تاڵەبانی
-پێشەکی: فەرید ئەسەسەرد
- ئامادەکردنەوەی بۆ چاپ و پەراوێزەکان: سامی قادر
- تایپ: ڕەمەزان حەمەدەمین
- هەڵەچنی: ئەکبەر حەسەن
- دیزاینی ناوەوە: ئەمیرە عومەر
- دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان
- چاپخانە: حەمدی
- چاپ: چوارەم ـ 2023
- تیراژ: ( 1500 ) دانە
- نرخ: (5000 ) دینار
-زنجیرە: ( 560/ 47)
- ژمارەی سپاردن: ( 1391) لە ساڵی 2023 بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

سەرپەرشتیاری گشتی پرۆژەی کۆ بەرهەمی مام جەلال

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا**

**بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری**
**یەکێتیی نیشتمانی کوردستان**

# پێرست


| | |
|---|---|
| پێشەكی بۆ چاپی نوێ - فەرید ئەسەسەرد .............................................. | ١١ |
| (ئاگادارییەكی پێویست) ................................................................. | ١٩ |
| (پێشەكی - مام جەلال ................................................................. | ٢١ |
| **-١-** | |
| **كوردایەتی** | ٣١ |
| - كوردایەتی چییە؟ ................................................................. | ٣٣ |
| - پەیدابوونی نەتەوەی كورد ................................................................. | ٣٤ |
| - چۆنیەتی پەیدابوونی نەتەوەی كورد ................................................. | ٣٦ |
| - پەیدابوونی كوردایەتی ................................................................. | ٤٢ |
| - چۆنیەتی پەیدابوونی كوردایەتی ................................................................. | ٤٣ |
| - دەوری مێژوویی سەردارانی كورد ................................................................. | ٤٥ |
| - شێوەی تایبەتی گەشەكردنی سەرمایەداریی لەكوردستاندا ....................................... | ٤٦ |
| **-٢ -** | |
| **شێوەكانی كوردایەتی** | ٥٣ |
| - كوردایەتی بە نەونەمامی لە بزووتنەوەی بەدرخان پاشا خۆی دەنوێنێ ................ | ٥٥ |
| - كوردایەتی لە گەشەكردنیا ................................................................. | ٥٩ |
| - كوردایەتی خوێندەوارانە و هاوكاری لە پێناو دەستوردا ................................ | ٦٤ |
| - پێكهاتنی حزب و كۆمەڵ لە كوردایەتیدا ................................................. | ٦٩ |
| - كوردایەتی پیاوماقولان - بەهیوای سوێندخۆرەكان ................................... | ٧٤ |
| - سیاسەتی بەریتانیا دەربارەی كوردستان ................................................. | ٧٨ |
| - كوردایەتی دێتەوەسەررێبازی شۆڕش ................................................. | ٩٠ |
| - پێشكەوتنێ لە چۆنایەتیی كوردایەتیدا لە دێهاتەوە بۆ شار ............................ | ٩٦ |
| - قوتابی دێتە ریزی پێشەوەی كوردایەتییەوە ................................ | ١٠٠ |
| - كوردایەتی خەمڵیو ................................................................. | ١١٦ |
| - پاشەكشەیەک لە كوردایەتیدا ................................................. | ١٢٤ |

**- ٣ -**
**دەرس و پەندەکانی کوردایەتی** ١٢٧

**- ٤ -**
**خاسیەتەکانی کوردایەتی** ١٣٣

- پیشاندانی کوردایەتیی ئێستەمان ........................ ١٣٥
- خاسیەتەکانی کوردایەتی ئێستەمان ........................ ١٣٦
- کوردایەتی مێژووکردە وە مەوزووعییە ........................ ١٣٦
- کوردایەتی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریی دیموکراسییە ........................ ١٣٨
- کوردایەتی بزووتنەوەیەکی جەماهیرییە ........................ ١٣٩
- کوردایەتی خەباتێکی شۆڕشگێڕانەیە و دوژمنی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانە ........ ١٣٩
- کوردایەتی و شۆڕش ........................ ١٤١
- شۆڕش چییە؟ ........................ ١٤٤
- مەرجەکانی هەڵگیرساندنی شۆڕش ........................ ١٤٥
- مەرجەکانی سەرکەوتنی شۆڕش ........................ ١٤٦
- شێوەی شۆڕشی کوردستان ........................ ١٤٧
- رزگاربوونی کوردایەتی لە کۆتی کۆن ........................ ١٤٨
- پارتی و کوردایەتی ........................ ١٤٩
- هەستی کوردایەتی بەهێزە ........................ ١٥٢
- فرەوانی بەرەی کوردایەتی ........................ ١٥٣
- کوردایەتی دۆست و پشتیوانی گەلانە، رزگاریی کوردستان بۆ گەلان باشە .......... ١٥٤
- ئەهمییەتی رزگاریی کوردستان ........................ ١٥٤
- توانای گەشەکردن لە کوردایەتیدا بەزوویی زۆرە ........................ ١٥٦
- کوردایەتی دوورە لە شۆڤێنیایەتی و کۆسمۆپۆلیتایەتی ........................ ١٥٧
- یەکێتیی تێکۆشان لەگەڵ عەرەبدا ........................ ١٥٨

**- ٥ -**
**هۆیەکانی سەرنەکەوتنی کوردایەتی** ١٦١

– یەکنەگرتنی هێزەکانی کورد پەروەران ........ ١٦٤
– تێکەڵاونەبوونی کوردایەتی لەگەڵ مەسەلەی جوتیاران ........ ١٦٤
– خیانەتی زۆربەی دەرەبەگەکان ........ ١٦٥
– مانەوەی رژێمی نیمچە دەرەبەگی و گیانی عەشیرەتگەری ........ ١٦٥
– نەبوونی پارتی پێشڕەو ........ ١٦٦
– نەبوونی چینی کریکارو کزی خوێندەواری و هۆشیاری ........ ١٦٦
– یەکگرتنی دوژمنانی کوردایەتی ........ ١٦٧
– دوژمنایەتی ئیمپریالیزم لەگەڵ کوردایەتیدا ........ ١٦٧

## ـ ٦ ـ

## مەرجەکانی سەرکەوتنی کوردایەتی ١٦٩

– بوونی پارتی پێشڕەو ........ ١٧١
– هۆشیارکردنەوە و رێکخستنی کۆمەلانی خەڵک ........ ١٧١
– رێکخستن و یەکخستنی هەموو چینە نیشتمانییەکان ........ ١٧٢
– بوونی هێزی چەکدار ........ ١٧٤
– هاوکاری و یەکێتیی تێکۆشان لەگەڵ عەرەبدا ........ ١٧٥
– پشتیوانی و یارمەتیی گەلان ........ ١٧٦

## ـ ٧ ـ

## کوردایەتی و شۆڤینیایەتی دوژمنن ١٧٧

– کوردایەتیی دوژمنی شۆڤینیایەتییە ........ ١٧٩
– کوردایەتی دۆستی تورکمانە ........ ١٨١
– کوردایەتی و ئاسوری و کلدان ........ ١٨٣
– کوردایەتی و کۆسمۆ پۆلیتایەتی دژی یەکترن ........ ١٨٤
– کوردایەتی و مرۆڤایەتی ........ ١٨٥
– مرۆڤایەتی و کۆسمۆپۆلیتایەتی ........ ١٨٦
– شێوەکانی کۆسمۆپۆلیتایەتی لە کوردستاندا ........ ١٨٧
– کوردایەتی ناگونجێ لەگەڵ تاکڕەویی نەتەوایەتیدا ........ ١٨٩

- کوردایەتی و ڕەگەزایەتی بە پێچەوانەی یەکترین ........................................ ١٩١
- کوردایەتی و دیموکراسی تێکەڵن ........................................................ ١٩٦
- کوردایەتی و جیابوونەوە لە عیراق ........................................................ ٢٠٣

## - ٨ -

## کوردایەتی، پشتیوانی خەباتی نەتەوەی عەرەبە ٢١١

- برایەتی کورد و عەرەب مێژووکردە ........................................................ ٢١٣
- کوردایەتی و هاریکاریی عەرەبی ........................................................ ٢١٦
- کوردایەتی و یەکێتیی عەرەب ........................................................ ٢١٨

## پێشەکی بۆ چاپی نوێ:

هەرچەند ئەم کتێبە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٤دا دەرچووە، بەڵام مێژووی نووسینی بۆ ساڵی ١٩٥٩ دەگەڕێتەوە، کاتێك تاڵەبانی لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا بوو. بەر لەوەی چاپی بکات، حەزی کردووە پیشانی مامۆستا برایم ئەحمەدی بدات. لەو پێشەکییەی کە بۆ چاپی یەکەمی کتێبەکەی نووسیوە، تاڵەبانی وای باس کردووە، کە ئەو بۆیە پیشانی مامۆستا برایم ئەحمەدی داوە بۆ ئەوەی بۆی ڕاست بکاتەوە. هەرچەند ئەو دەستەواژەیەی ئەو لەم بوارەدا بەکاری هێناوە، زۆر ڕوون نیە، بەڵام پێ دەچێ لە هەندێ مەسەلەی دیاریکراو دڵنیا نەبووبێ و پێویستی بەوە بووبێ کە کەسێکی لەو شارەزاتر پێیدا بچێتەوە و ئەو شوێنانەی بۆ ڕاست بکاتەوە کە ئەو لێیان دوودڵ بووە. لێرەدا پرسە گرنگەکە ئەوەیە کە تاڵەبانی کتێبەکەی بە چاککراوی وەرگرتۆتەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەر ناڕوونیی تێدایە، چونکە ئێمە نازانین مامۆستا برایم ئەحمەد چیی بۆ ڕاست کردۆتەوە و وردتر، نازانین هەڵە زمانەوانییەکانی بۆ ڕاست کردۆتەوە یان زانیارییە مێژوویی و سیاسییەکانی ناو کتێبەکە. سەرەڕای ئامادەکردنی بۆ چاپ و پێداچوونەوەی لە لایەن مامۆستا برایم ئەحمەدەوە، کتێبەکە هەر چاپ نەکرا، ئەویش لەبەر هۆیەك کە ئێمە نایزانین و تاڵەبانییش بۆی ڕوون نەکردووینەتەوە.

چاپنەکردنی کتێبەکە ڕێگر نەبوو لەوەی کە سوودی لێ وەربگیرێ. بە کردەوە، تاڵەبانی بە شێوەی چەند وانەیەك لە خولی کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی، هەموو کتێبەکەی وتەوە. ئەو وانانەی لەو خولەدا وترانەوە، ئاستی هۆشیاریی کادیرەکانیان بەرز کردەوە، بە تایبەتی کە ئەم جۆرە بابەتانە لە خولەکانی پێشوودا نەوترابوونەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەرفەتێکی گونجاوی بۆ چاپکردنی کتێبەکە پێك هێنا، چونکە

لقی سلێمانیی پارتی بڕیاری دا بە ڕۆنیۆ ژمارەیەکی لێ بڵاو بکاتەوە. لە کانوونی دووەمی ١٩٦٤دا، دیسان لقی سلێمانیی پارتی هەر بە ڕۆنیۆ چاپێکی تری لێ دەرکرد. ئەمەش نیشانی دەدا کە بابەتی کتێبەکە ئارەزووی لەسەر بووە و کادیرەکان تامەزرۆی ئەوە بوون بە شێوەیەکی زانستی لە ڕیشەی مێژوویی کوردایەتی بگەن و فاکتەرە پێکهێنەرەکانی بزانن.

چاپی دووەم چەند لاپەڕەیەکی لێ چاپ نەکرابوو. تاڵەبانی زۆر بەمە دڵگران بوو. مافی خۆمانە بپرسین ئایا لاپەڕە چاپنەکراوەکان بە ئەنقەست چاپ نەکراون، یاخود بە هۆی هەڵەیەکی تەکنیکییەوە؟ بە دڵنیاییەوە پاش زیاترلە نیو سەدە لە دەرچوونی چاپی دووەم، ئەستەمە وەڵامێکی یەکلاکەرەوەمان چنگ بکەوێ. تاڵەبانی لاپەڕە چاپنەکراوەکانی بە «گرنگ» ناو بردووە، کە ئەمەش نەختێك گریمانەی هەڵەی بێمەبەست لاواز دەکا. بەڵام ئەگەر وای دابنێین کە ناوەڕۆکی بابەتە بڵاونەکراوەکان خۆی لە قەرەی هەندێ بابەتی وەك ململانێی چینایەتیی جووتیاران و دەرەبەگایەتی داوە، گریمانەی هەڵەی بە ئەنقەست دوورابیەکی تر وەردەگرێ. جارێ با لەوە بگەڕێین، چونکە تاڵەبانی لە پێشەکیی چاپی سێیەمدا بابەتێکی تر دەربارەی کتێبەکە دەورووژێنێ، ئەویش ئەوەیە کە چاپی سێیەم هەمان چاپی یەکەم و دووەم نییە، بەڵکو چاپێکی تەواو جیاوازە. ڕەنگە ئەمە پەیوەندیی بە لاپەڕە ونبووە بڵاونەکراوەکانەوە نەبێ، چونکە تاڵەبانی دواتر ئەو بۆچوونەی لا دروست بوو کە سەرلەبەری کتێبەکە پێویستی بە سەرلەنوێ نووسینەوەیە. دیارە لەو ماوەیەدا دەستی بە چەند سەرچاوەیەکی گرنگ گەیشتووە کە وایان لێ کردووە بە سەرتاپای کتێبەکەدا بچێتەوە، لە نووکەوە بینوسێتەوە و کەموکوڕییەکانیشی چارەسەر بکات. ئەمە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە تاڵەبانی لە ناخی خۆیدا لە کتێبەکە ڕازی نەبووە و پێی وا بووە دەتوانێ بەرهەمێکی باشتر پێشکەش بکا. بۆیە لە بڕیاردا لەسەر ئەوە گیرساوەتەوە کە چاکی نەکاتەوە، بەڵکو بینوسێتەوە. چی تاڵەبانیی هان داوە کتێبەکە بنووسێتەوە؟ هەموو نووسەرێك دەزانێ لەوە ناخۆشتر نییە وتارێك یان توێژینەوەیەك دوو جار بنووسێتەوە. تاڵەبانی ئەوەی بۆ ڕوون نەکردووینەتەوە کە بۆچی هەموو کتێبەکەی نووسیوەتەوە. بەڵام ئەوەی کە ڕێی تێ دەچێ، ئەوەیە کە تاڵەبانی، پاش تەواوکردنی کۆپیی یەکەم، سەرچاوەی دەوڵەمەندتری بۆ بابەتەکەی چنگ کەوتووە،

کە ئەمەش هانی داوە سەرلەنوێ بینووسێتەوە، هەرچەند ئەم کارە ماندووبوونێکی زۆری تێدایە. لە کتێبەکەدا تاڵەبانی دەستەواژەی «کوردایەتی» لە ناونیشان و ناواخندا بەکار دێنێ. ئەم وشەیە لە ڕووی مێژووییەوە ئاماژە بۆ دوو گرووپ دەکا: گرووپێکی کەلتووری کە لە ناوخۆدا چەند فاکتەرێکی هاوبەش، وەك زمان، ژیانی هاوبەش و داب و نەریت، تاکەکانی پێکەوە گرێ دەدەن. قۆناغی گرووپی کەلتووری قۆناغی پێش ناسیۆنالیزمە کە تێیدا گرووپەکە ئامادەییەکی زۆری بۆ توانەوە و تێکهەڵکێشبوون و ئاوێتەبوون و وەرگرتنی زمان و کەلتووری پێشکەوتوو و بەهێز، تا ئەندازەی توانەوە تێیدا، هەیە. لەو قۆناغەدا کوردایەتی زۆرتر مانایەکی زمانەوانی یان کەلتووری هەڵدەگرێ و هەست بە بوون لە چوارچێوەی زمان و کەلتوور ناترازێ. لەو قۆناغەدا چەمکەکانی وەك «نیشتمان» و «چارەنووسی هاوبەش» و «سەروەریی زەوی» زۆر کزن، یان هەر نابینرێن.

گرووپی دووەم ئەو گرووپەیە کە تاکەکانی هەست بە بوونی خۆیان وەك گرووپێکی جیاواز و هاوچارەنووس و خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەش و نیشتمانێکی هاوبەش و پشتئەستوور بە ناسنامەیەکی دامەزراو لەسەر بنەمای زمان و کەلتوور و ئیتنیك و بیروباوەڕ و مێژوو دەکەن و دژی توانەوەن لە بۆتەی گرووپێکی تردا. لێرەدا کوردایەتی دوورابییەکی پێشکەوتووتر وەردەگرێ و چەمکی شانازیی ڕەگەزی و سەروەریی نیشتمان و خاکی پیرۆز و کەلتووری مێژووکرد بەرهەم دێنێ.

لە پێشەکیی چاپی سێیەمی کتێبەکەیدا، تاڵەبانی پێی وایە کوردایەتی سەرەڕای ڕوونیی پرنسیپ و ئامانجە گشتییەکانی، «هێشتا پێویستی بە چاکتر ڕونکردنەوە هەیە»، ئەویش لەبەر ئەوەی هەوڵ هەیە بۆ شێواندنی ڕووە گەشەکەی و ناوەڕۆکە دیموکراتییە پێشکەوتنخوازییەکەی و نیشاندانی وەك بزووتنەوەیەکی «چەتەگەری و عەشایری» و پووچەڵکردنەوەی «ناوەڕۆکە جەماوەرییەکەی».

تاڵەبانی بە شێوەیەکی زانستی لە کوردایەتی دەڕوانێ. کوردایەتی، لای تاڵەبانی، بە وردی و وەك پێداویستییەکی مێژوویی، گوزارشتێکی چڕی بزووتنەوەی ڕزگاریی گەلی کوردە «بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان» و هێنانەدیی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بە مافی چارەی خۆنووسینەوە. کوردایەتییەکەی تاڵەبانی کوردایەتییەکی پێشکەوتنخوازە و دوورنمایەکی کۆمەڵایەتیی هەیە، چونکە دژی ئیمپریالیزمە لە ڕووی سیاسییەوە

لە لایەك و هەوڵیش دەدا بۆ «پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و خوێندەواری» لە لایەکی ترەوە. بەمە، تاڵەبانی کوردایەتییەکەی خۆی لە کوردایەتیی دەرەبەگ و ڕەوتە خێڵەکییەکان دوور دەخاتەوە. بایەخی جیاکردنەوەی کوردایەتیی کلاسیکی لە کوردایەتیی پێشکەوتنخوازی تاڵەبانی، لەوەدایە کە یەکەمیان ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتیی نییە و دووەمیان ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتنخوازی هەیە و بەپێی هەلومەرجی مێژوویی دژی دەرەبەگایەتی دەبێ، تێکەڵاو بە ململانێی چینایەتیی ناو کۆمەڵ دەبێ و ئەگەر نیشتمان داگیرکراو بوو، دژی داگیرکەر دەبێ و سوپا ڕزگاریخوازەکەی لە جووتیاران پێك دێ، کە ئەمەش وڵات هەم لە داگیرکەر ڕزگار دەکا، هەم لە دەرەبەگ. هەروەها دەشێ لەم پرۆسەیەدا بۆرژوازی ڕابەرایەتیی جووتیاران بکا بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان لە دەرەبەگایەتی و داگیرکەران. تاڵەبانی لەم کتێبەدا لە بنجوبنەوانی نەتەوایەتی (ناسیۆنالیزم) دەکۆڵێتەوە. بەڵام ئەم کارە دەرگایەکی تری لە بەردەمدا کردۆتەوە، چونکە کوردایەتی لە ڕووی زانستییەوە، جگە لەوەی کە جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، قۆناغێکی مێژووییشە کە زادەی پەرەسەندنی ئابووری – کۆمەڵایەتییە. بەم مانایە، کوردایەتی بزووتنەوەیەکی سەردەمبڕ نییە، بەڵکو زادەی گەشەکردنی ئابووری – کۆمەڵایەتیی کوردستانە کە تێیدا، لە قۆناغێکی دیاریکراودا، هەندێ چەمکی تازە لە ناو کۆمەڵدا پەیدا دەبن، لەوانە چەمکەکانی «نیشتمان» و «نەتەوە» و «چارەنوسی هاوبەش».

ئەم پێشهاتە تازەیە ڕەنگدانەوەی پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییە. تیۆریی تاڵەبانی لەم ڕووەوە هەمان تیۆریی کارل مارکسە کە ناسیۆنالیزم بە پەیدابوونی سەرمایەداری و داڕمانی دەرەبەگایەتییەوە دەبەستێتەوە و پێی وایە کاتێك بەرهەمی کالایی لە کوردستان لە سەدەی نۆزدەیەمدا پەرەی سەند، کوردستان پێی نایە سەردەمی سەرمایەداری و بەپێی دابەشکردنی کاری جیهانی، ڕۆڵێکی لە سیستمی جیهانیی سەرمایەداریدا بۆ دیاری کرا کە تاڵەبانی لە کتێبەکەیدا بە شێوەی «پەیدابوونی کەسابەت و تیجارەت و ناوچەی بازرگانی» گوزارشتی لێ دەکا. بەشە بەرایییەکانی شیکردنەوەکانی تاڵەبانی زۆر باس لە ناردنەدەرەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵیی کوردستان بۆ تورکیا و ڕووسیا و ئەورووپا و عەرەبستان و ئێران دەکەن، لەوانە مەڕومالات، خوری، کەتیرە، مازوو، پێست، تووتن، هەنگوین، مافوور و هیی تر.

پەلکێشکردنی کوردستان بۆ بازاڕی جیهانیی سەرمایەداری، ڕەنگدانەوەی گەورەی لە کوردستاندا هەبووە. لە لایەك، دەرەبەگەکان ئەوەندەی تر کەوتنە تالانکردنی جووتیاران، لە لایەکی ترەوە، لە ئەنجامی ئەم بزاوتەی بەرهەمهێنان و بازرگانیدا، پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایە هاتە ئارا. لە ڕەوتی مێژووییدا، پرۆسەکە کوردستانی گواستەوە بۆ قۆناغی ئاڵوویری نەختینەیی، واتە قۆناغی بەکارهێنانی دراو لە ئاڵوویرە بازرگانییەکاندا. کۆی پرۆسەکە کە تێکەڵەیە لە قازانجی ماددی و چەوساندنەوەی چینایەتی و پێشکەوتنی شارستانی، زۆر دیاردەی لێ کەوتەوە، وەك تەشەنەسەندنی ململانێی نێوان جووتیاران و دەرەبەگەکان، کۆچی جووتیاران بۆ شارەکان، گەورەبوونی شارەکان، زیادبوونی دەوڵەمەندەکان، پەیدابوونی چینی بۆرژوازی، هەڵپەی داگیرکەران بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆیان و بەتالانبردنی سامانی نیشتمانیی کوردستان.

تاڵەبانی لە پێشەکییەکی دوورودرێژدا، سەرگوزشتەی پەیدابوونی نەتەوەی کورد لە ڕووی مێژووییەوە، بە شێوەیەکی زانستییانە دەگێڕێتەوە و بەو جۆرە لە دەرگای بابەتە سەرەکییەکە دەدا کە هەوەڵ جار باسی چۆنێتیی پەیدابوونی نەتەوەی کورد دەکا و پاشان دەچێتە سەر باسکردنی پەیدابوونی کوردایەتی کە لێرە دەکرێ پێی بوترێ ناسیۆنالیزمی کوردی.

بەپێی تیۆریی تاڵەبانی، کوردایەتی لە ڕووی سیاسییەوە زادەی زوڵموزۆری داگیرکەران و سیاسەتی ئازاردانی نەتەوەیی و چەوساندنەوە و توندوتیژی و سەپاندنی ناوەندێتیی دەوڵەت و پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی کوردە. جگە لەوە، تاڵەبانی پێی وایە داگیرکردن و دەستێوەردانی ئیمپریالیستی لە کاروباری ڕۆژهەڵاتدا، بووەتە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی کورددا.

تاڵەبانی هەندێ ڕووداوی ناوچەکە بە وێستگەیەکی گرنگی سەرهەڵدانی بیری سەربەخۆخوازانەی کوردایەتی دەزانێ، لەوانە، جەنگی ڕزگاریخوازیی یۆنان لە ساڵی ١٨٢٨ و پێشڕەویی سوپای برایم پاشای میسر بۆ گرتنی ئیستانبولی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی.

تاڵەبانی پێی وایە کوردایەتی، لە شێوەدا، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە، بەڵام لە هەموو قۆناغەکاندا و بە هەر شێوەیەك بووبێ، هەر یەك ئامانجی هەیە، ئەویش

ڕزگاری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە. بۆیە کوردایەتیی سەردەمی بەدرخان تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە جیایە لە کوردایەتیی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری. لە کاتێکدا کوردایەتییەکەی بەدرخان لەسەر بنەمای میرایەتی ڕووبەڕووی عوسمانییەکان بۆتەوە، کوردایەتییەکەی نەهری لەسەر بنەمای یەکخستنی خێڵەکان دامەزراوە. لێرەش تاڵەبانی خەبات لەپێناوی دەستووردا بە کوردایەتی دادەنێ، چونکە دەکرێ لە ڕێی دەستوورێکی گەلپەسەندەوە، مافە بنچینەییەکانی کورد بسەلمێنرێن و یەکسانی بەدی بهێنرێ. بەڵام هەموو ئەم جۆرە کوردایەتییانە، لە باری سەرنجی تاڵەبانییەوە، خەملّیو نین و هەڵبژاردنی ڕێبازی شۆڕش بە گونجاوترینیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان دادەنێ.

**فەرید ئەسەسەرد**

**سلێمانی**

**٣-٦- ٢٠٢٢**

**پێشکەشە بە:**

گیانی پاکی شەهیدانی کوردایەتی،
کوردپەروەرە شۆڕشگێرە نەبەزەکان

**مام جەلال**

## ئاگادارییەكی پێویست

ئەم باسەی لەم نامیلكەیەدا بڵاو ئەكرێتەوە دەربارەی كوردایەتی:

بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی كوردستان، گەلاڵەكەی وەختی خۆی ساڵی ١٩٥٩ نووسراوە. دوای ماوەیەك نیشانی مامۆستای تێكۆشەر، برایم ئەحمەدم دا بۆ ڕاستكردنەوەی. مامۆستا برایمیش دوای چاككردنی پەسەندی كرد، بەڵام داخەكەم، ئەوسا بڵاو نەكرایەوە.

لە ساڵی ١٩٦٠دا بە شێوەی دەرس لە قوتابخانەی هۆشیاری كە بۆ هێندێ ئەندامانی پارتی دیموكراتی كوردستان لە سلێمانی كرابۆوە، گوتمەوە. پاشان لقی سلێمانیی (پ.د.ك) بە ڕۆنیۆ لە كانوونی/٢ی ١٩٦١دا بڵاوی كردەوە.

لقی تیكۆشەری سلێمانی دووبارە لە كانونی/٢ی ١٩٦٤دا چاپیان كردەوە هەر بە ناوی كوردایەتییەوە، بەڵام بە داخەوە، چەند لاپەڕەیەكی گرنگی چاپ نەكرابۆوە (سەبارەت بە لەناوچوونیان).

ئەوەی ڕاست بێ، هەر لە نووسینەوە تا ئێستە بێ ناتەواوی نەبووە. هێندێ لەم ناتەواوییانەی كە دەربارەی بنچ و ڕەگی ئابووری و كۆمەڵایەتی (نەتەوەی كورد)(١) بە مانای نوێی نەتەوە و كوردایەتی بوون لە سەرەتای پەیدابوونیانەوە، توانراوە چارەسەرێكی وەختی بكرێن. ئەڵێم وەختی، چونكە ئەم باسە گرنگە پێویستییەكی زۆری بە لێكۆڵینەوە و ڕوونكردنەوەیەكی تەواو هەیە. جگە لەمە، لەو ماوەیەدا هێندێ ڕووداو و تاقیكردنەوەی ترمان دیت كە بە ڕاستی و دروستی ناوەڕۆكی باسەكەشیان چاكتر ڕوون كردبێتەوە. بەڵام ناتەواوییەكانیشیان دەرخستوون. بۆیە بە پێویستم زانی هەوڵێك بدەم بۆ ئەوەی دووبارە

هەمووی بنووسمەوە و بەپێی توانا هێندێ کەلەبەریشی بگرم. واتە هێندێ شتی تری بخەمە سەر.

جا هیوام وایە کە بەشێ لە ئەرکەکانی سەرشانی خۆمم لەم ڕووەوە بەجێ هێنابێت. ئەمێنێتەوە واجبی هەڤاڵان و بیرڕەوشەنەکانی پارتیمان و گەلەکەمان کە بە ڕەخنەوە ڕاستکردنەوە و خستنەسەر هاوکاری بکەن لە چاکتر ڕوونکردنەوەی ئەم باسە گرنگەدا.

**جەلال تاڵەبانی**

**١٩٦٤/١٢/١٠**

## پێشەکی:

دوای کزبوونێکی وەختی، کوردایەتی سەرلەنوێ بووژایەوە (٢) (بە تایبەتی لە ئەنجامی شۆڕشی ١٤/ی تەمووزی ١٩٥٨)دا و زۆربەی خەڵکی کوردستانی عیراقی لەژێر ئالآی خۆیدا کۆ کردەوە، بە جۆرێ کە لەوەتەی کوردایەتی هەیە، بزووتنەوەیەکی جەماهیریی وا فراوان و بەتینی بە خۆیەوە نەدیوە.

ئیمڕۆ کوردایەتی چەند وتەیەکی سەر زاری هێندێ خوێندەوار و دەسەڵاتداری کورد نییە.. کوردایەتی ئیمڕۆ هەر لە شیعر و گۆرانیدا خۆی نانوێنێ . . . کوردایەتی ئیمڕۆ بزووتنەوەیەکە سەدەها هەزار جووتیار و کرێکار و ڕەنجدەر و کاسبکار و خوێندەواری کوردی تیا کۆبۆتەوە . . . کوردایەتی ئیمڕۆ بزووتنەوەیەکی خاوەن تاقیکردنەوە و پەندێکی زۆروزەبەندە. پارتێکی پێشڕەوی لە خۆیەوە ڕسکاو و هاتووەتە دی بەرەو ئامانجەکانی خۆی ڕابەری ئەکات، وە لەبەر تیشکی بیروباوەڕێکی پێشکەوتوانەی شۆڕشگێڕانە، لەسەر ڕێگەی شۆڕشگێڕانەی خۆی بەرەو ئامانجە نەتەوایەتی و دیموکراتییەکانی ئەبات.

ئیمڕۆ کوردایەتی هۆشیارانە و ژیرانە بۆ پێشەوە تەکان ئەدات. دۆست و دوژمنی خۆی ناسیوە. لەو ڕاستییە گەیشتووە کە ئیمپریالیزم (٣) و داگیرکەران و کۆنەپەرستەکانی نۆکەریان، دوژمنی هەرە گەورەی (کوردایەتی)ن. هەر وەك لەم ڕاستییەش گەیشتووە کە هێزی بنچینەیی خۆی هەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. بڕبڕەی پشتی ئەم هێزەش، هەر زۆربەی خەڵکەکەن، کە جووتیار و کرێکار و ڕەنجدەر و خوێندەوارە شۆڕشگێڕەکان و کاسبکارە تێکۆشەرەکانن.

کوردایەتی لەوەش گەیشتووە کە برایەتی و دۆستایەتی و هاریکاریی نێوان گەلان چەندە پێویست و بەکەڵکە. هەر وەك لەم ڕاستییەش گەیشتووە کە خەباتی هەموو

گەلان بەیەکەوە بەستراوە، بۆیە خەباتی هەر گەلێك لەپێناوی ڕزگاری و بەختیاریی خۆیدا دژی ئیمپریالیزم، کە دوژمنی خوێنەخۆی کوردیشە، پشتیوانیکردنێکی لەلاوەی کوردایەتی نییە. لەبەر ئەمەیە کە کوردایەتییش شوێنی خۆی لە ناو کاروانی ڕزگاریی گەلانی ئازادیخواز و دیموکرات و شۆڕشگێڕی گێتیدا دیاری کردووە.

کوردایەتی ئیمڕۆ ڕێبازی مێژوویی خۆی دۆزیوەتەوە و گرتوویەتیە بەر، ڕێبازی خەباتی شۆڕشگێڕانە، کە گەلێ جار چەکدارانەشە، کە بە خوێنی گەشی شەهیدانی کوردستان ڕووناك کراوەتەوە. هەر وەك کوێرانە و بێ چراش نەکەوتۆتە ڕێ لە شەوەزەنگی داگیرکەرانی کوردستاندا، بەڵکو لەبەر تیشکی بیروباوەڕی پێشکەوتوانە و شۆڕشگێڕانەی عیلمیدا ڕێگەی خۆی ئەبڕێت.

جگە لەمە، کوردایەتی هێزێکی چەکداری ئازا و دلێری خۆیشی هەیە، کە ئەویش لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانە، کە تا ڕادەیەك لە کوورەی شۆڕشە پیرۆزەکەیدا قاڵ بۆتەوە. هەروەها توانیویەتی تا ڕادەیەکی باش خۆی بە گەلانی دنیا بناسێنێ و ڕاستی و عەدالەتی مەسەلەکەی لە دەرەوەدا ڕوون بکاتەوە و دۆست و پشتیوان بۆ خۆی پەیدا بکات لە ناو هەموو گەلانی گێتی و حکومەتەکانی بەرەی سۆشیالیستیدا (بە تایبەتی یەکگرتنی کۆمارە سۆشیالیستە سۆڤێتییەکان).

کوردایەتی لەوەش دەرچووە کە ئیمپریالیزم و نۆکەرانیان چەند زوڵە کوردێ یان چەند نەفەرێکی سەرلێشێواوی لەڕێلادەر بتوانن فریوی بدەن و بۆ دەسکەوتی خۆیان بەکاری بێنن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشا، کوردایەتی هێشتا پێویستی بە چاکتر ڕوونکردنەوە هەیە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی کە ئیمپریالیستەکان و داگیرکەران، بە هەموو هێزێکیانەوە، هەوڵی ئەوە ئەدەن کە کوردایەتی نەك هەر لە نێو گۆمی خوێن و فرمێسکا نقوم بکەن، بەڵکو ڕووە گەشەکەشی بشێوێنن و تەبیعەت و ناوەڕۆکە دیموکراتی و پێشکەوتوانەکەشی لە ناو بووخچەیەکی ڕەشدا بپێچنەوە و لە بەر چاوی گەلانی دنیا وەك بزووتنەوەیەکی چەتەگەری و عەشایری نیشانی بدەن. هەر وەك هەڵپەرستەکانیش دەیانەوێ کوردایەتی بشێوێنن و ناوەڕۆکە جەماهیرییەکەی پووچەڵ کەن و لە ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی خۆی لای بدەن وە تا بۆیان بکرێ، کوردایەتی لە پارتی پێشڕەو خۆی دابڕن(٤).

ئیمپریالیستەکان و داگیرکەران و نەتەوەپەرستە شۆڤێنییەکانی گەلانی کاربەدەست

(الامم الحاكمة)(٥) لەو دەوڵەتانەی کوردیان تیا ئەژی، هەر بەوە دڵیان ئاوی نەخواردۆتەوە کە کوردستان داگیر و دابەش کراوە و خەڵکەکەی لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی و دیموکراتی بێبەش کراون، وە سەروەت و سامانی نیشتمانەکەیان بە تالان ئەبەن، بە جۆرێ، ئیمڕۆ کورد لە هەموو گەلێکی تری دنیا دواکەوتووتر و بەشخوراوترە، بگرە هەمیشە هەوڵی ئەوەش ئەدەن، کە گوناه و تاوانەکانی خۆیان دژی کورد و کوردستان لە ناو تەمومژی درۆودەلەسە و بوختان هەڵبەستن بە کوردایەتیدا بشارنەوە.

دیارە ئەمانە ناتوانن ڕاستەوخۆ بڵێن کە بۆیە دوژمنی (کوردایەتی)ن، چونکە بزووتنەوەیەکی هەقپەرستانەی ئازادیخوازانەیە، بەڵکو هەزار درۆودەلەسەی بۆ ئەدۆزنەوە. جار هەیە بۆیان دەست ئەدا کوردایەتی بە بزووتنەوەیەکی سەر بە ئیمپریالیزم (بە تایبەتی بەریتانی)، بدەنە قەڵەم، وەك ئەو بوختانەی بە شۆڕشی دیاربەکریان کرد، جاریش هەیە بۆیان دەست ئەدا سەر بە ڕووس و شیوعییەتی بدەنە قەڵەم، وەك لەم دواییەدا بەرامبەر پارتی و شۆڕش و خەباتەکانی خەڵکی کوردستان بڵاویان ئەکردەوە.

مۆری جیاکەرەوە (الانفصالية) و ئاژاوەنانەوەشیان دەمێکە بۆ هەڵکەندوە و بێ سڵکردن بە هەموو بزووتنەوەیەکی کوردپەروەرانەوەی ئەنێن! بەتایبەتی ئیمڕۆکە کوردایەتی گەشەی کردووە و دروشمی(٦) (دیموکراسی بۆ عیراق) و (٧)(ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان)ی بەرز کردۆتەوە، کە کوردایەتی بۆ بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵك و ناوەڕۆکە دیموکراتییەکەی گەشەی کردووە، وە تا دێت پتر شێوەی بزووتنەوەیەکی پێشکەوتووی عەسری نوێ بە خۆیەوە دەگرێت، باشتر کیفە کۆنەکەکانی عەشیرەتگەری و فەردی و تاکڕەوی لەبەر خۆی دادەماڵێت، وە زۆرتر لە پارتی پێشڕەوی خۆی نزیك ئەبێتەوە. چونکە ئەم شێوە عەشیرەتگەری و فەردییە هەموو ڕۆژێ باشتر ڕوونی ئەکاتەوە کە لە زیان بەولاوە، ناتوانێ چیکە بە کوردایەتی بگەیەنێت، هەر وەك کردەوە و تاقیکردنەوە یەك لە دوای یەکەکانی گەلەکەشمان تا دێ ئەو ڕاستییە باشتر دەردەخەن کە ڕابەریی کوردایەتی هەر بە پارتی پێشڕەو ئەکرێ.

تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵك لەم ڕاستییانەی سەرەوە و پەروەردەبوونی تێکۆشەران پێیان و هۆشیاربوونەوەی کۆمەڵانی خەڵك، زیاتر ئیمپریالیستەکان و داگیرکەرانی ترساندووە، چونکە ئەم جۆرە بزووتنەوە جەماهیرییە شۆڕشگێڕەی پارتی پێشڕەوی خۆی ڕابەری ئەکات، لە شکاندن و فەوتاندن نایەن و فریودان و هەڵخەڵەتاندنی زۆر زەحمەتە.

بۆیە لەم کاتەدا دوژمنانی کوردایەتی هەوڵی خۆیان زۆرتر و پێچاویتر ئەکەن بۆ تێکدانی ڕیزەکانی کوردایەتی و چاندنی تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکی تیایا، وە بۆ بووژاندنەوە و بەهێزکردنی باڵی عەشایری و فەردی لە کوردایەتیدا وە بۆ بەرهەڵستیکردنی پارتی پێشڕەوی کوردایەتی، پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئەم جارە بەکرێگیراوان و نۆکەرانی داگیرکەران و ئیمپریالیستەکان کەوتنە گەڕ و بە کەڵکوەرگرتن لەو گیروگرفتانەی هاتنە ڕێی کوردایەتی، ئەم جارە تیری ژەهراوییان ئەگرنە پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە هێزی هەرە گەورەی ڕێکخراو و پێشڕەوی شۆڕشگێڕی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکە، بە خەیاڵی خاویان پارتی لە پێشڕەوی دەخەن!! ئینجا کوردایەتی ژێر ئەخەن و ئەم جارەش لە خوێن و فرمێسکا ونی ئەکەن.

هێندێ چڵکاوخۆری کاسەلیس کەوتوونەتە جرتوفرت، گوایا بەربەرەکانێی پارتایەتی ئەکەن؛ یان دەردی فسفس پاڵەوانی گێرەشێوێن و خۆفرۆش (٨) ئەحمەد تۆفیق[1] گوتەنی: کوردایەتی بکرێ، نەوەکا پارتایەتی! هەر وەك پارتی ڕۆڵە و پێشڕەوی کوردایەتی نەبێت لە کوردایەتی و بۆ ڕابەریکردن و سەرخستنی کوردایەتی پەیدا نەبووبێت، نیازی ڕاستەقینەی ئەم کۆنە جاسووسەی مەجید جەلیل[2] و تازە جاسووسی ئیمپریالیزم هەر ئەوەیە کە ئەو

---

١- ئەحمەد تۆفیق (١٩٣١-١٩٧٣): ناوی ڕاستەقینەی عەبدوڵڵا کوڕی سەید حەمەدەمینی ئیسحاقییە، ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی ١٩٣١ی زایینی لە گەڕەکی هەرمەنیانی شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە. دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١، هاتووەتە باشووری کوردستان و بە شۆڕشەوە پەیوەست بووە. بڕوانە د. یاسین سەردەشتی (ژیان و تێکۆشانی ئەحمەد تۆفیق) چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧. (ئامادەکار)

٢- عەبدولمەجید جەلیل: یەکەم بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی (الامن العام) بووە لە سەردەمی کۆماریدا. ئەم پۆستەی لە نێوان ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ تا ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لە ئەستۆ بووە. بەر لە شۆڕشی چواردەی تەممووز، ئەفسەری پەیوەندی بووە لە نێوان بەرێوەبەرایەتیی ئیستخباراتی عەسکەری و بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی تاوان و دواتر ئەمنی عامە. بەپێی شارەزایی لە کاروباری بەڕێوەبەرایەتی ئەمن، پەیوەندییەکی کەسی لە نێوان ئەو عەبدولکەریم قاسمدا هەبوو. هیچ مەیلێکی سیاسییانەی نەبووە. لە میانەی تێڕوانین لەو ڕاپۆرتانەی بۆ ئەنجوومەنی سیادە و سەرۆکوەزیران و وەزیری ناوەخۆ بەرز کراونەتەوە، دەتوانرێ بوترێ کە ناوبراو قاسمی بووە، یان لایەنی کەم وا دەرکەوتووە. لە ڕۆژی ٩ی شوباتی ١٩٦٣ بەبێ دادگاییەکی ئوسوڵی، لە سێدارە دراوە. بڕوانە: د. جعفر عباس حمیدي، التطورات السیاسیة في العراق ١٩٥٨-١٩٦٨، دراسة وثائقیة في ضوء التقاریر الامنیة الخاص، جامعة بغداد، الطبعة الاول ٢٠١٠، ص ٨، مطبعة النهار الجدید - بغداد، منشورات بیت الحکمة، بغداد. (ئامادەکار)

فرمانە بەجێ بهێنێ کە ئاغا ئیمپریالیست و داگیرکەرەکانی پێیان سپاردووە، کە ئەمیش بەربەرەکانێی کوردایەتی و پووچەڵکردنیەتی.

جگە لەمە چەند دانەیەك لە كۆنە بەزیوەكانی ناوی خۆیان ناوە كاژیك و گەلی كورد ناتۆرەی (كوردكوژە)ی بەسەردا بڕیون، ئەیانەوێ ژەهری(٩) تاكڕەویی نەتەوایەتی (الانعزال القومي) و (پووچەڵکردنی ناوەڕۆکە دیموکراتییەکەی کوردایەتی بڵاو بکەنەوە، دەوری خۆیان لە ڕیزی دوژمنانی کوردایەتیدا بگرن، دەوری بەربەرەکانێی پارتی پێشڕەوی کوردایەتی و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کوردستان و ناوەڕۆکە پێشکەوتووەکەی کوردایەتی)، لەژێر پەردەی نەتەوەپەرستیدا چالاکیی گێرەشێوێنانەی خۆیان بشارنەوە.

جا لەم کاتەدا دوان لەسەر کوردایەتی بە جۆرێکی عیلمی و مەوزووعی ئەهەمییەتێکی تایبەتی هەیە لە بەرهەڵستیکردنی پیلان و کۆششی دوژمنانی کوردایەتیدا، کە دەیانەوێ چالاکیی گێرەشێوێنانە و دوژمنانەی خۆیان لەژێر چارۆکە شڕەی نەتەوەپەرستییەکی فەنتازیدا بشارنەوە.

چاکترین چەکی کوشندەش دژی هەموو ئەمانە، هەر چاکتر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکە، هەر چاکترین دەرخستنی ڕاستی و ناوەڕۆکی کوردایەتی و شێوە و ئوسلوبی خەباتی کوردایەتییە، هەر چاکتر ڕێکخستن و سازدانی کۆمەڵانی خەڵکە، بە ڕابەریی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا. بەم چەشنە، ئەتوانین کوردایەتی لە توانج و تیرە ژەهراوییەکانی هەموو ئەو دوژمنانەی کوردایەتی بپارێزن.

کەواتە با بزانین کوردایەتی چییە؟ چۆن پەیدا بووە؟ شێوەکانی چۆن بووە؟ پاشان بزانین کوردایەتیی ئیستەمان چۆنە؟ وە پەیوەندیی کوردایەتی و هێندێ بیروڕای کۆنەپەرستانە چۆنە؟ وە کوردایەتی چیی بەسەر دیموکراسی و برایەتیی کورد و عەرەبەوە هەیە؟

لە وەرامی ئەم پرسیارانەدا، نابێ بە ئارەزووی دڵی خۆمان بدوێین؛ چۆنمان دەوێ وا بڵێین، بەڵکو پێویستە دیراسەتێکی عیلمی و مەوزووعیی کوردایەتی بکەین لە مێژوودا، وەك ڕووداوێکی مێژوویی واقیعی گیاندار، واتە لە کوردایەتی بکۆڵینەوە وەکو هەبووە و هەیە، لە سەرەتای پەیدابوونیەوە تا ئیمڕۆ بە ڕەچاوکردن و دیراسەتکردنی هەموو ئەو گۆڕان و گەشەکردن و پێشکەوتنەی بەسەریدا هاتووە.

# ئاگـــــاداری

لێرەدا ئەو شتانە بۆ خوێندەوارانی بەڕێز ڕوون ئەكەینەوە كە لە لاپەڕەكانی پێشوودا ژمارەمان لەسەر داناون:

**١- نەتەوە بە مانای نوێی عەسری نەتەوە:**

بەم كۆمەڵە خەڵكە ئەوترێ كە لە مێژوودا پێك هاتووە و خاوەن زبان و نیشتمان و ژیانی ئابووریی موشتەرەك و هەست و خاسییەتی تایبەتی و خوو و ڕەوشتی نەتەوایەتیی موشتەرەكن، (هەستی نەتەوایەتی)ش لە پەیدابوون و گەشەكردنی نەتەوەوە پەیدا ئەبێ، وە دوای بڵاوبوونەوەی لە ناو خەڵكدا ئەبێتە بزووتنەوەیەكی تایبەتی.

**٢- شۆڕشی ئەم جارەی كوردستان:** (كە لە ئەیلوولی/١٩٦١دا هەڵگیرسا) دەورێكی باشی هەبوو لە پەرەسەندن و بووژاندنەوەی كوردایەتی لە دێهاتدا، وە كردنی كوردایەتی بە بزووتنەوەی شار و لادێی كوردستان.

**٣- ئیمپریالیزم:** بە ڕژێمی سەرمایەداریی بڵبوو ئەوترێ لە پلەی هەرە بەرزی پێگەیشتنیا، كە تیایا سەرمایەداریی ماڵی و سەناعی تێكەڵاوی یەكتر ئەبن و ئیحتكار ئەبێتە شێوەی ڕەئیسیی سەرمایەداری، بە هۆی (ترەست)[1] و (كارتێل)[2]ەوە، دەســت

---

١- ترەست: بریتییە لەو خەسڵەتە دیارەی قۆناغی ئیمپریالیزم بۆ سیستەمی سەرمایەداری، لە شێوە تەقلیدییەكانی كەڵەكەبوونی سەرمایەیە، لە ڕێی تواندنەوە و تێكەڵكردنی پرۆژە هاوشێوەكان یان تەواوكەرەكان لە یەك پرۆژەی گەورە و ژێر یەك ئیدارەدا، بە مەبەستی دەستگرتن بەسەر بازاڕ و دەستخستنی زۆرترین قازانج. موسوعة الهلال الاشتراكية، ص ١١٢. (ئامادەكار)

٢- كارتێل: شێوە یەكگرتنێكە لە نێوان كۆمپانیا بەرهەمهێنەرە گەورە و فرەڕەگەزەكان بە مەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج. فەرهەنگی كادیر، ئامادەكردن: محمد فاتیح، ٢٠٠١، كتێبی ڕوناكبیری، ژمارە ٤٧، ل ٧٠. (ئامادەكار)

بەسەر بازاڕی ناوەوەدا ئەگرن و پاشان ئەکەونە ناردنی سەرمایە و کشتوکاڵ بۆ بازاڕەکانی دەرەوەش، هەر وەکو وڵاتانی گەلانی تر داگیر ئەکەن، بە هۆی لەشکر و پەیمانی فریودەرەوە، وە دەکەونە تالانکردنی ئەم وڵاتانە و چەوساندنەوەی خەڵکەکەیان و دەستداگرتن بەسەر بازاڕ و کەرەستە خاوەکانی ئەم وڵاتانەدا. سەرمایەداری لە پلەی هەرە بەرزیا کە ئیمپریالیزم پێك دێنێت، ڕزۆك و گەندەڵ ئەبێت و ڕووەو هەڵدێری هەزاربەهەزار ئەچێت.

**حکومەتی ئیمپریالیستیش:** ئەم حکومەتەیە کە ئەم ڕژێمە سەرمایەدارییە ئیحتیکارییە دروستی ئەکات، تا حوکمی وڵاتی خۆی و وڵاتانی داگیرکراوی پێ بکات، بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی خۆی و ڕاگرتنی ڕژێمی (ئیمپریالیزم).

**ئیستیعمار:** بە مانای کۆنی بەو دەوڵەتە ئەگوترا کە وڵاتی گەلانی تری داگیر ئەکرد و ئەیچەوساندنەوە و سەروەت و سامانی تالان ئەکردن.

**ئیمپریالیزمی نوێش:** هەر ئیمپریالیزمە، بەڵام شێوە و ئوسلوبی گۆڕیوە و لەجیاتیی داگیرکردنی عەسکەری، بە پەیمان و تیجارەت و ناردنەدەرەوەی سەرمایە و دانانی هێندێ پرۆژەی سەناعی لە وڵاتانی ترا خوێنی گەلەکانیان ئەمژێت و ئەیانچەوسێنێتەوە. هەر وەك ڕێگەی قەرز و پەیمانی عەسکەری و سیاسی و خوێندەوارییش بەکار دێنێت بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە گڵاوەکانی خۆی.

٤- **شۆڤێنیزم**: لە کاتی خۆیدا بە دوورودرێژی باسی شۆڤێنیزم ئەکەین، بۆیە لێرەدا زۆری لەسەر ناڕۆین.

دانەری قامووسی سیاسی، پرۆفیسۆر بانوماریۆڤا لە لاپەرە (٦٥٧)یدا لە ژێر وشەی (شۆڤێنیزم)دا ئاوا دەڵێ: شۆڤێنیزم سیاسەتێکی بۆرژوازییانەی کۆنەپەرستانەیە، ئامانجی تێکشکاندن و ژێردەستکردنی گەلانی ترە، وە بە بیانووی ئیمتیازی نەتەوایەتی، ئاگری دوژمنایەتی و بەپێکهەڵپژانی لە ناو گەلاندا خۆش ئەکا، بەڵام گەر لە ڕووی مانای وشەکە و چۆنیەتیی داهاتنیەوە لێی بکۆڵینەوە، ئەوە ئەبێ بچینەوە سەر (شۆڤێن) کە سەربازێکی فەڕەنسی بوو، وە کوێرانە وە بێلێکدانەوە و بێئەندازە دڵسۆزی سەرکردەکەی خۆی بوو تا ڕادەی پەرستن.

لەم بابەتەوە لە (قامووسی فەڕەنسیدا) لە لاپەرە (١٣٧)دا نووسراوە. شۆڤێنیزم لە ناوی (شۆڤێن)ەوە وەرگیراوە، نموونەی سەربازێکی بەجۆش لە ئیمپراتۆرییەتی یەکەمدا، پیاوێك کە بەرامبەر بە نیشتمانی خۆی دڵسۆزییەکی کوێرانەی هەیە، یان دەردەبڕێت. لە باسێکی مامۆستا (عەبدولڕەحمان زەبیحی)یەوە کە لە ژمارە (٢)، لاپەرە (٦)ی ڕۆژنامەی (کوردستان)دا لە ڕۆژی ١٩٦١/٣/١١ دا لە بەغدا چاپ کراوە.

٥- **نەتەوەی کاربەدەست** (الامة الحاكمة): بەم گەلە ئەوترێ کە لە دەوڵەتێکی چەند نەتەوەییدا حوکم بە ناوی ئەوەوە لە لایەن چەند چین و تاقمێکی ئەوەوە ئەکرێت. بۆ نموونە، لە عیراقدا عەرەب نەتەوەی کاربەدەستە.

٦- **نیاز لە دیموکراسی بۆ عیراق**، ئەوەیە: کە حوکمێکی دیموکراتی پەرلەمانی لە عیراقدا شوێنی حوکمی دیکتاتۆری بگرێتەوە، کە سەربەستییە دیموکراتییەکان بە سەربەستیی پارتی و نەقابە و ڕێکخراو و کۆمەڵ و نووسین و ڕۆژنامە و بیروباوەڕ و خۆنیشاندان و مانگرتنەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵك بهێنێتە دی و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردیش بسەلمێنێت.

هەر وەك پێویستە حکومەت لە لایەن پەرلەمانی هەڵبژێردراوەوە دامەزرێت کە دەسەڵاتی دەستوور و قانووندانانیشی هەیە. دیموکراسیش بێ سەلماندنی ئەم مافە دیموکراتییانە بۆ گەلی عیراق، وە بێ سەلماندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق، دیموکراسییێکی پووچەڵ و نەزۆك ئەبێ.

٧- **نیاز لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، ئەوەیە**: کە کوردستانی عیراق لە چوارچێوەی جەمهوریەتی عیراقدا کە ئەبێ دیموکرات بێت، کاروباری ئیداری و خوێندەواری و ئاوەدانی و تەندروستی و گەشەکردنی سەناعەت و زراعەت و ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردستانی عیراق بە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان بسپێردرێت، واتە کوردستان حوکمڕانیی ناوخۆی بدرێتە دەست خۆی. کاروباری سەرۆکایەتیی جەمهوریەت و دەرەوە و دیفاع و مالیە و هێندێ شتی تری مەرکەزییش لە لایەن حکومەتێکی عیراقییەوە بە ڕێوە بچێت

کە نوێنەرانی کوردییش تیایا بەشدار بن.

٨- **ئەحمەد تۆفیق:** ناوێکی ساختەیە بۆ عەبدوڵڵا ئیسحاقی لە کوردستانی عیراقدا، کە ماوەیەکە تیایا خەریکی گێرەشێوێنی و درۆوودەلەسە بڵاوکردنەوە و دوژمنایەتیکردنی پارتی و ناوەڕۆکی پێشکەوتووی کوردایەتییە.

(عەولای ئیسحاقی) لە زەمانی قاسم بوو بە جاسووسی ئەڵقەلەگوێی دائیرەی (سازمانی) ی ئەمن. لە هاوینی (١٩٦١)یشەوە بووە بە جاسووسی دەوڵەتێکی ئیمپریالیستی گەورە! ئەم نیشتمانفرۆشە کاسەلێس و هەڵمەتەکاسێکی کەموێنە و بێشەرمە. جگە لەو هەموو گێرەشێوێنییە و خیانەتەی لە (حزبی دیموکراتی کوردستان)دا کردی، لە کوردستانی عیراقیشدا خراپەیەکی زۆری کردووە.

بەڵام لە سایەی هۆشیاری و دڵسۆزانی تێکۆشەرانەوە، لە هەردوو دیوی کوردستاندا ڕیسوا بووە و هەموو دڵسۆزە هۆشیارەکانی لێی تەکیونەتەوە و وەتەقیان یەخستووە!

٩- **تاکڕەویی نەتەوایەتی (الانعزال القومي) بریتییە لە:**

خۆوێکهێنانەوە لە ناو قەوارەی تەسکی نەتەوایەتیی تایبەتیدا وە پچڕاندنی هەموو ئەو پەیوەندییانەی بە گەلانی هاوبەش لە دەوڵەتدا بە گەلانی دراوسێ و گێتییەوەی ئەبەستێتەوە، بێ ڕەچاوکردنی یەکێتیی دۆست و دوژمن، یەکێتیی ئامانج و ئاوات، یەکێتیی دەسکەوت، یەکێتیی تێکۆشان و هاریکاری و هاوکاری لە نێواندا.

**تاکڕەویی نەتەوایەتی:**

سیاسەتێکی کورتبینی تەسك و ترووسکی نەتەوایەتییەکی کوێرانە پەیڕەو ئەکات، کە لەبەر لووتی خۆی بەولاوە، لە دەسکەوتی زۆر کەم و ڕۆژانەی فریودەر بەولاوە، چیکە نابینێت، سیاسەتێك کە دوژمنی دەسکەوتی بنچینەیی نەتەوەیە.

## -١-

# کوردایەتی

- مانای کوردایەتی – کوردایەتی بە شێوەی بیر و بزووتنەوە
- چۆنیەتیی پەیدابوونی کوردایەتی و گەشەکردنی لەگەڵ: چۆنییەتیی پەیدابوونی نەتەوەی کورددا
- بنجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردایەتی
- دەوری مێژوویی ئەمیر و دەسەڵاتدارانی کورد لە کوردایەتیدا
- گەشەکردنی ئابووری (ئیقتیسادی) سەرمایەداری لە کوردستاندا بە شێوەی تایبەتی کوردستان و دەستیان لە پەیدابوونی نەتەوەی کورد و کوردایەتیدا
- لێکدانەوەکانی «نیکیتین، ڤیلجیڤسکی، ئاکوبوف، شەمزینی»

# کــوردایەتی چـــــییە؟

**کوردایەتی ناوێکی مێژوویی تایبەتییە بۆ:**
**بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردستان.**

ئەو بزووتنەوەیەی ساڵەهای ساڵە لە کوردستاندا پەیدا بووە بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان لە چنگ داگیرکەران و ئیمپریالیزم، بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوایەتیی گەلی کورد بە (مافی چارەنووس)یشەوە (حق تقرير المصير) (١). تا گەلی کوردیش بە ئاسوودەیی و خۆشی لە وڵاتی خۆیدا بژیەت، وە بەرەو پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پیشەسازی و کشتوکاڵ و خوێندەواری و....هتد بچێ.

کەواتە کوردایەتی وەنەبێ هەر ئەم هەستە نەتەوایەتییە (٢) پڕ لە خۆشەویستییەی کورد و کوردستان و سەروەرییەکانی نەتەوایەتییان بێت، (کە هاندەریشە بۆ خەبات لەپێناوی هێنانەدیی ئامانجەکانی کورد و کوردستاندا)، بەڵکو لەوەتەی ئەم هەستە نەتەوایەتییە لە کوردستاندا بڵاو بۆتەوە (بووەتە هێزێکی مادی)، کوردایەتییش بووەتە بزووتنەوەیەکی کاریگەر، بزووتنەوەیەك کە لە مێژووی کوردا دروست بووە لە ئەنجامی ڕووداو و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا (هەر وەك پاشان بە دووروردرێژی باسی ئەکەین). واتە کوردایەتی بزووتنەوەیەکی مێژووکردە. بزووتنەوەیەك کە تیایدا ئاوات و ئامانجەکانی نەتەوایەتی (کە هەستی نەتەوایەتی شێوەیەکی دەربڕینیانە) خۆیان ئەنوێنن و هاوبەشی ئەکەن لە گێڕاندن و جۆشدانیدا.

لە ڕووی ڕەگەزیشەوە (ریسس)ەوە، کوردایەتی ئەمە ئەگەیەنێ کە مرۆڤ (ئینسان) لە نەتەوەی کورد بێت و هەست بەوە بکات کە یەکێکە لە نەتەوەی کورد و خۆی بەکورد بزانێ.

ئەمەیە بە کورتی مانای کوردایەتی. ئینجا با بچینە سەر باسی چۆنیەتیی پەیدابوونی نەتەوەی کورد و هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی.

## پەیدابوونی نەتەوەی کورد:

هەزاران ساڵە کورد لە کوردستانی نیشتمانیا دەژێی. لە بەرەبەیانی مێژووی مرۆڤدا کۆمەڵێ هۆز و تیرە و عەشیرەت بە ناوی «لولو و گۆتی و خالدی – کالدی و کوشو و سوباری» لە کوردستاندا ئەژیان. پاشان شەپۆلی کۆچکردنی قەومەکانی (هیندۆ ــ ئەورووپی) کوردستانیشی داگرت. ئەوە بوو «مید و کاردشویی و هێندێ هۆز و تیرەی تریش هاتنە کوردستانەوە». پێش هەموو ئەمانەش کوردستان هەر وڵاتێکی ئاوەدان بووە و هۆز و تیرەی تری تیا ژیاوە.

بەڵام ئەوسا هێشتا هەموو ئەمانە بە تەواوی نیشتەنی و جێگیر نەبووبوون لەسەر زەویوزارا، بە تەواوی تێکەڵاو نەبووبوون لەگەڵ یەکتریا، هێشتا لە ناو بۆتەی نەتەوەی کورد، هەموو ئەم عەناسیرە جیاجیایانە نەتوابوونەوە، واتە هێشتا ــ نەتەوەی کورد ــ یان پێك نەهێنابوو.

ئەو باوك و باپیرانەی کوردی ئیمڕۆ هەریەکەیان بە تیرە و هۆز و عەشیرەتی خۆیەوە بەسترابووبوونەوە، ژیان و گوزەرانیان لەگەڵ ئەوان پێکەوە بوو، ئەوسا پەیوەندیی (تیرە و هۆز) و (عەشیرەتی) باو بوو. واتە هێشتا نەتەوەی کورد و هەستی نەتەوایەتی لە گۆڕێ نەبوو، هەر وەك باسی یەکخستنی هەموو وڵاتی کوردنشین، کوردستان لەژێر سێبەری دەوڵەتی نەتەوایەتیدا لە کایەدا نەبوو.

نەبوونی کشتوکاڵ و بازرگانی (محصول و بضائع تجارية)، نەبوونی پێویستی ئاڵوگۆڕکردنی (کشتوکاڵ)، پەیدانەبوونی ناوچەی بازرگانی و بازاڕی گشتی، پەیدانەبوونی دابەشکردنی ئیش و دەرهێنانی بەرهەم و کاڵا لە ناو خەڵك و پارچە جیاجیاکانی کوردستانی بە شاخ و داخ لەیەکداپچڕاوا، نەبوونی ڕێگەوبان و پەیوەندیی تری کۆکەرەوە و خەڵك، بە یەکەوە چەسپین. بوونی ژیانی کۆچەری و گەڕۆکی و دەرەبەگایەتی، هەموو ئەمانە ماوەی پەیدابوونی ــ نەتەوە ــ ی کوردیان نەدابوو. ئەوێ دەمێ هێشتا سەردەمی نەتەوە لە مێژوودا نەهاتبوو، هەموو دنیا بەو چەشنە بوو. بەڵام دانیشتوانی کوردستان ناو بە ناو دووچاری شەپۆلی کۆچەری نوێ و پەلاماردەری تازە ئەبوون، کە لە دوای شەڕوشۆڕێکی زۆر یان کەمدا، سەرکەوتن یان ژێرکەوتن بەر هەر لایەك بکەوتبا، بە ناچاری

ئەوانەی لە کوردستاندا ئەمانەوە، بەیەکەوە ئەژیان و جۆرە تێکەڵاوی و پێکەوەژیانێکیان ئەبوو بە تووشەوە. ئەمەش هەر نەیدەکردن بەیەك نەتەوە، واتە هەر چەندە هاتنی میدییەکان و هۆز و عەشیرەتەکانی تری (هیندو – ئەورووپی)، وە دەستگرتنیان بەسەر هەموو کوردستاندا جۆرە تێکەڵاوی و پێکەوەژیانێکی لە نێوان جێنشینە کۆنەکان و تازەکاندا پەیدا کرد، وە هێندێ ڕەوشت و خووی یەك خستن و زمانێکی سەپاند بەسەر وڵاتەکەدا، بەڵام هێشتا سەبارەت بە نەبوونی یەکێتیی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ناو هەموو هۆز و تیرە و عەشیرەتەکانی کوردستاندا، هێشتا هەر نەتەوەی کورد پێك نەهاتبوو.

پاشان دیانەت پەیدابوو، ئەو پەیوەندییانەی دیانەت پەیدایکردن لە هینەکانی پێشوو فراوانتر و کاریگەرتر بوو. گەلێ ڕەوشت و خووی یەك خست. هێندێ پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی تایبەتی بەسەر هەمواندا سەپاند، وە هەرچەندە ئەو تێکەڵاوییەی شەپۆلی هاتنی قەومە هیند و ئەورووپییەکان بۆ ناو کوردستان لە ناو خەڵکی دانیشتووی کوردستاندا دروستیان کرد لەگەڵ ئەو پەیوەندی و ڕەوشت و خووانەی دیانەت دروستی کرد لە ناو کورداندا، هێندێ کەرەستەی خاوی (٣) نەتەوەیان پەیدا کرد. بەڵام دیسان هەستی نەتەوایەتی و نەتەوەیی هەر پەیدا نەکرد ئەوە نەبێ کە دینی ئیسلام لە سەردەمی خەلافەتی ئەمەوی و عەباسییەکاندا بزووتنەوەیەکی عەرەبچییەتی تیا بوو، کە لەسەر دڵی موسوڵمانی کورد و فارس گران بوو، وە لە ناو ئەوانیشا بە پێچەوانە دەنگی دایەوە، بەڵام دیسان ڕژێمی دەرەبەگایەتیی ئەوێ ڕۆژێ کوردستانیان وا پچڕپچڕ کردبوو کە ماوەی یەکێتیی نیشتمان و یەکخستنی کوردان و تواندنەوەی کەرەستە خاوەکانی نەتەوەی نەبێت، چونکە نەیدەهێشت ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەموو کوردان یەکخرێت و هەموو پارچەکانی کوردستان لێکدرێن.

جگە لەمە، ناکۆکیی مەزهەبی (شیعە و سوننە)، وە بەهێزبوونی هەستی (دینی مەزهەبی)، کوردەکانیان بە لای (خەلافەت) و (دەوڵەتی) موسڵماناندا ڕاکێشاوە، ئەیانکرد بە گژ گاورەکاندا، کە خەلافەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەویی دامەزران، ئەمیرە کوردەکان بەپێی جیاوازی مەزهەبی کوردستانیان کرد بە دوو بەشی گەورە، بەشێکیان لەگەڵ سەفەوی دژی عوسمانی، بەشی هەرە زۆریش لەگەڵ عوسمانی دژی سەفەوییەکان. زۆر

جاریش خوێنی یەکتریان لە شەڕوشۆڕی ئەم دوو دەوڵەتەدا بە ناهەق ئەڕشت. ئەمە لەجیاتیی ئەوەی بەرامبەر بە مەترسیی ئەم دوو دەوڵەتە تەماحکار و چڵێسە یەك بگرن و مەترسیی پەلاماردانی بێگانە ببێتە هۆی یەکخستنی ئەمارەتەکانیان.

مامۆستا (دیرك کینین DERK KINNEN) لە لاپەڕە (٢٢)ی کتێبە ئینگلیزییەکەدا (کوردەکان و کوردستان THE KURDS AND KURDISTAN).

لەم بابەتەوە ئەڵێ:

**(ئەگەر کوردەکان یەکترییان بگرتایە، ئەیانتوانی تەوازونی بەینی ئەم دوو ئیمپراتۆرییەتە ڕاگرن).**

بەڵام ئەمیرە کوردەکان یەکیان نەگرت، بەڵکو چوونە ژێر ئالآی بێگانەوە، بە فرتوفێڵی بێگانە هەڵخەڵەتان، پاشان ئەمارەتەکانی خۆشیان لە دەست چوو.

بە لای منەوە لەدەستدانی ئەمارەتەکان، هەرچەندە لە سەرێکەوە لەدەستچوونی نیمچە سەربەخۆییەکی کورد بوو، بەڵام لە سەرێکی ترەوە کارێکی زۆری کردە سەر پەیدابوونی نەتەوەی کورد و کوردایەتی، چونکە لە لایەك بووە هۆی ڕمانی ئەو شەڕوشۆڕانەی کوردستانیان پارچەپارچە کردبوو، (واتە ڕێگەی یەکخستنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان و پەیدابوونی بازاڕی گشتی کرایەوە، وە پتر پەیوەندییە دەرەبەگییەکان و ژیانی دەرەبەگایەتی لەبەریەك ترازان).

وە لە لایەکی ترەوە سیاسەتی پەلاماردەرانەی تورکان بۆ سەر ئەمارەتە کوردەکان، وە هەڵگیرساندنی شەڕ لە نێوان ئەمیرەکان و عوسمانییەکاندا، پاشان سەپاندنی حوکمێکی تورکی زۆردارانە بەسەر کوردا، یارمەتیی پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتییان دا.

## چۆنیەتیی پەیدابوونی نەتەوەی کورد

شەڕوشۆڕی عوسمانی و سەفەوییەکان لەسەر خاکی کوردستاندا بەو هەموو بەڵا و کوێرەوەرییەی کە تووشی کوردییان کرد، وردەوردە لەناوبردنی ئەمارەتەکانی کورد وە سەپاندنی حوکمی تورك بەسەر کوردستاندا، وەدانانی حاکم و مەئمووری تورك و بێگانە لە شوێنی دەسەڵاتدارانی کورد و تیابردنی ئازادی و سەربەستیی کورد بە تەواوی

زوڵموزۆری کاربەدەستانی بێگانەوە، لەشکری داگیرکەر و جەندرمەکانیان لە کوردستاندا، بەهێزکردنی مەرکەزییەت و توندترکردنی تەوق و کۆتی کۆیلایەتی و بەندەگییەتی لە دەست و ئەستۆی کورداندا، وە داپڕینی باج و خەراج و سەرانە و سەربازدان بەسەر خەڵکی کوردستاندا، هەموو ئەو ڕووداوانە کارێکی زۆریان کردە سەر لە پەنا یەك کۆکردنەوەی کەرەستە خاوەکانی نەتەوەی کوردەوە، نزیککردنەوەی هۆز و تیرە و عەشیرەتەکانی کورد لە یەکتری، دوای ئەوەی ئازاردانی بێگانە و زوڵموزۆر و خراپەی داگیرکەران و تاڵی و ناخۆشیی وڵات داگیرکران و تالانکردنی، دەروونی کوردیان پڕ کرد لە ناڕەزایی و تووڕەیی و بێزاری لە داگیرکەران، هەر وەك ئارەزووی ڕزگاری و هەستی ئازادییان لە دەروونی خەڵکدا جۆش دا.

بەڵام هۆی هەرە گەورەی چاکتر پێکەوە نووساندن و تێکەڵاوکردنی کەرەستە خاوەکانی نەتەوەی کورد، وە دەستکردنیان بە تواندنەوە لە بۆتەی نەتەوەی کوردا، واتە پەیدابوونی نەتەوەی کورد، بە مانای نوێی نەتەوە، هۆی هەرە گەورە و گرنگ. ئەم گۆڕانە کۆمەڵایەتییە بوو کە دەمێك بوو خەریکی ڕوودان بوو لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ئەم گەشەکردنە گرنگە تازەیە بوو کە لە ناو ڕەحمی موجتەمەعی کوردستاندا، لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکدا ڕووی ئەدا، کە بریتی بوو لە پەیدابوونی ناوەڕۆکی سەرمایەداری بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان، با ئەم ناوەڕۆکەش بە فەریکی و گەلاڵەیی و سەرەتایی بووبێت.

**پەیدابوونی ئەم ناوەڕۆکە سەرمایەدارییەش سەبارەت بەم ڕووداوانەی خوارەوە بوو:**

١- دابەشبوونی ئیش لەناو خەڵك و ناوچەکانی کوردستاندا، پەیدابوون و پەرەسەندنی ئینتاجی بضاعی لە کوردستاندا، ئاڵوگۆڕکردنی ئەو کشت و کاڵایەی دروست ئەکران یان دەهێنرانە بەرهەم، واتە پەیدابوونی کەسابەت و تیجارەت و ناوچەی بازرگانی (شار و دوکان و قەیسەری).

هەروەها ناردنی داهات و ئینتاجی کوردستان (سامانی حەیوانی و زراعی و پیشەیی) بۆ دەرەوە، بە تایبەتی مەڕوماڵات و خوری و کەتیرە و مازوو و پێست و توتن و هەنگوین و مافوور و زۆر شتی تری کوردستان بۆ بازاڕەکانی ئەستەمبول و حەلەب و بەغدا و تەورێز (تەنانەت بۆ ڕووسیا و ئێرانیش)، وە فرۆشتنی ئەم کشتوکاڵانە بە پارە (کە لە

پاشان دەکەوتەوە دەست توجار و موڵکدارەکانی کورد: واتە کۆبوونەوەی سەرمایە)، وە کڕینی شتی پێویستیش لەم بازاڕانەوە و فرۆشتنەوەیان لە کوردستاندا، کە هەموو ئەمانە بوونە هۆی کۆبوونەوەی سەرمایە لە دەست توجاڕ و موڵکداری کورددا بە تایبەتی، چونکە (صادرات) زۆر زۆرتر بوو لە (واردات)، وە پەیدابوونی سەرمایەی تیجاری و کاروباری تیجارەت و بە توجار و میرزا و قەیسەری و دوکان و بازاڕ و چەرچی و کرێکارەوە.

دەربارەی ئەم ڕووداوە[1]، مامۆستا (نیکیتین) ئەڵێ:

**ولاّتی کوردستان نەوعە ڕژێمێکی سەرمایەداریی لێ پەیدا ببوو، چونکە سەرچاوەیەکی گرنگی تەموینکردنی بەغدا و ئەستەمبول و سوریە بوو بە مەڕومالاّت (ئاژەڵ)، هەر وەك خوری و هەنگوین و کەتیرەی خۆشکراو، وە هێندێ کەرەستەی ڕەنگکردنیشی ئەناردە دەرەوە.**

**بەرامبەر بەمە، کوردستان چەك و چیت و ئاوریشم و شەکر و هێندێ خواردەمەنیی ئیستیراد ئەکردەوە. ئەتوانرێ بگوترێ کە ئەوەی کوردستان ئەینارد بۆ دەرەوە، زۆر زۆرتر بوو لەمەی کە بۆی ئەچووەوە، بەمەش زۆر میقدار پارە لە لای کوردە جێنشینەکاندا کۆ دەبووەوە. هەر ئەستەمبول بە تەنیا ساڵی زیاتر لە ملیۆن و نیوێك مەڕ و مانگای لە کوردستانەوە بۆ ئەچوو. ئەڵبەتە ئەو مێگەلانەی کوردستان بە دەرەوەی ئەفرۆشت، لەم ژمارەیە زۆر زیاتر بوو. هەروەها کوردستان بایی زیاتر لە (٣٥) هەزار لیرەی ئیسترلینی مازووی بە دەرەوە ئەفرۆشت، هەر وەك خورییەکی زۆریش (بە تایبەتی خوریی بزنی ئەنکورا کە بۆ دروستکردنی پاڵتۆ و شاڵ بەکار دێت) ئەناردە بازاڕەکانی دەرەوە. هەر کوردستانی تورکیا بە تەنیا لە ناوەڕاستی چەرخی نۆزدەهەمدا ساڵی بایی (٧٠٠) هەزار لیرەی ئیسترلینی کشتوکاڵی ئەنارد بۆ دەرەوە.**

**خەڵکی کوردستان ئاسن و فرۆشتنی تریشیان بە دزی حکومەتی تورکەوە دەردەهێنا و هێندێ ئەدەواتی پێویست بۆ خۆیان لێ دروست ئەکرد، زیادەکەشیان ئەفرۆشت.**

---

١-(نیکیتین)، لاپەڕە (٤٦ – ٤٧)ی کتێبەکەی (الاکراد)، چاپی یەکەمی عەرەبی – بیروت – دارالروائع.

مامۆستا ب. نیكیتین لەسەر ئەم قسانەی ئەڕوا و ئەڵێ:

**((لە هەموو ئەو مەعلوماتە دەربارەی ژیانی ئابووریی كوردستان، ئو. ڤیلچیڤسكی ئەمە ئیستینتاج ئەكات كە تیجارەت لە چەرخی نۆزدەما لە كوردستاندا پەرەی سەندبوو وە لە ڕووی ئاڵوگۆڕكردنی ناوخۆشەوە گەشەی كردبوو، بە تایبەتی پێش پەیدابوونی دەسەڵاتی ئیمپریالیستی)).**

٢- بوونی موڵكدارەكانی گەورەی كوردستان، كە بەشێكی زەویوزاری خۆیان بە شێوەیەكی نادەرەبەگی ڕەنێو دێنا (بەكار دێنا)، بوونیان بە نیمچە سەرمایەداری زراعی. وە بوونی بەشێك لە سەرەك عەشیرەتەكانی كورد (بە تایبەتی مەڕومالاّتدارەكان) بە موڵكدار و توجار لە هەمان كاتدا، واتە دەردی ڕۆژهەلاّتناسی سۆڤیاتی ڤیلچیڤسكی گوتەنی[1]:

**سەرەك عەشیرەتی كۆچەری كورد هەرچەندە لە ڕەحمی موجتەمەعی دەرەبەگیدا پەیدا ببوو، بەلاّم نوێنەری چینیكی نوێ بوو، نەك هیی چینی دەرەبەگ.**

٣- پەیدابوونی مانیفكتۆراتی دروستكردنی سابوون و قاڵیچنین و سۆل و پێلاّو و دیباغە و كەتیرە خۆشكردن و ئاسنگەری و هێندێ شتی تر لە كوردستاندا.

هەروەها پەیدابوون و پەرەسەندنی (ئینتاجی بضاعی) و بلاّوبوونەوەی (پووڵ- نەقد) و كۆبوونەوەی لە دەست توجار و موڵكداری دەوڵەمەندا. ئەمانەش هەموویان هۆی پەیدابوون و نیشانەی پەیدابوونی سەرمایەدارین لە كوردستاندا، با بە شێوەی گەلاّڵەیش بێت.

٤- ڕاكێشانی ڕۆژهەلاّت بە كوردستانەوە بۆ ناو بازاڕی گشتیی سەرمایەداریی دنیا وە زیادبوونی تیجارەت و ئاڵوگۆڕكردنی (سیلەعی تیجاری) و كشتوكاڵی ڕۆژهەلاّت (بە هیی كوردستانیشەوە) لەگەڵ ڕووسیا و ئینگلیز و فەڕەنسە و ئەڵەماندا.

وە تێپەڕبوونی گەلێ كاروانی تیجارەتی بە كوردستاندا، كە ئەمەش دەبووە هۆی گەشاندنەوەی تیجارەت و پەیدابوونی بازاڕ و قەیسەری و خان لە شارەكانی كوردستاندا. هەر وەك دەبووە هۆی پەیدابوونی چینی توجار و كاسبكار و میرزا و كرێكار و شاگرد و چەرچی لە كوردستاندا.

---

١- لە ئوتروحەكەی مامۆستا سەید عەزیز شەمزینییەوە.

ڕێگاکانی تەورێز ــ حەلەب، تەورێز ــ ئەستەمول، تەورێز ــ بەغدا، مووسڵ ــ تەورێز ــ تاران، تاران ــ حەلەب، تاران ــ بەغدا و ڕێگاکانی حەلەب لەگەڵ ڕووسیا و گەلێ ڕێگەی تریش بە کوردستاندا تێ دەپەڕێ. جگە لە ڕێگای نێوان شارەکانی کوردستان.

بەم چەشنە، ئەبینین کە لە سەرەتای چەرخی نۆزدەهەمەوە لە مێژووی کوردا ئەبیندرێ کە سەرمایەداری (بە شێوەیەکی فەریك و گەلاڵەکراو و سەرەتایی) دەستی کردبوو بە پەیدابوون و گەشەکردن لە ناو ڕەحمی موجتەمەعی کۆنە دەرەبەگی کوردستاندا. ئەمەش لەگەڵ پەیدابوونی تیجارەت و تێپەڕبوونی ڕێگا و کاروانی تیجارەتی بە کوردستاندا، وە پەیدابوونی بازاڕ و کشتوکاڵی فرۆشتن و ئاڵوگۆڕکردن، هۆی هەرە گەورەی یەکخستنێکی (سەرەتایی) ژیانی ئابووریی کوردستان بوو، هەر وەك بوونە هۆی هەرە گرنگ و کاریگەری پێکەوەلکاندن و تواندنەوەی کەرەستە خاوەکانی نەتەوەی کورد لە بۆتەی نەتەوەی کورددا.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە لە چەرخی نۆزدەهەمەوە نەتەوەی کورد بە مانای نوێی نەتەوە، بە شێوەیەکی فەریك و گەلاڵەکراو، دەستی کردووە بە پەیدابوون و هەوڵی داوە کە سەر لە قاپیلکە (قاوغ)ە دەرەبەگییە لەبەریەکترازاوەکەی موجتەمەعی دەرەبەگی کوردستاندا دەربێنێت. هەر وەك جووجەڵە سەر لە هێلکە دێنێتە دەر!!

مامۆستایان: ئاکوبوف و ڤلچیڤسکی و دوکتۆر شەمزینی، زۆر چاك ئەم گەشەکردنە ئیقتیسادییەی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستانیان لە نووسراوەکانیاندا ڕوون کردۆتەوە، وە دەریان خستووە کە چۆن گەشەکردنی دروستکردنی کاڵای بازرگانی (إنتاج السلع التجارية) و پەرەسەندنی تیجارەت لە کوردستاندا لەگەڵ پەیدابوونی مانیفکتۆرات و بڵاوبوونەوەی پووڵ، واتە بە کورتی، پەیدابوونی ناوەڕۆکی سەرمایەداری لە موجتەمەعی کوردستاندا بۆتە هۆی کلۆرکردنی ڕژێمی دەرەبەگی و لەبەریەکترازانی پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا. بە تایبەتی دوای خەریکبوون و هەڵسانی سەرەك عەشیرەتەکانی کۆچەر بە تیجارەت (فرۆشتن و پارەکۆکردنەوە و کڕین)، وە هەڵسانی هێندێ سەرەك عەشیرەتی نیشتەجێ بە ئیدارەکردنی بەشێك لە زەویوزارەکانیان بە چەشنێکی سەرمایەدارانە.

دەربارەی ئەم گەشەکردنە ئیقتیسادییەی کوردستان، مامۆستا نیکیتین ئەمەی خوارەوە ئەنووسێت[1]:

لە سەرەتای چەرخی نۆزدەهەمەوە دەرەبەگایەتی (أقطاعية) گەیشتبووە ئەنجامە حەتمییەکەی خۆی، موجتەمەعی کوردیی لەبەر یەك دەرهێنابوو، پێشتر ئیقتیسادی تەبیعیی پەیدا کردبوو کە بناغەی موڵکداری تایبەتی (الملكية الخاصة) بوو لە مێگەلەکاندا، وە فەلاحەکانی پاراست لە هێرشی عەشیرەتە بەدوەکان، بەڵام ببووە کۆسپێکی زل لە ڕێی گەشەکردنی ئابووریی ناوچەکە. ڤیلچیڤسکی وای دائەنێ کە دەرەبەگایەتی لە چەرخی نۆزدەهەمەوە بەجێ مابوو لە کاروانی ئەم گەشەکردنەی ئابووریدا. کە لەژێر سێبەریا پەیدا ببوو، هەروەها عەشیرەتی کوردیش.

گۆڕانی وای تیا ڕوو دابوو کە دەوری سەرۆکەکەی سەبارەت بە هۆیەکانی ئابوورییەوە گۆڕی و کردی بە دەوری خاوەن سەرمایە.

هەروەها بە لای ڤیلچیڤسکییەوە شۆڕشەکانی کورد لە چەرخی نۆزدەهەمەوە دژی دەرەبەگایەتییش بووە، کە بەمەش پلەیەکی نوێ لە پێشکەوتنی گەلی کوردا دەست پێ ئەکا.

لە ئوتروحە عیلمییەکەیدا، مامۆستا دکتۆر سەید عەزیز شەمزینی بەشێ لە وتارێکی ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤیاتی ڤیلچیڤسکی (کە پسپۆرە لە گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی کوردستان)دا، وەرئەگرێت کە لە وەختی خۆیدا لە (ئەثنۆگرافییەی سۆڤیاتی، ژمارە (٥ و ٦)ی ساڵی ١٩٣٤دا لە لاپەڕەی (١٥٢)ی چاپی ڕووسیدا) بڵاو کراوەتەوە.

لەو وتارەیدا ڤیلچیڤسکی ئەمەی خوارەوە ئەڵێ:

لە سەرەتای چەرخی نۆزدەهەمەوە وە شانبەشانی تەپین و ڕمانی ڕژێمی دەرەبەگی لە کوردستاندا، وە پەیدابوونی ناوەڕۆکی سەرمایەداری تیایا، کوردستان بووە شانۆی تەنگوچەڵەمەی سیاسی، توندوتیژ، شانۆیەك کە لەسەریا دەسکەوتی سەرمایەدارە بووژاوەکەی کورد بەرەنگاری دەسکەوتی ڕژێمی دەرەبەگی کلۆر و داهاتووی کورد ببوو. وە دواڕۆژی حەتمی ڕژێمی دەرەبەگی کلۆر و داهاتوو هاتە کایەی باسکردن، وە بوو بە مەسەلەی ڕۆژ.

---

١- ب. نیکیتین، لە لاپەڕە (١٣٠)ی کتێبەکەی (الاكراد)، چاپی یەکەمی عەرەبی.

## پەیدابوونی کوردایەتی:

### چووزەرەدانی کوردایەتی:

لە ئەنجامی پەیدابوونی نەتەوەی کورد و زوڵموزۆری داگیرکەرانی تورکدا، لە وەرامی سیاسەتی ئازاردانی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی گەلی کوردا سەبارەت بە لەناوبردنی حوکمڕانیی ئەمیر و کاربەدەستانی کورد، وە سەپاندنی حوکمی مەرکەزییەتی، توندوتیژیی تۆقێنەری داگیرکەران، بەڵێ سەبارەت بە هەموو ئەمانە، هەستی نەتەوایەتی، هەستی خۆبەکوردناسین و تووڕەیی و ناڕەزایی لە ناو کورداندا بڵاو بووەوە دژی داگیرکەران و زۆرداران.

جگە لەمە، داگیرکردن و دەسەڵاتی بێگانە و دەستێوەردانی ئیمپریالیستەکان لە کاروباری ڕۆژهەڵاتدا ببوونە کۆسپ و تەگەرە لە ڕێی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا بە گشتی، هەر وەك بەرهەڵستیی گەشەکردنی ناوەڕۆکە سەرمایەدارییەکەی موجتەمەعی کوردستانیان ئەکرد، بە تایبەتی ئەو گەشەکردنەی گەر بهاتبا تەواو بووبا، بە تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و خوێندەواریی کوردستانی ئەگۆڕی بەرەو پێشەوە.

لەمەش زیاتر، داگیرکردن و دەسەڵاتی بێگانە هەوڵی ئەوەشیان ئەدا، کە ئەم ناوەڕۆکە فەریکە سەرمایەدارییەی موجتەمەعی کوردستان پووچەڵ کەن.

بەم چەشنە، داگیرکردنی بێگانە کۆسپێکی زۆر گەورە بوو لە ڕێی گەشەکردن و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستاندا، هەر وەك مایەی بەندەگییەتی و چەوساندنەوە و کوێرەوەریی کورد و کوردستانیش بوو، هەروەها ڕێگر و بەرهەڵستکەری هێزە ناپێگەیشتووە بوو، کە خەریك بوو لە ڕەحمی موجتەمەعی کوردستاندا گەشە بکات.

بەرامبەر بە پەلاماردان و هێرشی زۆردارانەی داگیرکەرانیش، گەلی کورد دلێرانە وەستا و قارەمانانە بەرهەڵستیی دوژمنیان کرد. مامۆستا ڤیلچیڤسکی دەربارەی ڕاپەڕینە چەکدارانەکانی کوردانی بایەزید و ڤان و خویی و نخچەڤان و شوێنەکانی تری کوردستان (لەسەرەتای چەرخی نۆزدەدا)، ئەمەی خوارەوە ئەنووسێ:

**ئەو ڕاپەڕینانە هەرا و دەسیسەی چەند سەرکردەیەك نەبوون، بەڵکو شۆڕشی ڕاستەقینەی کۆمەڵانی خەڵك بوون. کۆمەڵانی خەڵکی کورد دەمێك بوو لە پیسترین**

**شێوەی زۆرداری و ستەمی حاکمە تورکەکانیان ئەچێشت.** (بنواڕە لاپەڕە (١٩٤)ی کتێبەکە نیکیتین، الاکراد، چاپی عەرەبی).

هەروەها ڤیلچیڤسکی دەربارەی شۆڕشەکانی کوردان لە کاتی شەڕی تورك و ڕووسدا (لە ساڵی ١٨٢٨–١٨٢٩)دا ئەمەی خوارەوە ئەڵێ:

**لە کاتی ئەم شەڕەدا شۆڕش سەرتانسەری وڵاتی کوردانی داگرتبوو. دژی دەرەبەگەکانی تورك و کورد، ئەو دەرەبەگانەی کە بە زۆرداری و ستەمکاری ژیانی ئابووریی کۆچەرە هەژارەکانیان شێواندبوو. بەڵام وەنەبێ هەر عاملی ئیقتیسادی (هۆی ئابووری) بە تەنها هۆی شۆڕش بووبێت. بەڵکو بیروباوەڕی نیشتمانییش دەستێکی باڵای تیا هەبوو، ئەو بیروباوەڕە نیشتمانییەی کە لە سەرەتاوە لە ناو بیئەی بژاردە (النخبة)دا لە لای سەرکردەکان و لە دەوروپشتی ئەوانا بڵاوبووەوە تا گەیشتە کۆمەڵانی خەڵك.** (لاپەڕە (١٩٥)ی هەمان سەرچاوەی پێشوو).

## چۆنیەتیی پەیدابوونی کوردایەتی

جا لە پێکهاتن و بەرەنگاری یەکتربوونی ئەم هێزە تازە پێگەیشتووەی موجتەمەعی کوردستان، لەگەڵ هێزی بەرهەڵستکەری داگیرکەرەکاندا، لە هەرا و بەگژیەکترداچوونی هێزەکانی ئازادیخوازی کورد لەگەڵ هێزی داگیرکەری بێگانەدا، کە دەیویست کۆت و زنجیری دیلی و بەندەگییەتی لە دەست و پێی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا توند و قایم کات، پریشك و بڵێسەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردان (کوردایەتی) هەڵسا، وە بیروباوەڕی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان پەیدا بوو و پەرەی سەند، وە ئاگری شۆڕشی کورد شانبەشانی بزووتنەوەی ڕزگاریی کورد هەڵگیرسا، ئەو بزووتنەوەیەی کە لە پێشەوە بە شێوەیەکی سەرەتایی، پاشان تا دەهات بە شێوەی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی (کوردایەتی) خۆی ئەنواند.

بەم چەشنە، کوردایەتی وەك بزووتنەوەیەکی مێژووکردی (موضوعی) هاتە کایەوە، وە وەك ئەبینین، ڕەگ و بنجی قووڵ لە ناو موجتەمەعی کورستاندا چووەتە خوار. پەیدابوونەکەشی بەپێی پێویستیی پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان بووە. هەر وەك بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی پێشکەوتوانەشە، چونکە دژی داگیرکەرانی

بێگانەیە و دەیەوێ کەند و کۆسپەکانی ڕێگەی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ڕامالێت. بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەشە، چونکە دژی ئازاردانی بێگانەیە، دوژمنی هێزە کۆنەپەرستەکانی ڕێگرە لە گەشەکردنی ناوەڕۆکە سەرمایەدارەکەی موجتەمەعی کوردستان، بە هێزی کۆنەپەرستی دەرەبەگی کوردیشەوە، هەر وەك ڤیلچیڤسکی پێشتر بۆی ڕوون کردینەوە.

لە بابەت پەیدابوون و ئامانجەکانی (کوردایەتی)یەوە، مامۆستا سەید عەزیزی شەمزینی لە ئوتروحەکەیدا کە (دکتۆراە)ی پێ وەرگرتووە لە ئەکادیمییەی عیلمی سۆڤیاتی (لینینگراد)، ئەڵێ:

**خەباتی گەلی کورد بۆ سەندنەوەی سەربەستی و ئازادیی خۆی لە سەرەتای چەرخی نۆزدەهەمەوە دەستی پێ کردووە و تا ئیمڕۆ هەر بەردەوامە، وە بەپێی زرووف و قۆناغە جیاجیاکانی مێژوو، شێوە و ئوسلوبی خۆی گۆڕیوە. هەروەها لەو ساوەش (مەسەلەی کورد) هاتۆتە کایەوە.**

ئەم گۆڕان و خۆگونجاندنەی کوردایەتی لەگەڵ زرووفی جیاجیادا کە مامۆستا شەمزینی باسی ئەکات، شتێکە ڕەچاوکردنی پێویستە، چونکە نیشانەی گیانداری و زیندوویەتیی کوردایەتییە، هەر وەك گونجانیشە لەگەڵ پێویستییەکانی پێشکەوتن و گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵك و کوردایەتی خۆیدا. ئەم جۆشدانەی (کوردایەتی)ش سەبارەت بەم شتانەی خوارەوەش بووە، (جگە لە هۆیەکانی تریش کە لە پێشەوە باس کران).

هەوڵی داگیرکەران بۆ زەوتکردنی زەویوزاری کوردستان بە ناوی کردنی بە ئەمیری و موڵکی سوڵتان.

## پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتی تورك و فارس:

هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی یۆنان و میسر و بزووتنەوەی ڕزگاریی ئەرمەن و گەلانی تری دەوڵەتی عوسمانی. لەم بابەتەوە مامۆستا ئارشاك سافراستیان لە لاپەڕە (٤٩-٥٠)ی کتێبەکەیدا (کوردان و کوردستان - KURDS AND KURDISTAN) چاپی یەکەمی ئینگلیزی، ئەمەی خوارەوە ئەڵێ:

**((سەرکەوتنی شەڕی ڕزگاریی یۆنان (١٨٢٨) و شکان و بەزینی ئیمپراتۆرییەتی**

عوسمانی لە شەڕی ڕووسیا و تورکیا (١٨٢٨–١٨٢٩) وە بەستنی پەیمانی یونکیار– ئیسکلس (١٨٣٢)، کە بەپێی بەندەکانی تورکیا خرابووە ژێر چاوەدێریی ڕووسەوە، وە ئەو بۆپێشەوەچوونەی لەشکری میسر بە سەرکردەیی ئیبراهیم پاشا ڕووەو ئەستەمبوڵ، هەموو ئەمانە دووبارە ئارەزووی دێرینی سەربەخۆیی تەواویان لە دەروونی سەرکردەکانی کورداندا جۆش دایەوە. جا ئەگەر یۆنانی و میسرییەکان (کە تادوێنێ ڕەعییەی سوڵتان بوون)، توانیبێتیان لەشکری تورك ببەزێنن و بشکێنن وە سەربەخۆیی خۆیان وەرگرن، ئەی گوایە کوردیش بۆ بە سەربەستی کاروباری وڵاتی خۆی نەگرێتە دەست)).

## دەوری مێژوویی سەردارانی کورد:

بەم چەشنە، دیمان کە شۆڕشی گەلانی تری ژێردەستەی عوسمانی، کاری خۆیان کردۆتە سەر کوردایەتی و سەرکردە و ئەمیرەکانی کوردیش. ئەو سەرکردە و ئەمیرانەی ئەوسا سەرکردەیی بزووتنەوەی ڕزگاریی کوردیان بە دەست بوو، وە کە بیروباوەڕی نیشتمانیی کوردی لە پێشەوە لە ناو ئەوان و دەستەودائیرەی ئەواندا پەیدا بوو، ئینجا وردەوردە کەوتە ناو خەڵکیشەوە.

بەڵام ئەم ڕاستییە هیچ لە نرخ و ئەهمییەت و ڕاستی و عەدالەتی کوردایەتی کەم ناکاتەوە، چونکە ئەمە نەك هەر لە ناو کوردا بە تەنها نەبووە، بەڵکو لەم سەردەمەی ئیستاشا وێنەی هەر ئەبیندرێ.

ئەمیر سیهانوکی کامبوج و ئەمیر سۆڤانا فونگی لاووس دوو نموونەی زیندووی ئەم ڕاستییەن. هەروەها بزووتنەوەی گەلانی بولغار و پۆڵندە و ئەفغان و گەلێ نەتەوەی تریش هەر لەژێر سەرکردەیی ئەمیر و سەردارانی ئەم گەلانەدا بووە.

هۆی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەوەش، کە سەردارانی کورد دەوری سەرکردەییان هەبووە لە کوردایەتی و شۆڕشی کوردا (لە سەرەتای هەڵگیرسانیانا) ئەمانەی خوارەوە بووە:

١– پەلاماردانی عوسمانی بۆ سەر ئەمارەتەکانی کورد و هەوڵ و تەقەلایان بۆ سەپاندنی حوکمێکی مەرکەزیی تورکی بەسەر کوردستاندا، یەکسەر ئەوان و دەسکەوتی ئەوانی دەخستە خەتەرەوە، هەر وەك ئازاردانی نەتەوایەتی ئەوانیشی دەگرتەوە، کە ئەم هۆیانەی سیاسییش بوونە هۆی جۆشدانی بیروباوەڕی کوردایەتی لە مێشکی ئەو سەردارانەی کوردا.

ئارشاك سافراستیان لە کتێبەکەی خۆیدا (کوردان و کوردستان)دا باسی ئەوە ئەکات کە چۆن مەرکەزییەت و سەپاندنی دەسەڵاتی عوسمانی بەسەر کوردستاندا ئەمارەت و دەسکەوتی ئەمیرەکانی کوردی خستە خەتەرەوە و هەڕەشەی لێ کردن، وە چۆن ئەمەش بووە هۆی پاڵپێوەنان و هاندانیان بۆ شۆڕشکردن و بەگژاچوونی داگیرکەرانی عوسمانیدا.

جگە لەم ڕاستیيانەی سەرەوە، هۆیەکی گرنگی تریش هەبوو، کە ئەویش بریتی بوو لەمەی خوارەوە:

٢- لە ژێر توێکڵە دەرەبەگییەکەی موجتەمەعی کوردستاندا ناوەڕۆکی سەرمایەداری پەیدا ببوو، کە دەسەڵاتی تورکان و حوکمی مەرکەزیی توندوتیژیان (بە شێوەی داگیرکەرانە و چەوسێنەرەوە)، نەك هەر بەری گەشەکردنی ئەم ناوەڕۆکە سەرمایەدارییەی ئەگرت، بەڵکو هەڕەشەی فەوتاندنیشی لێ ئەکرد. ئەم ناوەڕۆکەش شێوەی تایبەتی خۆی هەبووە.

## شێوەی تایبەتی گەشەکردنی سەرمایەداری لە کوردستاندا:

گوتمان ئەم ناوەڕۆکە سەرمایەدارییەی موجتەمەعی کوردستان شێوەیەکی تایبەتیشی هەبوو کە بریتی بوو لە:

١- موتووربەکردنی چینەکانی سەرەوەی موجتەمەعی کوردستان بە ناوەڕۆکێکی سەرمایەداری. لەم بابەتەوە ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤیاتی ئاکوبوف لە کتێبەکەیدا (دەربارەی چەسپاندنی نەتەوایەتیی کوردەکانی ئێران) ئەمەی خوارەوە ئەڵێت:

**(موجتەمەعی کوردستان خاسییەت و نیشانەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە سەرمایەداری و ئوسلوبەکانی قازانج و ڕەنێوهێنانی سەرمایەدارانە ڕێگەی تایبەتی گرتووە و لە سەرەوە کەوتنە ناو چینەکانی ژووررووی موجتەمەعی کوردستانەوە، دەستیان کردووە بە ڕووخاندنی ڕژێمی دەرەبەگی لە بانەوە).**

مامۆستا شەمزینییش بەو جۆرەی خوارەوە لێکی ئەداتەوە و ئەڵێ:

**(ئەم بەشە دەرەبەگانە و پیاوە دینییەکانی کورد، کە ببوونە سەرمایەداری کورد، هەستی نەتەوایەتی لە دەروونیاندا بووژایەوە سەبارەت بە بێزاری و ناڕەزایی و قین و تووڕەییان، ئیستعمار و شوێنەوارەکانی، وە سەبارەت بە خۆشەویستییان بۆ نیشتمان و گەلەکەیان. جا لە واجبی خۆیاندا بەرامبەر بە گەلەکەیان گەیشتن. بۆیە خزمەتکردن و بەشداربوونی**

**چالاکانەیان لە خەباتی گەلی کوردا کرد بە ئامانجی ئەو خەباتەی کە دروشمی سەربەخۆیی تەواوی نەتەوایەتی و ڕزگارکردنی کوردستانی لە چنگ بێگانە داگیرکەرەکاندا هەڵگرتبوو).**

بەم جۆرە، بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە دەستەی سەرەوەی موجتەمەعی کورستان، کە ئالای ڕزگاریی نیشتمانی هەڵکردبوو، وە هەتا دوای شەڕی یەکەمی گێتییش لە کوردایەتیدا دەوری سەرکردەیی هەبوو، لە واقیعدا نوێنەری چینێکی نوێی نادەرەبەگ بوون، ناوەڕۆکی سەرمایەداریی موجتەمەعی کوردستان بنجی ئابووریی بزووتنەوەکەیان و سەرچاوەی ئابووریی چالاکیی سیاسییان بوو، واتە بناغەی خەباتە سیاسییەکەیان هەوڵی ئەو ناوەڕۆکە سەرمایەدارییەی موجتەمەعی کوردستان بوو بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن، با شێوە و دیوی دەرەوەی ئەم سەردارانە دینی یان عەشیرەتی بووبێت.

٢- پەیدابوونی سەرمایەداری لە زەراعەتدا، واتە پەیدابوون و پەرەسەندنی ئینتاجی بضاعی زراعی، لە پێشەوە ناردنی کشتوکاڵی زراعی بۆ دەرەوە و کۆبوونەوەی پارە لە دەست خاوەنەکانیاندا، ئینجا پەیدابوون و پەرەسەندنی کشتوکاڵی پیشەیی (حرفی).

٣- پەیدابوونی سەرمایەداری لە ناو مەڕوماڵاتدارەکانیشدا لە ئەنجامی فرۆشتنی مەڕوماڵات و بەروبوومەکەی بە دەرەوە و پارەکۆکردنەوە لە لایەن سەرەك عەشیرەت و مەڕدارەکانی تر. واتە سەرۆك عەشیرەتی کۆچەری مەڕوماڵاتداریش شێوەیەکی سەرمایەداریی هەبوو لە ڕەفتاری ئیقتیسادیدا.

## پوختەی باسەکە:

لەو ڕاستییانەی پێشەوە ئەتوانین پوختەیەکی باسەکە بەم جۆرەی خوارەوە بخەینە بەر چاو خوێنەرەوەی بەڕێز:

١- لە سەرەتای چەرخی نۆزدەهەمەوە نەتەوەی کورد بە مانای نوێی نەتەوە، بە شێوەی گەلاڵەکراو بە فەریکی لە مێژوودا دێتە بەر چاو، واتە لە دەوری پەیدابوون و سەرەتاییدا.

٢- هەر لەوساوەش نەتەوەی کورد تازە چووزەرەی کوردایەتیی دەرکردبوو. کوردایەتی بە شێوەی بیر و هەست دەهات دەست پێ بکات، پاشان لەگەڵ گۆڕان و ڕووداوەکانی موجتەمەعی کوردستان، (کوردایەتی)ش گەشەی کردووە لە بیروباوەڕ و هەستەوە، دوای بڵاوبوونەوەیان بە ناو کۆمەلانی خەڵکدا، بۆتە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی.

کوردایەتی لە سەرەتای پەیدابوونیا بە شێوەی ناڕەزایی و تووڕەیی لە داگیرکەرانی بێگانە و ڕەفتار و زوڵم و زۆردارەکانیاندا هاتۆتە ڕوو، پاشان خۆی لە بیروباوەڕی کوردپەروەرانە و هەستی نەتەوایەتیی دیاردا نواندووە، ئینجا وردەوردە بۆتە بزووتنەوە، بە تایبەتی لە ئەنجامی شەڕی بەربەرەکانێی کوردان دژی پەلاماردەری بێگانە بۆ لەناوبردنی هەموو شێوە حوکم و سەربەستییەکی کوردان و سەپاندنی دەسەڵاتی تەواوی داگیرکەران بە شێوەی (مەرکەزییەتێکی توندوتیژەوە).

لە پێشەوەش باسمان کرد، چۆن ئەم هەست و بیروباوەڕەی کوردایەتی لە سەرەتایدا لە ناو ئەمیر و دەستەکانی ژووروووی موجتەمەعی کوردستاندا بڵاو بووە، تا پەرەی سەند و گەیشتە ناو خەڵکیش، وە بوو بە هێزێکی مادی و کاریگەری گەورە. ئینجا شێوەی پاراستنی مافی گەلی کوردی بە خۆیەوە گرت. لە سەرەتادا مافی حوکمڕانیی کوردان لە وڵاتی خۆیاندا لەژێر چاوەدێریی بێگانە، بە شێوەی مافی ئیداری و مەزهەبی، پاشان بە ناوی سەربەخۆیی و ئازادییەوە.

٣- پەیدابوونی کوردایەتی لە کۆنگەلی ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینە چەکدارانەی کوردانا بووە دژی داگیرکەرانی، کە لە نیوەی یەکەمی چەرخی نۆزدەدا لە زۆر لای کوردستاندا ڕووی داوە، بۆیە هەر لە پەیدابوونیەوە خەباتێکی شۆڕشگێڕانە بووە، بە بیروباوەڕی شۆڕش فرچك دراوە، هەر لە پەیدابوونیەوە مۆری شۆڕشی پێوە بووە.

ئەم ڕاپەڕینە چەکدارانە و شۆڕشانەی نیوەی یەکەمی چەرخی نۆزدەهەم نەك هەر دەستێکی باڵایان هەبووە لە هێنانەڕووی کوردایەتی وەك بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی، بەڵکو لەگەڵ شۆڕشی گەلانی تری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و بە تەئسیری بزووتنەوەی ڕزگاریی ئەم گەلانە و شەڕوشۆڕەکانی ئەوێ، دەمێ چاکتریش (کوردایەتی) یان گەشە پێ کردووە. هەر وەك ئەم ڕووداوانە کاریان کردۆتە سەر قاڵترکردنەوەی نەتەوەی کوردا لە بۆتەی نەتەوایەتیی نوێدا، وە پتر جۆشدانی کوردایەتی لە دەروونی کۆمەڵانی خەڵکدا.

٤- کوردایەتی هەر لە پەیدابوونیەوە لەناو کۆنگەلی شۆڕش و ڕاپەڕینە چەکدارەکانی کورداندا دژی پەلاماردەرانی بێگانە لە ڕێگەی شۆڕش بەولاوە هیچ ڕێگەیەکی لە بەردەمی خۆی نەدیوە بۆ سەندنەوەی مافەکانی. بۆیە بە ناچاری (شۆڕش)ی کردووە بە (ڕێبازی)

خۆی، بە تایبەتی لەبەر ئەوەش کە داگیرکەران بە پەلاماردان و هێرش و دامرکاندنەوەی عەسکەری ویستیان بە تەواوی کوردستان بە کۆتوبەندی بەندەگییەتی و دیلی لە پاشکۆی خۆیانەوە ببەستنەوە. هەروەها ماوەی هیچ خەباتێکی پەرلەمانی دەستووری، یان بە ئاشتی تێکۆشان نەبوو تا کوردیش کەڵکی لێ وەرگرێت.

جگە لەمە، ئەو ئامانجەی کوردایەتی هەیبوو، ئامانجی سیاسی، کە ڕزگاری نەتەوایەتی و ئامانجی کۆمەڵایەتی، کە گەشەکردنی ناوەڕۆکە سەرمایەدارییەکەی موجتەمەع بوو، هەر بەجێهێنانیان خۆی لە خۆیدا شۆڕشە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە کوردایەتی و شۆڕش، توند پێکەوە بەستراون، بە جۆرێ کە وەك دوانە (جمكانە – توائم) دێنە بەر چاو.

٥– هەر وەك باسمان کرد، هەوەڵ جار کوردایەتی لە ناو ئەمیر و دەسەڵاتدارانی کورد و پیاوانی دینیدا پەیدا بوو، هەرچەندە بزووتنەوەکەشی بە بەشداریی کۆمەڵانی خەڵك بووە، بەڵام جڵەوی سەرکردەیی بە دەست چینی سەرەوەی موجتەمەعی کوردستان بوو، کە شێوەیەکی دەرەبەگی و ناوەڕۆکێکی (سەرمایەداریی تیجاری و زراعیی) هەبووە. بۆیە هەموو ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانەی ئەمیر و دەسەڵاتدارانی کورد لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە دژی داگیرکەرانی عوسمانی، ڕاپەڕینی چەکدارانەی عادیلانە و ئازادیخوازانە بوون، شۆڕشی ڕزگاری بووە، وە لە ڕووی عیلمییەوە ئەتوانین بە پراوەی شۆڕشی نیشتمانیی کوردیان دابنێین. کوردایەتی نیوەی یەکەمی چەرخی نۆزدەهەمیش (کە بە شێوەی سەرەتایی و گەڵاڵەکراو و فەریك بووە) ئەتوانین بە پراوەی کوردایەتیی دابنێین، ئەو کوردایەتییەی کە لە شۆڕشی بەدرخان بەملاوە وەك بزووتنەوەی ڕزگاریی کوردستان هاتۆتە ڕوو (سەرنجی خوێندەواران بۆ لێکدانەوەی ڤیلچیڤسکی ڕائەکێشم). جا کەواتە با لە شۆڕشی بەدرخان پاشاوە کە هەست و بیروباوەڕی کوردایەتیی تێدا ئاشکرایە، دەست بکەین بە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی کوردایەتی، وە باسی شێوەکانی کوردایەتی بکەین و لەگەڵ گەشەکردن و پێشکەوتن و گۆڕانەکانی کوردایەتیدا بێینەوە بۆ ئەم سەردەمەی ئێستەمان.

## ئاگاداری:

### ١– مافی چارەنووس، حق تقرير المصير: بریتییە لەوەی:

هەر گەلێك بە سەربەستی دواڕۆژی خۆی بەو چەشنەی گەرەکییەتی، دانێت. جا ئەبێ بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی جیا لەو گەلانەی پێشتر لە سێبەری یەك دەوڵەتا لەگەڵیان بوو، یان یەکگرتنێك لەگەڵ گەلێك یان چەند گەلێکی دراوسێدا دروست ئەکات. واتە مافی چارەنووسی سەربەستی، جیابوونەوە لەو دەوڵەتە ئەگرێتەوە کە گەلەکەی پێوە بەستراو بوو.

ف. ئی. لینین کە دژی سۆشیالیستە شۆڤێنییەکان[1] ئەدوێت، ئەوانەی مانا و ناوەڕۆکی مافی چارەنووسیان پووچەڵ ئەکرد، بەو چەشنەی خوارەوە مانای مافی چارەنووس لێك ئەداتەوە:

**((نیاز لە ئازادیی نەتەوەکان لە چارەنووسی خۆیاندا، هەر ئەوەیە کە جیا ببنەوە لەو گەلانەی پێشتر لەگەڵیان بوون و ببنە دەوڵەت، واتە دەوڵەتی نەتەوایەتیی سەربەخۆی خۆیان دروست کەن)).**

### ٢– هەستی نەتەوایەتی (الشعور القومي):

پێزانینی مرۆڤە (ئینسانە)، کە یەکێکە لە نەتەوەکەی خۆی، بە خۆشویستنی گەل و نیشتمانەکەشییەوە، بە شانازیکردنەوەش بە سەروەرییەکانی نەتەوایەتییەوە، بە جۆرێ، کە هاندەریش بێت بۆ تێکۆشان لەپێناوی ڕزگاریی نیشتمان و بەجێهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەیدا. ئەو ئامانجانەی کە بەپێی پلەی مێژوویی (المرحلة التأريخية) ئەگۆڕین، وە چەشنەکەیان (نەوعییەتەکەیان، چۆنایەتییەکەیان) بەگوێرەی دەسکەوتی ئەم چین و تاقمانە ئەبێت کە هەستی نەتەوایەتییان قۆزتۆتەوە و لە باوەشیان گرتووە و ڕابەریی بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئەکەن.

---

١- پێشکەشە بۆ سۆسیالیستەکانی عەرەب!!

جا ئەگەر ئەم چین و دەستەڕابەرانەی نەتەوایەتی موڵکدار و سەرمایەدار بوون، ئەوا نەوعییەتی ئامانجی بزووتنەوەی نەتەوایەتی نەوعییەتێکی تایبەتی ئەبێ، بزووتنەوەکەش شێوەی چەوساندنەوە و مۆری تاکڕەوی و چڵێسیی پێوە ئەنرێت، شانبەشانی نەوعییەتە ڕزگاری و دیموکراتییەکەی. خۆ ئەگەر هات و کۆمەڵانی خەڵکیش بە ڕابەریی پارتی پێشڕەو یان هەستی نەتەوایەتییان بە شێوەی ڕاست و دروستی خۆی قۆزتۆتەوە و بزووتنەوەکەیان کرد بە هیی خۆیان، ئەوا شێوە و ناوەڕۆکی بزووتنەوەکە شۆڕشگێڕانە ئەبێت، وە ناوەڕۆکە دیموکراتییەکەی گەشە ئەکات و پێش دەکەوێ، وە بزووتنەوەکە شێوە و مۆری کۆمەڵانی خەڵکی پێوە ئەبێت، دوور لە شۆڤێنیزم و تاکڕەویی نەتەوایەتی و تەماح و چڵێسی.

دیارە هەستی نەتەوایەتییش وەکو هەموو هەست و بیرێکی تر لە شتێکی هەبووەوە یان لە پێویستیی پەیدابوونییەوە دێتە دەر، کە ئەویش نەتەوە و جووڵانەوەی ئەم نەتەوەیە بەرەو گەشەکردن. واتە بیر و هەستی نەتەوایەتییش بناغەییەکی کۆمەڵایەتیی هەیە، سەرچاوەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە ڕەگ و بنجی ئاوی لێ دەخواتەوە و خۆراکی لێ وەردەگرێت.

کەواتە هەستی نەتەوایەتی لە پەیدابوون و جووڵانی نەتەوە و لە دەستکردنی کەرەستە خاوەکانی نەتەوە بە توانەوە لە بۆتەی نەتەوەدا، لە پێویستیی هاتنەکایە و گەشەکردنی نەتەوەوە پەیدا ئەبێ.

بۆیە هەستی نەتەوایەتیی کوردیش بەری کوردایەتییە، لە پەیدابوون و جووڵانی کوردایەتی بەرەو گەشەکردن و پێشکەوتنەوە پەیدا بووە.

یانەخۆ بە جۆرێکی تر بڵێین، هەست و بیری نەتەوایەتیی کورد دەنگدانەوەی کوردایەتییە لە مێشك و دەروونی کورداندا لە مێژووی گەلی کوردا.

٣- **نیاز لە (کەرەستەی خاوی نەتەوە)**، ئەو عەناسرە ئەوەلییانەیە کە نەتەوەیان لێ پێك دێت بە توانەوەیان لە بۆتەی نەتەوەدا. وەك (یەکێتیی نیشتمان) و زمان و هێندێ شتی تر. کەرەستەی خاوی نەتەوەی کورد بریتی بوو لە: کوردستانی نیشتمانی کوردان، زمانی کوردی، کوردبوونی هۆز و عەشیرەتەکانی بە توانەوەیان لە بۆتەی نەتەوەدا

کوردیان پێك هێنا کە یەکێتیی زمان و نیشتمانیش لە یەکتری نزیکی کردبوونەوە، لەگەڵ دابەشبوونی ئیش و چەشنە جیاکانی زەراعەت و میوەجات و پیشەیی لە ناو خەڵك و ناوچەکانی کوردنشینا، هەر وەك یەکێتیی دین و بەیەکەوەژیان لەژێر سێبەری یەك خەلافەتدا، هێندێ ڕەوشت و خووی خەڵکەکەی یەك خستبوو، کە ئەمەش کەرەستەیەکی خاوی ترە لە پێکهێنانی ڕەوشت و نەفسییەتی موشتەرەکدا.

**٤- کە باسی چۆنێتیی پەیدابوونی نەتەوە ئەکەین، پێویستە دوو ڕاستیی گرنگ بخەینە یادی خۆمان:**

**یەکێکیان:** ئەوەیە کە (نەتەوە) نەوەی سەردەمی پێشکەوتنەوەیە (عصر التقدم) کە بە پەیدابوونی سەرمایەداری و دۆزینەوەکانی عیلمی لە ئەورووپا دەست پێ ئەکات. واتە بێ پەیدابوونی سەرمایەداری، وە هەر لە سێبەری ڕژێمی دەرەبەگیدا، نەتەوە پەیدا نابێت. چونکە ڕژێمی دەرەبەگی (بێ ناوەڕۆکی سەرمایەداری)، ڕژێمەکە گەلان بەپێی ناوچە و عەشیرەت و ئیقلیم دابەش ئەکات، هەر ئەمیر و دەسەڵاتدارە لایەکی گەل و پارچەیەکی نیشتمان بۆ خۆی دائەبڕێت و نایەڵێ یەك گرێت. تەبیعەتی ژیانی دەرەبەگایەتی دژی یەکخستنی پارچەکانی وڵات و گەلە، کۆسپ و ڕێگری یەکخستنی خەڵك و دانانی یەك دەوڵەتی ناوەندی، وە پەیدابوونی بازاڕی ناوەندی و ئاڵوگۆڕکردنی ئازادانەی کشتوکاڵیە.

**دووەمیان:** نەتەوە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتییە لە مێژوودا، لە پێش پەیدابوونیدا بە شێوەی (جەنینی) لە ڕەحمی موجتەمەعدا دروست ئەبێت، ئینجا چووزەرە ئەکات، ئینجا گەشە ئەکات و دێتە ڕوو. واتە یەکسەر کتومت وەك هەیە، پەیدا نابێت. هەر وەك چۆن پیاو پەیدا ئەبێ لە سکی دایکیا و پاشان لە دایك ئەبێ و گەورە ئەبێ و کامڵ دەبێت، نەتەوەش هەر وەهایە لە پەیدابوون و گەشەکردنیا.

## - ٢ -

# شێوەکانی کوردایەتی

- کوردایەتی بە نەونەمامی – شۆڕشی بەدرخان
- کوردایەتی لە گەشەکردنیا – شۆڕشی شەمزینان
- کوردایەتیی خوێندەوارانە و هاوکاری لەپێناوی دەستووردا
- پەیدابوونی ڕێکخراو و کۆمەڵ لە کوردایەتیدا
- کوردایەتیی پیاوماقووڵان – بە هیوای سوێندخۆرەکان
- کوردایەتی دێتەوە سەر ڕێبازی شۆڕش
- پێشکەوتن لە کوردایەتیدا لە دێهاتەوە بۆ شار
- قوتابی دێنە ڕیزی پێشەوەی کوردایەتی
- کوردایەتیی خەملیو
- پاشەکشەیەك لە کوردایەتیدا

# لە بزووتنەوەی بەدرخان پاشا[1] خۆی ئەنوێنێ:

بزووتنەوەی ئەمیر بەدرخان پاشای جزیرە و بۆتان (ساڵی ١٨٤٢م) بۆ پاراستنی هەقی حوکمڕانیی کورد و کۆکردنەوەی هێزەکانی گەلی کورد و یەکخستنی سەردار و دەسەڵاتدارەکانی کورد بوو دژی دەسەڵاتی داگیرکەری بێگانە، دژی سەپاندنی حوکمی داگیرکەران بەسەر هەموو کوردستان، ئینجا بۆ ڕزگاریی نیشتمان و دانانی حوکمێکی کوردی لە شوێنەواری حوکمی داگیرکەراندا. لەم بابەتەوە مامۆستا دکتور شاکر خەسباك لە لاپەڕە (٢٥)ی کتێبەکەی (الكرد والمسألة الكردية) ئەڵێ:

**(بەدرخان پاشا نەك هەر شۆڕشگێڕێك بوو دژی حکومەتی عوسمانی، بگرە سەرکردەیەکی نیشتمانپەروەریش بوو، کە ویستی کوردستان ڕزگار کات لە چنگ تورکەکان).**

شێوە و تەبیعەتە نەتەوایەتییەکەی شۆڕشی بەدرخان نەك هەر لەوەدا خۆی ئەنوێنێ کە شۆڕش و ڕاپەڕینی کوردان بووە دژی داگیرکەرانی بێگانە، بەڵکو لەمەشدا خۆی ئەنوێنێ کە بەدرخان پاشا بزووتنەوەکەی هەر لە ئیقلیمی خۆیدا نەهێشتەوە، بەڵکو گەلێ سەرکردەی تری کوردانیشی لە ژێر ئالای شۆڕشدا کۆ کردۆتەوە، لە بۆتانەوە بگرە تا ئەوپەڕی موکریان، سوێندخۆر و پشتیوانی هەبوو. نیاز لەم یەکگرتنەش، ڕزگاریی کوردستان بوو. جگە لەمە، بەدرخان پاشا هەوڵی دا کە لەگەڵ ئیبراهیم پاشا[2]ی میسری دژی عوسمانی یەك گرێت و ڕێك کەوێ. هەروەها چەند خوێندەواری ناردە ئەورووپا بۆ خوێندن. لە وڵاتیشدا مانیفکتۆراتی دروست کرد و سەناعەتی جەنگیی دانا.

دەربارەی شۆڕشی بەدرخان پاشا، مامۆستا دیرك کینین لە لاپەڕە (٢٣)ی کتێبەکەیدا: (کوردەکان و کوردستان – THE KURDS AND KURDISTAN) ئەمەی خوارەوە ئەڵێ:

---

١- بەدرخان پاشا (١٨٠٣–١٨٧٠): میر بەدرخان کوڕی عەبدوڵڵا خان کوڕی مستەفا خان کوڕی ئیسماعیل خان، هەوڵی ڕزگارکردنی وڵاتی داوە لە داگیرکاریی عوسمانییەکان و کاری بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد کردووە. ساڵی ١٨٤٧ سەربەخۆیی ڕاگەیاندووە و دراوی بە ناوی خۆی لێ داوە، ئالای تایبەتی لەسەر جزیرە هەڵداوە. بە هۆی پەیوەندیی یەزدانشێری ئامۆزای بە عوسمانییەکانەوە، لە نزیک ورمێ لە شەر لەگەڵ عوسمانییەکان شکاوە. دوای هەشت مانگ لە قەڵای ئارۆخ، پاش نەمانی تەقەمەنی و ئازووقە، بە دیل گیراوە ڕەوانەی ئاستانە کراوە. دواتر لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە. (ئامادەکار)

٢- ئیبراهیم پاشای میسر (١٧٨٩–١٨٤٨): ئیبراهیم کوڕی محەمەد عەلی پاشا کوڕی ئیبراهیم، کوڕە گەورەی والی میسرە. (ئامادەکار)

**لە ساڵی (١٨٤٣)دا شازادە بەدرخان، ئەمیری جزیر و بۆتان، هەوڵی دا بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و ڕزگاربوون لە چنگ داگیرکەرانی تورك. ئەم ڕاپەڕینەی یەکەم بزووتنەوەی نیشتمانییە (بە مانای نوێی نیشتمانی). بەدرخان پلانی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی دانا، کە هەموو ئەمارەتەکان بگرێتەوە. بەدرخان چوار ساڵ شەڕی لەشکری تورکی کرد. قەشە موبەشیرەکان (میسیۆنێرەکان)ی ئەمریکی لە نووسینەکانیانا باسی چاکەی حوکمی عادیلانە و دادپەروەری و ڕژێمی ماڵی حکومەتی بەدرخانیان کردووە.**

هەروەها (روندو)[1] ش دەربارەی بزووتنەوەی بەدرخان ئەوەهای نووسیوە:

**((بەدرخان توانیی کەڵك لەو پشێوییە وەرگرێت کە تورکەکانی تێ کەوتبوو لە دوای شەڕی (نیسێبین)ەوە، جا دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکانی وان و مووسڵ، تا سابڵاخ و ئورمییە و دیاربەکر. وە هێندێ سەرکردەی گەورەی کوردیش لەگەڵی ڕێك کەوتن، وەك حسێن بەگی گارس[2] و ئەمیری ئەردەڵان)).**

بەم چەشنە، شۆڕش و دەسەڵاتی بەدرخان پاشا تا ئەهات پەرەی ئەسەند و پتر کۆمەڵانی خەڵکی لێ دەهاڵان. لەگەڵ ئەمەشا، شۆڕش نەیئەتوانی ئامانجی گەورەی نیشتمانیی خۆی جێبەجێ بکات لەبەر ئەو ناکۆکییەی کە بە فیتی بێگانەوە کەوتە بەینی بەدرخانییەکانەوە و هەڵگەڕانەوەی فەرماندەیەکی گەورەیان. هەروەها سەبارەت بەو پیلان و دەسیسەی دەوڵەتی عوسمانی لە دژی شۆڕش بە هاوکاری لەگەڵ ئیستعمارییەکانی ئینگلیزدا گێڕایان.

ئیستعمارییەکانی ئینگلیز لە ساڵی (١٨٢٩)ەوە بە ناوی تەبشیرەوە نۆکەری خۆیان ئەنارد بۆ عیراق. لە پاش ماوەیەك یەکێکیان بە ناوی (گرانت –GRANT)ەوە نارد بۆ کوردستان بۆ ناوچەی هەکاری بۆ ناو برا ئاسوورییەکانمان. گرانت بنکەیەکی زۆر قایمی لە (تکۆمە –TKOME) دامەزراند، وە قەڵاتێکی زلی عەسکەرییشی لێ دروست کرد. ئینجا دەستی کرد بە چاندنی تۆوی دووبەرەکیی نێوان ئاسووری و برا کوردە موسڵمانەکانیان. کەوتە فریودانی ئاسوورییەکان کە (ڕۆژاوا) ڕزگاریان ئەکات لە موسڵمانەکان، وە گەلێکی لێ هەڵخەڵەتاندن. بە داخەوە، مارشەمعون یەکێك بوو لەوانەی پێی هەڵخەڵەتان.

---

١- ب. نیکیتین، لاپەڕە (١٩٦)، کتێبەکەی (الاکراد)، چاپی عەرەبی.

٢- حسێن بەگ گارس: حسێن بەگی کۆر، سەرۆکی خێڵەکانی هەرێمی فارس و ئاجار. (ئامادەکار)

ئینجا گرانت ئاگری شەڕێکی براکوژەی هەڵگیرساند لە نێوان کوردان و برا ئاسوورییەکانیاندا. بەدرخان ناچار کەوتە خۆی بۆ پاراستنی ئەمارەت و دۆستەکانی خۆی، وە شەڕ لە نێوانا هەڵگیرسا.

ئیستیعمارییەکانی ئینگلیز ئەم هەلەیان قۆستەوە و تینیان بۆ سوڵتان هێنا، تورکیش لە خوای ئەویست. ئەوە بوو سەفیری ئینگلیز لە ئەستەمبول (ستراتفورد ڕێدکلیف – Stratford Redcliffe) هەلی لە دەست نەدا بۆ وەرگرتنی هێندێ ئیمتیاز بۆ دەوڵەتەکەی خۆی، بۆیە بە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتە ئەورووپییە گەورەکانی ترا، یاداشتێکی توندوتیژی دا بە حکومەتی عوسمانی، داوای (تەمێکردنی بەدرخان) و (دەرکردنی بەدرخان)ی کرد.

حکومەتی عوسمانییش بە هاوکاری و یارمەتیی ئینگلیز و دەوڵەتەکانی ئیستعماری ئەورووپیی تر، هێرشێکی گەورەی هێنایە سەر بەدرخان، وە بە کەڵکوەرگرتن لە ناکۆکیی ناوخۆ، توانیی شۆڕشەکە بکوژێنێتەوە.

پێش هاتنی (گرانت) بۆ ناو ئاسوورییەکان، پەیوەندیی کورد و ئاسووری بە تایبەتی، وە پەیوەندیی کورد و برا گاورەکانی هەر باش بووە. دەربارەی ڕەفتاری بەدرخان پاشاش لەگەڵ ئاسووری و مەسیحییەکاندا، ب. نکیتین ئەمەی خوارەوە ئەڵێت:

**((هەرچۆنێ بێت، زۆر بەڵگەی ئەرمەنی هەر ئەوەیان نیشان داوە کە بەدرخان پاشا سیاسەتێکی دینیی نەموزەجی هەبووە، وە خۆی بە سەرکردەی ڕۆحیی ناوچە ڕزگاربووەکان لە دەسەڵاتی تورك زانیوە)).**

بەڵام دیسان شێوەی چارەسەرکردنی هەڵگەڕانەوەی ئاسوورییەکان بە فیتی ئینگلیز، شێوەیەکی ڕاست نەبوو، چونکە بەدرخان پاشا لەجیاتیی ئەوەی هەموو لایەك پێك بێنێتەوە وە یەکیان بخاتەوە و داوای دوورخستنەوەی گرانت و دوورخستنەوەی دەستی بێگانە بکات، چوو بە گژ یاخییەکاندا، وە چەکی دژیان بەکار هێنا.

خوێنڕشتن هەمیشە شوێنەواری زۆر خراپ بەجێ دێڵێت لە نێوان دوو کۆمەڵ خەڵکدا کە لەیەك وڵاتا ئەژین، وەك کورد و ئاسوور. جگە لەمە، بەدرخان کەوتە ناو ئەو داوەوە کە ئیستعماری ئینگلیز بۆی دانابووەوە، لەجیاتیی ئەوەی تەڵەکەیان بتەقێنێت!

نیشانەی ئەوەش کە کورد و ئاسوور برایەتییەکی بەهێزیان هەبووە، ئەوە بوو کە پاش تیاچوونی شەخسی بەدرخان، دیسان برا گاورەکانمان لەگەڵ لەشکری عیزەدین

شێر بەشداری شۆڕشی (١٨٥٣–١٨٥٥) بوونە، وە برا ئاسوورییەکانمان چالاکانە بەشداری شۆڕش بوون. مامۆستا نیکیتین لە کتێبەکەیدا (الأکراد) لاپەڕە (١٩٦) ئەڵێت:

**((ئاسوورییەکان لەژێر ئاڵای عیزەدین شێر کۆ بوونەوە و بەشداری لەشکرەکەی بوون)).**

لەوساوە کوردایەتی زۆرتر هەوڵی داوە کە لەگەڵ برا مەسیحییەکانی کوردستان برایەتی و یەکێتیی تێکۆشان بەهێز کات. داگیرکەران و ئیستعمارییەکانیش هەوڵێکی زۆریان داوە کە کورد و ئەم برایانەیان بە گژیەکدا کەن، وە ناکۆکی و دوژمنایەتییان لە نێواندا پەیدا کەن.

هەرچەندە عوسمانییەکان بە یارمەتیی ئینگلیز و بە کەڵکوەرگرتن لە فیت و دەسیسەی قونسڵی ئینگلیز لە مووسڵدا (نەمروود ڕەسام)[1]، توانییان شۆڕشی عیزەدین شێریش دامرکێنێتەوە، وە هەرچەندە پێشتر شۆڕشی کوردانی بۆتان و هەکاری و بڵباس و سۆران و بابان و خوی و نەخچەڤان و ڤان و کوردە کۆچەرییەکانیان کوژاندبووەوە، بەڵام کوردایەتییان پێ لەناو نەبردرا. بە پێچەوانە، قین و تووڕەیی و بێزاری و ناڕەزایی تا دەهات باشتر هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتییان جۆش ئەدا وە باشتر قاڵیان ئەکردەوە.

ئەمەش شتێکی تەبیعییە، چونکە بزووتنەوەی مێژووکردی کوردایەتی کە بنجە کۆمەڵایەتییەکەی و ناوەڕۆکە پێشکەوتووەکەی موجتەمەعی کوردستان بوو، وە لە پێویستییەکانی پێشکەوتنی حەتمیی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستانەوە پەیدا ببوو، بە هیچ هێزێ لەناو نەدەبرا. هەرچەندە شێواندنی ژیانی ئابووری و تیجاری و زراعیی کوردستان و کاولکردن و هەژارکردن و چەوساندنەوەی شار و ناوچە تیجاری (بازرگانییەکانی) کوردستان موجتەمەعی کوردستانیان بە گشتی بە دواکەوتەیی هێشتەوە، بەمەش کوردایەتییان کز کرد.

---

١- نەمروود ڕەسام: کونسوڵی ئینگلیز بوو لە موسڵ. پێشنیازی بۆ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کرد دەست لە کاروباری کوردستان وەربدەن. (ئامادەکار)

# کوردایەتی لە گەشەکردنیا:

**((شۆڕشی شەمزینان))**:

وەکو گوتمان، لە شۆڕشی بەدرخانەوە، لە ئەنجامی ڕووداوەکانی دوای ئەو شۆڕشەش، کوردایەتی پشکوتووتر و ڕێکوپێکتر بوو، چاکتر لە جاران گەشەی کرد. لە ساڵی (١٨٧٠) بەملاوە مەرکەز و هێز و دەسەڵاتی کوردایەتی کەوتبووە (شەمزینان)، کە لەوێدا سەردارێکی هەڵکەوتوو و ناوداری کورد (شێخ عوبیدوڵڵای نەهری)[1] خەریکی کۆکردنەوە و یەکخستنی عەشیرەت و هۆزەکانی کوردستان بوو، خەریکی هاندانیان بوو، خەریکی سازادانی هێزەکانیان بوو لەپێناوی ڕزگاریدا. شێخ عوبیدوڵڵا پێش هەڵگیرساندنی شۆڕش هەوڵێکی باشی دا بۆ دامەزراندنی (کۆمەڵی عەشایری کورد) کە بە سەرۆکایەتی خۆی پاشان دروست بوو. ئینجا دەستی کرد بە پەیوەندیبەستنەوە بە دەوڵەتەکانی گەورەی دنیا، بە تایبەتی ڕووس و ئینگلیز، بە نیازی ئەوەی (مەسەلەی کورد)یان بۆ شەرح کات و هیچ نەبێ وایان لێ بکات پشتیوانیی عوسمانی نەکەن دژی کورد.

بیر و هەستی کوردایەتی و ئامانجەکانی (لەو سەردەمەدا) لە نامەکەی شێخ عوبیدوڵڵا بۆ قونسلی ئینگلیز لە ورمێ کە لە ساڵی (١٨٧٨) بۆی ناردووە و بەشێکی لە لاپەڕە (٦٢) ی چاپی ئینگلیزیی یەکەمی کتێبەکەی ئارشاك سافراستیان (کوردان و کوردستان)دا بڵاو کراوەتەوە،

---

١- عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٣١–١٩٠٠): عوبەیدوڵڵای کوڕی سەید تەها کوڕی شێخ ئەحمەد شەهابەدینی نەهرییە. شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەرێکی کوردە، لە نەهرێی ناوچەی شەمدینان لە دایک بووە و جێنشینی مەولانا خالید بووە. لە جەنگی ڕووسیادا لە ساڵانی (١٨٧٧–١٨٧٨) هاوکاریی عوسمانییەکانی کردووە، دواتر داوای سەربەخۆیی کوردستانی کردووە، بەڵام حکومەتی عوسمانی گوێی بە داواکەی نەداوە. ساڵی ١٨٨٠ جاڕی شۆڕشی داوە، هەرێمی شەمدینان و هەکاریی ئازاد کردووە، ڕووی کردووەتە سابلاغ و دەستی بەسەردا گرتووە. هەردوو حکومەتی عوسمانی و ئێرانی ڕێک کەوتوون لەسەر سەرکوتکردنی شۆڕشەکەی و ڕووسەکانیش سنووریان لە لای قەوقاز لێ داخستووە؛ بۆیە ناچار بووە بکشێتەوە شەمدینان و خۆی بە دەستەوە بدات. ساڵی ١٩٠٠ لە شاری تایف لە حیجاز کۆچی دوایی کردووە. جمال بابان، اعلام الکرد، ص ٤٥٢– ٤٥٣. (ئامادەکار)

بەڵێ ئەو بیر و هەست و ئامانجانەی کوردایەتی بەم شێوەی خوارەوە دەردەکەوێت:

**((گەلی کورد نەتەوەیەکی تایبەتی و جیاوازە. خاك و ڕەوشت و بیروباوەڕی تایبەتی خۆی هەیە. پیاوە گەورەکانیان، هەموو ئەوانەی لەژێر ئالأی تورك یان ئێران یان ڕووسدان، وە هەموو دانیشتوانی کوردستان یەکیان گرتووە و دواپڕیاریان ئەوەیە کە چیکە بەو چەشنە لەگەڵ ئەم دوو حکومەتەی عوسمانی و ئێران هەڵناکەن. بۆیە ئەبێ چارەیەك بدۆزینەوە، ئەگینا هەموو کوردستان ڕائەپەڕێت و خۆی کاروباری خۆی دەگرێتە دەست. چونکە لەمە زیاتر ناتوانرێ ئەم کوشتن و زۆرداربیە قبوڵ بکەین. ئێمە دەمانەوێ کاروباری خۆمان بە دەستی خۆمانەوە بێت. هیچ درێغییەکیش ناکەین بۆ پێکهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزە وە بەسەر و ماڵ تا دواتنۆکی خوێنمان بەربەرەکانێی ئەم دوو دەوڵەتە ئەکەین و داوای مافی سەربەستیی خۆمان ئەکەین)).**

لەم نامەیەدا بە چاکی هەستی کوردایەتی، هەستی کورد بوون و خۆبەکوردناسین و داواکردنی مافەکانی گەلی کورد بە مافی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستانەوە لەگەڵ نارەزایی لە زوڵم و زۆرداریی داگیرکەران، بەڵێ ئەم هەستی کوردایەتییە بە چاکی خۆی ئەنوێنێ.

وە ئەم بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتییە پێش ئەوەی بچێتە سەر ڕێبازی مێژوویی کوردایەتی، کە شۆڕشە، هەوڵی داوە بە گفتوگۆ و پەیوەندیکردن بە دەوڵەتە گەورەکانی ئەو سەردەمەی دنیا مافەکانی کورد و کوردستان بسەلمێندرێت و وەرگرتنیان ئاسان بێت.

بەلأم کەس بە دەنگیەوە نەهات. بۆیە شیخ عوبێدوڵلأی نەهری ناچار هەر پشتئەستوور بە هێزی گەلی کورد کەوتەوە هەوڵ و خەبات. بۆ یەکخستنی هێزەکانی گەلی کورد و سازدانیشیان (کۆمەڵی عەشایری کورد)ی هێنایە ڕوو، وە لە تەمووزی (١٨٨٠)دا کۆنفرانسێکی عەشایری کوردی بەست، تیایا سەردار و سەرەك عەشیرەتەکانی گەورەی کوردستان بەشدار بوون. لەو کۆنفرانسەدا شێخ ویستی بە کەڵکوەرگرتن لە شعوری دینی و مەزهەبی کوردان، هەستی کوردایەتی لە دڵ و دەروونیاندا جۆش بدا وە پاڵیان پێوە نێ بۆ خەبات و شۆڕشکردن دژی داگیرکەرانی کوردستان، هەوەك لەم بەشەی خوارەوەی خوتبەکەدا لەو کۆبوونەوە عەشایرییەدا دەرئەکەوێت:

**((٥٥٠ ساڵ لەمەوبەر ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دامەزرا. عوسمانییەکان بە ڕێگەی فرتوفیڵ و ساختە حوکمیان گرتۆتە دەست. حکومەتی عوسمانی دوای (٤٠٠–٥٠٠) ساڵ حوکمڕانیی دینی ئیسلامی بە لاوە ناوە و ڕێگەی کفری گرتۆتە بەر. لەوساوەش وردەوردە لەڕولاواز بووە، تا هاتووە لە ڕووخان و تیاچوون نزیك بۆتەوە. بۆیە ئیتر ئەی ڕۆڵە خۆشەویستەکانم، تەنانەت بە قسەی باوك و باپیرانیشمان بێت، بەسیەتی ئەو هەموو زوڵم و زۆردارییەی لە لایەن تورکە زۆردارەکانەوە بەسەرماندا سەپێندراوە، چیکە قبووڵ کەین. پێویستە هەموو کورد ئازاد و ڕزگار بێت، نەك هەر کوردەکانی ژێر دەستی عوسمانی، بەڵکو کوردەکانی ئێرانیش ئەبێ لە چنگ ئەم دوو دەوڵەتە زۆردارە ڕزگاریان بێت، کە ڕێگری پێشکەوتن و ڕاپەڕینمانن. بۆیە بە فەرمایشی باوك و باپیرانیش هەر ئەبێ فیداکاری بکەین لەپێناوی دینی خۆمان و ڕزگارکردنی نیشتماندا، وە بەخوێنی خۆمان ئامانجەکانمان بهێنێنە دی)).**

ئەم قسانەی شێخ عوبێدوڵڵا کە لە لایەن دکتور شەمزینییەوە لە (کامسارکان، قونسلی گشتیی ڕووس لە شاری وان لە کاتی شۆڕشدا) وەرگیراوە، لە (مجموعة إحصائيات الموارد الجغرافية والطوبوغرافية عن أسيا – الطبعة (١١) سانبطرسبورج ١٨٨٤، ص/٣٤ الطبعة الروسية).

بەڵێ، ئەم قسانە زۆر بەجێ و مەعقول بوون بۆ کاتی خۆی، ئەو کاتەی دوژمن و داگیرکەر بە ناوی دین و خەلافەتی ئیسلامەوە وڵاتی داگیر کردبووین و خەڵکی هەڵدەخەڵەتاند، بۆیە دەبوایە بەم شێوەیە هۆشیار کرێتەوە و دژی داگیرکەران هان درێت.

دەربارەی ئەم کۆنفرانسە و ئامانجەکانی، ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (ئا.ئا. ئاراکیلیان) لە باسێکی خۆیدا (کوردەکان لە ئێران)دا ئەمەی خوارەوە ئەنووسێ:

**((فیکرەی بەستنی کۆنفرانسی عەشایری کورد لە ناوجەرگەی گەلی کوردا هەڵقوڵیبوو، بە تایبەتی چونکە شێخ عوبێدوڵڵا هەوڵی دەدا کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دامەزرێت)).** بنواڕە ئوتروحەکەی (دکتور سەید عەزیز شەمزینی).

دەربارەی شۆڕشی شەمزینان، دکتور (شاکر خەسباك)یش ئەمەی خوارەوە ئەڵێ:

**((لە ساڵی (١٨٨٠)دا شۆڕشێکی کوردیی تر لە ناوچەی شەمزیناندا بە سەرۆکایەتیی شێخ عوبێدوڵڵا بەرپا بوو، کە تیایا شێخ دەسەڵاتێکی زۆری هەبووە. شێخ عوبێدوڵڵا**

**ویستی دەوڵەتێکی کوردی دروست کات، لە بەشی خوارووی ویلایەتی ڤان و بەشی ژوورووی ویلایەتی مووسڵ، بەو شەرتە بە ناو لەژێر چاوەدێریی عوسمانیدا بێت. شێخ ناوچەیەکی زۆری خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، وە ئیسلاحاتی ئەوتۆی کرد کە بووە هۆی لەناوبردنی ڕێگری و تالانبردن، هەر وەك بووە هۆی هاندانی پێشخستنی زەراعەت و ئاوەدانی)).**

(بنواڕە لاپەڕە (٢٧)ی کتێبەکەی، الکرد والمسألة الکردية فی العراق کە ئەویش) لە (PARLIMENTARY PAPERS TURKEY N no II.١٨٨١.pp٣٧٠ – ٣٧٥)ی وەرگرتووە.

لەمانەی ڕابوردو دەردەکەوێت کە خاسییەتەکانی نیشتمانیی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەی شەمزینان لەم شتانەی خوارەوەشدا ئەدرەوشێتەوە:

شۆڕشەکە دژی داگیرکەرانی کوردستان و زوڵم و زۆردارییەکانیان بوو. داوای مافەکانی گەلی کوردی ئەکرد دژی ئازاردان و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی. ئیدارەی نیشتمانی کوردی لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا دامەزراند. هاوکارییەکی باشی لەگەڵ برا گاورەکان و ئەرمەنییەکاندا کرد، دژی حکومەتی داگیرکەری عوسمانی (کە بە ناوی خەلافەتی ئیسلامەوە حوکمی دەکرد!!). واتە شۆڕش لەوە گەیشتبوو کە ئەبێ کوردە موسڵمانەکان شانبەشانی برا گاورەکانیان دژی دوژمنی هەموویان (کە خۆی لەژێر عەمامەیەکی سپیدا شاردبووەوە) خەبات بکەن، لەپێناوی مافەکانی خەڵکی کوردستاندا، مافی هەموان بە کورد و کەمایەتییە نەتەوەییەکانیشەوە. چونکە ئەمانیش برای موسڵمانەکانن، وەك ئەوان بەشیان بە کوردستانەوە هەیە، لەگەڵ ئەوان خۆشی و ناخۆشی ئەچێژن، داگیرکردن و چەوساندنەوەی کوردستان بەندەگییەتی و چەوساندنەوەی ئەوانیشی تیا بەستەیە، هەر وەك ڕزگاری و پێشکەوتنی کوردستان ڕزگاری و بەختیاریی ئەوانیش دەگرێتەوە. دەربارەی پەیوەندیی شێخ عوبێدوڵڵا لەگەڵ گاور و ئاسوورییەکاندا، (ئا. ئا. ئاراکیلیان) ئەڵێت:

**((بزووتنەوەی شێخ عوبێدوڵڵا هیچ دژی ئاسوور و ئەرمەن و گاوران (مەسیحییەکان) نەبوو، بگرە بە پێچەوانەی درۆودەلەسەی ناحەزەکانی هەموو لایەك، زۆر دۆست و تەبا بوو لەگەڵیان)).**

نیشانەیەکی تری ئەم ڕاستییەش ئەوە بوو کە مەسئوولی کاروباری دەرەوەی حوکمی شێخ عوبێدوڵڵا، پیاوێکی ئەرمەن بوو کە ناوی (سیحو ئاغا) بوو.

دەربارەی هەڵوێستی شێخ بەرامبەر بە هەوڵ و تەقەلای تورکان بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری ناکۆکی و دوژمنایەتی لە نێوان کورد و برا گاورەکانیاندا، مامۆستا نیکیتین لە لاپەڕە

(١٩٠)، چاپی عەرەبیی کتێبەکەیدا (الاکراد) ئەمەی خوارەوە ئەڵێ:

**((تورکەکان گەرەکیانە ئێمەی کورد بەکار بێنن بۆ ئازاردانی برا گاورەکانمان. بەیانی کە لەمە بوونەوە، ئینجا تورکەکان بەرئەبنە گیانی ئێمە. بەڵام ئێمە نە کەس ئازار ئەدەین، وە نە دەمانەوێ کەسیان ئازارمان بدات)).**

هەموو ئەمانەی ڕابوردن، لەگەڵ ئەو نامانەی شێخ عوبێدوڵڵا بۆ قەیسەری ڕووس و حکومەتی ئینگلیزی ناردووە بۆ ڕوونکردنەوەی مەسەلەی کورد و ئامانجەکانی کوردایەتی بۆیان، چاکتر ئەم بوختانە بە درۆ ئەخەنەوە کە بە شۆڕشی شەمزینان کراوە، بوختانی ئەوەی کە بە هەرایەکی دینی و مەزهەبیی بداتە قەڵەم. بە پێچەوانە، شێخ ویستی شعوری دینی لەپێناوی کوردایەتیدا دژی (خەلافەتە درۆزنەکەی ئیسلام!) بەکار بێنێ. بە پێچەوانەی ئەو بوختانە، ناوەڕۆکە نەتەوایەتی و شێوە ئازادیخوازانەکەی شۆڕشەکەی شەمزینان ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە مامۆستا نیکیتین لە کتێبەکەیدا ئەیڵێ (نیازی سەربەخۆیی کوردستان) بووە.

بەڵام ئیستعمارییەکانی ئینگلیز و قەیسەری ڕووس نەك هەر یارمەتیی کوردیان نەداوە، بەڵکو دژی شۆڕشی شەمزینان وەستان، بە تایبەتی دوای ئەو سەرکەوتنەی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتا وە دەستی هێنا، واتە پاش ڕزگارکردنی موکریان و ورمێ. ئەوە بوو قەیسەری ڕووس لەشکری ناردە سەر سنووری شۆڕش و کەوتە هەڕەشەی پەلاماردان.

تورك و ئێرانیش کلکیان لێك گرێدا دژی کورد. ئینگلیزیش یارمەتیی پێویستی دان.

لەژێر پاڵە پەستۆی ئەم هەموو زرووفە نالەبارەدا، وە چونکە شۆڕش شێوەی عەشایری و فەردیی تیا زاڵبوو، ئوسلوبی شەڕی پێشمەرگانەی بەکار نەدەهێنا، سەبارەت بە ڕاڕایی و دوودڵی سەرەك عەشیرەتە کوردەکان و تەبیعەت و شێوەی شۆڕشەکە، شێخ عوبێدوڵڵا ناچار بوو گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی بکات، ئەوانیش بە فێڵ گرتیان و ئەسیریان کرد و نەفییان کرد بۆ (مەکە).

لەگەڵ ئەوەشا، شۆڕش لە شەمزیناندا کوردایەتییەکی پشکوتووی لە دوای خۆیدا بەجێ هێشت، وە پێویستییەکانی ڕێکخستن و یەکخستنی هێزەکانی کوردی زۆرتر ئاشکرا کرد، بەمەش دەرگەی کردەوە بۆ کوردایەتییەکی عەسری، کوردایەتییەکی خوێندەوارانە بۆ ڕێکخستن و ڕێکخراو بۆ دانانی کۆمەڵ و حزب لە کوردایەتی. هەر وەك کوردایەتی لە چوارچێوەیەکی ئیقلیمیی تەسکەوە گواستەوە بۆ سەر شانۆی هەموو کوردستان. دۆستایەتیی کورد و برا گاورەکانیشی بەهێز و پتەوتر کرد.

## کوردایەتیی خوێندەوارانە و هاوکاری لەپێناو دەستوورا:

گوتمان کە شۆڕشی شەمزینان دەرگەی کردەوە بەرەو کوردایەتییەکی عەسری، کوردایەتییەکی خوێندەوارانە. ئەم ڕاستییانەش لە بزووتنەوەی شیعر و ئەدەبی کوردیی ئەو سەردەمەدا خۆی ئەنوێنێ. بە تایبەتی لە شیعرەکانی شاعیری نیشتمانپەروەری نەمر، حاجی قادری کۆییدا[1] خۆیان دەنوێنن، ئەم شیعرانەی کە بە سەربەخۆیی و سەروەریی دێرینی کورد و کوردستانیدا هەڵگوتووە و داوای یەکێتیی کوردان و تەبایی دەسەڵاتدارانی کوردستان و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و شارستانێتی ئەکەن. هەروەها ئەو شیعرانەی داوای سازادانی هێز و لەشکری کوردان و پەیداکردنی چەکی نوێ و تۆپ ئەکەن. ئەمە جگە لەو شیعرانەی زوڵم و زۆری تورکان دەردەبڕن و پەچە لائەبەن لە ڕووی زۆرداری و خوێڕێتیی حاکمەکانی تورکدا، وە ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە ئەم ڕەفتارە زۆردارانەیەی بە ناوی دینی ئیسلامەوە ئەیکەن، هەموویان بە پێچەوانەی دینی ئیسلامن.

لەو سەردەمەدا هێندێ خوێندەواری تری کورد ملی ڕێگەی ڕۆژنامەگەرییان گرت بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و هەستی کوردایەتی، وە ئەوە بوو لە ساڵی (١٨٨٧)[2] دا ڕۆژنامەی (کوردستان) لە لایەن هێندێ خوێندەواری کوردەوە دەهێنرا. قوتابی و خوێندەوارانی کوردیش کەوتبوونە خۆیان، هەستی کوردایەتییان جووڵابوو. بەم چەشنە کوردایەتییەکی خوێندەوارانە هاتە ڕوو، کە ئاڵاکەی هێندێ خوێندەواری بەدرخانی و بنەماڵەکانی ناوداری تری کورد و هێندێ سەرداری خوێندەواری کورد هەڵیان گرتبوو، لەگەڵ هێندێ شاعیری نیشتمانپەروەری وەك حاجی.

لەو سەردەمەشدا بزووتنەوەی داواکردنی دەستوور و پەرلەمان هاتبووە کایەوە. بۆرژوازییەکانی تورك ماوەیەك بوو بە هۆی پیاوە ئیسلاحخوازەکانی وەك مەدحەت پاشـــا[3] و هـەڤاڵەکانیەوە داوای دەستوور و پەرلەمانیان ئەکـــرد. دەستوورخـــوازەکـــانی

١- حاجی قادری کۆیی (١٨١٧–١٨٩٧): کوڕی مەلا ئەحمەدی مەلا ساڵحی مەلا ئەحمەدی گەورەیە، شاعیرێکی مەزنی نەتەوەی کوردە، لە گوندی گۆر قەرەج لە نزیک کۆیە لە دایک بووە. (ئامادەکار)

٢- ڕۆژنامەی (کوردستان)ی دایك لە ١٨٩٨/٤/٢٢ لە قاهیرە لە لایەن مەدحەت بەدرخانەوە دەرچووە، تا ساڵی ١٩٠٢، ٣١ ژمارەی لێ دەرچووە. بۆ زانیاری، لە لایەن د. ئازاد عوبێد ڕاست کراوەتەوە. (ئامادەکار)

٣- مەدحەت پاشا (١٨ی ئۆکتۆبەری ١٨٢٢ – ٨ی مایۆی ١٨٨٤): ئەحمەد شەفیق مەدحەت پاشا، سیاسەتمەدارێکی عوسمانی (ڕیفۆرمیستێکی) مەیل بە ڕۆژئاوا بوو، چەندین پۆستی بینیوە، لەوانە، وەزیری داد، والیی ویلایەتی بەغدا، ویلایەتی دیمەشق و ویلایەتی ساڵۆنیک. لە ٨ی مایۆی ١٨٨٤ لە تائیف تیرۆر کراوە. (ئامادەکار)

عوسمانی وایان بڵاو ئەکردەوە کە گەرەکیانە هەموو گەلانی دەوڵەتی عوسمانی بەشدار کەن لە حوکمدا (بە هۆی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیانەوە)وە نەوعە (لامرکزییەت)ێك بە وڵاتەکانی ئیمپراتۆرییەت بدەن و دیموکراسی بهێننە کایەوە.

ئەم دیعایەش کاری خۆی کردبووە سەر نیشتمانپەروەرانی (ناتورك)، بە کوردانیشەوە، کە خوێندەوارەکانیان دەستوور و ژیانی پەرلەمانی و (لامەرکەزییەت)یان لا زۆر پەسند و باش بوو. جگە لەمە، هەوڵی بۆرژوازییەکانی ئەرمەن بۆ داگیرکردنی هێندێ ناوچەی کوردستان (لەو دەوڵەتەدا کە بە تەما بوون بە پشتیوانیی ڕووس دروستی کەن)، کارێکی زۆری کردە سەر کورد و بە لای تورکەوەی بردن. عوسمانییش ویستی دژی ئەرمەن و ڕووس بەکاریان بێنێت، بەڵام دەردی مێژوونوسی ئەرمەنی (ئارشاك سافراستیان) خۆی ئەڵێت، کوردەکان بە درۆودەلەسەی عوسمانی فریویان نەخوارد، وە دوژمنایەتیی برا ئەرمەنەکانیان نەکرد، هەرچەندە بەربەرەکانێی ئەوەشیان کرد، کە خاکی جزیر و بۆتان یانی وڵاتی کوردان بکرێ بە ئەرمەنستان، وەك حاجی قادری نەمر لە شیعرێکیا باسی ئەکات. دەربارەی ئەو لەشکری (حەمیدیە)ی سوڵتان (عەبدولحەمید) لە کوردی دروست کردبوو، مامۆستا نیکیتین ئەڵێ:

**هەرچەندە کوردە نەفامەکان کە کرابوون بە سەرباز لە هێزی (حمیدیە)[1]دا، ئالەت بوون بە دەست دەوڵەتەوە دژی ئەرمەنەکان، بەڵام کوردە هۆشیارەکان هیچ کاتێ بەو سیاسەتەی سوڵتان و بیانووە دینییە فریودەرەکانی ئەو هەڵنەخەڵەتان و دوژمنایەتیی ئەرمەنیان نەکرد.**

---

١- حەمیدیە: حەمیدیە سواری ئالایلەری، واتە فەوجە سووکەڵەکانی سوارەی حەمیدی، موشیرزەکی پاشای زاوای سوڵتان عەبدولحەمید، خاوەنی بیرۆکەی پێکهێنانی ئەم فەوجانە بووە، کە ساڵی ١٨٩١ دامەزرێنرابوون بۆ:

١– سەپاندنی دەسەڵاتی ناوەندیی حکومەت و نەهێشتنی دەسەڵاتی ئاغایان و شێخان.

٢– لەمپەر خستنەبەردەم هێزەکانی ڕووسیا لە بەرەی وان و ئەرزڕووم.

٣– شەڕکردنی ئەرمەن کە لە ساڵی ١٨٥٠ بەدواوە چالاکیی سەربەخۆییخوازییان دەستی پێ کردبوو.

٤– جووڵاندنی بیری پان ئیسلامی لە ناو کورددا.

هەر فەوجێک لە ٣–٦ بەتالیۆن و هەر بەتالیۆنێک لە ٣–٤ سریە و هەر سریەیەک لە ٢٠–٣٠ سوارە پێک هاتووە. بەو پێیە، هەر ماڵێکی خێڵ سوارێکی داوە، بە ئەسپ و چەک و زەخیرەی خۆیەوە. بۆ ماوەی ٢٣ ساڵ لە خزمەتدا بووە، قوتابخانەی سەربازییش بۆ پێگەیاندن و مەشقی لاوەکانیان کراوەتەوە. ژمارەی فەوجەکان لە ساڵی ١٨٩٥دا ٧٥ و پاش مەشرووتەی عوسمانییش ٦٤ فەوج بووە. بڕوانە: محەمەد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، جلدی ئەوەل، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین، تاران، ٢٠٢١، پەراوێزی لاپەرە ٣٦٤. (ئامادەکار)

لەو سەردەمەشدا لە هێندێ شوێنی کوردستان قوتابخانە کرابۆوە، بەو هۆیە تا ڕادەیەك خوێندەواری عەسری لە ناو کورد پەیدا ببوون و لە دەنگ و باسی گەلان ئاگادارتر ببوون. ئەمەش یارمەتییەکی تری پەرەسەندنی کوردایەتیی دا. جگە لەمە، تەکیە و خانەقای کوردستان وەك مەکتەب و ناوچەی خوێندەواری وابوون، شاعیر و ئەدیبی کوردیان زۆر لێ پەیدا ئەبوو... ئەو سەردەمە حاجی قادر و کەیفی[1] و شێخ ڕەزای تاڵەبانی[2] و گەلێ شاعیری تر پەیدا ببوون، وە بە هۆی شیعرەوە خزمەتی ئەدەب و سامانی نەتەوایەتیی کوردیان ئەکرد. هێندێ شێخی تەریقەتیش، بە تایبەتی شێخانی نەهری، بە هۆی تەکیە و مزگەوتی دۆستوو سەر بەوانەوە بیروباوەڕی کوردایەتییان بڵاو ئەکردەوە.

لەو سەردەمەدا بزووتنەوەیەکی بەهێز و فراوان هەبوو بۆ دەستوور، کوردیش بە هیوای بەشداربوون لە حوکمی وڵاتی خۆی و پەرلەماندا، لەگەڵ دەستوورخوازەکانی تورك خەباتیان دەست پێ کرد بۆ دەستوور. لە هەمان کاتدا بزووتنەوەیەکی دەستووریی فراوان و بەناوبانگ لە ڕووسیا و ئێرانیش هەبوو، کە لە کوردستانیشدا دەنگیان دابووەوە،

---

١- کەیفی (١٨١٤–١٨٨٣): شاعیری هاوچەرخی حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی بووە. لە (کوێرەدێ)ی جوانڕۆ لە دایک بووە، هاتووەتە کۆیە و پاشان هەولێر و حەلەب، دواجار لە ئەستەنبوڵ گیانی سپاردووە و نێژراوە.

حاجی قادر دەڵێ:

لە کوێرە دێ کە کەیفی تیا بێ فردەوسە

جەهەنەمە کە نەما کەیفی شاری قوستەنتین

بڕوانە کەریم شارەزا: کۆیە و شاعیران، بەشی یەکەم، چاپخانەی حوادث، بەغدا، ١٩٦١، ل ١٩. (ئامادەکار)

٢- شێخ ڕەزا (١٨٣١–١٩١٠): ڕەزا کوڕی شێخ عەبدولڕەحمان کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی مەلا مەحموودە. لە دێی (قرخ)ی ناوچەی چەمچەماڵ لە دایك بووە. شیعری بە زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی نووسیوە. ساڵی ١٩١٠ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدا نێژراوە. (ئامادەکار)

شۆڕشی (١٩٠٥)[1]ی ڕووسیا دەنگی زۆر دابووەوە لە ناو کورداندا، بە تایبەتی لەو شارانەدا کە بە هۆی تیجارەت و هاتوچۆ و پەیوەندیی ترەوە لەگەڵ ڕووسیا پەیوەندییان هەبوو. لەم بابەتەوە (چیرگوف)ی قونسڵی گشتیی ڕووس لە خوی ئەمەی خوارەوە ئەڵێ[2]:

**((لە کاتی سەفەری توجارەکانی کورد و میرزا و خوێندەوارەکانیاندا بۆ – نژنی نوفکورد – بۆ بەشدار بوون و دیتنی پێشانگای ماکاریوف، تووشیان ئەبوو بە تووشی دیموکرات و سەربازەکانی ڕووسەوە، کە دەنگ و باسی شۆڕشی (١٩٠٥) و ڕووداوە گرنگەکانی ئەم شۆڕشەیان بۆ ئەگێڕانەوە))**

بێگومان هەموو ئەو شتانەش لەگەڵ هۆیەکانی ناوخۆییدا، کاریان زۆر کردبووە سەر کوردان و بەرەو هاوکاری لەپێناوی دەستوورا لەگەڵ تورك و فارسەکان و ئازربایجانییەکانیان بردبوون. هاوکاریی کوردپەروەرە خوێندەوارەکان (لەپێناوی دەستوورا) لەگەڵ ئیسلاحخوازەکانی تورك و ئێران کارێکی بەجێ و ڕاست بوو، چونکە دانانی دەستوور و لامەرکەزییەت نەك هەر دوژمنی گەورەی کوردی لەناو ئەبرد (کە حوکمی زۆردارانەی کۆنەپەرستانەی مەرکەز بوو)، بەڵکو ئەبووە هۆی بەشداربوونیان لە حوکمی دەوڵەتیشا، ئەبووە هۆی پێشکەوتنی هەموو ئیمپراتۆرییەت بە کوردستانیشەوە.

پرۆفیسۆر برینیس، مامۆستای دانیشتگای (مارتن لوتەر) لە شاری (هالە) لە ئەڵمانیای دیموکراتدا، لە باسە گرنگەکەی خۆیدا کە لە ژمارە (٩–١٠)ی گۆڤارە عیلمییەکەی دانیشتگەکەدا لەژێر **ناوی دەربارەی هێندێ گیروگــرفتەکانی مێژوویی بزووتنەوەی نیشتمانیی کــورددا بڵاوی کــردۆتەوە** لە ســاڵی ١٩٦٤دا، باسی ئـەوە ئەکات کــە چـۆن

---

١- شۆڕشی ١٩٠٥: شۆڕشێکی بۆرژوازیی دیموکراتیی ڕووسیایە، لە ساڵانی ١٩٠٥–١٩٠٧ لە شێوەی ڕاپەرینێکی جەماوەریی گەورەدا، بۆ ئازادبوون لە دەست پاشماوەی دەسەڵاتی دەرەبەگی و سوپایی سەدەکانی ناوەند بەرپا بوو و بووە مایەی وریابوونەوەی میللەتانی ئاسیا. ڕاپەرینەکە تورکیا و ئێران و چین و وڵاتانی ئاسیای گرتەوە. بڕوانە: جەلیلی جەلیل، هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری کورد، وەرگێرانی لە ڕووسییەوە، ئەنوەر قادر، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٦. (ئامادەکار)

٢- بڕوانە ئوتروحەکەی س. ع. شەمزینی.

کوردپەروەرانی ئێرانیش لەگەڵ دەستوورخوازانی ئێرانی هاوکارییان کردووە بۆ داهێنانی دەستوور، بە تایبەتی باسی دلێرانی عەشیرەتی کەلهوور ئەکات، کە بەشدار بوون لە شۆڕشی دەستووریی ئێراندا، وە باسی ئەو کوردانەی تریش ئەکات کە پارێزگاریی شۆڕشی دەستووریی ئێرانیان دەکرد، لە هێرشی لەشکری قەیسەر بە تایبەتی، کە هێرشی هێنایە سەر ئازربایجان بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی دەستووریی ئێران کە (تەورێز) ناوچەیەکی بەهێز بوو.

هەروەها کاک حەسەنی قزڵجی[1] لەو پێشەکییەیدا کە بۆ چیرۆکی پێشمەرگەی دکتۆر ڕەحیمی قازی[2]ی نووسیوە، باسی ئەوە ئەکات کە میرزا فەتاحی قازی چەندین ساڵی لە زینداندا بەسەر بردووە، لەبەر ئەوەی کە بەشداری بزووتنەوەی دەستووریی ئێرانی (مشروطیت) ساڵی ١٩٠٥ بووە. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی تری بەشداربوونی کوردانە لە شۆڕشی (مشروطیت)دا، لە کوردی کەلهووڕەوە بگرە تا سەر کوردی موکریان و ئازربایجان.

---

١- حەسەن قزڵجی (١٩١١–١٩٨٤): حەسەن کوڕی مەلا عەلی، نووسەر و چیرۆکنووسێکی ناوداری کوردە، لە ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەوە تاکو دواڕۆژی ژیانی بە دڵ و گیان و بەوپەڕی لێبوردەیی لە نووسین و خزمەتکردنی نەتەوەکەی دوا نەکەوتووە. سەردەمی کۆماری مەهاباد یەکێک بووە لە ڕۆژنامەنووسەکان. پاش تێکچوونی کۆمارەکە، پەنای بردووەتە کوردستانی باشوور. ساڵی ١٩٥٣ پۆلیسی عێراق دەسگیرییان کردووە و ڕەوانەی ئێرانیان کردووەتەوە، بەڵام دەرفەتی بۆ ڕێک کەوتووە و گەڕاوەتەوە کوردستانی باشوور. تا شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە هەڵەبجە ماوەتەوە، پاشان چووەتە بەغدا و لە ستۆدیۆیەک لە شەقامی کفاح بە وێنەگرییەوە خەریک بووە. جارێکی تر پۆلیس ویستوویەتی ڕەوانەی ئێرانی بکاتەوە، هەوڵێکی بۆ دراوە و وازیان لێ هێناوە، بە مەرجی ئەوەی عێراق بەجێ بهێڵێ، بۆیە ڕووی کردووەتە بولگاریا؛ پاشان چووەتە ڕووسیا و بووەتە پەنابەر تا ١٩٧٩، کە شۆڕشی ئێران ڕووی داوە، ئینجا گەڕاوەتەوە نیشتمانی خۆی. لە تاران ڕۆژنامەی (مەردووم)ی هەفتانەی کوردیی دەرکردووە، دیسان کەوتە بەر شاڵاوی ڕەگەزپەرستانەی ئێران، گرتیان و لە زیندانیان نا. پاش سزادانی زۆر، گیانی سپارد. دیارترین بەرهەمی (پێکەنینی گەدا)یە. (ئامادەکار)

٢- ڕەحیمی قازی (١٩٢٤ – ١٩٩١/٥/٩): کوڕی سەیفولقوزات، ساڵی ١٩٢٤ لە دایك بووە. لە یەکێتیی سۆڤییەتی جاران دکتۆرای لە مێژووی کورددا وەرگرتووە. بەشداریی لە دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستانی زمانحاڵی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کردووە. ساڵی ١٩٤٥ بۆ خوێندن چووەتە باکۆ، نووسەری ڕۆمان (چیرۆکی درێژ)ی (پێشمەرگە)یە. (ئامادەکار)

بەم جۆرە، لەم سەردەمەی خەباتی کوردایەتیدا، کوردپەروەرەکان کۆشش و خەباتی خۆیان یەك دەخست لەگەڵ برا تورك و ئێرانییەکانیاندا لەپێناوی دەستوورا، کە ئەمەش یەکەمین پلەی خەباتی یەکگرتووی (کوردایەتی) بووە، لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازانی عوسمانی و ئێرانیدا.

## پێکهاتنی حزب و کۆمەڵ لە کوردایەتیدا:

بەم چەشنەی گوتمان، کوردایەتی لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە ڕێگەی خەباتی یەکگرتووی لەگەڵ دەستوورخوازانی تورك گرتە بەر، وە بە دەستە و بە کۆمەڵ بەشداری خەباتی نهێنی و دەستووری بوون، تا لە ساڵی (١٩٠٨) لە ئەنجامی تێکۆشانی هەموو لایەکدا ئینقلابی عوسمانی سەری گرت و دەستوور بڵاو کرایەوە.

لە دوای سەرکەوتنی ئینقلاب و ئیعلانی دەستوور، نەختێ سەربەستی و ئازادیی دیموکراتی بە خەڵك درا. کوردایەتییش ملی ڕێگەی خەباتی دەستووری و ڕێگەی خەباتی سیلمیی سیاسی گرت. کوردپەروەران، بە تایبەتی سەردارانی تێگەیشتوو و خوێندەوار و قوتابییەکان، کەوتنە خۆیان، کۆمەڵ و حزبی سیاسی و نیشتمانییان پێکەوە نا. کۆمەڵی (تعالی و ترقی کورد)[1] کە سەرکردەکانی پیاوە گەورەکانی بنەماڵە ناودارەکانی کوردستان بوون، پێک هات.

---

١- ئیتحاد و تەرەقی: کۆمەڵێکی تۆرانیباوەڕی تورک بوو و لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا دامەزراوە. پارتێکی سەر بە ڕۆشنبیرە بۆرژوازییەکان بوو و کوێرانە داکۆکییان لە هەموو شتێکی تورک دەکرد. ساڵی ١٩٠٨ توانییان کودەتایەک دژی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی بکەن، سنووریان بۆ دەسەڵاتی دانا و دەستووریان پێ هێنایە کایەوە، بەو نیازەی کە هەموو نەتەوەکانی ژێر دەستی عوسمانییەکان مافی خۆیان وەربگرن، بەڵام کە ئیشوکار کەوتە دەستیان، لە بەڵێنەکەیان پاشگەز بوونەوە و بە ئاگر و ئاسن کەوتنە وەڵامدانەوەی ئەو نەتەوانە. ئەو ناودارانەی کە دەسەڵاتی ئەم کۆمەڵەیان بە دەستەوە بوو، سێ قۆڵی شۆڤێنییەکان (ئەنوەر پاشا، تەلعەت پاشا و جەمال پاشا)ی خوێنڕێژ بوون. یاسین صابر صالح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٥، ل ١٠٦. (ئامادەکار)

تیایا پیاوی وەك شێخ عەبدولقادر ئەفەندی شەمزینی[1] و ئەمین عالی بەدرخان[2] و ژەنەڕاڵ شەریف پاشا[3] و داماد ئەحمەد زولکەفل پاشا و گەلێ مەبعوث (نائب) و ئەفسەر و خوێندەواری کورد کۆ ببوونەوە.

بەم چەشنە، ئەبینین کە خوێندەواردەوری خۆیان دیت لە پێکهێنانی حزبدا شانبەشانی پیاوە تێگەیشتووە ناودارەکانی کوردستان. لە ساڵی (١٩٠٩) کۆمەڵی (بڵاوکردنەوەی خوێندەواری کـــورد، جمعیە نشر المعـــارف الکـــردیة)[٤] و قوتابخـــانەی کـــوردی

---

١- شێخ عەبدولقادر ئەفەندی شەمزینی (١٨٥١-١٩٢٥): کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵایە، لە شەمزینانی پارێزگای هەکاری. دامەزرێنەر و سەرۆکی (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان)ە کە لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٣٣٤دا بەرامبەر بە ١٩١٨/١/١٧ دامەزراوە، هەروەها یەکێک بووە لە دامەزرێنەرەکانی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد کە لە ١٩٠٨/١٠/٢ پێک هێنراوە و ساڵی ١٩٢٢ حکومەت بە بیانووی ئەوەی چالاکییەکانی زیانبارن، ئەو کۆمەڵەیەیەی داخست. ساڵی ١٩٢٥، دەسەڵاتی کەمالی لە مەحکەمەی ئیستقلالی شەرقدا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد و لە ٢٧ی مایسی ١٩٢٥ لە دیاربەکر لە سێدارە درا. بڕوانە: ئیسماعیل گویلداش، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، وەرگێڕان: زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١١. (ئامادەکار)

٢- ئەمین عالی بەدرخان (١٨٥١ - ١٩٢٦): میر ئەمین عالی کوڕی بەدرخانی ئازیزانە. لەسەر دەستی حاجی قادری کۆیی پەروەردە بووە. خۆشەویستیی کوردستانی نیشتمان لە دڵ و دەروونیدا چەسپیوە. هەوڵی سەربەخۆیی کوردستانی داوە و بە زۆر لە ئەستەمبول نیشتەجێ کراوە. دوای دەرکردنی فەرمانی دوورخستنەوەی بەدرخانییەکان، نەفیی ئەسپارتە کراوە. دوای ڕاگەیاندنی دەستوور لە ساڵی ١٩٠٨دا گەڕاوەتەوە ئەستەمبول و دەستی بە چالاکی کردووەتەوە. لەگەڵ هاوڕێکانیدا کۆمەڵەی (تەعاون و تەرەقیی کورد)ی دامەزراندووە و گۆڤارێکی بە ناوی کورد دەرکردووە. دوای ئەوەی ئیتحادییەکان ئەم کۆمەڵەیەیان هەڵوەشاندووەتەوە، بەشداریی لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تر بە ناوی کۆمەڵەی (نشر معارف الکردیة)دا کردووە. (ئامادەکار)

٣- ژەنەراڵ شەریف پاشا (١٨٦٥-١٩٤٤): شەریف پاشا کوڕی سەعید پاشای کوڕی حسێن پاشای خەندانە و لە سلێمانی لە دایک بووە. لە ناو سوپای عوسمانیدا گەیشتووەتە پایەی ژەنەراڵی. دواتر بووەتە باڵوێز لە ستۆکهۆلم. ساڵی ١٩٠٨ چووەتە ڕێزی کۆمەڵی تەعالی و تەرەقیی کورد. دوای جەنگی یەکەمی جیهان، لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریس نوێنەرایەتی کوردی کردووە. (ئامادەکار)

٤- جمعیة نشر المعارف الکردیة: ساڵی ١٩٠٩ وەک کۆمەڵەیەکی ئەدەبی و پەروەردەیی دامەزراوە، خوێندنگەیەکی بە زمانی کوردی لە (چەمبەرلی تاش) کردووەتەوە کە خەلیل خەیالی بەڕێوەبەری بووە. ئیتحادییەکان، کە دەستیان بەسەر کاروباری وڵاتدا گرت لە سەڵتەنەتی عوسمانیدا و ئیدارەیەکی زاڵمانە و دیکتاتۆرییانەی توندیان لەژێر پەردەی دەستوور و دیموکراسییەتدا گرتە بەر، کۆمەڵەکەیان داخست. بڕوانە: د. عبد الستار طاهر شریف. الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکوردیة في نصف قرن (١٩٠٨-١٩٥٨) ص ٦٠. (ئامادەکار)

لە چەمبەرلی تاش[1] لە لایەن تورکەکانەوە داخرابوو. لە ساڵی (١٩١٠) قوتابیانی کورد لە ئەستەمبول کۆمەڵی (هیوا ــ هێڤی)[2]ی خۆیان دروست کرد. لە دوای ئینقلابی عوسمانی، ڕۆژنامەی (کوردستان)[3]یش دەستی کردەوە بە دەرچوون.

سەرنووسەری ڕۆژنامەکە (سورەیا بەدرخان)[4] بوو. ئەم ڕۆژنامەی (کوردستان)ە لە ساڵی (١٨٩٨) بۆ یەکەم جار لە قاهیرە دەرچووە، پاشان گوێزراوەتەوە بۆ جنیف – فوڵکستۆن – لەندەن. ئەم ڕۆژنامەیە تا ساڵی (١٩١٤) هەر لە ئەستەمبول دەردەچوو، بەڵام لە کاتی شەڕدا لە قاهیرە دەستی کردەوە بە دەرچوون.

کۆمەڵی (هێڤی ـ هیوا)ش لە ساڵی (١٣٣١)دا، یەکەم ژمارەی گۆڤارە هەفتەییەکەی خۆیان بە ناوی (ڕۆژی کورد)[5]ەوە دەرچواند. ژمارەی یەکەمی لە ٦/ی حوزەیران بە وێنەی (سەلاحەدین ئەیوبی)یەوە لەسەر بەرگی پێشەوەی، وە هی دووەمی لە ٦/ی تەمووزی (١٣٣١)دا بە وێنەی (کەریم خانی زەند) لەسەر بەرگی یەکەمیەوە دەرچوون. پاشان ناوی ئەم گۆڤارە کرا بە (هەتاوی کورد).

ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەش دەستێکی باڵایان هەبوو لە جۆشدانی کوردایەتی و داڕشتنی بیروباوەڕەکانی لە قاڵبی عەسری ئەو سەردەمەدا. کوردایەتی کە ڕێگەی خەباتی سیاسیی سیلمی و بووژاندنەوەی ئەدەب و ژیانی کوردی گرتبوو، لەو ڕۆژنامە و گـۆڤارانە

---

١- گەڕەکێکە لە ئەستەمبول. (ئامادەکار)

٢- جەمعیەتی هێڤی تەلەبەی کورد: لە ١٩١٢/٧/٢٧ لە ئەستەمبول دامەزراوە. دامەزرێنەرانی قەدری و عومەر جەمیل پاشا، فوئاد تەمۆ، مەمدووح سەلیم بەگ. (ئامادەکار)

٣- خولی دووەمی کوردستان لە ئەستەمبول لە دوای مەشرووتە لە لایەن سورەیا بەدرخان دەرچووەتەوە، نازانرێت چەند ژمارەی لێ دەرچووە. عەبدوڵڵا زەنگەنە لە ساڵی ٢٠٢١ دوو ژمارەی ئەو خولەی لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٢٥) بڵاو کردووەتەوە. خولی سێیەمیشی لە قاهیرە لە ساڵی (١٩١٧–١٩١٨)، یازدە ژمارەی هەر لە لایەن سورەیا بەدرخانەوە دەرچووە. (ئامادەکار)

٤- سورەیا بەدرخان لە ساڵی ١٨٨٣ لە ئەستەمبول لە دایك بووە. نووسەر و ڕۆژنامەوانێکی کورد بووە و ساڵی ١٩٣٨ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. (ئامادەکار)

٥- یەکەم ئۆرگانی ڕاگەیاندنی هێڤی تەلەبەی کوردە لە ئەستەمبول. دوای دەرچوونی چوار ژمارەی گۆڤارەکە، ناوی گۆڕا بۆ گۆڤاری هەتاوی کورد. لە ساڵی ١٩١٤ ڕاگیراوە. (ئامادەکار)

کەڵکی وەرگرت. ئەهمییەتی تایبەتی درابوو بە بووژاندنەوەی ئەدەب و زمانی کوردی. زۆر لەسەر یەکخستنی زبانی کوردییان ئەنووسی تا بە دەردی خۆیان ئەیانگوت: بیکەنە بەردێکی بناغەی یەکێتی و پێشکەوتنی کورد.

بەم چەشنە، ئەبینین کوردایەتی لە ئینقلابی عوسمانییەوە گەیشتە پلەی (حزب و کۆمەڵ) پێکهێنان و ڕۆژنامە بلاّوکردنەوە.

کوردایەتی لە ڕووی ئامانجیشەوە شانبەشانی داوای (لامەرکەزییەت) بۆ کوردستان، دەیەوێت ژیان و ئەدەبی کوردیش گەشە پێ بکات. پێشکەوتنێکی تریشی ئەوە بوو کە لەگەڵ پیاوی گەورە و سەردارانی کوردستاندا، خوێندەوار و قوتابییش هاتنە کایەی کوردایەتییەوە. واتە کوردایەتی ببووە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتیی عەسری، ئەمە وای لە زۆر کەس کردووە کە ئینقلابی عوسمانی بە سەرەتای بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بزانن!

(جواهیر لال نەهرۆ)[1] لە کتێبەکەیدا (لمحات من تأریخ العالم) لاپەڕە (٢٥٩)ی چاپی دووەمی عەرەبیدا ئەڵێ:

**((کوردەکان لە دوای ئینقلابی عوسمانی، بە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی هەڵسان، هەر وەك نوێنەرەکانیان لە کۆنگرەی ئاشتیدا لە (ڤرسای) داوای سەربەخۆیی نەتەوایەتییان کرد)).**

مامۆستا (عەزیز شەریف)یش لە نامیلکە بەنرخەکەیدا (المسألة الكردية في العراق) هەر وای بۆ ئەچێت و ئەڵێت:

**((........ بەلاّم بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردی نوێ لە دوایی سەردەمی عوسمانی بۆ یەکەم جار هاتە کایەوە. وە یەکەم شتێك لە ئامانجەکانی بزانین، ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئینقلابی عوسمانی)).**

---

١- جەواهیر لال نەهرۆ (١٨٨٩ – ١٩٦٤): یەکێك بوو لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی سەربەخۆیی لە هیندستان و یەکەمین سەرۆکوەزیرانی هیندستان بوو پاش سەربەخۆیی. لە ١٥ی ئۆگەستی ١٩٤٧ تا ساتی مردنی لەو پۆستەدا ماوەتەوە. جگە لەمە، پۆستی وەزیری دەرەوە و وەزیری دارایی وەرگرتووە. یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی بێلایەنی لە ساڵی ١٩٦١دا. (ئامادەکار)

ئەوەی ڕاست بێت، حزب و کۆمەڵەکانی ئەو سەردەمە لە ناو ژمارەیەکی کەم لە سەردار و دەسەڵاتدار و خوێندەوارانی کوردا خولیان ئەخوارد. ئامانجەکانیشان هەر سیاسی و خوێندەواریی ڕووتوقووت بوون. ڕێبازی خەباتیان خەباتی سیاسی و خوێندەواریی سیلمی بوو. واتە حزب و کۆمەڵی شێوە کۆن، شێوەی دواکەوتووی ئەو سەردەمە.

بەڵام سیاسەتی حزبی (ئیتحاد و تەرەقی)ی تورك، سیاسەتێکی شۆڤێنانە بوو کە ئینکاری مافی گەلانی ئیمپراتۆرییەتەکەی ئەکرد (بە گەلی کوردیشەوە)، وە لەجیاتیی سیاسەتی برایەتی و وەکیەکیی نەتەوەکان، سیاسەتێکی تۆرانییان پەیڕەو ئەکرد. بەمەش کوردایەتییان ناچار کرد کە لێیان دوور کەوێتەوە، وە ملی خەباتی نەتەوایەتیی خۆی لە چوارچێوەی کوردستانی خۆیدا بگرێتەوە.

لەم بابەتەوە شاعیری بەناوبانگ (ئەبو قاسمی لاهوتی)[1] لە وتارێکیا کە لەژێر ناونیشانی (کوردستان و کوردەکان)دا لە گۆڤاری (ڕۆژهەڵاتی نوێ)ی سۆڤیاتیدا ساڵی (١٩٢٣) لە ژمارە (٤) بڵاوی کردۆتەوە، ئەڵێ:

**((سیاسەتی شۆڤێنی و پان تورکیزمی لاوانی تورك – ژون تورك – بووە هۆی پەیدابوونی فیکرەی توندوتیژیی نەتەوایەتی و بزووتنەوەی لاوانی کورد هەر وەك تەئسیری موعاکیسیشی لە لای عەرەب و ئەرنائووت[2] و گەلانی تری ئیمپراتۆرییەتی تورکیدا هەبوو)).**

پێڕەوکردنی ئەم سیاسەتە شۆڤێنییە لە لایەن کاربەدەستانەوە، بووە هۆی ئازاردانی کوردپەروەران و داخستنی قوتابخانە و ڕۆژنامە و گۆڤار و کۆمەڵی قوتابیانی کورد. واتە بووە هۆی داخستنی دەرگەی خەباتی سیلمی و ڕێبەستنی خەباتی دەستووری. بۆیە کوردپەروەرەکان بە ناچاری کەوتنە خۆسازدان و ئامادەکردن بۆ سەندنەوەی مافەکانی نەتەوایەتیی خۆیان، کە بە خۆشی و ئاشتی و خەباتی دەستووری هیچیان دەستگیر نەبوو. وە دەستیان کردەوە بە پەیوەندی لەناوخۆدابەستن و یەکگرتن.

---

١- ئەبوو قاسمی لاهوتی (١٨٨٧-١٩٥٧) نووسەر و شاعیر و چالاکوانی سیاسی، لە کرماشان لە دایك بووە. لە کاتی شۆڕشی دەستووری لە ئێران چالاکوانێکی سەرسەخت بوو. (ئامادەکار)

٢- ئەرنائووت: ناوێکە کە بۆ دانیشتوانی ئەلبانیا (وڵاتی باڵکان) بەکار دەبرا، لەگەڵ داگیرکاریی دەوڵەتی عوسمانی بۆ وڵاتانی عەرەبی، ئەم نەتەوەیە کۆچیان کرد بۆ زۆربەی ویلایەتە عوسمانییەکان و تێیاندا نیشتەجێ بوون. (ئامادەکار)

دوای دەستشووشتن لە تورك و هیوابڕان بە حوكمی تازە، ئینجا ملی ڕێگەی پەیوەندییان لەگەڵ دەرەوە گرت. هێندێ كوردپەروەری وەك شێخ سەلیمی بەتلیسی و ئەمیر عەبدولڕەزاق بەدرخان[1] و هێندێ پیاوی گەورەی تری كورد پەیوەندییان بە ڕووسەوە كرد. بە نیازی هەڵسەنگاندنیان و دڵڕاكێشانیان بە لای كوردەوە. هەر وەك شەریف پاشاش لە سەرەتای شەڕی یەكەمدا لە لەندەن و پاریس پەیوەندیی بە ئینگلیز و فەڕەنسییەكانەوە كرد. پێش شەڕی یەكەم بە ماوەیەكی كەم، كوردپەروەرەكانی ناوچەی بتلیس شۆڕشێكیان دژی تورك بەرپا كرد، بەڵام زوو تێك شكا و سەركردەكانی، شێخ سەلیم و شێخ شەهاب، خۆیان هاویشتە قونسڵخانەی ڕووسەوە كە لە كاتی شەڕهەڵگیرساندنا توركەكان دەریان هێنان و لە سێدارەیان دان.

## کوردایەتیی پیاوماقووڵان ـ بە هیوای سوێندخۆرەکان:

دەستپێكردنی شەڕی یەكەمی گێتی، هێندێ گیروگرفتی هێنایە پێش ڕەوتی كوردایەتییەوە. ڕەشبگیری و حوكمی توندوتیژی كاتی شەڕ و ئەو برسێتی و كوێرەوەرییەی شەڕ بۆ خەڵكی بە دیاریی هێنابوون، ژیانی خەڵكیان زۆر ئاڵۆز و شێواو كرد. پڕوپاگەندەی (غەزا) و ڕزگاركردنی خەلافەت لە (كافران) و هەوڵوتەقەلای دوژمن بۆ كورد هەڵخەڵەتاندن، كارێكی زۆری لە خەڵكی ساویلكە كرد. كار هەروا نەمایەوە، پاش ماوەیەك هەستی ناڕەزایی و تووڕەیی و قینی خەڵكی لە توركان زۆرتر كرد، وە تا دەهات

---

١- عەبدولڕەزاق بەدرخان (١٨٤٦–١٩١٨): عەبدولڕەزاق کوڕی نەجیب پاشا کوڕە گەورەی بەدرخان بەگە. لە ئەستەمبول لە دایک بووە و فێری زمانە ڕۆژهەڵاتی و ئەوروپاییەکان بووە، فەڕەنسیزانینەکەی گەلێ یارمەتیی داوە و بە هۆیەوە توانیویەتی لە شۆڕشی فەڕەنسا و بیروباوەری دیموکراتیی بۆرژوازییانەی بیریارە فەڕەنسییەکان تێ بگات. چەند ساڵێک لە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا فەرمانبەر بووە. دوایی کرایە سێیەم سکرتێری باڵیۆزی تورکیا لە پیتەرسبۆرگ. لەوێ فێری ڕووسی بووە و شارەزای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا بووە. سەرەنجام ساڵی ١٩١٨ دەکەوێتە دەست تورکانی لاو، کە دەمێک بوو بە خوێنی سەری تینوو بوون و فەرمانی مردنیان بەسەردا دا و لە سێدارەیان دا. بڕوانە: جەلیلی جەلیل، هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری کورد. ئەنوەر قادر لە ڕووسییەوە کردوویەتی بە کوردی، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦ لاپەرە ١٠٥– ١٤٤. (ئامادەکار)

خەڵك زیاتر بێزار دەبوون لە زۆرداری و خوێنڕێژیی تورك، بەم پێیەش هەستی کوردایەتی پەرەی ئەسەند. لەگەڵ ئەمەشا، هێشتا ئەوێ دەمێ هەر پیاوە گەورەکانی کورد لە کۆڕی کوردایەتی بوون. پڕوپاگەندەی سوێندخۆرەکانیش شانبەشانی نالەباری و تفتی و تاڵی و کوێرەوەریی شەڕ، زۆرتر کاریان لەم سەردار و پیاوماقووڵانەی کورد کردبوو. بۆیە ئەو پیاوماقووڵانەی ئەوێ ڕۆژێ شۆڕەسواری کۆڕی کوردایەتی بوون، ڕوویان کردە (سوێندخۆرەکان)[1] بۆ ئەوەی پشتیوانییان بکەن لە ڕزگارکردنی کوردستان لە چنگ داگیرکەرانی عوسمانی. لەم بابەتەوە ب. نیکیتین کە ئەوسا قونسلی ڕووس بووە لە (ورمێ)، ئەنووسێت کە:

**((کامیل بەگ[2] کە خەڵکی بۆتان و لە بنەماڵەی بەدرخان پاشا بوو، لە ساڵی (١٩١٦) دا لە تفلیس، زۆری هەوڵ دا لە بەردەمی دۆقی گەورە نیکولا کە (نائب الملك)ی قفقاس و فەرماندەیی گشتیی هێزەکانی ڕووس بوو لەسەر سنووری تورك و ڕووسیا، کە تەبشیر بە مەسەلەکەی کورد بکات، بەڵام وا دەرکەوت کە ڕووسیا ئەوسا سیاسەتێکی دیاریکراوی نەبوو دەربارەی کوردان بە تایبەتی، چونکە مەسەلەی کورد تێکەڵ بە ئاواتی ئەرمینیای سەربەخۆ ئەبوو)).**

---

١- سوێندخۆرەکان (هاوپەیمانان): بریتی بوون لە دەوڵەتانی: بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا، ویلایەتە یەکگرتووەکان، ژاپۆن. (ئامادەکار)

٢- لە دەقەکەدا بە کەمیك بەگ نووسراوە، ئێمە لەبەر ڕۆشنایی نووسینەکەی نیکتیندا چاکمان کردەوە، کردمان بە کامیل بەگ – بڕوانە: باسیلی نیکتین، الکرد، دراسة سوسیولوجیة وتأریخیة، ترجمة د. نوری طالباني، منشورات مکتب الفکر والتوعیة (الاتحاد الوطني الکوردستاني)، سلیمانیة، ٢٠٠٦، ص ٣٢٦.

کامیل بەگ (١٨٧٢–١٩٣٤): ناوی تەواوی یوسف کامیل بەدرخانە، کوڕی میر بەدرخان بەگ و برازای عەبدولڕەزاق بەدرخانە. وا باوەڕ دەکرێ ساڵی ١٨٧٢ لە ئەستەمبول لە دایک بووبێ. خوێندنی لە ئەستەمبول، ژنێڤ و فەڕەنسا تەواو کردووە و تا ساڵی ١٩٠٦ قائیمقامی حەیفا دەبێ. دواتر بۆ دوورگەی ڕۆدووس نەفی دەکرێ. کامیل بەدرخان پرۆ-ڕووس بوو و هەر بە دوای ئەویش شێخ مەحموود ساڵی ١٩١٧، دوای سەرکەوتنی شۆڕش، نامەی بۆ لینین نووسیوە. (ئامادەکار)

هەروەها ب. نکیتین بە هەمان باسی خۆی درێژە ئەدا و ئەڵێ:

**((لە نیهایەتی (١٩١٧)دا نوێنەرێکی کـۆمەڵی سەربەخۆیی کـوردستان[١] هـاتە لام لـە مەرکەزی قونسڵیەتدا، نامەیەکی لە سەید تەهای نەهرییەوە بۆ هێنابووم، تیایا داوای لێ کردبووم کە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ عەسکەریانی ڕووس بۆ ڕێك خەم تا پێکەوە هاوکاری بکەن لە پیلانێکی موشتەرەکدا دژی تورکان، بە جۆرێ، کە ببێتە هۆی ڕزگاریی کوردستانیش)).**

مامۆستا عەزیز شەریف لە نامیلکەکەیدا (المسألة الكردية في العراق) باسی ئەو گفتوگۆیە ئەکات کە لە ساڵی (١٩١٥) ژەنەڕاڵ شەریف پاشا لەگەڵ ئینگلیز و سوێندخۆرانی تر لە (لەندەن) کردی دەربارەی مەسەلەی کورد.

بەم چەشنە، (کوردایەتی) بە ڕابەریی ئەو پیاوماقوولانە هەوڵی دا لەگەڵ سوێندخۆرەکان، بێ ئەوەی وەرامێکی تەواو وەرگرنەوە لێیان کە دڵیان خۆش کات. هۆی بنچینەییش ئەوە بوو کە سوێندخۆرەکان لە نێوان خۆیاندا خەریکی دابەشکردنی پاشماوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوون بە کوردستانیشەوە، هـەر وەك پاشـان لە ڕێککـەوتنی (سایکس ـ بیکۆ)[٢] دا دەرکەوت کە سوێندخۆرەکان بە دزی لە نێوان خۆیاندا بەستبوویان بۆ دابەشکردنی ڕۆژهەڵات.

پیاوماقووڵە کوردەکانیش لەمە ئاگادار نەبوون، بەڵکو وایان ئەزانی کە ڕەنگە بە یارمەتی سوێندخۆرەکان بە ئاوات بگەن و مافی کورد بسێنن! حکومەتێکی کوردی دابنێن با لە ژێر چاودێرییەکی لەم دەوڵەتانەشدا بێ. بەو هیوایە نوێنەرانی کورد لەگەڵ (سوێندخۆرەکان) گـفتوگۆیان ئەکرد. وە دوای شەڕیش بە هـەمان نیاز و هـیوا وەفدێکیان بە سەرۆکایەتیی

١- کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد (١٩١٨ – ١٩٢٤) لە لایەن سورەیا بەدرخانەوە دامەزرێنراوە. (ئامادەکار)

٢- سایکس-بیکۆ: ڕێککەوتنامەیەکی نهێنی بوو، لە مایسی ١٩١٦دا لە نێوان بەریتانیای مەزن و فەڕەنسادا بەسترا، بە هۆیەوە کەناری سوریا و بەشەکانی باشووری لوبنان و کەتەلۆنیا درانە فەڕەنسا، هەروەها فەڕەنسا مافی ئەوەی هەبوو سەرپەرشتیی زۆرینەی هەرێمی سوریا بکات. بەریتانیای مەزنیش مافی ڕاستەوخۆی دەستبەسەرداگرتنی باشووری میزۆپۆتامیای (عێراق) پێ درا، لەگەڵ ناوچە گرنگ و زۆر کاریگەرەکان کە لە باکوور و ناوەندی هەرێمەکە تا غەزە درێژ بووەوە. بڕوانە: هیسەر لێهر واگنەر، کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنوورە دەستکردەکاندا، و. شەفیقی حاجی خدر، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، ل ٧٧–٧٨. (ئامادەکار)

ژەنەڕاڵ شەریف پاشا نارد بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریسدا، تاکو داوای مافی چارەنووسی گەلی کورد و بەجێهێنانی بەڵێنەکانی سوێندخۆرەکان بکەن.

ئەو وەفدەی کوردستان لە لایەن سەردار و پیاوماقووڵانی کورد و ئەم کۆمەڵانەی خوارەوە دەسەڵاتی نوێنەرایەتیی کوردی پێ درابوو:

کۆمەڵی تەعالی کورد[1]، کۆمەڵی سەربەخۆیی کوردستان، کۆمەڵی تەشکیلاتی ئیجتیماعی[2]، هەروەها شێخ مەحموود حەفید و هێندێ پیاوماقووڵی تری کوردستانی خوارووش وەکالەتنامەیان بۆ شەریف پاشای سەرۆکی وەفدەکە نارد، بەڵام ئینگلیزەکان لە حەلەب پەیامبەرەکەیان دوا خست. شەریف پاشای سەرۆکی وەفدی کورد زۆر کۆششی کرد تا بە سوێندخۆرەکان بسەلمێنێت کە هەقی کورد بدەن. لە ٢٢/مارتی/١٩١٩دا بە ناوی گەلی کوردەوە داخوازییەکانی کوردستانی پێشکەش بە ئەنجوومەنی بەرزی سوێندخۆران کرد لە پاریس. پاشان لەگەڵ بۆغۆس پاشای ئەرمەنی ڕێك کەوت، وە پێکەوە لە ١/ مارتی/١٩٢٠دا یاداشتێکیان دا بە ئەنجوومەنی بەرزی سوێندخۆرەکان بە ناوی کورد و ئەرمەنی ڕێککەوتووەوە. ئەوە بوو لە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنەدا، وە لە پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆری وەفدی کورد، مادەکانی (٦٢-٦٣-٦٤) خرانە پەیمانی (سیڤەر)[3]ەوە کە لە ١٠/ئابی/١٩٢٠دا ئیمزا کراوە لە لایەن نوێنەرانی سـوێندخـۆرەکان و تورکیشەوە.

---

١- جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، کانونی یەکەمی ١٩١٨ – نیسانی ١٩٢٠، دامەزرێنەرانی سەید عەبدولقادر شەمزینی، ئەمین عالی بەدرخان، فوئاد پاشای خەندان. (ئامادەکار)

٢- جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد (١٩٢٠-١٩٢٢) لە ئەستەمبول لەسەر دەستی مەمدووح سەلیم و ئەمین عالی بەدرخان دامەزراوە. (ئامادەکار)

٣- پەیمانی سیڤەر: هێزە هاوپەیمانەکان لە کۆبوونەوەی سان ڕیمۆ گەیشتنە ڕێککەوتنێکی بنگەیی کە چۆن بە باشی ڕۆژهەڵاتی ناوین دابەش بکەن. ڕەشنووسی ڕێککەوتنامەکە داڕێژرا و بە شێوەیەکی نووسراو درایە سوڵتانی عوسمانی. لە کۆتاییشدا لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ لە سیڤەر، لە گەڕەکە کەنارێکی پاریس، پەیمانی ئاشتی لە نێوان هێزە هاوپەیمانەکان و نوینەرانی حکومەتی عوسمانیدا مۆر کرا. پەیمانی سیڤەر بەندی سێیەمی خۆی تەرخان کردبوو بۆ پرسی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد کە بە کوردستان ناسرابوو. بڕوانە: هێسەر لێهەر واگنەر. کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنووره دەستکردەکاندا، وەرگێرانی، شەفیقی حاجی خدر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل ٩٨-١٠٢. (ئامادەکار)

بەپێی ئەو ماددانە، بەشێکی کوردستانی تورکیا حوکمی ئوتۆنۆمی پێ ئەدرا، کە ئەشیا دوای ساڵێك ببێتە حوکمێکی سەربەخۆ، وە کوردەکانی کوردستانی خوارووش (ویلایەتی موسڵ) تیایا بەشدار بن و بێنە ژێر سێبەریەوە.

جگە لەم هەوڵەی پیاوماقووڵانی کوردپەروەر لە دەرەوە، لە ناوەوەش هەر لە کاتی شەڕەوە (وەك باسمان کرد) بە گشتی، وە لە بڕانەوەی شەڕەوە بە تایبەتی، پیاوە گەورەکانی کورد لەگەڵ سوێندخۆران خەریك بوون کە بە هۆی ئەوانەوە کوردستان حوکمێکی کوردیی تیا دامەزرێت. لە ئەستەمبول شێخ عەبدولقادری شەمزینی و بەدرخان، لە کوردستانی خوارووشدا خوالێخۆشبوو شێخ مەحموود[1] و چل سەرداری تری کورد، لەگەڵ ئینگلیزا گفتوگۆیان دەکرد. هەموو هیوایان ئەوە بوو کە لەژێر چاوەدێریی ئینگلیزا حکومەتی کوردستان دروست کەن، بەڵام کۆششی ئەو پیاوماقووڵە کوردپەروەرانە لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئینگلیز بە خۆڕایی چوو. هۆی ڕاستەقینەش هەر سیاسەتی ئیمپریالیستیی بەریتانیا بوو کە لە نەخشەیدا نەبوو (کوردستان) ماوەی ڕزگاربوون و سەربەخۆیی بدرێ.

لێرەدا با نەختێ لە سیاسەتی ئینگلیز بکۆڵینەوە:

## سیاسەتی بریتانیا دەربارەی کوردستان:

شەڕی یەکەمی گێتی شەڕێکی ئیمپریالیستی بوو. بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی وڵاتی ژێردەستەی گێتی قەومابوو. نیازی ڕاستەقینەی ئیمپریالیستەکانی ئینگلیز، فەڕەنسە،

---

١- شێخ مەحموود (١٨٨٤–١٩٥٦): کوڕی شێخ سەعیدی شێخ مەحەمەدی حاجی کاك ئەحمەدی شێخە. ساڵی ١٩١٨ لە شوعیبە بەرانبەر ئینگلیزەکان جەنگاوە، لە هەمان ساڵدا لەشکری عوسمانیی لە سلێمانی دەرکردووە و حکومەتی کوردستانی بە سەرۆکایەتیی خۆی دامەزراندووە. دوای ئەوەی ئینگلیزەکان بە مەترسییان زانی، لە دەربەندی بازیان لە شەڕێکدا بریندار بوو و بە دیل گیرا. دوای فشاری گەلی کورد گەڕایەوە سلێمانی و بۆ دووەم جار، لە ١٩٢٢/٩/١٤ بووەوە بە حوکمدار لە کوردستان. ساڵی ١٩٢٤ جارێکی دیکە لەگەڵ ئینگلیزەکان کەوتەوە شەڕ، بۆ ماوەیەك لە شاری ناسریە دەستبەسەر کرا، دواتر گەڕایەوە گوندی داری کەلی و لەوێ نیشتەجێ بوو. دواجار لە نەخۆشخانەیەك لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کرد. بڕوانە: یاسین صابر صاڵح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا، ٦٧٩. (ئامادەکار)

ڕووسیای قەیسەری، لە شەڕکردنی لەگەڵ عوسمانیدا، داگیر و دابەشکردنی ئیمپراتۆرییەتەکەی عوسمانی بوو. لە ڕێککەوتنی (سایکس ــ بیکۆ)دا کە بە نهێنی بەستبوویان و (پاشان بۆلشەویکەکان[1] ڕسوایان کرد) پاشماوەی عوسمانییان لە ناو خۆیاندا بەش کردبوو، ئەو پەیمانە نهێنییە کوردستانی بەم چەشنەی خوارەوە دابەش کردبوو:

کوردستانی ئێستەی تورکیا و ئەو بەشەی کوردستان کە دەکەوێتە ویلایەتی ئازربایجانی ئەوساوە، درابوو بە ڕووسیای قەیسەری.

کوردستانی عیراق ــ جگە لە کەرکووك ــ درابوو بە فەڕەنسە. بەشەکانی تری کوردستان درابوو بە ئینگلیز.

بەڵام ئیمپریالیستەکان لە کاتی شەڕدا بۆ فریودانی گەلان و هاندانیان دژی عوسمانی، وایان بڵاو کردەوە کە ئەوان بە نیازی ڕزگارکردنی گەلانی ژێردەستەی تورکیاوە هاتوون بۆ شەڕکردن لە ڕۆژهەڵاتدا!

لەو بەیانەی فەڕەنسە و بەریتانیا پێکەوە لە ٧/فبرایری/١٩١٨دا دەریان کردبوو و گوترابوو کە:

**((ئامانجی فەڕەنسە و بەریتانیا لە هەڵسانیان لە ڕۆژهەڵاتدا بەو شەڕەی چڵێسیی ئەڵەمان هەڵی گیرساندووە، هەر تەنها ڕزگارکردنی تەواو و هەتاهەتایەی ئەو گەلانەیە کە ماوەیەکی زۆرە تورك ئازاریان ئەدەن، هەر تەنها دامەزراندنی حکومەتی نیشتمانی و ئیدارەی نیشتمانییە بۆیان کە دەسەڵاتی خۆی لە ئارەزووی ئازادانەی دانیشتوانەوە وەربگرێ)).**

---

١- بۆلشەویک: بە مانای زۆرینە دێت، ئەوانەش ئەندام بوون لە حزبێکی سیاسیی شۆڕشگێری ڕووسی کە لینین ڕابەرایەتیی دەکردن، پەیڕەوییان لە بیروبۆچوونی مارکس دەکرد. ئەم حیزبە ڕابەرایەتیی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧یان کرد و ساڵی ١٩١٨ ناوی خۆیان کرد بە حیزبی شیوعیی ڕووسی. بڕوانە: هۆگر طاهر تۆفیق، الكرد والمسألة الارمنية، ط ١، مطبعة اراس – اربيل ٢٠١٢، ص ٤٩٩، الهامش. (ئامادەکار)

دەربارەی کوردستانیش ئینگلیزەکان وایان بڵاو کردەوە کە:

**((بەریتانیا بۆیە دەسەڵاتی خۆی تا کوردستان هێناوە تاکو ئارەزووی دانیشتووەکانی بهێنێتە دی و یارمەتییان بدات کە خۆیان حوکمی خۆیان بکەن)).**

بەڵام ئەمانە هەمووی فیشاڵ و چاوبەستەکی بوون. سیاسەتی ڕاستەقینە لەژێر پەردەوە نەخشەکەی دەکێشرا. نیازی چەسپاندنی دەسەڵاتی ئیمپریالیستیی بەریتانیا بوو لە کوردستاندا بە ئاسانترین و بێمەسرەفترین ڕێگا. ئا ئەمە ناوەڕۆکی سیاسەتی ئیمپریالیستی بەریتانیا بوو لە کوردستاندا، بەڵام شێوەکەی، ڕێگەی سەپاندنەکەی، هێشتا بە تەواوی دیاری نەکرابوو.

کە هودنەی مەندوروس[1] بەسترا (٣١/تشرینی یەکەمی/١٩١٨) هێشتا لەشکری ئینگلیز لە بەشێك لە لیوای کەرکووك بەولاوە هیچ پارچەیەکی تری کوردستانی نەگرتبوو. بەپێی ئەم ڕێککەوتنی هودنەیەش، بۆی نەبوو شوێنی تر بگرێت، مەگەر مەترسیی هەبێ لەسەر لەشکرەکەی.

بۆیە ئینگلیزەکان بە هەلێکی لەباریان زانی کە ئەو داوایەی شێخ مەحموود و چل پیاوماقووڵی تری کورد لێی کردبوون، کە قبوڵ بکەن لەژێر چاوەدێریی ئەواندا حوکمێکی

---

١- هودنەی مۆدرۆس: لە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ نێردەیەکی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی گەیشتە سەرنشینی کەشتیی جەنگی بەریتانی بە ناوی ئاگامێمنوون کە لە لێواری مۆدرۆس لە دوورگەی لێمونس نیشتبووەوە. لە ماوەی بیستوچوار سەعاتدا ئاگربەستێك واژوو کرا و بە هۆیەوە جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڕایەوە. پاش کەمتر لە دوو هەفتە، ئەڵمانیاش ئاگربەستێکی مۆر کرد. ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەسەر خۆبەدەستەوەدانی تەواو قایل نەبوو، بەڵام مەرجەکانی ئاگربەستەکە ئەوەی بەسەردا سەپاند کە هێزە چەکدارەکانی عوسمانی دەبێ بڵاوەیان پێ بکرێ و جڵەوی دەربەندە ئاوییەکانی تورکیاش بکەوێتە بن ڕکێفی هێزی هاوپەیمانەکان. بڕوانە هیسەر لێهر واگنەر، کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنوورە دەستکردەکاندا، و. شەفیق حاجی خدر، چ ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ل ٧٣-٧٤. (ئامادەکار)

کوردی دامەزرێت، بقۆزنەوە. ئەوە بوو هەر خێرا (مێجەر نوئیل)[1] یان نارد بۆ سلێمانی تا لەوێ بە ناوی حاکمی گشتیی ئینگلیز لە عیراقدا، وە بە ناوی حکومەتی بەریتانیاوە، لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا بلاّوی بکاتەوە کە ئینگلیز داوای پیاوماقوولاّنی کوردی پەسەند کردووە و شێخ مەحموودی بە حوکمداری کوردستان ناسیوە.

بەم چەشنە، ئینگلیز بە فێڵی پەسەندکردنی داوای پیاوماقوولاّنی کورد، نفوز و دەسەلاّتی خۆیان گەیاندە کوردستان، وە بەبێ شەڕوشۆڕ و هەرا و گێچەڵ ئەفسەر و نفوزی خۆیان لە کوردستاندا بلاّو کردەوە.

واتە ئەم هەنگاوەی بەریتانیا نیشانەی ئەوە نەبوو کە ئینگلیز بڕیاری دامەزراندنی حوکمێکی کوردیی داوە لەژێر چاوەدێریی خۆیدا، بەڵکو تەنها هەوڵێك بوو ئینگلیز دای بۆ ئەوەی نفوزی خۆی پەرە پێ بدات لە کوردستاندا، وە دۆست و نۆکەر لە کوردستاندا پەیدا کات، وە بێدەنگ و قڕە بگاتە هەوراز سنووری هودنەی (مەندوروس)، چونکە هێشتا سیاسەتی بەریتانیا دەربارەی کوردستان نەخشەی دوایی نەکێشرابوو، وە هێشتا فەڕەنسە هەر لە کایەدا بوو، کە داوای بەشی خۆی ئەکرد بەپێی (سایکس ــ بیکۆ)، کە دەبوایە کوردستانی خواروو بدرێتە فەڕەنسە.

ئەوسا لە نێوان مەئموور و ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیزدا دوو ڕەئی هەبوو، یەکێکیان ڕەئی مێجەر نوئێل بوو کە وای بە باش ئەزانی حکومەتی کوردستان لەژێر چاوەدێریی ئینگلیزا دروستکرێت.

---

١- مێجەر نوئێل: (٢٩ی دیسەمبەری ١٨٦٥ – ٣ی فیبرایری ١٩٣٩) سیر جەیمس فریدریك نوئێل بیرچ، کە ئەفسەرێکی چالاکی ئینگلیزە، لە کوردستان کاری کردووە. ئەکادیمیای سەربازیی لە ئینگلتەرە تەواو کردووە. لە فەرمانگەی سیاسیی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە هیندستان دەستبەکار بووە. فارسیی زۆر باش زانیوە و ساڵی ١٩١٩ هاتووەتە کوردستان، لای مامۆستا تۆفیق وەهبی دەرسی کوردیی خوێندووە و کوردییەکی باش فێر بووە. بە ناو خێڵەکانی کوردستاندا گەڕاوە و پەیوەندیی لەگەڵ سەرەك خێڵەکان باش بووە. کوردی خۆش ویستووە و حەزي کردووە کورد بگاتە ئامانجی بەرزی خۆی. یاداشتێکی گرنگی لەبارەی گەلی کوردستان نووسیوە (ویکیپیدیا + ئینسایکلۆپیدیا). (ئامادەکار)

ئەوی تریان ڕەئی حاکمی عامی ئینگلیز بوو لە بەغدا (وێلسن)، کە دەیەویست کوردستان (هەموو ویلایەتی مووسڵ) بخرێتە سەر عیراق. تێکچوونی شێخ مەحموود و ئینگلیزەکان لە ئەنجامی ئەوە بوو کە (مێجەر سۆن)[1]ی جێنشینی نوئێل لە سلێمانی (هەر لە سەرەتای هاتنیەوە) هەوڵی دا حوکمی شێخ مەحموود لەناو بەریت، چونکە خۆی قینی لە شێخ و حوکمی کوردی بوو، وە لایەنگری ڕەئیبیەکەی (وێلسن) بوو. ئەوە بوو پاشان شێخ و ئینگلیز لە (مایسی/١٩١٩)دا بەگژ یەکا چوون، وە پاشان لە (١٨/ حوزەیرانی/١٩١٩)دا لە شەڕی دەربەندی بازیاندا ئەسیر کرا. پاش ئەوە، حوکمی کوردی لە سلێمانیدا نەما، وە یەکسەر کوردستانی خواروو کەوتە ژێر حوکمی ئینگلیزەوە.

لە ساڵی (١٩١٩)دا گەلێ شەڕ و بەگژیەکداچوونی چەکدارانە لە نێوان کورد و ئینگلیز ڕووی دا. لە بادینان (عمادیە و زاویتە و زاخۆ و ئاکرێ)، وە لە لیوای سلێمانییش لە (تاسلوجە و بازیان) و (قەرەهەنجیریش) لە کەرکووك.

لەو سەردەمەدا (مێجەر نوئێل)یش لە کوردستانی تورکیا گەشتی ئەکرد و پەیوەندیی بە پیاوماقووڵانی کوردەوە ئەبەست.

---

١- مێجەر سۆن (١٨٨١ – ١٩٢٣): ئیلی بانستەر سۆن، ئەفسەرێکی سیاسی و خۆرهەڵاتناسێکی ناوداری ئینگلیزە. لە ئینگلتەرا لە دایك بووە، قوتابخانەی بەرزی تەواو کردووە، فێری زمانەکانی خۆرهەڵات بووە. ساڵی ١٩٠٢ چووە بۆ ئێران و لە بانکی شاهەنشاهی دامەزراوە. سەری لە یەزد و بووشەهر و شیراز داوە. بووەتە سەرۆکی بانکی کرماشان و ساڵی ١٩٠٧ وازي هێناوە. خۆی گۆڕیوە و ناوی لە خۆی ناوە (میرزا غولام حسێن)ی بازرگانی شیرازی، هەر بەو ناوەشەوە هاتووەتە کوردستانەوە. بە چاکی بە زمانی کوردی و فارسی قسەی کردووە. ساڵی ١٩١٦ کراوە بە جێگری کونسوڵی بەریتانیا لە دیزەفول. لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهاندا بەڕێوەبەرێتیی خانەقین و نەوتەکەی پێ سپێرراوە. لە ساڵی ١٩١٩دا کە ئینگلیزەکان ناوچە و شاری سلێمانییان داگیر کردووە، کراوە بە حاکمی سیاسیی سلێمانی. لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفیددا ناکۆکی کەوتووەتە بەینیانەوە و بەو هۆیەوە شەڕی دەربەندی بازیان ڕووي دا کە شێخ مەحموود تێیدا بە دیل گیرا. مێجەرسۆن لە ساڵی ١٩١٨دا لەگەڵ شوکری فەزلیدا لە بەغدا ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستیی بە کوردی دەرکردووە. زۆر خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردیی کردووە. بڕوانە: یاسین صابر صاڵح، ئینسایکلۆپیدیا، ل ١٠٦٧–١٠٦٨. (ئامادەکار)

لە ٢٧/ئەیلوولی/١٩١٩ ڕاپۆرتی بۆ حاكمی مەدەنیی ئینگلیز لە بەغدا نووسیبوو، تیایا ئەیوت:

**((ولاّتێکی پانوبەرین لە ڕۆژهەلاّتی تورکیا هەیە، کە دانیشتووەکانی گەلێکی جیاوازە لە تورك. ئەو لە (٤٠٠) ساڵ زیاترە لە حوکمی تورك ئەچێژن، ئەو حوکمە خراپەی دەیەوێ (نەتەوەی کورد) لەناو بەریت و کوردی ئاری بتوێنێتەوە لە ناو نەتەوە و سەقافەتێکی نائاریدا)).**

پێشتریش لە ١٠و١١/تەمووزی/١٩١٩دا مێجەر نوئێل لە ڕاپۆرتێکی تریدا باسی ناکۆکیی کورد و تورك ئەکات و ئەڵێ (تورك دەیانەوێ کوردەکان لەناو بەرن و پەرتوبلاّویان بکەن).

بۆیە نوئێل بە ئیلحاحەوە داوای دروستکردنی فیدراسۆنێکی ئەکرد لە لیوا و ناوچە کوردنشینەکانەوە لەژێر چاودێریی بەریتانیادا.

وە هەرچەندە ڕەئی نوئێل هەمووی قبوڵ نەکرا، بەلاّم ڕەئی سێیەم کە هاتە کایەوە، لە ڕەئی نوئێلەوە نزیك بوو.

ڕەئی سێیەم ڕەئی دائیرەی هیند بوو لە لەندەن، کە لە کۆنفرانسێکدا لە ڕۆژی ٦ کانونی یەکەمی ١٩١٩دا بە سەرۆکایەتی (سیر. ئەی. ئیچ. هیرتزل) بەسترا، بڕیاری دامەزراندنی ویلایەتی کوردی بچووك بچووکیاندا بە سەرۆکایەتیی پیاوماقوولاّنی کورد لەژێر چاوەدێریی ئینگلیزدا. بەلاّم لە هەمان کاتدا ئەو ئاگادارییەشیان بلاّو کردەوە کە هێشتا سیاسەتی بەریتانیا دەربارەی کورد بە تەواوی نەخشەی نەکێشراوە.

مامۆستا عەزیز شەریف لە نامیلکەکەیدا (المسألة الكردية في العراق) دەربارەی سیاسەتی بەریتانیا لە کوردستاندا ئەمەی خوارەوە ئەڵێ: **((سیاسەتی بەریتانیا لە کوردستانی خواروودا تا ساڵی ١٩٢٦ هەر لە گۆڕاندا بوو، وە تا ساڵی (١٩٢٦) نەچەسپا. لە ١٠ ئایاری ١٩١٩دا حکومەتی بەریتانیا ئەمری بە حاکمی گشتیی خۆی کرد لە بەغدا کە چەند (دەوڵەتۆکە – دویلات)ێکی کوردی بە سەرکردەیی پیاوماقوولاّنی کورد دروست کات، بەو شەرتەی ئەوانیش لەژێر چاوەدێریی ئەفسەری ئینگلیزدا ئیش بکەن، بەلاّم لە هەمان کاتدا حکومەتی بەریتانیا حاکمی گشتیی ئاگادار کرد لەوەی کە نابێ شتێکی وا بکات نیشانەی ئەوە بێت کە سیاسەتی بەریتانیا بە تەواوی دیاریکراوە ــ داندراوە ــ )).**

لێرەدا ئەمەوێ سەرنجی خوێندەوار بۆ ئەو بەندوبارە ڕاکێشم کە ناوبەناو دژی شێخ مەحموودی نەمر ئەکرا، کە گوایە شێخ بۆتە هۆی تێکچوونی پیلانی دانانی حوکمی کوردی لە کوردستاندا لە لایەن ئینگلیزەوە. کەچی وا ئینگلیزەکان خۆیان ئەو ڕاستییە دەڵێنەوە کە بەریتانیا هێشتا هیچ بڕیارێکی تەواوی نەبوو بۆ دانانی حکومێکی کوردی؟

ئەمە هەرچەندە سەرکردەکانی ئەوێ ڕۆژێی کورد بە شێخی نەمریشەوە لەو ڕەخنەیە بە دوور نابن کە چاك نەیانتوانی کەڵك لە هەڵوێستی دوای شەڕ وەربگرن.

بەم چەشنە، ئەبینین کە ساڵی ١٩١٩ ساڵی تێکچوونی بەینی پیاوماقووڵانی کوردستانی خواروو و ئینگلیزەکان بوو. ساڵی ڕاپەڕین و هەڵگەڕانەوەی چەکدارانەکانی کوردپەروەرە دلێرەکان بوو لە بادینان و سلێمانی و کەرکووك و هەولێردا، ساڵی ئاڵۆزیی پەیوەندیی کورد و ئینگلیز بوو لە کوردستانی خوارووا. ساڵی ئەسیرکردن و نەفیکردنی شێخ مەحموودی نەمر بوو لە لایەن ئینگلیزەوە.

لە ساڵی (١٩٢٠)دا ئینگلیز وەزعیان لە کوردستان دژوارتر بوو، لە عیراقیشدا بزووتنەوەی نیشتمانی پەرەی سەند و شۆڕشی ڕزگاری دەستی پێ کرد. لە تورکیاش بزووتنەوەی کەمالی لە پەرەسەندن و هەڵچووندا بوو، هەموو ئەوانە وەزعی ئینگلیزیان زۆر ناخۆش و دژوار کردبوو.

لەسەر شانۆی دەولییشدا ئەوەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە کوردەوە بێت، ئەوە بوو کە ئینگلیز فەڕەنسای فریو دا و وای لێ کرد کە واز لە کوردستانی خواروو بهێنێ لەجیاتیی بەشێك لە نەوتەکەی.

کلیمانسۆ[1]ی فەڕەنسی پاشـان پەنجەی پەشیمانیی گـەست لەو مامەڵەیەی کـە بە ناوی ڕێکەوتنی سان ڕیمۆ[2]وە کرا (١٩٢٠). لە ئابی (١٩٢٠)دا پەیمانی سیڤەر ئیمزا کرا، کە تیایا دامەزراندنی حوکمێکی کوردی لە بەشێك لە کوردستانی تورکیا سەلماندرابوو. دیارە دانانی ئەو ماددانەی (٦٢ و ٦٣ و ٦٤) لە پەیمانی سیڤەرا، هەر وەك بۆ کورد باش بوو، بۆ ئیمپریالیستەکانیش هیچی تێ نەئەچوو. چونکە مامڵەتەکە لەسەر ئەو بەشەی کوردستان بوو کە (سایکس – بیکۆ) دابووی بە ڕووسیای قەیسەری. ڕووسیای سۆڤییەتیش هەر لە

١- جۆرج بنجامین کلیمانسۆ (٢٨ی سێپتەمبەری ١٨٤١ – ٢٤ی نۆڤەمبەری ١٩٢٩)، فەڕەنسا. (ئامادەکار)

٢- سان ڕیمۆ: کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بوو لە ئەنجوومەنی باڵای هاوپەیمانان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە شاری سان ڕیمۆی ئیتالیا، لە ماوەی نێوان ١٨–٢٦ی نیسانی ١٩٢٠ بەسترا، بە مەبەستی تاوتوێکردنی مەرجەکانی ئاشتیی هاوپەیمانان لەگەڵ تورکیا، لەبەر ڕۆشنایی پەیمانی سیڤەردا (ویکیپیدیا). (ئامادەکار)

دامەزرانیەوە بڵاوی کردەوە کە وازی لە هەموو ئیمتیازەکانی قەیسەری هێناوە، ئیعتراف ئەکات بە مافی چارەنووس و مافی سەربەخۆیی تەواو و دانانی حکومەتێکی سەربەخۆی نیشتمانییشەوە بۆ هەموو گەلانی ئیمپراتۆرییەتی قەیسەر و ڕۆژهەڵات و دنیا.

جگە لەمە، ئەو پەیمانە ئەشیا بۆ ئەوەی بورژوازییە چڵێسەکانی تورك و عەرەبی پێ بترسێنرێ. لە ئەنجاما ئینگلیزیش هەر ئەم پیلانەی پەیڕەو ئەکرد. کە پێك هات لەگەڵ تورك و حکومەتی عیراق و ئێرانا، پشتی کردە کورد و دەستی کرد بە چەسپاندنی سیاسەتی داگیر و دابەشکردنی کوردستان. لە ساڵی (١٩٢٢)دا وەزعی کوردستانی خواروو بە تەواوی ئاڵۆز و پەشێو بوو. هەموو کوردستانی خواروو ڕاپەڕیبوو. ئینگلیزەکان لە دەربەندی ڕانیە زۆر خراپ شکێنرابوون و دلاوەرانی عەشیرەتی پشدەر و ئاکۆ و هەمەوەند بە سەرۆکایەتیی عەباس ئاغای گەورە و غفور خانی یەندزەوە و کەریم بەگی فتاح بەگی ناسراو، لەشکری ئینگلیزیان بە شپرزەیی ڕاو نابوو. ئینگلیز ناچار بوو لە پشدەر و ڕانیە و سلێمانی و کـــۆیە بکشێتەوە. لەو لاشەوە ئۆزدەمیر[1] لە ڕەواندز بە ناوی تورکـەوە داوای هـەموو ویلایەتی موسڵی ئەکردەوە، خەڵکی دژی ئینگلیز هان ئەدا.

بزووتنەوەی نیشتمانیی عیراقیش بەرهەڵستیی سەپاندنی موعاهەدەی ١٩٢٢ی بەریتانیا و عیراقیان ئەکرد، چونکە مایەی بەندەگێتی و کوێرەوەریی عیراق بوو.

ئا لەم کاتەدا ئینگلیز ناچار بوو سیاسەتی خۆی دەربارەی کوردستان بگۆڕێت و شێخ مەحموود بهێنێتەوە و ماوەی بدات بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی.

شیخ مەحموودیش هەرخێرا حکومەتی کوردیی دامەزراند و سەربەخۆیی کوردستانی بڵاو کردەوە. وە یەکەم حکومەتی کوردی بە سەرۆکایەتی شێخ قادری سوپاسالاری برای شێخ دامەزرا. سلێمانی بووە پایتەختی کوردستان. ئینگلیز و عیراقیش لە (٢٢/کـــانونی

---

١- ئۆزدەمیر عەلی شەفیع: لە چەرکەسییەکانی میسرە، ئەفسەرێکی تورک بوو، قوماندانی حەرەکاتی جەزیرە و عێراق بوو. فەرماندەی ئەو هێزە تورکییە بوو کە هاتبوون بۆ یارمەتیدانی بزووتنەوەی ڕەواندز. کوردەکان دەیانویست بە هۆی ئەم بزووتنەوەیەوە ئینگلیزەکان ناچار بکەن کە شێخ مەحموود لە هیندستان بگەڕێننەوە بۆ کوردستان. ئەم هێزەی تورک، ئینگلیزەکان لە ٢٢ی نیسانی ١٩٢٣دا لە ڕەواندز دەریان کرد. بڕوانە: یاسین صابر صاڵح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی ٢٠٠٥ ل ١٣٠. (ئامادەکار)

یەکەمی/١٩٢٢)دا پێکەوە بەیانێکیان دەرکرد تیایا وترابوو:

**((حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا و حکومەتی عیراق ئیعتراف ئەکەن بە هەقی کوردەکانی ناو سنووری عیراق، کە حکومەتێکی کوردی لە ناو ئەو سنوورەدا بۆ خۆیان دامەزرێنن، هیواش وایە کە عەناسری جیاجیای کورد لە ناو خۆیاندا لەسەر سنووری ئەم دەوڵەتە پێك بێن و نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ باسکردنی پەیوەندیی ئابوورییان لەگەڵ حکومەتی خاوەن شکۆ و حکومەتی عیراقدا)).**

جگە لەم بەیانە، پێویستە ئەوەش بخەینە یادی خوێندەوارەوە کە مادەی (١٦)ی (ئینتداب)[١]یش تیایا وترابوو، کە **(لەو ئینتدابەدا شتێکی وانییە ڕێگری ئەوە بێت کە دەوڵەتی ئینتیدابدار حکومەتێکی سەربەخۆ لە ڕووی ئیدارییەوە لە ناوچە کوردییەکاندا دروست کات، بەو شێوەیەی پەسەندی ئەکا).**

هەروەها لە کاتی دەرچواندنی قانوونی هەڵبژاردنی عیراقی لە ساڵی ١٩٢١دا، مەندوبی سامی بە حکومەتی عیراقی ڕاگەیاندبوو کە ناوچەی کوردی ئازادە لە بەشداربوون یان بەشدارنەبووندا لە هەڵبژاردنەکە، بێ ئەوەی ئەمە کارێك بکاتە سەر دواڕۆژ و چارەنووسی کوردان.

بەڵام لە ساڵی (١٩٢٣)ەوە دەرکەوت کە ئینگلیزەکان پەشیمان ئەبنەوە لە ئیعترافکردنیان بە حکومەتی کوردستان، بە تایبەتی دوای سەپاندنی پەیمانی بەندەگێتی بەسەر عیراقدا، وە دوای ڕیککەوتن لەگەڵ تورکدا، کە مەسەلەی ویلایەتی مووسڵ بە عصبة الامم بسپێردرێت، واتە بەو هەیئەتە دەولییە بسپێردرێت کە لە ئارەزووی ئینگلیز دەرناچێت.

---

١- ئینتداب (ماندات): جۆرە ڕژێمێکە کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ ماوەیەکی کاتی دای هێنا. بریتییە لە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچە و وڵاتانەی کە لەژێر چنگی تورکیا و ئەڵمانیادا بوون، لە جەنگی یەکەمی جیهاندا لە لایەن وڵاتە هاوپەیمانەکانەوە ڕزگار کران تا ئەو کاتەی خەڵکی ناوچەکە خۆیان توانای بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی خۆیان دەبێت. ئەمەش شتێک بوو کە وڵاتە ئیمپریالیستەکان بۆ خۆیان دایان تاشیبوو، تا بەم جۆرە ڕێگەیە و بەو ناوەوە دەست بەسەر وڵاتاندا بگرن، چونکە خەڵکەکە لە وشەی ئیمپریالیزم دەسڵەمینەوە. پاش دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان (الوصایة) شوێنی گرتەوە. بڕوانە: یاسین صابر صاڵح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، ل ١٧٧. (ئامادەکار)

بەم چەشنە، دوای بەستنی پەیمانی لۆزان[1] (٢٤/ تەمووزی/١٩٢٣) کە پەیمانی سیڤەری هەڵوەشاندەوە، ئینگلیز ملیان دایە کوژاندنەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی و دووبارە پەلاماری حکومەتی شێخ مەحموودیان دایەوە و شەڕ لە نێوان کوردستان و ئینگلیزدا دەستی پێ کردەوە.

دەربارەی ئەم پەشیمانبوونەوەی ئینگلیز لە سەلماندنی (هەقی کوردەکانی ناو سنووری عیراق کە حکومەتێکی کوردی) دروست کەن، مامۆستا عەزیز شەریف ئەمەی خوارەوە ئەڵێ:

**((هۆیەکانی ئەو پشێوییەی سیاسەتی بەریتانیا، جگە لە مساوەمەکانی کە بە وازهێنانی فەڕەنسا لە کوردستانی خواروو دوایی هات بە ڕێکەوتنی سان ڕیمۆ ١٩٢٠، ئەتوانین بەرینەوە سەر ئەم دوو شتە:**

**أ- باوەڕنەکردنی سیاسییەکانی ئیمپراتۆرییەت بە کوردێکی دەسەڵاتدار کە جێی باوەڕبێت لە پاراستنی دەسکەوتەکانی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا.**

**ب- دواکەوتنی لابەلاکردنی هەڵوێست لەگەڵ حکومەتی تورکیای نوێی (کەمالی)، وە هێشتا چاك ڕووننەبوونەوەی سیاسەتی کەمالییەکان)).**

---

١- لۆزان: بە پاڵپشتیی عەسکەری و لۆجستیی هەندێ لە هاوپەیمانەکانی وەک فەڕەنسا و ئیتالیا و سۆڤییەت، پەیمانی لۆزان، لە دوو ماوەی جیاوازدا، لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ تا ٤ی شوباتی ١٩٢٣ و دواتریش لە ٢٤ی نیسان تا ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣، بە مەبەستی چەند ئامانجێک لە نیوان تورکیای کەمالی و ئینگلیزەکان بەسترا، بۆ هەڵوەشاندنەوە یان هیچ نەبێ هەموارکردنی بەندەکانی سیڤەر سەبارەت بە کورد، هەروەها کیشەی ویلایەتی موسڵ. لە ماوەی یەکەمدا، ١٩٢٣/٢/٤، ڕێك کەوتن کە کیشەی باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ لە کارنامەی کۆنگرە دەربهێنن. نۆ مانگ مۆڵەت بە تورکیا و بەریتانیا درا بۆ ئەوەی لەم ماوەیەدا بگەنە تیگەیشتنێکی ڕاستەوخۆ، ئەگەر نا، کێشەکە ڕەوانەی کۆمەڵەی گەلان بکرێ. ئەم مەسەلەیە پەیوەست بوو بە کورد، بەڵام ڕێگە نەدرا کورد بەشداری بکەن و لە چارەنووسی خۆیان بکۆڵنەوە. لە کۆتایی ماوەی دووەمیشدا، واتە لە ١٩٢٣/٧/٢، کۆنگرە کۆتایی هات بەبێ ئەوەی چارەسەری مەسەلەی باشووری کوردستان بکرێ. تورکیا وەک دەوڵەتێک لەگەڵ بەشی باکووری کوردستان ددانی پێدا نرا و باشووری کوردستانیش ڕەوانەی کۆمەڵەی گەلان کرا. بڕوانە: محەمەد سەلام: لۆزانی ١٩٢٣ و لۆزانی ١٩٩٠، چاپخانەی کاڵێ، هەولێر،٢٠٠٠، لا ٢٠. (ئامادەکار)

دەربارەی ئامانج لە کوردستان خستنەسەر عیراق، مامۆستا عەزیز شەریف ئەڵێ:

**((ئامانجی ئەم خستنەسەرەی ئیمپریالیستی ئاشکرابوو لە ڕووی (ستراتیژی و چەوساندنەوەوە) بە جۆرێ کە تەنانەت نوێنەرانی ئیمپراتۆرییەت خۆشیان نەیانتوانی ئەم ڕاستییە بشارنەوە)).**

هەروەها لەبابەت هۆی ئەوەی کە ئینگلیزەکان یەکسەر خۆیان حوکمی کوردستانیان نەکرد، مامۆستا عەزیز شەریف ئەڵێ:

**((هۆی ئەمە خۆلادان بوو لەو مەسرەفە زۆرەی داگیرکردنی کوردستان گەرەکی بوو. ئیمپریالیزمی بەریتانیا دیتی کە کاربەدەستانی عیراق ئەو پۆلیسانەن کە پاسەوانیی عیراقی بە کوردستانیشەوە بۆ ئەکەن و مەسرەفەکەش، وە مەسرەفی دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردیش، دەخەنە ئەستۆی کۆمەڵانی ڕەنجدەری خەڵکی عیراقەوە، لەجیاتیی ئەوەی بکەوێتە ئەستۆی خەزێنەی بەریتانیاوە)).**

سەرەڕای ئەم هۆیانەی مامۆستا عەزیز، ئەوەش هەبوو کە بەریتانیا ئەوەی ئەویست تورك و ئێرانیش ڕازی کات و نەترسن لە کوردایەتی، هەر وەك کردنی کوردستان بە مستەعمەرەش مانای ئەوە بوو کە کورد لە دواڕۆژا کیانێکی سیاسی ئەبوو، ئەمەش هەڕەشەی لە دەسکەوتی بەریتانیا و تورکیا و ئێرانی دۆستی ئەکرد، (هەر وەك مامۆستا عەزیز خۆشی لە هێندێ شوێنی تری نامیلکەکەیدا باسی کردووە).

بە کورتی، کوردستان خستنە سەر عیراق چاکترین و ئاسانترین شێوەی حوکمکردنی بەرتیانیا بوو لە کوردستان و عیراقدا بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی ئیمپراتۆرییەت، هەر وەك بۆ پەیوەندیی دۆستانەی بەریتانیا و ئێران و عیراقیش زۆر باش بوو. هەر بۆیە ئینگلیزەکان کوردستانیان خستە سەر عیراقەوە.

داخەکەم، کوردایەتی و سەرکردەکانی ئەوێ ڕۆژێش نەیانتوانی کەڵك لە هەڵوێستی دوای شەڕ وەرگرن وەك پێویست بوو، سەبارەت بە پچڕپچڕیی بزووتنەوەی کوردایەتی و نەبوونی یەك سەرکردایەتیی گشتی بوو، وە بە جیاجیا خەباتکردنی پیاوماقووڵانی کورد لە تورکیا و عیراق و ئێراندا. سەبارەت بە نەبوونی پارتی پێشڕەو کە هەموو هێز و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کۆ کاتەوە و ساز دا لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا، سەبارەت بەو شێوە دینی و عەشیرەتی و خزمخزمێنەیەی ئەوێ ڕۆژێ، سەرکردایەتیی کوردایەتی کە

ماوەی یەکخستن و ڕێکخستنی هێزەکانی کوردی نەدەدا، وە سەبارەت بەو پشتبەستن و خۆشباوەڕییەی کە هەر لە زووەوە بە ئیمپریالیستەکانیان هەبوو، وە بە کەمالییەکانیان هەبوو، بۆیە وا بەو چەشنە ئیمپریالیستەکانی ئینگلیز و تۆرانییەکان توانییان ئامانج و پیلانەکانی خۆیان دژی کورد و کوردستان ببەنە سەر و کوردستان داگیر و دابەش بکەن. وە ئەوە بوو ئینگلیز پاشان بە (عصبة الامم)[1]یشیان سەلماند کە ئەمر بدات کوردستانی خواروو بخرێتە سەر عیراقەوە، بەم چەشنە گرەوی خۆیان لە کورد بردەوە.

ئەمە هەرچەندە (عصبة الامم) ناچار بوو کە هێندێ بڕیاریش بدا دەربارەی پێویستی (دانانی مەئمووری کورد لە کوردستان و بە کوردی خوێندن و نووسین و ئیحترامی حقوقی و ئیداری و خوێندەواریی کورد و هێندێ شتی تر)، بەڵام ئەم بڕیارە ئیمپریالیستییەی (عصبة الامم) دەربارەی دابەش و داگیرکردنی کوردستان برینێکی ئەوتۆی لە دڵی کورد کرد کە بەو شتە بچکۆلە فریودەرانە پینە و سارێژ نەکرێ.

سەد مەخابن، کورد هەڵخەڵەتێنرا، بە تایبەتی لە تورکیا کەمالییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر کوردیان فریو دا بە ناوی ئیسلامەتی و هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە دوژمنی ئیسلام و ئازادی. لە هەردوو لاوە بەری ئەوەیان لێ بەست کە کەڵك لە سیڤەر و هەڵوێستی دوای شەڕ وەرگرێت. تەنانەت سیاسەتەکەیان ئەوەندە زۆڵانە بوو کە ئۆزدەمیر بە مشتێ سەربازی تورکـــەوە توانیی لە کوردستانی عیراقیشدا دەستەودایەرەیەکی زۆری تورکـچی

---

١- عوسبەتولئومەم (کۆمەڵەی گەلان): ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی سیاسییە. ساڵی ١٩١٩ دامەزراوە لەپێناو پاراستنی ئاشتیی جیهانی و بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان وڵاتان و پەرەپێدانی هاوکاری نێونەتەوەیی. میساقی ڕێکخراوەکە لە ٢٦ مادده پێک هاتووە. ئەندامانی پێکهێنەری ئەم ڕێکخراوە ٢٨ وڵات بوون، پاشان چەند وڵاتێکی تریان چووە پاڵ و ژمارەیان گەیشتە پتر لە ٦٠ ئەندام. بەڵام دواجار ژاپۆن و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و چەند وڵاتێکی ئەمەریکای لاتینی لێی کشانەوە. ساڵی ١٩٣٩ش یەکێتیی شوورەوی (ڕووسیای ئێستا) لە ئەندامێتی دەرکرا. ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گشتی لە پێشدا لە ٩ ئەندام پێک هاتبوو، پێنجیان هەمیشەیی بوون لە وڵاتە هاوپەیمانەکان. چوارەکەی تر لە کۆمەڵەی گشتی هەڵبژێران. مەڵبەندی ئەم ڕێکخراوە لە شاری ژنێڤی پایتەختی سویسرا بوو. بە هۆی بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانەوە، ئەم ڕێکخراوە هەڵوەشاییەوە و ساڵی ١٩٤٥ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە جێگەی و مەڵبەندەکەی لە نیۆیۆرک لە ئەمەریکا. بڕوانە: ئەنسایکلۆپیدیای گشتی، نووسینی یاسین صابر صاڵح. چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان، سلێمانی، ل ٨٧٩. (ئامادەکار)

دروست کات لە دەوری خۆی، تەنانەت لە ناو حوکمی شێخ محموودیشا؟ بەم چەشنە، کوردیان هەڵخەڵەتاند تا ئیشی خۆیان دیت، ئینجا بایان دایەوە سەر کوردایەتی و بەربوونە گیانی بۆ لەناوبردنی کوردایەتی.

(جەواهیر لال نەهرۆ) لە لاپەڕە (١٥١٢)ی جلدی سێیەمی چاپی فارسیی کتێبەکەیدا، چاوخشاندنێك بە مێژووی جیهاندا، دەربارەی هێرشی دڕندانەی کەمالییەکان بۆ سەر کوردایەتی ئەڵێ:

**((بە ڕاستی جێی سەرسووڕمانە کە (نەتەوایەتی) لە بزووتنەوەیەکەوە بۆ ڕزگاریی نیشتمان ببێتە هێرش بۆ زەوتکردنی ئازادیی خەڵکی تر. بەم چەشنە، ئەبینین کە ئەو تورکانەی جەنگین لەپێناوی ئازادیی خۆیاندا، دەستیان کرد بە لەناوبردنی ئەو کوردانەی لەپێناوی هەمان (ئازادیی خۆیاندا) خەباتیان ئەکرد)).**

## کوردایەتی دێتەوە سەر ڕێبازی شۆڕش:

پشتبەستن بە سوێندخۆران بێسود دەرچوو. هیوا و ئاوات بە ڕوحم و پیاوچاکیی ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا پووچەڵ و بۆش بوون. کوردایەتی بە تاقیکردنەوەی تاڵی خۆی لەم ڕاستییە گەیشت، کە ئیمپریالیستەکان دوژمنی هەرە گەورەی کورد و کوردستانن، وە لەسەر دەستی ئەوان هیچ چاکەیەك بۆ کورد ڕەچاو ناکرێ:

سەردار و پیاوماقووڵەکانی کوردیش ــ کە سوێندخۆرەکان دەستیان بڕیبوون ــ تا ڕادەیەکی باش لە ئیمپریالیزم و فرتوفێڵەکانی گەیشتن، بەڵام زۆر درەنگ و دوای هەل لەدەستدان!

پاش ئەوەی ئیمپریالیستەکان ئیشیان بە کوردایەتی نەما، ڕێگەی چەسپاندنی داگیر و دابەشکردنی کورد و کوردستانیان گرت. بە چەك و لەشکر و تۆپ و فڕۆکە پەلاماری کوردایەتییان دا بۆ جێبەجێکردنی پیلانە گڵاوەکەیان. ئەوە بوو لە کوردستانی خواروو شەڕ لە نێوان لەشکری ئینگلیز و شۆڕشگێڕە چەکدارەکانی کورد هەڵگیرسا. بەم چەشنە، کوردایەتی لە بەشی خوارووی کوردستاندا بە ناچاری هاتەوە سەر ڕێبازی شۆڕش.

لە کوردستانی تورکیاش کوردایەتی بۆی ساغ بووەوە کە ئەم عەدالەتەی سوێندخۆرەکان کوردیان پێ فریو ئەدا، ئەو هێمنی و خۆگرتنەی لە کوردیان ئەویست، بریتی بوو لە

دابەشکردنی کوردستان بە هێمنی و بێبەشکردنی گەلی کورد لە هەموو عەدالەت و مافێکی ئینسانیدا.

بۆیە کوردایەتی بە ناچاری کەوتەوە خۆی بۆ سازدانی هێزەکانی خۆی، بۆ خۆسازدان بۆ بەربەستکردنی پیلانە گلاّوەکانی کەمالییە پەشیمانەکان لەو بەڵێنانەی بە کوردیان دابوو!

ئەوە بوو کوردپەروەرەکانی تورکیا لە ساڵی (١٩٢٥)دا ملی ڕێگەی خەباتی چەکدارانەیان گرتەوە، کوردایەتی لەوێش هاتە سەر ڕێبازی شۆڕش. ئەوە بوو شۆڕشی دیاربەکریش هەڵگیرسا و لە بەشێکی زۆری کوردستانی ناوەندیدا بڵێسەی هەستا. بەم جۆرە، لە کوردستانی تورکیا و عیراقدا شۆڕش بووە بە ڕێبازی کوردایەتی.

بەڵام داخەکەم، شۆڕشی شێخ مەحموود و شۆڕشی دیاربەکر خۆیان پێ ڕانەگیرا. ئیمپریالیستەکان و تۆرانییەکان دڕندانە هێرشیان بۆ هێنان بە تۆپ و فڕۆکە و چەکی قورس، دڕندانە کەوتنە لەناوبردنی کوردایەتی. دەربارەی دڕندایەتیی کەمالییەکان، (جەواهیر لال نەهرۆ) ئەڵێ:

**((کەمال پاشا بێڕەحمانە کوردەکانی لەناو برد. دادگای تایبەتی بۆ دروست کردن و هەزارانی لێ مەحاکمە کردن. دوو سەرکردەکەی کوردان، شێخ سەعید[1] و دکتور فؤاد و گەلێکی کەشیان لێ هەڵواسین، ئەمانەش کە مردن، ئاواتی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستانیان بەسەر لێوەوە بوو)).**

---

١-شێخ سەعیدی پیران (١٨٦٥-١٩٢٥): کوڕی شێخ مەحموودی شێخ عەلییە، پیاوچاکێکی پاک و نیشتمانپەروەرێکی بەرز و دڵسۆزی نەتەوەکەی و شۆڕشگێڕێکی ناوداری کوردە، لە گوندی کلدار لە کوردستانی باکوور لە دایک بووە، تەریقەتی لەسەر دەستی باوکی وەرگرتووە. لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا لە جێی باوکی بووەتە شێخی تەریقەتی نەقشبەندی و نزیکەی دوازدەهەزار موریدی هەبووە. بە هۆی نیشتمانپەروەرییەکەیەوە دژی هەموو جەور و ستەمی تورکەکان وەستاوە کە بەرامبەر کوردەکان کردوویانە، لەبەر ئەوە، لەگەڵ خالید بەگی جوبرانلی لە ٨ی شوباتی ١٩٢٥ دەستیان دایە شۆڕش، بۆ داواکردنی مافی کورد لە کاربەدەستانی تورکیا. ناوچەکانی گەنج، مووش، ئەرغان، دەرسیم، دیاربەکر، ئەرزڕووم، هەکاری و گەلێ شوێنی تری خستە ژێر دەسەلاّتی خۆیەوە. پەیوەندییان بە گەلێ لایەنی کوردەکانی تورکیاوە کردووە بۆ پشتگیرییان. لە ئەنجامی شەڕ و پێکداداندا، خالید بەگ کوژرا، شێخ سەعیدیش لەگەڵ ١٠٢ شۆڕشگێڕی تێکۆشەری تردا گیرا و پاش لەناوچوونی شۆڕشەکە، لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٢٥ لە دیاربەکر لە سێدارە دران. بڕوانە: یاسین صابر صاڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧٨. (ئامادەکار)

سەرنەکەوتنی شۆڕشی کوردایەتی لە سلێمانیدا بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود (١٩١٨–١٩٢٦) و شۆڕشی کوردایەتی لە دیاربەکرا (١٩٢٥)، دیسان ئەم ڕاستییانەیان بۆ کورد دووپات کردەوە کە بەبێ یەکخستنی هێزەکانی گەلی کورد، کە بەبێ پارتی پێشڕەوی کوردایەتی، لە توانادا نییە هێزەکانی خەڵکی کوردستان یەك خرێن و ساز درێن بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانە، وە بەبێ ئەوەی ئەم سەرکردە هۆشیارە بۆ کوردایەتی پەیدا بێت، سەرکەوتن وە دەست نایەت. هەر وەك تا کوردایەتی نەبێتە بزووتنەوەی زۆربەی خەڵك، بە تایبەتی فەلاح و کرێکار و ڕەگی قووڵ لە ناو کاسبکار و خوێندەواری شۆڕشگێڕا دانەکوتێ، ناتوانێت ئامانجەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و خوێندەواریی خۆی بێنێتە دی.

بەڵام بە داخەوە، کوردایەتی ئەوێ دەمێ ئەوانەی نەبوو، بەڵکو لەژێر سەرکردەیی ئەمیر و شێخ و موڵکدارەکانی کوردستاندا بوو. شێوە عەشیرەتی و عائیلی تیا زاڵ بوو، بۆیە نەیئەتوانی یەکێتی و تەبایی تا سەر دروست کات. چونکە ئەم شێوە کۆنە خۆی ڕێگری ئەم شتانەیە.

جگە لەمە، کوردایەتیی ئەوسا هەر ئامانجی سیاسیی ڕووتوقووتی هەبوو، هێشتا ئامانجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و چاککردنی کشتوکاڵ (أصلاح الزراعي)ی نەکردبوو بە دروشم، بۆیە نەیتوانی (لە ڕووی تەبیعەت و پێکهاتنیشەوە)، لە (ڕووی سەرکردەییەوە) ببێتە بزووتنەوەیەکی جەماهیریی فرەوان و نەیتوانی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵك کە (فەلاح و کرێکار بوون)، بە تێگەیشتنەوە ڕاکێشێتە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانە. سەرکردەیی بزووتنەوەکە لە شێخ و ئاغا و موڵکدار و خوێندەواری خانەدان (واتە پیاوماقووڵان) پێك هاتبوو. هەر خۆیان حیساب بوون. ڕەشوڕووت (فەلاح و کرێکار و ڕەنجدەران)، ئەبوایە دوایان کەون و لە مەجلیسیان دەستەوەستان ڕاوەستن. تەنانەت ئەو خوێندەوار و ئەفسەرە کوردانەی بە بیروباوەڕی کوردایەتییەوە بەشداری شۆڕش و کوردایەتیی شۆڕشگێڕانەش ببوون، ماوەیەکی باشیان نەدەدرا کە لە سەرکردەیی نا، بگرە لە پیشەی خۆیشیان بەشدارێکی تەواو بن. لە لایەکی ترەوە، کوردپەروەران لە کوردستانی ناوەندیدا، وە کوردپەروەرانی کوردستانی خواروو هیچ پەیوەندی و هاوکاری و هاوبەشییەکی ڕێکخراوی ئەوتۆیان نەبوو لە خەباتیانا. تەنانەت سەرکردەی کوردایەتی لە هەر هەرێمەی نەیدەتوانی (سەبارەت بەشێوە عەشیرەتی و عائیلییەکەی خۆی) هەموو هێزەکانی کوردانی هەرێمەکە

یەك خات.

بەم جۆرە، سەركردەكانی كوردایەتی لە كوردستاندا پیلانی خۆیان یەك نەخستبوو. ئاگایان لە هەڵوێستی یەكتر نەبوو. بە هاواری یەكترەوە نەئەچوون. هەر كەسە بۆ خۆی بوو. هەركەسە لە لای خۆیەوە چۆن عەقڵی بیبڕیبا، وای ئەكرد. تەنانەت هێندێ جار ناكۆكیی سەیر ڕووی ئەدا لە نێوانیاندا. بۆ وێنە، لە كاتێكدا كوردی كوردستانی توركیا لە كەمالییەكان زراویان چووبوو، وە خۆیان ساز دەدا بە شۆڕش لە دژیانا، تازە دەستەودایەرەیەكی توركچی لە دەوری شێخ مەحموود سەریان دەرهێنابوو، شێخیان بەرەو ئوزدەمیر و تورك ئەبرد.

(بنواڕە یاداشتی خوالێخۆشبوو ڕەفیق حیلمی).

بە كورتی، نەگبەتییەكە لە هەموو لایەكەوە بوو. لە ناوخۆدا كارمان دروست نەبوو. هێزی گەلەكەمان هەمووی ڕێك نەخرابوو، پارتی پێشڕەو نەبوو، یەكێتیی نیشتمانی نەبوو. بە لای دەرەوەش، ئیمپریالیستە چڵێسەكان بە هەموو هێزیانەوە خەریكی چەسپاندنی داگیر و دابەشكردنی كوردستان بوون. بەم چەشنە، هەوڵێكی زۆر گەورە لە دەست كوردایەتی چوو.

لەگەڵ ئەمەشا، كوردایەتی نەفەوتا. تیاچوونی گـــەلێ پیاوی ناوداری كـــورد، وەك شـــێخ ســـەعید و دكـــتۆر فـــوئاد[١] و شـــێخ عــەبدولقـــادر و حـــاجی ئەخــــتی[٢] و

١- دكتور فوئاد، یان فواد ئیبراهیم پاشا (دكتۆر) (چنار ١٨٦٧ - دیاربەكر ١٩٢٥): پزیشك و سیاسییەكی كورد بووە. دوای تەواوكردنی خوێندنی پزیشكی لە ئەستەمبول، لە ئورفە لە نەخۆشخانەی گشتی كاری كردووە. یەكێك لە دامەزرێنەرانی كۆمەڵەی هیڤی (١٩١٢) و ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان بووە، هەروەها یەكێك لە دامەزرێنەرانی كۆمەڵەی كوردی (ئازادی) بووە (١٩٢٣). ماوەیەك بەر لە شۆڕشی ١٩٢٥ خەریكی دەركردنی گۆڤارێك بووە بە ناوی (میزۆبۆتامیا)، بە بیانووی بەشداریكردنی لە شۆڕشی ١٩٢٥دا، دەسگیر كراوە و بەرامبەر بە پارێزگای دیاربەكر لە سێدارە دراوە. بڕوانە: كۆمەڵەی خۆیبوون، قەتڵوعامی كورد لە توركیا، بڵاوكراوەی ژمارە (٢)، لە فەڕەنسیەوە وەرگێرانی: نەجاتی عەبدوڵا، لە بڵاوكراوەكانی بنكەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ل ١٠٣. (ئامادەكار)

٢- حاجی ئەختی - حاجی ئاختی (باڤێ تۆژۆ): پارێزەر محمد تۆفیق، حاجی ئاختی نەتەوەپەرستێكی توندڕەوی كورد بوو. لە كاتی لەسێدارەدانا كە دەچێتە سەر كورسییەكەی، هاوار دەكا (بژی مەفكورەی كورد، بژی كوردستان). ڕۆژی ٢٧ی مایسی ١٩٢٥ كاتژمێر چوار و پەنجاوسێ دەقیقە لە بەردەم مزگەوتی گەورە بە بڕیاری مەحكەمەی ئیستقلالی شەرق لە سێدارە دراوە. (ئامادەكار)

خالد جبرانلی[1] و دەیان ناوداری تری کورد، تیاچوونی نەتەوەی کورد نەبوو. تێکشکانی شۆڕشی دیاربەکر و هێرشی دڕندانەی (کورد لەناوبردن)ی کەمالییەکان، کوردی پێ لەناو نەچوو.

سەرنەکەوتنی شێخ مەحموود و دەرپەڕاندنی هێزەکانی شۆڕشگێڕی کورد لە سلێمانی و دەوروپشتی، کوردی پێ هەڵنەکەندرا لە نیشتمانی خۆیدا.

کوردایەتی هەر مایەوە، بگرە فراوانتر بوو. کۆمەڵانی کاسبکار و هێندێ توجار و خوێندەوار و گەلێ دەمڕاستی لادێیشی گرتەوە. ئەو شکانەی تووشی کوردایەتی بوو، هاندەر بوو بۆ بیرکردنەوە لە هۆیەکانی ئەم شکانە و خۆکۆکردنەوە و هەڵسانەوە. ئەوە بوو کە کوردپەروەرانی کوردستانی تورکیا هەر دوای شۆڕشی دیاربەکر کەوتنە گفتوگۆ و باس و جووڵە بۆ کۆکردنەوە و یەکخستنی هێزەکانی کورد و ڕێکخستنیان بە شێوەیەکی تازە. لەساڵی (١٩٢٧)دا ئەم کۆششەیان بە ئەنجام گەیشت و (حزبی خۆیبوون – پارتی سەربەخۆیی)[٢] کوردیان دامەزراند، کە لە هەموو حزب و کۆمەڵ و تاقمەکانی پێشوو پێك هات.

---

١- خالید جبران بەگ (ئەلگۆر ١٨٨٠ – بتلیس ١٩ی ئاداری ١٩٢٥): پیاوێکی سیاسی و کۆڵۆنێلی سوپای عوسمانی بووە. یەکێك لە ئەندامە گرنگەکانی هۆزی جوبران بوو و هاوسۆزیی لەگەڵ جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا هەبووە، لەگەڵ چەند ڕووناکبیرێکی دیکەی کورددا (کۆمیتەی کوردستان)یان دامەزراندووە. چالاکانە بەشداریی لە شۆڕشی ١٩٢٥ دەکات و لەگەڵ یوسف زیابەگ پێکەوە لە ١٩ی ئاداری ١٩٢٥ لە بتلیس لە سێدارە دراون. بڕوانە: کۆمەڵەی خۆیبوون، قەتڵوعامی کورد لە تورکیا، بڵاوکراوەی ژمارە (٢)، لە فەڕەنسییەوە وەرگێڕانی، نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٠٤. (ئامادەکار)

١- خۆیبوون (١٩٢٧–١٩٣٠): پارتێکی سیاسیی کوردە، لە ئاگریداغی کوردستانی باکوور لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی چەند بەرە و کۆمەڵەیەك لە ساڵی ١٩٢٧دا دامەزرێنرا. پێشەواکانی ئەم کۆمەڵ و بەرانە کۆنگرەیەکیان لە ئاگریداغ بەست و دامەزراندنی ئەم پارتەیان بڕیار دا، هەروەها سوپایەکیان پێك هێنا و سەرۆکایەتییەکەیان دایە دەست ژەنەراڵ (ئیحسان نووری پاشا). ئامانجی ئەم پارتە هەوڵ و تێکۆشان بووە بۆ ڕزگارکردنی کوردستانی باکوور لەژێر دەستی تورکیا و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی. ئەم پارتە هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە دەستیان کرد بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی و جاڕی سەربەخۆییان دا. ئەم بزووتنەوەیە تا ساڵی ١٩٣٠ درێژەی کێشا. لە ئەنجامدا، تورکەکان زۆر بێبەزەیانە دەستیان کرد بە کوشتن و بڕین و تاڵان و وێرانکردنی کوردستان، ناچار ئیحسان نووری پاشا هەڵات بۆ ئێران و شۆڕشەکەی کۆتایی هات. بڕوانە: یاسین صابر صالح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، ل ٤٥٤. (ئامادەکار)

لە ناو کوردایەتیدا بیر و حزب و لەشکری عەسری پەرەی سەند. لە یەکەم کۆنگرەی (خۆیبوون)دا بڕیاری یەکێتیی هێزەکانی کورد و دەست بە شۆڕشکردنەوە درا. ژەنەڕاڵ ئیحسان نووری کرا بە فەرماندەی گشتی، وە دەستووری درایە کە لەشکرێکی عەسری دروست کات. بڕیار درا تا خاکی پیرۆزی نیشتمان لە تورك پاك ئەکرێتەوە، خەباتی شۆڕشگێڕانە هەر بەردەوام بێت، لە ساڵی (١٩٢٧)ەوە هێزی چەکداری کورد لە ئارارات و دەروپشتی سەری دەرهێنایەوە و شۆڕش هەڵگیرسایەوە.

بەڵام داخەکەم، زۆربەی کەموکورتییەکانی حزب و کۆمەڵانی پێشووی کوردایەتی لە (خۆیبوون)دا هەر مابوون. سەرکردەکانی سیاسەتی پشتبەستن بە ئیمپریالیزم و هێزە موڵکدار و عەشایرەکانی کوردییان بەرنەدا. حزبەکەیان نەکردە حزبێکی جەماهیری. ڕقەبەریی نێوان بنەماڵە کوردەکان بە شێوەیەکی تر هەڵی دایەوە لە ناو حزبەکەدا. حزبەکەش مینهاج و پرۆگرام و پەیڕەوی عیلمیی نەبوو. ئامانجەکانی هەر سیاسیی ڕووتوقووت بوون. بۆیە نەیانتوانی خەڵك وا لێ بکەن، لە خۆیەوە بەرەو حزبەکە بێت، خۆیشیان ڕێگەی چوونە ناو کۆمەڵانی خەڵکیان نەگرت. هەرچەندە کوردایەتی فرەوانتر ببوو وە زۆرتر پەرەی سەندبوو، بەڵام جغزی (دائرە) چالاکییان هەر پیاوماقووڵ و کەمێ خوێندەوار بوو. بزووتنەوە بە گشتی هێشتا سەرکردەیەکی خانەدان و پیاوماقووڵانەی هەبوو. لەبەر هەموو ئەم سەبەبانە، وە سەبارەت بە نەبوونی یارمەتییەکی تێر و تەواو لە دەرەوە، نە (خۆیبوون) و نە شۆڕش لە ئاراراتدا توانییان ئامانجەکانی کوردایەتی جێبەجێ بکەن، ئەمەش ئەبێ بگوترێ کە سیاسەتی نێودەوڵەتەکان ئەوساش هەر یارمەتیی کوردی نەدەدا. تەنانەت دەوڵەتی سۆڤیاتی نەیدەتوانی یارمەتیی شۆڕش بدا. ئینگلیز و فەڕەنسە دژی شۆڕش بوون. بۆیە تورکەکان توانییان شۆڕش بکوژێننەوە، دیسان ئاگر و قوڕقوشم لە گیانی کورد بەردرا. هەزاران دێهات سووتێنرا، بە سەدان هەزار کورد لە هەرێمەکانی خۆیاندا ڕاگوێزران، دەیان هەزار کوژران، دەیان هەزار بەند کران، هەزاران زیندەبەچاڵ کران، هەزاران لە شیو و دۆڵاندا سووتێنران.

لەم بابەتەوە ئیچ. ئیس. ئارمسترۆنگ، دانەری کتێبی (مستەفا کەمالی گورگەبۆر) ئەمەی خوارەوە ئەڵێ:

**((بەم چەشنە، کوردستان کاول کرا و تێك شکێندرا، بە ئاگر و ئاسن سووتێنرا. تورکەکان پیاوەکانیان ئازار ئەدا و سەرئەبڕی، دێهاتیان ئەسووتاند، شینایی و زەراعەتیان بنبڕ ئەکرد، ژنان و مناڵیان ئەفڕاند و ئەکوشت. تورکەکانی کەمال بە جۆرێکی دڕندانە کوردەکانیان دەکوشت و خوێنخۆرانە خوێنیان ئەڕژاندن، بە جۆرێ، زۆر لە دڕندایەتیی سوڵتانەکانیان تێ پەڕاند، کە وەختی خۆی یۆنان و ئەرمەن و بولغاریان لەناو ئەبرد)).**

بەڵام هەموو ئەو جانەوەری و دڕندەییەی تورکان نەیانتوانی گەلی کورد لەناو بەرێت، چونکە دەردی (جەواهیر لال نەهرۆ) دەربارەی هەمان هەوڵی تورکان بۆ لەناوبردنی کورد گوتەنی:

**((چۆن ئەتوانرێ تا سەر ئەم گەلە تێك بشکێندرێ کە سوورە لەسەر ئازادی و خۆی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی نرخی ئازادی بدات؟)).**

## پێشکەوتنێ لە چۆنایەتیی کوردایەتیدا لە دێهاتەوە بۆ شار:

دامرکانەوەی شۆڕشی شێخ مەحموود و دانیشتنی سەرکردە عەشایرییەکانی شۆڕش هەرچەندە کوردستانی کشومات دەهێنایە ڕوو، بەڵام ئەم کشوماتییەی کوردستان نیشانەی تیاچوونی کوردایەتی نەبوو. بە پێچەوانەوە، ئەوسا کوردایەتی لە دەروونی خەڵکدا ئەکولا. بەڵام خەڵکەکە ئەم جارە خەڵکی شار بوون. خوێندەوار و کاسب و توجاری چاوکراوەی شاری سلێمانی (بە تایبەتی). لەو سەردەمەدا کوردایەتی لە ڕووی چۆنایەتییەوە پێشکەوتنێکی وە دەست هێنابوو، کە ئەویش هاتنەکایەی خوێندەوار و کاسبکار و توجاری کورد بوون، بە تایبەتی دوای ئەوەی سەرەك عەشیرەت و پیاوماقووڵانی کورد کشومات بۆی دانیشتبوون و ئاڵای کوردایەتییان هەڵپەساردبوو. دوای ئەوەی ڕووداوەکانیش دەریان خست کە ئەمانە شۆڕەسواری ئەم مەیدانە نین، وە ئەم بارە قورسەیان تا سەر پێ هەڵناگیرێت. واتە بۆشاییەك هەبوو لە کوردایەتیدا ئەبوایە پڕ کرێتەوە. پێویستی بە شێوەیەکی تری کوردایەتی بە سەرکردایەتییەکی عەسری، تا دەهات باشتر دەردەکەوت بۆ خەڵك. هەر وەك دوژمنایەتی ئیمپریالیزمی بەریتانی لەگەڵ کورد و کوردستاندا ڕۆژ بە ڕۆژ چاکتر بۆ خەڵك دەردەکەوت. تا دەهات خەڵك باشتر لەوە ئەگەیشتن کە دوژمنی

هەرە گەورەی کوردایەتی، هەر ئیمپریالیزمی بەریتانییە. دەنگوباسی بڕانەوەی ئینتداب لە عیراقدا بە شێوەیەك کە کورد بە تەواوی بخرێتە سەر عیراق و لە هەموو جۆرە حوکمێکی نەتەوایەتی بێبەش کرێ، تینیان گەیاندبووە خەڵك.

دوژمنایەتیی نێوان کورد و ئیمپریالیزم تا دەهات پەرەی ئەسەند و توندوتیژتر ئەبوو. کوردایەتی شێوەی خەبات دژی داگیرکەر و ئیمپریالیزمی بە خۆیەوە گرتبوو. ئەم جارە لە شارەکاندا دەستە نیشتمانپەروەرەکان چالاکییان ئەنواند. بڵاوبوونەوەی هەستی کوردایەتی لە شاری سلێمانیدا گەشەی زیاتر کردبوو تا شارەکانی تری کوردستانی عیراق. ئەم شارە دلێرەی کوردستان لە دەوروبەری ساڵی (١٩٣٠)دا بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی کوردیی تیا جۆشی ئەخوارد. بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی پەیمانی عیراقی و ئینگلیزی (١٩٣٠) بێ ئەوەی باسی کورد و حقوقی کوردی تیا بێت، خەڵکی زۆر تووڕە کردبوو.

لە ڕۆژی ٦/ئەیلوولی/١٩٣٠دا کۆمەڵانی خەڵکی سلێمانی (قوتابی و دوکاندار و ڕەنجدەر و توجارەکانی شار) خۆپیشاندانێکی سلمییان کرد لەسەر جادەکانی شارا. کە گەیشتنە بەردەمی سەرا، کاربەدەستان ئەمریان دا کە خۆپیشاندانەکە بدرێتە بەر گوللە. ئەوە بوو خوێنی گەلی کوردپەروەری بێتاوان ڕژێندرا. شاعیری نەمر (بێکەس) و وە چەند خوێندەوار و تاجرێکی کورد دەستێکی باڵایان هەبوو لە ڕابەریکردنی خۆپیشاندانەکە. لەگەڵ هەموو دڕندایەتیی پۆلیس و داگیرکەران، کۆمەڵانی خەڵك ورەیان بەرنەدا، وە تاقمێکیان نارد کە بە ناوی کوردەوە بروسکەی کرد بۆ (عصبة الامم) و داوای مافی چارەنووسی کوردیان کرد.

بەم جۆرە، ئەبینین ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی قارەمانی سلێمانی لە ڕۆژی شەشی ئەیلوولدا (کە بە ڕۆژی ڕەشی ئەیلوول ناوی دەرکرد) دژی پەیمانی بەندەگییەتیی عیراق ــ بەریتانیای (١٩٣٠)، هەڵمەتێکی شێوە نوێی بزووتنەوەی ڕزگاریی کوردستان بوو دژی بەریتانیا و حکومەتی بەغدای نۆکەری. واتە ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵکی شاری سلێمانیی قارەمان بوو، ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانەی کوردایەتی بوو بە شێوەیەکی عەسری و نوێ.

ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەیەی کۆمەڵانی خەڵکی شار سەرەتای گۆڕانێکی گرنگ و گەشەکردنێکی پێشکەوتوانەی کوردایەتی بوو. بانگڕاهێشتنی پەیدابوونی شێوەی نوێی کوردایەتی بوو، جاڕلێدانی گواستنەوەی مەرکەزی قورسایی و ڕابەریی کوردایەتی بوو لە

دێهاتەوە بۆ شار. ئەم ڕاپەڕینە یەکەم ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی دوکاندار و خوێندەوار و قوتابی و توجار و ڕەنجدەرانی شارە لە کۆڵان و شەقامەکانی شاردا دژی داگیرکەران. نیشانەی ئەوە بوو کە ئیتر شار و خەڵکی شار دێنە ڕیزی پێشەوەی کوردایەتی، وە دەور و سەرکردەیی عەشایری (موڵکدارەکان و شێخەکان) تا دەهات بەرەو تەواوبوون ئەچوو، بەرەو جێگەچۆڵکردن بۆ ئەم دەستە شۆڕشگێڕە خوێندەوارەی دەهات لە ناوجەرگەی خەڵکەوە پێ بگات و جڵەوی کوردایەتی بگرێتە دەست.

سەبارەت بەو ئەهمییەتە گرنگە مێژووییەی ئەم ڕاپەڕینە پیرۆزە بوو کە ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوول لە مێژووی کوردستاندا، ئەو شوێنە بەرزەی داگیر کردووە و شاعیر و ئەدیبەکانی کورد بە هەڵبەست و نووسین زۆریان پێ هەڵگوتووە، وە تا ئیمڕۆ وەك خۆری ڕۆژێکی پڕ لە سەروەری و شانازیی مێژووی خەباتی گەلی کورد ئەدرەوشێتەوە. ڕۆژێك کە پریشکی ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەکەی کۆمەلانی خەڵکی شارە سەربەرزەکەی سلێمانی ئاگری شۆڕشی لە دێهاتدا هەڵگیرساندەوە و شێخ مەحموودی نەمری هێنایەوە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکدارانە دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی نۆکەری، خەباتێك کە مەلیك فەیسەڵ[1]ی وا لێ کرد کە داوای چۆڵکردنی سلێمانی و بەجێهێنانی بکات، وە پێشنیازێك بەم مانایە بداتە مەندوبی سامی بەریتانیا لە بەغدا. بەڵام ئینگلیز ئەم پێشنیازەی ڕەت کردەوە و ئۆباڵی دامرکاندنەوەی شۆڕشی کوردی گرتەوە ئەستۆی خۆی.

بە داخەوە، کەموکورتییە کۆنەکان لە سەرکردایەتیی شۆڕشی چەکدارانەی ئەم جارەدا وەك خۆیان هەر مابوونەوە. ڕاپەڕینی کۆمەلانی خەڵکی سلێمانی، چونکە هەر لە یەك شار بوو، نەیتوانی سەرکردایەتییەکی نوێ پێشکەش بە شۆڕش بکات، چونکە ڕێکخستنێك نەبوو خەباتی شار و لادێ پێکەوە گرێ دات و ڕابەریی بکات، چونکە هێشتا کوردایەتی وای لێ نەهاتبوو کە خەباتی کۆمەلانی ڕەنجدەر و خوێندەوار و کاسبکاری شار یەك خات لەگەڵ خەباتی کۆمەلانی خەڵکی ڕەنجدەری لادێدا لەژێر سەرکردایەتییەکی نوێی هۆشیار و نەبەزدا، بۆیە نەدەکرا وە نەیتوانی ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی شێوە عـەسریی

---

١- مەلیك فەیسەل (١٨٨٣ – ١٩٣٣): فەیسەڵ کوڕی شەریف حوسێن کوڕی عەلی هاشمی حیجازە، یەکەم مەلیکی عێراق بووە. (ئامادەکار)

نەتەوایەتی و لەوەی زیاتر پێ نەکرا کە کردی، کە بریتیبوو لە گەشەکردنێك لە چۆنایەتیی کوردایەتیدا، لە پێشکەوتنێك لە کوردایەتی کە شوێنەواری خۆی لە مێژووی کوردایەتیدا بەجێ هێشت، کە لاوان و خوێندەواران و کاسبکاری شاری هێنایە ڕیزەکانی پێشەوەی کوردایەتییەوە، کە دەرگەی ڕێکخستن و دروستکردنی کۆمەڵی نیشتمانیی لەسەر پشت کردەوە. هەر وەك گیانی کوردایەتییش لە دەروونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گشتی، وە خەڵکی شارەکان بە تایبەتی جۆش دا، وە زەویی خۆش و ساز کرد بۆ ڕوانی بنجی سەرکردەیی کوردایەتی لە شارەکاندا. واتە مەرکەزی کوردایەتی و سەرکردەیی کوردایەتیی گواستەوە بۆ شار.

ئەم ڕاستییە پاش شەشی ئەیلوول زۆرتر پرشنگی دا، بە تایبەتی دوای وازهێنانی سەرکردەی کلاسیکیی کوردایەتی (شێخ و سەرەك عەشیرەتەکان)، وە ڕازیبوونی شێخ مەحموودی نەمر بە چوونە بەغدا بە دەستبەسەری، وە ڕاکردنی شێخ ئەحمەد[1] و مەلا مستەفا بۆ تورکیا و پاشان هاتنەوەیان بۆ عیراق و ناردنیان بۆ خوارووی عیراق، کە بەمەش دوا بەربەرەکانێی چەکدارانەی نیشتمانیی سەرەك عەشیرەت و شێخەکان دوایی هات تا دوای شەڕی دووەم.

---

١- شێخ ئەحمەد (١٨٩٦ - ١١ی یەنایری ١٩٦٩): ئەحمەد کوڕی عەبدولسەلام بارزانی، ناسراو بە خودان، سەرۆکی خێڵی بارزان بووە. (ئامادەکار)

## قوتابی دێنە ڕیزی پێشەوەی کوردایەتییەوە:

لە دوای ڕاپەڕینی دلێرانەی (٦/ ئەیلوولی/١٩٣٠)ەوە، قوتابیی کورد بە شێوەیەکی دیار هاتنە کایەی خەباتی کوردایەتییەوە. دوای بەشداربوونێکی دلێرانە لە ڕاپەڕینی ئەیلوولی/١٩٣٠دا، ژمارەیەکی زۆر لە کوردپەروەرانی خوێندەوار و دوکاندار گیران. سەرنەکەوتنی شۆڕشی چەکدارانە و دانیشتنەوەی شێخ مەحموودی سەرکردەی، نەختێ خەڵکی سارد کردەوە و ڕووی خەباتی کوردایەتیی خوێندەوار و قوتابیانی کردە ئیهتیمامدان بە خوێندن و خوێندەواری و ئەدەب و شیعر و زمان و بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لەم ڕێگەیەوە. بە تایبەتی ئەوسا ئەهمییەتی خوێندەوار و خوێندەواری لە کوردایەتیدا باش دەرکەوتبوو، وە هەموو کەس لەو ڕاستییە گەیشتبوو کە کوردایەتی ئەبێ شێوە و سەرکردایەتییەکی نوێی هەبێ. بۆ هەموان دەرکەوتبوو کە چیکە کوردایەتی بە سەرکردە کۆنەکان ڕابەری ناکرێ. بەڵام ئەم ڕاستییە بە دوو جۆر بڵاو کرایەوە: جۆرێکی ئیسلاحی کە داوای دەکرد هەر خەریکی بڵاوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواری بن تا (پیاو پێ ئەگەن!) ئەوسا بە ڕێگەی (ژیرانە) و (ئیجابییە)وە خزمەتی کورد و کوردستان بکەن. ئەم ڕەئییە لە لایەن خوێندەوارە بۆرژوازییە کوردەکانەوە بڵاو دەکرایەوە، بە تایبەتی ئەوانەی ڕێگەی لەگەڵ حکومەت پێکهاتنیان گرتبوو، ڕێگەی ئیجابییەتەکەی باسیان ئەکرد.

ڕەئییەکی تر جۆرە شۆڕشگێڕییەکەی ئەم ڕاستییەی بەو چەشنە باس ئەکرد، کە شانبەشانی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری، خەباتی کوردایەتییش ئەبێ هەر بەردەوام بێت بە شێوەی سیاسی و خوێندەواری پێکەوە. ئەمە ڕەئی خوێندەوارە شۆڕشگێڕەکانی کورد بوو.

هەردوو ئەم ڕەئییانە لە ناو (کۆمەڵی لاوان)ی کوردا کە لە ساڵی (١٩٣٢)ی میلادییەوە لە بەغدا پەیدا ببوو، هەبوون. ئەم کۆمەڵە پرۆگرام و پەیڕەوی نووسراوی نەبوو، بەڵام پەیوەندییەکی لە نێوان لاوە خوێندەوارەکانی کورد لە بەغدا (بە تایبەتی قوتابیاندا) دروست کردبوو، وە گیانی برایەتی و کوردایەتی و هاوکارییەکی سادەی لە نێواندا جۆش ئەدان.

لە ساڵی (١٩٣٣)ی میلادییەوە، کۆمەڵی لاوان دەستی کرد بە دەرچواندنی (دیاری لاوان[١])ی ساڵانە. لیژنەی بەڕێوەبەری ژمارەی ئەوسا لە کۆمەڵی لاوان بریتی بوو لە قوتابییانی کـــورد (حامد فرج[٢]) و ئیبراهیم ئەحـــمەد[٣]

---

١- یادگاری لاوان، دیاری لاوان (١٩٣٣–١٩٣٤): کۆمەڵەی لاوانی کورد، لە چاپخانەی بەغدا، کەرخ بە زاراوەی کرمانجی خواروو و ڕێنووسی عەرەبی بە پێوانەی ١٦+٢٣.٥ سم و ٨٠ –١٠٠ لاپەرە بلاویان کردووەتەوە. ژمارە ٢ لە ١٩٣٣ بە ناوی یادگاری لاوان دەرچووە، ژمارە ٣ لە ١٩٣٤دا بە ناوی دیاری لاوان بلاو کراوەتەوە. بڕوانە: عەبدوڵلا زەنگەنە و ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە ١١–١٢ساڵی ٢٠٠٢، ل ١٠٧. (ئامادەکار)

٢- حامید فەرەج (١٩١١–١٩٩٥): حامید کوڕی فەرەج کوڕی سلێمان بەگ کوڕی محەمەد بەگ کوڕی خانە بەگ کوڕی مولی بەگە. ساڵی ١٩١١ لە گەڕەکی دەرگەزێن لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. دوای تەواوکردنی خوێندن، بووە بە مامۆستا و دواتر ڕاژەکەی گوازراوەتەوە بۆ دەزگای پۆلیس. پاش خوێندنی کۆلێژی پۆلیس، بووە بە ئەفسەر و موعاونی پۆلیس و پلەکەی گەیشتووەتە عەقید، ئینجا کراوەتە بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی پۆلیس لە بەغدا تا خانەنشین بووە. ساڵی ١٩٩٥ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: یادگاری لاوان و دیاری لاوان، ئامادەکرنی: ڕەفیق ساڵح، لێکۆڵینەوەی: سدیق ساڵح، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٢. (ئامادەکار)

٣- ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤–٢٠٠٠): سیاسی، نووسەر، ئەدیب و ڕۆشنبیرێکی کوردە، لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. ساڵی ١٩٣٧ کۆلێژی حقوقی بەغدای تەواو کردووە. ساڵی ١٩٤٢ بووە بە دادوەر. سیاسەتمەدارێکی زیرەک بووە و ئەندامێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ماوەیەکیش بووە بە سکرتێری ئەو پارتە و لە شۆڕشی ئەیلولدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە. لە ساڵانی ١٩٣٩–١٩٤٩ گۆڤاری گەلاوێژی دەرکردووە، ساڵی ١٩٤٩ گیراوە و بەو هۆیەوە گۆڤاری گەلاوێژ داخراوە. ڕۆژنامەی خەبات (١٩٥٨–١٩٦١) و پاشان ڕۆژنامەی کوردستانی لە بەغدا دەرکردووە. لە دیارترین بلاوکراوەکانی: کوێرەوەری و ڕۆمانی (ژانی گەل) و (العرب والاکراد). بڕوانە: ئینسایکلۆپیدیای گشتی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ١٤٢. (ئامادەکار)

و شـــاکرفەتاح[1] و فازل تاڵەبانی).

جێی داخە کە (کۆمەڵی لاوان) هەر وەك کۆمەڵێکی شلۆقی خوێندەواران مایەوە و حزب یان کۆمەڵێکی سیاسیی لێ پێك نەهات. هۆی بنچینەییش ئەوە بوو کە ئەوسا ئەو ڕەئییە سەرکەوت لە ناو زۆربەی قوتابیان و خوێندەواری (لاوان) دا کە ئەیگوت کوردایەتی لە ڕێگەی خوێندن و بلاّوکردنەوەی خوێندەوارییەوە بکرێت، نەك لە ڕێگەی سیاسییەوە!! ئەم ڕەئییەی کە بنجەکەی (ئیجابییەتەکەی) لەبەر پیاوماقووڵانی مەئموور لە حکومەتدا و ئەو شەپۆلی یەئس و خاوبوونەوەیە بوو کە بە ناو کوردا هات دوای وازهێنانی سەرکردەی عەشایری کوردایەتی و کوژانەوەی شۆڕشی کورد (کە ئەوێ دەمێ تاکە شێوەی کوردایەتیی ئاشکرا و دیار بوو)، وە دوای سەپاندنی حوکمێکی عیراقیی بە ناو عەرەبی و ناوەڕۆك ئیمپریالیستی بەسەر کوردستانی عیراقدا.

لەبارەی ئیقتیسادیشەوە بنجی ئەم ڕەئییە (سەرمایەدارە کزۆڵەکەی) کورد بوو کە گیرۆدەی بازاڕی بەغدا ببوو، کە شێوەیەکی عیراقیی بە خۆیەوە گرتبوو، کە سەبارەت بە کزی و بێهێزیی ئیقتیسادی و سیاسیی خۆی دەسکەوتی خۆی لە عیراقێکی کش و ئارامدا ئەدیت، تا بکەوێتە سەر کار و کاسبیی خۆی. خوێندەوارە بێزاربووەکانی ئەم دەستەیەش هیوایان بە سەرکەوتنێکی زووی کوردایەتی نەبوو، بزووتنەوەیەکی کوردایەتیی بەتەوژمیش نەبوو لەگەڵ خۆی ڕایان دات، بۆیە ملی (وەزیفە) و بوونە مەئمووری (ئیجابییەتەکەیان) گرت.

---

١- شاکر فەتاح (١٩١٤–١٩٨٨): شاکر کوڕی فەتاح کوڕی ئەحمەدە، ساڵی ١٩١٤ لە سلێمانی لە دایک بووە. قۆناغی سەرەتایی لە سلێمانی، ناوەندی و ١٩٣٧یش کۆلێژی حقوقی لە بەغدا تەواو کردووە. بەڕێوەبەری ناحیەکانی مزوری و زەڕەباتیە و قەرەحەسەن و خورماڵ و پێنجوێن و قادر کەرەم و قائیمقامی قەزاکانی ڕانیە و چەمچەماڵ و هەڵەبجە و مەرکەزی سلێمانی و شێخان و ئاکرێ و زاخۆ بووە. سێ ساڵیش زیاتر کراوەتە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی و موفەتیشی ئیداری لە وەزارەتی ناوەخۆ. ئەندامی کۆڕی زانیاری عێراق و یەکێتی نووسەرانی کورد بووە. ساڵی ١٩٧٧ بووە بە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان. ساڵی ١٩٨٠ خانەنشین کراوە، ساڵی ١٩٨٨ لەسەر بەرپەچدانەوەی سیاسەتی دژ بە کوردی ڕژێمی بەعس گیراوە، ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٢٧ لە هەولێر ئیعدام کراوە. بڕوانە: ڕەفیق ساڵح، سدیق ساڵح، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، چاپی دووەم، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٤. (ئامادەکار)

لە ناو کوردەکانی کوردستانی تورکیاش خوێندەواری و ڕۆژنامەگەری شێوەی کوردایەتی بوو، بە تایبەتی دوای شکانی شۆڕشی ئاراراتی (١٩٣٠)م، ئەمیرەکانی بەدرخان جەلادەت و کامەران[١] و هەڤاڵەکانیان گۆڤاری (هاوار)[٢]ی کوردیان دەردەکرد، وە ئەبجەدییەتێکی لاتینیی کوردییشیان دانابوو. لە دوای ساڵی (١٩٣٠) میلادییشەوە لە عیراق تاقمی (الاهالي) پەیدا ببوون، کە زۆربەیان لەو خوێندەوارە دیموکـراتانەی وەك مامۆستا کامل چـادرچی[٣] و مامۆستا عەبدولفەتاح[٤] و مامۆستا محەمەد حەدید[٥] و مامۆستا عەزیز شەریف و هێندێ محامیی تر بوون، کە لە دەوری تێکۆشەری ناوداری عیراق خوالێخۆشبوو (جەعفەر ئەبولتمەن) کۆ ببوونەوە. ئەم تاقمە لە سەرەتادا ڕۆژنامەی (المبدأ)[٦]یان دەرکرد کە مودیری مەسئوولی پارێزەر حەسەن تاڵەبانی بوو، پاشان (البیان)[٧] و ئینجا (الاهالي[٨] یان دەرکرد، وە هەر بەو ناوەشەوە ناویان دەرکرد.

ئەم خوێندەوارانەی عەرەب کە پاشان (نادی بغداد) کۆی ئەکردنەوە، هێندێ کوردیان لەگەڵ بوو، وەك حەسەن تاڵەبانی و ڕەشید عارف و ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵڵا[٩] و عەبدولسەمەد[١٠]، بێ ئەوەی ئەمانە لەگەڵیان تێکەڵاو بن، واتە دۆستایەتی و پەیوەندییان هەبوو لەگەڵیاندا.

---

١-کامەران بەدرخان (١٨٩٥–١٩٧٨): دکتۆر، زانا، زمانناس، شاعیر و چیرۆکنووسی بەناوبانگ و تێکۆشەرێکی دڵسۆزی کوردە. خزمەتێکی زۆری زمان و ئەدەب و مێژووی کوردی کردووە. لە ئەستەمبۆل لە دایک بووە، یەکێک بووە لەو کۆمەڵە کوردەی لەگەڵ مێجەر نوئێلدا هاتوونەتە بەرزاییەکانی کوردستان و پاش گەڕانەوەیان، دەوڵەتی عوسمانی فەرمانی خنکاندنی بۆ خۆی و باوکی و سورەیا و جەلادەتی برای دەرکرد، بەڵام خۆیان ڕزگارکرد و ڕوویان کردە ئەڵمانیا. لە ساڵانی ١٩٣٠یەکاندا لە زانکۆی لایپزیک لە ئەڵمانیا دکتۆرای لە حقوقدا وەرگرت. هاوکاریی گەلێک ڕێکخراوی سیاسیی کوردیی کردووە. خۆی و بنەماڵەی بەدرخان هاوبەشییەکی گرنگی ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیریی سیاسیی گەلی کوردیان کردووە. لەگەڵ (جەلادەت عالی بەدرخان)ی برایدا گۆڤاری (هاوار) و (ڕووناهی)یان لە نێوان ١٩٤١–١٩٤٢ لە دیمەشق دەرکردووە. ساڵی ١٩٤٣ چووە بۆ بەیروت و گۆڤاری (ستێر) و ڕۆژنامەی (ڕۆژا نوو)ی بە کوردی و فەڕەنسی دەرکردووە. ساڵی ١٩٤٧ ڕووی کردە پاریس و سەنتەری ڕۆشنبیریی کوردی دامەزراند. جگە لە زمانی کوردی، زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزیی زۆر باش زانیوە. نوسراو و کتێبی بە هەموو ئەو زمانانە بڵاو کردووەتەوە کە دەکاتە پتر لە ٢٨ کتێب، بە مەبەستی ناساندنی کورد و کێشەی کورد بە گەلانی جیهان. ساڵی ١٩٧٨ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: یاسین صابر صالح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، ل ٨٢٢. (ئامادەکار)

٢- گۆڤاری هاوار (١٩٣٢): خاوەنەکەی میر جەلادەت بەدرخانە. لە دیمەشق لە چاپخانەکانی تەرەقی و سبات ٥٧ ژمارەی لێ چاپ کردووە و بە زمانی کوردی (زاراوەی کرمانجی باکوور) و فەڕەنسی بڵاو کردووەتەوە: ژمارە ١ لە ١٥ی گوڵانی ١٩٣٢دا دەرچووە، ژمارە ٥٧ لە ١٥ی ئابی ١٩٤٣دا دەرچووە. لە ژمارە ١ تا ٢٣ بە ڕێنووسی عەرەبی و لاتینی بووە، ژمارەکانی ٢٤–٥٧ تەنیا بە لاتینی دەرچوون. بڕوانە: عەبدوڵڵا زەنگەنە و ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، گۆڤاری وەرزی و ڕۆژنامەڤانی، ژمارە ١١–١٢، ساڵی چوارەم، ٢٠٠٣، لا ١٠٦–١٠٧. (ئامادەکار)

٣-کامل چادرچی (١٨٩٧ – ١٩٦٨): سەرۆکێکی نیشتمانیی عێراقییە، لەپێناوی ڕزگارکردنی عێراق و دیموکراسییەتدا بە دڵسۆزی خەباتی دوورودرێژی کردووە. لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهاندا بووە بە سەرۆکی حیزبی نیشتمانیی دیموکراسی. (ئامادەکار)

٤- عەبدولفەتاح ئیبراهیم (١٩٠٤ – ٢٠٠٣): کۆمەڵناسێکی عێراقی بووە، چەندین کتێبی لەسەر کۆمەڵگەی عێراقی هەیە. یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ئەلئەهالی. (ئامادەکار)

٥- محەمەد حەدید (١٩٠٧ – ١٩٩٩): سیاسەتمەدار و ئابووریناسێکی عێراقییە، بۆ ماوەی نزیکەی سی ساڵ هاوەڵی کامل چادرچی بووە، وەك چۆن جێگری سەرۆکی حیزبی نیشتمانی دیموکراسی بوو، تاکو لە ساڵی ١٩٦٠ لە چادرچی جیابووەوە و حیزبی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی دامەزراند. (ئامادەکار)

٦- المبدأ: زمانحاڵی کۆمەڵەی ئەلئەهالی بوو، لە ساڵی ١٩٣٥دا دەرچووە. (ئامادەکار)

٧- البیان: تەنها یەك ژمارەی لە لایەن کۆمەڵەی ئەلئەهالییەوە لێ دەرچووە، کە تایبەت بوو بە ڕێککەوتننامەی هێڵی شەمەندەفەر، لە ١٩٣٦/٤/٧ دەرچووە. (ئامادەکار)

٨- ئەلئەهالی: ڕۆژنامەیەك بووە لە ١٩٣٢/١/٢ لە لایەن کۆمەڵی ئەلئەهالییەوە دەرچووە. (ئامادەکار)

٩- هەمزە عەبدوڵڵا (١٩٠٤–١٩٩٨) لە زاخۆ لە دایک بووە. کۆلێژی مافی تەواو کردووە، لەگەڵ باڵی چەپی کۆمەڵەی (ئەهالی) کاری کردووە. ساڵی ١٩٣٨ ڕەگەزنامەی عێراقیی لێ سەنراوەتەوە. یەکەم سکرتێری پارتی بووە. لە کۆنگرەی ٤ی پارتی لە حزب دەرکراوە. ڕۆژی ١٩٩٨/١٢/١٣ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری، ١٩٢٢–٢٠٠١ ڕۆڵی سیاسی و ڕوناکبیری، چ ٢، هەولێر، ٢٠١٩، ل ٧٧. (ئامادەکار)

١٠-عەبدولسەمەد محەمەد (١٩١٣–١٩٦٨): بە سەمەد حاجی محەمەد بەننا بەناوبانگە. ساڵی ١٩١٣ لە کۆیە لە دایک بووە. تا پۆلی سێیەمی ناوەندیی خوێندووە و لەبەر نەداری نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات. ساڵی ١٩٣٤ بووە بە فەرمانبەر لە وەزارەتی داد، ئینجا گوازراوەتەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و لە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی زەعفەرانیە دانراوە. دواجاریش کراوە بە موفەتیش لە وەزارەتی کاروباری ژووروو لە بەغدا. عەبدولسەمەد لە پۆلی سێیەمی ناوەندییەوە تێکەڵی کاری سیاسی بووە، ئەندامی (کۆمەڵی لاوانی کورد) بووە لە بەغدا کە قوتابیانی کورد پێکیان هێناوە، پاش شکستی ڕاپەرینی ١٩٤١ی ڕەشید عالی گەیلانی، لە وەزیفە لابراوە. ١٩٤٤ بە ئەندامێکی سەرکردایەتیی (حزبی شۆڕش) هەڵبژێرراوە. کە حزبی (رزگاری) لە هاوینی ١٩٤٦دا هەڵوەشایەوە، چووە ناو (پارتی دیموکراتی کورد) و لە ١٩٤٦/٨/١٦ بە ئەندامی یەدەکی یەکەم کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرراوە. چالاک و هەڵسوڕاوێکی سیاسی بووە و نەخشی بەرچاوی لە مەیدانی سیاسیدا هەبووە. عەبدولسەمەد لەگەڵ زەهوەی فەقێ تەهای کۆیی خێزانی پێک هێناوە و سێ کور و سێ کچی لێ بووە. ڕۆژی ١٩٦٨/٢/١١ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی لە گۆڕستانی کۆیە نێژراوە. بڕوانە: گەلاوێژ، ئامادەکردنی، سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح، عەبدوڵڵا زەنگەنە، بەرگی یازدەیەم (ژیاننامە و پێرست). لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ل ٢٢٠. (ئامادەکار)

لە ساڵی (١٩٣٤)دا یەکەم ڕێکخراوی شیوعی لە عیراقدا بە ناوی (الحزب الشیوعي العراقي) هاتنە کایەوە و گۆڤاری (کفاح الشعب)یان دەرکرد بە دزییەوە. لەگەڵ ئەمانە، دوو کورد بەشدار بوون ــ ئیبراهیم ئەحمەد و ڕەشید عارف و چەند قوتابییەکی تر پەیوەندییان لەگەڵ هەموو دەستە پێشکەوتووەکانی عەرەب هەبوو.

لەم سەردەمەدا بیروباوەڕی پێشکەوتوو و دیموکرات لە ناو ئەو لاوانەی کوردی شۆڕشگێڕ کە لە بەغدا بوون، بڵاو بووەوە و بە هۆی ئەوانیشەوە هاتە ناو کوردەوارییەوە (با لە جغزێکی تەسکیشدا بێت).

مامۆستای جامیعەی هالەی ئەڵمانیای دیموکرات پرۆفیسۆر (برینتیس) لە باسەکەیدا دەربارەی (هێندێ گیروگرفتەکانی مێژوویی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد)، باسی ئەوە ئەکات کە لەو سەردەمەدا لە دەوری (ئیبراهیم ئەحمەد) هێندێ قوتابیی کورد کۆ بوونەوە، پێکەوە دەستەیەکی پێشکەوتوویان دروست کرد کە بیروباوەڕی دیموکراسی و دژی فاشیزم و یەکێتیی تێکۆشان و برایەتیی کورد و عەرەبیان بڵاو ئەکردەوە. ئەمانە لە لایەن کـۆنەپەرستەکان و خـانەدانەکانی کۆنەپەرستیی کوردەوە بە (برای عەرەب) و دژی کـورد درانە قەڵەم. بەڵام خەباتیان درێژەی پێ درا و وردەوردە بیروباوەڕیان پەرەی سەند، وە لە ئەنجاما کوردایەتی بەم بیروباوەڕە پێشکەوتوانەیە و دیموکراتییە موتووربە کرا.

ئەم ڕاستییانە لە نامیلکەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەددا دەردەکەوێت، کە بە ناوی (الاکراد والعرب)ەوە لە بەغدا لە ساڵی (١٩٣٧)دا چاپ کراوە. لەم نامیلکەیەدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردایەتیدا باسی پێویستیی یەکخستنی خەباتی گەلان بە گشتی و کورد و عەرەب بە تایبەتی، وە یەکێتیی دەسکەوت و ئامانجی گەلان ئەکرێت. باسی خراپەی بیروباوەڕی شۆڤێنی، وە ڕەگەزایەتیی کوێرانە و چاکەی سەلماندنی مافی گەلان بە مافی چارەنووسیشەوە ئەکرێت. وە هەروەها باسی برایەتیی دێرینی کورد و عەرەب و یەکێتیی ئامانج و خەباتیان و هاوکارییان دژی دوژمنی هەردوو لا کراوە

لەم نامیلکەیەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەددا بنچ و بناغەی برایەتیی عەرەب و کورد ڕوون کراوەتەوە. نیشان دراوە کە دوژمنی هەرە گەورەی هەردوو لا هەر ئیمپریالیزمە، وە ئەو ڕاستییە خراوەتە پێش کە گەلانی عەرەب و کورد و تورك و فارس دوژمنی یەکتری نین،

بەڵکو برای یەکترن. کەچی پێشتر هێندێ سەرکردەی عەشایەری وایان لە خەڵك دەگەیاند کە عەرەب دوژمنە و ئەبێ بە پشتیوانیی ئینگلیز لێیان ڕزگار ببین.

بە پێچەوانەی ئەمە، مامۆستا برایم داوای یەکێتیی تێکۆشانی کورد و عەرەب و هەموو گەلانی زۆرلێکراو ئەکات دژی دوژمنی هەرە گەورەی هەموو لایەك. واتە هەوڵی داوە کە دۆست و دوژمنی کورد دەرخات، وە ڕێگەی ڕاستی خەباتی ڕزگاری، ڕێگەی یەکێتیی تێکۆشانی کورد و عەرەب و برایەتیی دێرینی ئەم دوو نەتەوەیە دیاری کات، کە ئەمەش ئەهمییەتێکی گەورە ئەدات بەو نامیلکەیە و ئەو بیروباوەڕانەی تیایا نوسراون.

هەروەها مامۆستا برایم ئەحمەد ئەو ڕاستییەش ڕوون ئەکاتەوە، کە بناغەی زێڕین (القاعدة الذهبية) بۆ برایەتیی گەلان و چارەسەرکردنی گیروگرفتی نەتەوایەتی، بریتییە لە (مافی چارەنووس) بۆ هەموو گەلان بە گەلی کوردیشەوە. ئەم ڕاستییەشی نیشان داوە کە شۆڤێنیزم و تاکڕەویی نەتەوایەتی دوژمنی کوردن، وە بە پێچەوانەی دەسکەوتی گەلان و برایەتیی گەلان، هەر وەك ژەهرێکن کە ئەژدیهای ئیمپریالیزم دەیتفێنێتەوە بۆ ژەهراویکردنی سەرچاوەی ژیانی گەلان کە بریتییە لە برایەتی و یەکێتیی تێکۆشانیان دژی دوژمنانی هەموان، وە لەپێناوی مافەکانی هەمواندا.

بەڵام داخەکەم، ئەم بیروباوەڕە ڕاست و دروستە تا کاتی شەڕی دووەم باش نەچووە ناو کۆمەڵانی خەڵکەوە. ئەوەی ڕاست بێت، هەڵنەستانی خوێندەوارە شۆڕشگێڕەکانی کورد بە دانانی حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕ لەو سەردەمەدا، گەورەترین ناتەواویی خەباتیان بوو، چونکە لەجیاتیی خەباتی فەردی، ئەبوایە پێکەوە خەبات بکەن و حیزبێك دروست کەن.

لە ساڵی (١٩٣٩)دا گۆڤاری گەلاوێژ[1] دەرچوو لە لایەن مامۆستا برایم ئەحمەد و گەلێ نووسەری کوردەوە، هەرچەندە خاوەنەکەی مامۆستا برایم بوو، بەڵام زۆر نووسەری کورد تیایا ئەیاننووسی. گەلاوێژ دەورێکی باشی نواند لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی دیموکراتی و

---

١-گەلاوێژ، گۆڤار (١٩٣٩): گۆڤارێکی ئەدەبی و ثقافی و مانگی کوردیە، خاوەنی ئیمتیاز و مدیر مسؤل، ئیبراهیم ئەحمەد، مدیر ادارە و نووسینی، عەلائەدین سجادی، مدیری مسئول - محامی فایق تۆفیق. ١١٦ ژمارەی لە ١٠٥ بەرگدا لێ دەرچووە. ژمارە ١ی ساڵی یەکەم لە کانوونی یەکەمی ١٩٣٩دا دەرچووە، ژمارە ٨ی ساڵی دەیەم کە دەکاتە دواژمارە، لە ئابی ١٩٤٩دا بڵاو کراوەتەوە. بڕوانە: عەبدوڵڵا زەنگەنە و ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، گۆڤاری وەرزی و ڕۆژنامەڤانی، ژمارە ١١-١٢ی ساڵی چوارەم، ٢٠٠٣، ل ١٠٩-١١٠. (ئامادەکار)

نوێ لە ناو خوێندەوارانی کوردستاندا، بەڵام دیسان ڕێگەی حیزب دروستکردنی نەگرت تا ساڵی (١٩٤٠)، کە لە لایەن هێندێ قوتابیی کوردەوە لە کەرکوك و پاشان لە بەغدا حیزبی (هیوا) دروست کرا، لاوەکانی بەم کارە هەڵسان، بریتی بوون لە قوتابیان:

یونس ڕەئووف[1] (پاشان بوو بە محامی) و نووسەر سەدیق شاوەیس (پاشان بووبە مهندس) و (مەعرووف بەرزنجی پاشان بو بە محامی)، وە چەند دانەیەکی تر بوون،

پاش نەختێك گەڕان بەدوای سەرۆکێکدا بۆ کۆمەڵی هیوا، خوالێخۆشبوو ڕەفیق حیلمییان دۆزیەوە و کردیان بە سەرۆك، دوای ئەوەی لە باخێکی کۆیەدا سوێندیان دا. چالاکترین ئەندامی هیوا دوای ڕەفیق حیلمی[2]، یونس ڕەئووفی خوالێخۆشبوو. حیزبی هیوا دوای ماوەیەکی زۆر پەرەی سەند، هەرچەند پرۆگرام و پەیڕەوی نووسراوی نەبوو یان گۆڤارێکی دەوریی نەبوو کە بیروباوەڕی بڵاو بکاتەوە، بەڵام لاوان و کاسبکارانێکی زۆری لێ هاڵا.

---

١- یونس ڕەئووف (دڵدار) (١٩١٨/٢/٢٠- ١٩٤٨/١١/١٢): یونس کوڕی مەلا ڕەئووف کوڕی مەلا مەحموود ئەفەندی کوڕی مەلا سەعدی (خادیمولسەجادە). دایکی زەهوەی کچی خورشید، لە مەلازادەکانی زەهاوە. ساڵی ١٩٤٥ لە بەغدا کۆلێژی حقوقی تەواو کردووە. شاعیر و پەخشاننووسێکی بەتوانا بووە. یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی (دارکەر)، پاشان ئەندامی حزبی (هیوا) بووە. نووسینەکانی لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاو کردووەتەوە. دیوانی شیعرەکانی ساڵی ١٩٦٠ دوای کۆچی دوایی لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر بڵاو کراوەتەوە. (ئامادەکار)

٢- ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨-١٩٦٠/٨/٤): ڕەفیق کوڕی ساڵح کەرکوکی کوڕی مارف ئاغای عەزیز ئاغای بابەکر ئاغای مەلا وەیسییە. ساڵی ١٨٩٨ لە کەرکوک لە دایک بووە، ساڵی ١٩٠٩ قوتابخانەی ڕوشدیەی موڵکی سەرەتایی لە کفری، ئینجا ڕوشدیەی عەسکەری تا پۆلی سێیەم لە سلێمانی و دوو پۆلەکەی تری ئەعدادیی عەسکەری لە بەغدا و دواتریش دواپۆلی ئەعدادیی موڵکیی ساڵی ١٩١٤ هەر لە سلێمانی تەواو کردووە. چەندین وەزیفەی بینیوە و لەسەر هەڵوێستەکانی دوور خراوەتەوە بۆ شارەکانی باشووری عێراق. لە سەردەمی کۆماریدا کراوەتە پاشکۆی ڕۆشنبیریی باڵیۆزخانەی عێراق لە تورکیا تا ١٩٥٩. ڕۆژی ١٩٦٠/٨/٤ بە خوێنپژانی مێشک کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی هێنراوەتەوە سلێمانی و لە گردی سەیوان نێژراوە. لەسەر داوای سەرانی کۆمەڵەی دارکەر، بووە بە سەرۆکی باڵای کۆمەڵەکە و ناوی گۆڕاوە بۆ (هیوا) کە تا ١٩٤٥ بڕی کردووە. لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەک (بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، ئومێدی ئیستقلال، ژیان، ژین، گەلاوێژ، بڵێسە، هیوا، پێشکەوتن) دا نووسینی بڵاو کردووەتەوە. لە دیارترین بەرهەمەکانی: شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، یاداشت لە شەش بەرگدا. بڕوانە: سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح، عەبدوڵڵا زەنگەنە، گەلاوێژ، بەرگی یازدەیەم. (ئامادەکار)

ئەوەی ڕاست بێ، حیزبی هیواش لە تیپی حیزبە کۆنەکانی پێشوو ئەچوو لە ڕووی گەلێ کەموکورتییەوە، ئەوە نەبێ کە سەرکردەکەی خوێندەوار و ئەندامەکانی بەشی هەرەزۆریان چینی ناوەنجیی موجتەمەعی کوردستان بوون، لەگەڵ هێندێ کوڕە خانەدان و چەند موڵکدارێك، واتە حیزبی هیوا کوردایەتیی کرد بە بزووتنەوەی دوکاندار و خوێندەوار و قوتابی و ئەفسەر، وە لە چنگ سەرکردایەتیی شێخ و سەرەك عەشیرەتەکانی دەرهێنا. ئەمە یەکەم دەسکەوتی مێژوویی کورد بوو لە حیزبی هیوادا. دووەم دەسکەوتی کورد لە هیوا ئەوە بوو کە لە سایەی حیزبی هیوا و ئەفسەرەکانی حیزبی هیواوە، توانرا بزووتنەوەی چەکدارانەی (١٩٤٣–١٩٤٥)ی عەشیرەتی بارزان هێندێ ئامانجی کوردایەتیی پێ هەڵبگرێت، وەك داوای ویلایەتێکی کوردی و هێندێ مافی خوێندەواری بۆ کورد. واتە لە سایەی حیزبی هیوا و ئەفسەرەکانیەوە بوو کە بزووتنەوەی عادیلانەی عەشیرەتی بارزان کرا بە بزووتنەوەیەکی شێوە نیشتمانی، واتە بەکوردایەتییەوە گرێ درا. دەستکەوتی سێیەمی کورد لە حیزبی هیوا ئەوە بوو کە بووە هۆی پەلەکردن لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ.ك)، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە کوردستانی ئێراندا.

بەڵام حزبی هیوا سەبارەت بە تەبیعەت و چەشنی پێکهاتنی و کەموکورتییەکانی ناوەوەی و نەبوونی بە حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕی جەماهیری، نەدەکرا و نەیتوانی زۆر بژیەت. بۆیە هەر لە ساڵەکانی (١٩٤٣)ەوە ناکۆکی لە ڕیزەکانیا پەرەی سەند و درزی تێ کەوت.

لــــەو ســەردەمەشدا تاقمێ خــوێندەواری مارکسیی کــورد لە شـــاری هـــەولێر پەیدا ببوو، هـــەر لە ســاڵی (١٩٤٢)ەوە کـــاك ســاڵح حـــەیدەری[١] و ڕەشــید قـــادر[٢] و نـــافـع یونس[٣] و چەندین قوتابیی تری کوردی دەستە چەپ هاتبوونە کۆڕی تێکۆشانەوە، بۆ ماوەیەك لەگەڵ چەند لاوێکی ترا لە هەولێر (کۆمەڵی میللەت – جمعية الشعب) یان پێکەوە نابوو.

---

١– ساڵح حەیدەری: ساڵح حەیدەر عاسم حەیدەری، دایکی ناوی (فەزیلە)ی کچی وەلی قادر چەلەبییە. لە ٩ی ئایاری ١٩٢٢ لە هەولێر لە گەڕەکی عارەبان لە دایک بووە. ساڵی ١٩٣٥ خوێندنی سەرەتایی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٣٩ ئامادەیی گشتی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٤٣–١٩٤٤ چۆتە کۆلێژی ماف. ساڵی ١٩٤٧–١٩٤٨ بڕیاری زیندانیکردنی دەردەچێ و بەم هۆیەوە واز لە کۆلێژ دەهێنێ. دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز ١٩٥٨، ساڵی ١٩٥٩–١٩٦٠ جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە کۆلێژ و ساڵی ١٩٦١ زانکۆ تەواو دەکات. لە ١٩٦١/١١/١٥ دەچێتە کـۆلێژی یەدەکی سەربازی و لە ١٥ی ئایاری

١٩٦٢ پلەی (ملازم ئیحتیات)ی پێ دراوە، بەڵام لە ١٢ی حوزەیرانی ١٩٦٢دا بە هۆی چاکسازیی سیاسییەوە لە خزمەتی سەربازی بەخشراوە. ساڵی ١٩٤٦ کچی کوڕەپوورێکی بە ناوی نەزیهە عارف ئەمین حەیدەری خواستووە و بەرهەمی ئەو هاوسەرگیریە دوو کوڕ و دوو کچ بووە بە ناوەکانی (بەختیار، سنوبەر، سەروەر). لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوودا تێکەڵ بە ژیانی سیاسی بووە. ساڵی ١٩٤٢ لە هەولێر ڕێکخەری یەکەم شانەی مارکسی بووە. لە ساڵی ١٩٤٣دا یەکەم ڕێکخستنی خۆجێیی مارکسی (کۆمەڵەی میللەت) بووە. ساڵانی ١٩٤١–١٩٤٦ بەرپرسی حزبی شۆڕش بووە. ساڵی ١٩٤٥–١٩٤٦ ئەندامی لیژنەی مەرکەزیی حزبی (ڕزگاریی کورد) بووە. ساڵی ١٩٥٦–١٩٥٧ ئەندامی یەدەکی لیژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی عێراق بووە، هەروەها ئەندامی مەکتەبی سیاسیی (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) بووە. لە بواری ڕۆژنامەگەریدا لەم ڕۆژنامە نهێنییانە بەشداریی کردووە: یەکێتی تێکۆشان (١٩٤٣–١٩٤٤)، شۆڕش و ڕزگاری (١٩٤٤–١٩٤٥) ئازادی (١٩٤٦)، ئازادیی کوردستان (١٩٥٦)، رایە الشغیلة (١٩٥٦)، خەباتی کوردستان (خەباتی نهێنی) (١٩٦٣–١٩٦٤). هەروەها لەم ڕۆژنامە ئاشکرایانەدا بەشداریی کردووە، گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٤٣–١٩٤٤)، گۆڤاری ڕزگاری، ڕۆژنامەی (خەبات) ی ئاشکرا (١٩٥٩)، ڕۆژنامەی التأخی ساڵانی (١٩٧١ – ١٩٧٤ – ١٩٧٦). سالانی ١٩٧٦–١٩٨٠ سەرنووسەری ڕۆژنامەی العراق و پاشکۆ کوردییەکەی بووە. ئەم تێکۆشەرە ساڵی ٢٠٠١ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: گوڵچنێک لە یادداشتەکانی ساڵح حەیدەری، وەرگێرانی: حەیدەر عەبدوڵلا. چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر ٢٠١٩، هەروەها: بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری (١٩٢٢ –٢٠٠١) ڕۆڵی سیاسی و ڕوناکبیری، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٩. (ئامادەکار)

٢- ڕەشید قادر (١٩٢٣–٢٠٠٥): لە هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لەوێ تەواو کردووە. ساڵی ١٩٤٨ بڕوانامەی مافی لە بەغدا بە دەست هێناوە. سەرەتای کاری سیاسیی لەگەڵ کۆمەڵەی دارکەر و حزبی هیوا دەست پێ کردووە و ئەندامێکی چالاکی شۆڕش و ڕزگاری بووە. ساڵی ١٩٤٦ وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کورد هەڵبژێررا. دوای ڕاپەرینی ئاداری ١٩٩١ بوو بە سەرۆکی دادگای پیاچوونەوەی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٥ ماڵئاوایی لە ژیان کردووە. بڕوانە: جەمال بابان، اعلام الكرد، ج ٢، السليمانية، ٢٠٠٩، ص ١٩١. (ئامادەکار)

٣- نافع یونس (١٩٢٥–١٩٦٣): لە هەولێر لە دایک بووە. ساڵی ١٩٤٨ کۆلێژی مافی تەواو کردووە. یەکێک بووە لە سەرکردەکانی هەردوو حزبی شۆڕش و ڕزگاری. ساڵی ١٩٤٨ بووە بە سکرتێری لقی کوردیی حزبی شوعی. ساڵی ١٩٦١ بووە بە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئازادی بووە. لە شوباتی ١٩٦٣دا لەژێر ئەشکەنجەداندا گیانی لە دەست دا. بڕوانە: ساڵح حەیدەری (١٩٢٢–٢٠٠١) ڕۆڵی سیاسی و ڕووناکبیری، بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، چ ٢، هەولێر ٢٠١٩، پەراوێزی لاپەڕە ٥٨. (ئامادەکار)

پاشان لەگەڵ جەماعەتی (الی الامام) و هێندێ تاقمی شیوعیی تر لە عیراقدا پەیوەندییان بەست پێکەوە (الحزب الشیوعي العراقي – وحدة النضال)[1]یان دروست کرد، کە کوردەکان دوو نوێنەریان لە قیادەی حزبەکەدا هەبوو، (ساڵح و نافع)، خۆیشیان لقێکی کوردیی حزبەکە بوون. گۆڤارێکیان بە کوردی دەرکرد بە ناوی (یەکێتیی تێکۆشان[2])ەوە.

پاشان هێندێ قوتابی کۆیی و سلێمانی و هێندێ کرێکاریان لە کەرکووك بەگەڵ کەوت. ئەم تاقمە دوای هەڵوەشاندنەوەی حزبەکەیان، خۆیان کرد بە (حزبی شیوعیی کوردستانی عیراق) کە گۆڤاری (شۆڕش)یان دەرکرد و هەر بەو ناوەشەوە ناسران.

شۆڕشییەکان لە ساڵی (١٩٤٥)دا دوای دامەزراندنی خۆیان بە ماوەیەك، (حزبی ڕزگاریی کـــورد)یان پێك هێنا بە هـــاوکاری لەگەڵ هێندێ کۆنە هیوایی، وەك مامۆستا عەلی حەمدی[3] و نووری شاوەیس و دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم[4] و مەلا حەکیمی ڕەحمەتی و چەندانێکی تر، وە گۆڤاری (ڕزگاری)[5] کرا بە ئۆرگانی حزبەکە.

لە ساڵی (١٩٤٢)ی میلادییشەوە لە مەهاباد (سابڵاخ)دا کۆمەڵی (ژ.ك) پێك هات بە هاوکاریی نوێنەری هیوا، میرحاج ئەحمەد، لەگەڵ هێندێ لاوی کوردپەروەر مەسەلەی دانانی کۆمەڵێك گەڵاڵە کرا.

پاشان لە ١٦/ئابی/١٩٤٢دا هێندێ کوردپەروەر لە باخێکی سەر چۆمی سابڵاخا کۆمەڵی ژیانەوەی کوردستانیان پێك هێنا.

---

١- یەکێتیی تێکۆشان: دوای جیابوونەوەی گرووپی (الی الامام) لە تەمووزی ١٩٤٢ لە حزبی شیوعی و دەرکەوتنی کۆمەڵەی شەرارەی نوێ و گیرانی زۆربەی ئەندامانی ئەم دوو ڕێکخراوە، چەند مارکسییەکی سەربەخۆ لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە لە ئەیلوولی ١٩٤٤دا ڕێکخراوێکی نوێیان بە ناوی (حزبی شیوعیی عێراق) پێک هێنا، کە دواتر بە ناوی ڕۆژنامەکەیانەوە (یەکێتیی تێکۆشان) ناسران. (ئامادەکار)

٢- یەکێتیی تێکۆشین (گۆڤار): زمانحاڵی کۆمەڵەی کۆمۆنیستی عێراق/ لقی کورد بوو. ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٤٤ و ژمارە ٢ی لە ساڵی ١٩٤٤ و ژمارە ٣ی لە ساڵی ١٩٤٥ لە هەولێر لە گەڕەکی عارەبان لە ماڵی حەیدەری وەک یەکەمین ڕۆژنامەی سیاسیی نهێنی لە هەولێر دەرچووە. نافع یونس و ساڵح حەیدەری دەوریان لە دەرکردنیدا بینیوە. بڕوانە: پ. د. ئازاد عوبێد ساڵح، گۆڤاری ئەکادیمیای کورد، ژمارەی ٤٧. ل ٢٩٦. (ئامادەکار)

---

٣- عەلی حەمدی: لە نێوان سالانی ١٩٤١–١٩٤٤ یەکێك بووە لە ئەندامە ناسراوەکانی هیوا. ساڵی ١٩٤٦ بەشداری لە کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورددا کردووە. لە ماوەی ١٩٤٦–١٩٤٩ بەرپرسی لیژنەی ناوچەی بەغدای پارتی بووە، لە ساڵەکانی ١٩٥١–١٩٥٢ لێپرسراوی چاپکردنی ڕۆژنامەی ڕزگاری بووە، کە ئۆرگانی پارتی بووە. ساڵی ١٩٦٦ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری (١٩٢٢-٢٠٠١) ڕۆڵی سیاسی و ڕووناکبیری، هەولێر، ٢٠١٩، پەراوێزی لاپەڕە ٨١. (ئامادەکار)

٤- جەعفەر محەمەد کەریم (١٩١٠–٢٠٠٠): لە ناحیەی زورباتیەی سەر بە قەزای بەدرەی پارێزگای کوت لە خێزانێکی نشتمانپەروەری کوردی فەیلی لە دایك بووە. لە شاری بەغدا خوێندوویەتی و ساڵی ١٩٣٦ بڕوانامەی پزیشکیی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٣٩ چووەتە ڕیزەکانی ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی کورد و بووە بە ئەندامێکی چالاکی حزبی هیوا. ساڵی ١٩٤٢ کە لە شاری هەولێر پزیشك بووە، لەسەر چالاکیی سیاسی گیراوە و نێرراوە بۆ عەمارە لە خوارووی عێراق. کاتێ چالاکیی سیاسیی ئەو حیزبە کز بووە و بەرەو هەڵوەشاندنەوە چووە، لەسەر هەیکەلی ئەو ڕێکخراوە سیاسییە بەشداریی لە دامەزراندنی ڕێکخراوی شۆڕش (١٩٤٤) و ڕزگاری (١٩٤٥) کردووە. یەکێك بووە لە سەرکردەکانی حیزبی ڕزگاریی کورد. لە کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کورد لە ساڵی ١٩٤٦ بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێرراوە. ساڵی ١٩٤٨ حکومەتی عێراق لەسەر چالاکیی سیاسی و کوردایەتی، بە بیانووی (تەبەعەی ئێرانییە)وە، ڕەگەزنامەی لێ سەندووەتەوە و ڕەوانەی ئێرانیان کردووە و لە تاران دانیشتووە. کەچی لەوێ بەو ناوە بەشداریی لە کۆماری دیموکراتی کوردستان کردووە، ماوەی سێ ساڵ زیندانی کراوە. کە بەریش دراوە، دوای ماوەیەك بە بیانووی لایەنگری لە حکومەتەکەی دکتۆر محەمەد موسەدەق، جارێکی تر زیندانی کراوەتەوە. دوای شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ حکومەتەکەی قاسم ڕەگەزنامەی پێ دایەوە، کەچی ئەو متمانەی بە پیاوانی عەسکەریی حکومڕانی عێراق نەبووە، بۆیە نەهاتووەتەوە عێراق. ڕۆژی ٢٠٠٠/٨/١، لە تەمەنی ٩٠ ساڵی و لە دوورەوڵاتیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (بەهەشتی زەهرا) بە خاك سپێرراوە. بڕوانە: ممتاز حەیدری، قامووسی ناوە نەمرەکانی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٣٦. (ئامادەکار)

٥- ڕزگاری، گۆڤار (١٩٤٦): ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد و دواتر پارتی دیموکراتی کوردستان. سەرەتا مانگانە و دواتر ناوەناوە دەرچووە. ماوەی چوار ساڵێك لە بەغدا چاپ کراوە، دواتر لە سیتەک، سلێمانی و ئینجا چەند ساڵێکیش کەرکوک. نەزانراوە چەند ژمارەی لێ دەرچووە، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: عەبدوڵڵا زەنگەنە و ڕەفیق ساڵح، ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، گۆڤاری وەرزی و ڕۆژنامەڤانی، ژمارە، ١١–١٢. ل ١٢٠ –١٢١. (ئامادەکار)

## دامەزرێنەرەکان ئەمانەی خوارەوە بوون:

حسین ڕزگری[1]، عەبدولڕەحمان زەبیحی[2]، عەبدولڕەحمان ئیمامی، عەبدولقادر مدرسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەد نانەوازادە، عەلی مەحموودی، محەمەد ئەسحابی، عەبدولرەحمان کیانی، سەدیق حەیدەری[3]، قاسم قادری.

(ژ.ک) پرۆگرام و پەیڕەوێکی ساکاری نیشتمانیی هەبوو. لە زستانی (١٩٤٣)دا کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە داندرا، کە هەرە چالاکیان مامۆستا عەبدولڕەحمان زەبیحی بوو، کە دەردی ئیگڵتن لە کتێبەکەیدا (کۆماری کوردی ١٩٤٦)دا ئەڵێ بە دەوری سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەستا.

---

١- حوسێنی زێڕینگەران (حوسێن فروهەر): ئەندامی ژمارەیەکی کۆمەڵەی ژێکاف و تا ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٤ سەرۆکی کۆمەڵە بووە. سەردەمی ڕەزا شا و پێش مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی (١٩٤١ز)، دوای ئیمزاکردنی پەیمانی سەعدئاباد لە ساڵی ١٩٣٧دا کە لە چەند ماددەیدا گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی بە دژی تێکۆشەرانی سەر سنووران پاساو دراوە، لەوانە کوردەکان و زۆر عەشیرەت و تایەفەی کورد، وەک (سەربزێو) ڕاو نراون و دوور خراونەتەوە بۆ شوێنی دوورەدەست لە کوردستان و ناچار بە نیشتەجێبوونی تۆبزی کراون. حوسێنی زێڕینگەران کە لە حزبی ئازادیی کوردستاندا چالاک و تێکۆشەرێکی نەترس بووە و دوور خراوەتەوە بۆ شیراز، دوای هەڵوەشانەوەی حوکمی ڕەزا شا گەڕاوەتەوە بۆ سابلاغ. دوای ئەوەی قازی محەمەد بوو بە سەرۆکی کۆمەڵە و دواتر حزبی دیموکراتی کوردستان، حوسێن لە حزبدا درێژەی بە خەبات داوە و لە سەردەمی کۆماردا یەک لە ئەفسەرانی هەڵسووڕاو بووە. دوای ڕووخانی کۆماریش چەند ساڵێک لە زینداندا بووە. بڕوانە: عەلی کەریمی، نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨، لاپەرە ٢١–٢٢. (ئامادەکار)

٢- عەبدولڕحمان زەبیحی (١٩١٨ یان ١٩٢٠): لە مەهاباد لە دایک بووە. یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف (١٩٤٢). سەرپەرشتیی گۆڤاری (نیشتمان)ی ئۆرگانی کۆمەڵەی کردووە. ساڵی ١٩٨٠ حکومەتی عیراق گرتی لەو کاتەوە بێسەروشوێنی کردووە. (ئامادەکار)

٣- سدیق حەیدەری: لە دامەزرێنەرانی ژێکاف و لە تێکۆشەرانی فیداکار و لە خۆبوردووی کۆمەڵەی ژ.ک بوو. لە گۆڤاری نیشتمان چەند نووسراوێکی بڵاو کردووەتەوە. یەکێک لە کادیرانی هەرە هەڵسووڕاوی کۆماری کوردستان بووە. ساڵانی نەوەد لە سەرووی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە مەهاباد بە خاک سپێرراوە. (ئامادەکار)

لە نیسانی/١٩٤٣دا کۆبوونەوەی گردی (خولاپەرستە) لە پەنا مەهاباد بەسترا، کە تیایا نزیکەی (٩٠) ئەندامی کۆمەڵە بەشدار بوون. لەم کۆبوونەوەیەدا گرنگترین دوو بڕیاریان دەرچواندنی گۆڤاری (نیشتمان)[١] بوو بە دزییەوە، لەگەڵ پەیوەندیکردن بە سۆڤێتییەکانەوە کە ئەوسا لەشکریان لە ناوچەی موکریان بوو.

بەم چەشنە، لە کوردستانی ئێرانیش (کۆمەڵی ژیانەوەی کوردستان) کە پاشان بە (ژ.ك) ناوی دەرکرد، کەوتە گەڕ و بە ماوەیەکی کەم ژمارەیەکی زۆری لە لاوان و کاسبکاران و فەلاح و مەلا و فەقێ و خوێندەواری تر لەژێر ئالآی خۆیدا کۆ کردەوە.

پێش (ژ.ك)یش لە ناوچەی موکریاندا کوردایەتی هەر هەبووە. لە ساڵەکانی (١٩٢٩) دا تاقمێ پیاوماقووڵ و دەسەڵاتداری کورد، کە یەکێکیان قازی محەمەد[٢]ی شەهید بوو، پەیوەندییان لەگەڵ خۆیبوون و شۆڕشی کوردیی ئارارات هەبوو. لە ساڵەکانی (١٩٣٥–١٩٣٨) لە نێوان هێندێ کوردپەروەرانی ناوچەکەدا جۆرە پەیوەندییەك هەبوو بۆ کوردایەتیکردن. لە ساڵی (١٩٣٨–١٩٣٩)دا پەیوەندیەك لە نێوان هێندێ ئەفسەری کوردپەروەری عیراقیی وەك خوالێخۆشبوو ئەمین زەکی و فائق کاکەمین و کوردپەروەرەکانی موکریان دروست ببوو.

---

١- نیشتمان، گۆڤار (١٩٤٣): بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی (ژ.ک) بوو. گۆڤارێکی ئەدەبی، خوێندەواری، کۆمەڵایەتی و مانگیی کوردە، خاوەنی کۆمەڵەی (ژ.ک) و سەرنووسەری عەبدولڕەحمان زەبیحی بوو، بە لاینۆ تایپ لە تەورێز بڵاو کراوەتەوە و دواژمارەی لە سیتەک لە سلێمانی دەرچووە. ژمارە ١ لە تەمووزی ١٩٤٣ دەرچووە و ژمارە ١٠ی بەپێی هەندێ بیرەوەری، لە ساڵی ١٩٤٨ لە سیتەک لە سلێمانی بڵاو کراوەتەوە. بڕوانە: عەبدوڵڵا زەنگەنە و ڕەفیق ساڵح، گۆڤاری وەرزی و ڕۆژنامەڤانی، ژمارە ١١–١٢، ٢٠٠٣، ل ١١٢. هەروەها بڕوانە: نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵی (ژ.ک)، ئامادەکردنی عەلی کەریمی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨. (ئامادەکار)

٢- قازی محەمەد (١٩٠٠–١٩٤٧) محەمەد میرزا عەلی، پێشەوای تێکۆشەر و خۆبەختکەری کوردپەروەرە. یەکەم سەرۆک کۆماری کوردە (مەهاباد). لە کۆمەڵەی ژ.ک کاری کردووە و ناوە نهێنییەکەی بینایی بووە. لە ١٩٤٦/١/٢٢ جاڕی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی لە مەهاباد داوە. لە ١٩٤٧/٣/٣٠ لەگەڵ برایەکی و ئامۆزایەکی لە مەیدانی چوارچرا لە مەهاباد لە لایەن ڕژێمی شاوە لە سێدارە دراوە. (ئامادەکار)

لە ساڵی (١٩٣٩–١٩٤٢) جۆرە پەیوەندییەك بە ناوی (حزبی ئازادیخوازانی کوردستان) ەوە پەیدا ببوو، کە ڕابەریان دکتۆر )کەریم زەندی)[1] بوو، بەڵام هیچ پرۆگرام و گۆڤار و بڵاوکراوەی دەوریبیان نەبوو. تەنها بەیانێکی ناوداری ئەم حزبە، ئەو بەیانە دوورودرێژە بوو کە بە بۆنەی هاتنی لەشکری سووری سۆڤیاتییەوە بۆ بەخێرهێنانیان لە ساڵی (١٩٤٢) دا دەرکرابوو، کە تیایا داوای هەقەکانی کورد کرابوو، بە هەقی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستانیشەوە. دیاریی چالاکی هەموو ئەو دەستە و کۆمەڵە کوردپەروەرانە، زەویی شۆدابوو بۆ داچاندن و شینبوونی، واتە ڕسکانی حزبێکی نیشتمانیی کوردی، کە هاتنی لەشکری سوور و بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی دیموکراسی موتووربەیان کرد بە بیروباوەڕی نیشتمانیی دیموکراتی. ئەوە بوو لە ئەنجامەکەی حزبی دیموکراتی کوردستان (دوایە) پەیدا بوو.

---

١- ڕاستییەکەی (عەزیز زەندی)یە، بڕوانە: جەلال تاڵەبانی، کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەی کورد، وەرگێڕانی (ح. أ)، کتێبخانەی جەمال عەلی باپیر، ٢٠١١، لاپەڕە ١٠٤. میدیا زەندی لە چاوپێکەوتنێکدا کە ئەمیر عەبدوڵڵاهی ئامادەی کردووە، دەڵێ: بابم یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک بوو. ئەو بینایەی ئیدارەی شارەوانی لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد ماڵی ئێمە بوو، هەوەڵ کەس بوو کە ئەودەم لە ساڵی ١٩٢٦دا بۆ یەکەم جار لە مێژوودا کتێبی ئینجیلی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە. دواتر بابم بە پێیان لە مەهابادڕا بە دەستی بەتاڵ چووە ئاڵمانێ و دکتۆرای وەرگرت. پاش دە ساڵان گەڕایەوە، بەڵام لە لایەن ڕژێمی شاوە حوکمی تەبعیدی بۆ دەردەچێ و لە تاران نیشتەجێ دەبێ. (ئامادەکار)

## کوردایەتیی خەمڵیو:

هەرسێ حزبەکەی کوردستان: کۆمەڵەی (ژ.ك) و حزبی شیوعیی کوردستانی ــ عیراق و حزبی ڕزگاریی کورد لە ناو کۆمەلانی خەڵکدا بنجیان داکوترابوو. بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلەکەماندا وەك ڕێکخراوی جەماهیری و لە ناوجەرگەی خەڵکەوە هەڵقولاّ و دەستیان کرد بە چالاکی و تێکۆشان. ئەندام و سەرکردەکانی ئەم حزبانە ڕۆڵەی کۆمەلانی خەڵك بوون و خاوەن بیروباوەڕی دیموکراتی بوون. حزبی شیوعیی کوردستانی عیراق[1]، کە بە ناوی (شۆڕش)ی ڕۆژنامەکەیەوە و حزبی ڕزگاریی کورد کە بە ناوی (ڕزگاری)ی ڕۆژنامەکەیەوە ناویان دەرکردبوو، سەرکردەکانی بیروباوەڕی مارکسیشیان هەبوو.

ئەم سێ حزبە کوردایەتییان ڕابەری ئەکرد. بەهۆی چالاکیی ئەم حزبانە و گۆڤارەکانیانەوە، (نیشتمان) و (شۆڕش) و (ڕزگاری) و بە هۆی گۆڤاری (گەلاوێژ)ەوە، وە لەژێر پاڵەپەستۆی ڕووداوەکانی شەڕی گێتیی دووەمدا، وە لە ئەنجامی ئەم گۆڕانانەی بەسەر ژیانی کۆمەلایەتیی خەڵکی کوردستاندا هات، کوردایەتی بوو بە بزووتنەوەی کۆمەلانی ڕەنجدەر و بەشخوراو، عەناسیری کرێکار و فەلاح و ڕووتەڵەی شار بە بیروباوەڕ و هۆشیارییەوە کەوتنە ڕیزەکانیانەوە، کوردپەروەرە شۆڕشگێڕەکان، کوردە و مارکسی و پێشکەوتووەکان چوونە ڕیزی پێشەوەی کوردایەتییەوە.

هەر وەك کوردایەتی بە بیروباوەڕی دیموکراتی و پێشکەوتوو موتووربە کرا. ئینجا کوردایەتی سەبارەت بەو موتووربەکرانەی بە بیروباوەڕی دیموکرات و پێشکەوتوو، وە لە ئەنجامی پەیدابوون و چالاکیی شۆڕش و ڕزگاری و (ژ.ك – کە پاشان بوو بە حزبی دیموکراتی کوردستان)ەوە، بە هۆی پەرەسەندنی چینی کاسبکار و بلاّوبوونەوەی خوێندەواری و پەیدابوونی کـــرێکار و بووژانەوەی تیجـارەت و ڕووداوەکانی شەڕەوە کە

---

١- حزبی شیوعی: ساڵی ١٩٤٥ دوای بێئومێدبوونی ساڵح حەیدەری لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان لە لایەن سەرکردایەتیی حزبی شیوعییەوە، بە ڕاوێژ لەگەڵ هاوڕێیانیدا، حزبی شیوعیی لە کوردستانی عێراق دامەزراند و ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (شۆڕش)ەوە دەرکرد، کە دواتر پارتەکە بە ناوی ڕۆژنامەکەوە ناسرا. جگە لە ساڵح حەیدەری کە سکرتێری پارتەکە بوو، هەریەک لە نافع یونس، عەلی عەبدوڵلا، عەبدولکەریم تۆفیق، ڕەشید عەبدولقادر و عەبدولسەمەد محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوون. (ئامادەکار)

پێشکەوتنێکیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستاندا هێنایە دی، لەبەر هەموو ئەو هۆیانەی سەرەوە، کوردایەتی چاکتر گەشەی کرد و زۆرتر پێش کەوت، بە جۆرێ، کە بوو بە بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵك و عەناسیری ڕەنجدەر و کرێکار و فەلاحیش لە ناویا چالاك و دیار بوون. حزبە پێشکەوتووە شۆڕشگێڕەکانی (شێوە و ناوەڕۆکی نوێ) ڕابەرییان ئەکرد. هاتنی لەشکری سووری سۆڤیاتی بۆ ئێران لەگەڵ سەرکەوتنەکانی ئەم لەشکرە و هێزی دیموکراسیی تر لە جەنگی دووەمدا بەسەر فاشیزما، وە پەرەسەندنی بیروباوەڕی مارکسی و دیموکراتی لە دنیا، کارێکی زۆریان کردە سەر کوردایەتی. بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردا بیروباوەڕی پێشکەوتوو و دیموکرات ببوونە هێزێکی ماددیی گەورە (لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەیان لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا). عەناسیری مارکسی و پێشکەوتووی کورد جڵەوی کوردایەتییان گرتبووە دەست، دوای ئەوەی عەناسیری عەشایری و بۆرژوازیی باڵی ڕاست و شێخ و موڵکدارەکان ئەم جڵەوەیان بەردابوو، وە لە مەیدانی سەرکردایەتیی (کوردایەتی)یەوە کشابوونەوە بۆ ماڵی خۆیان، واتە زەعامەتی کۆنی کوردایەتی کۆڵی دابوو.

بەم چەشنە، ئەبینین کە کوردایەتی پێشکەوتنی زۆری وە دەست هێنابوو، بە بزووتنەوەیەکی عەسری و شۆڕشگێڕانەی خاوەن حزب و سەرکردەی نوێ و هۆشیار، واتە چاکتر گەشەی کرد و زۆرتر پەرەی سەند. ئەم پێشکەوتن و گەشەکردنەی کوردایەتی تا دەهات باشتر دیار دەکەوت. لە ئەنجامی ئەمەشدا پێویستییەکانی ڕێکخستن و ڕابەریکردنی ئەم کوردایەتییە جەماهیرییە شۆڕشگێڕانەیە بە هۆی حزبی جەماهیریی شۆڕشگێڕەوە زیاتر دەردەکەوتن، بە جۆرێك کە پارتی پێشڕەوی گونجاو لەگەڵ ئەم کوردایەتییە (شێوە و تەبیعەت) نوێیە ببوو بە پێویستییەکی دیار و ئاشکرا.

بۆیە لە ئەنجامی بەپیرەوەچوونی ئەم پێویستییە دیار و ئاشکرایەدا، وە سەبارەت بە گەشەکردن و پێشکەوتنی کوردایەتی و بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتوو، وە لەژێر تەئسیری بوونی لەشکری سووری سۆڤیاتی لە پارچەیەکی کوردستاندا، کە بۆ کوردایەتی ڕزگار کرابوو، حزبی دیموکراتی کوردستان لە موکریاندا لە مانگی نۆڤەمبەری/١٩٤٥دا پێك هات بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد.

دوابەدوای ئەمە، لە سەرەتای (١٩٤٦)دا کۆماری دیموکراتی کوردستان دامەزرا. بەم جۆرە، بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستاندا جمهورییەتێکی دیموکراتی نیشتمانی پێك هات. ئەم ڕووداوە مێژووییە زۆر گرنگە لە مێژووی گەلی کوردا، هەموو کوردستانی هەژاند

و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی هێنایە جۆشوخرۆش. کوردایەتیی زۆرتر فرەوان و پتر جەماهیری کرد.

لە کوردستانی عیراقیشدا تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان کەوتنە تەقەلای دامەزراندنی (حیزبێکی دیموکراتی پێشڕەو) لەسەر شێوەی حزبی دیموکراتی کوردستان تا ئەویش بە دەوری پێشڕەوی کوردایەتی لە کوردستانی عیراقدا هەڵسێت. حزبەکانی (شۆڕش) و (ڕزگاری) لە سەرەتاوە بە گەرمی بەشداری ئەم تەقەلا و کۆششە پیرۆزە بوون. لە کـــوردستانی ئێراندا تاقمێك خوێندەواری کـــورد، کە هەرە چالاکەکانیان لـــەم تەقـــەلایەدا کاك هـــەمزە عـــەبدوڵلا و شـەهید مستەفا خـــۆشـــناو[1] و کـــاك میرحـــاج ئەحـــمەد[2] بوون، کـــە دەمێك بوو خەریکی دامەزراندنی ئەم حزبە

---

١- مستەفا خۆشناو (١٩١٢–١٩٤٧/٦/١٩): لە گوندی بێتواتە لە دایک بووە. هێشتا بەتەمەن بچووک بووە کە دایک و باوکی کۆچی دواییان کردووە. عەبدولکەریم حەوێزی گرتوویەتە خۆی و لەگەڵ بەکری کوڕی بەخێوی کردووە. یەکێک بووە لە ئەفسەرە دیارەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد. چۆتە ڕیزی حزبی هیوا و یەک لەو ئەفسەرانە بووە کە ماجد مستەفا لە سەروبەندی ڕاپەرینی بارزان لە ١٩٤٣–١٩٤٥، وەک ئەفسەری ئیرتبات دیاری کردبوون. حزبی هیوا ڕای سپارد بۆ بەشداریکردن لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک). ساڵی ١٩٤٤ بەشداریی لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد کردووە. لە ١٩٤٧/٦/١٩ لە بەغدا لە سێدارە دراوە. بڕوانە: هیلین محمد امین المزوری، حزب هیوا (١٩٣٩–١٩٤٦)، دراسە تاریخیة سیاسیة، ط ١ مطبعة حاجی هاشم، اربیل ٢٠٠٨ ص ٧٥. (ئامادەکار)

٢- میرحاج ئەحمەد تاهیر ئاکرەیی: ساڵی ١٩١١ لە ئاکرێ لە دایك بووە. دوای تەواوکردنی خوێندن بووە بە مامۆستا، بەڵام هەر زوو وازی هێناوە و لە ١٩٣٥دا چووەتە کۆلێژی سەربازی. ساڵی ١٩٣٦ بە پلەی ملازمی دوو وەك ئەفسەری تۆپخانە دەرچووە. لە ڕیزەکانی حزبی هیوا کاری کردووە و هەر لەسەر داوای ئەوان چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەیوەندیی بە (ژ.ك)ەوە کردووە. دوای گەڕانەوەی لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوە و بۆ ماوەیەك زیندانی کراوە. پاشان حکومەت وەکو ئەفسەری ئیرتیبات بۆ ناوچەی ئاکرێ دیاری کردووە. جارێکی دیکە ساڵی ١٩٤٤ چۆتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم جارەیان حکومەتی عێراق لە ڕیزی سوپا دەری کردووە و بە غیابی بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکردووە. دوای کەوتنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد، لەگەڵ بارزانی چووەتە شۆرەوی. دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز گەڕاوەتەوە عێراق و بە پلەی موقەدەم گێراویانەتەوە ڕیزی سوپا. دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ خراوەتە زیندان و پاش ئازاکردنی خانەنشین کراوە. لە ١٩٨٨/١١/٨ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: جمال بابان، اعلام الکورد، ص ٤٩٥. (ئامادەکار)

دیموکراتییە پێشڕەوە بوون، بۆ ئەم نیازە مەلا مستەفا بارزانی و چەند ئەفسەرێکی تری کوردیان هاوبەشی کردبوو لەگەڵ خۆیاندا، بە تایبەتی کاک سەید عەزیز شەمزینی و کاک نووری ئەحمەدی تەها و کاک بەکر عەبدولکەریم[١] و شەهیدانی نەمر خەیروڵڵا[٢] و عزەت[٣] و قودسی[٤].

---

١- بەکر عبدوالکەریم (١٩١٤–٢٠٠٩): بەکر عەبدولکەریم عەبدولواحید ئاغای حەوێزی، ساڵی ١٩١٤ لە گەڕەکی بەفری قەندی لە کۆیە هاتووەتە دونیاوە. خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە و ناوەندی و ئامادەیی لە ساڵی ١٩٣٢ لە بەغدا تەواو کردووە. ساڵی ١٩٣٥ چووەتە کۆلێژی سەربازی و لە کۆتایی ١٩٣٦دا بە پلەی ملازمی دووەم تەواوی کردووە. لە ڕێی موقەدەم ئەمین ڕەواندزییەوە بەشداریی لە کۆماری کوردستان کردووە لە مەهاباد. دوای تێکچوونی کۆمار، گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان و لە دێهات و شاخەکانی کوردستان ماوەتەوە و خۆی ڕادەست نەکردووە. لە ٢٠٠٩/١٢/١٣ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شەهیدان لە کۆیە نێژراوە. زانیارییەکان لە دڵزار بەکری کوڕی وەرگیراون. (ئامادەکار)

٢- خەیروڵڵا عەبدولکەریم (١٩١٢–١٩٤٧): خەیروڵڵا عەبدولکەریم ئەفەندی کوڕی عەبدوڵڵا ئاغای گورجی زادە، ساڵی ١٩١٢ لە گەڕەکی قەڵا لە هەولێر لە دایک بووە. باوکی لە سەردەمی عوسمانیدا کارمەندی دەوڵەت بووە و هەر ماوەی لە شوێنێک خزمەتی کردووە، بۆیە خەیروڵڵای کوڕیشی لە سەردەمی منداڵیدا لە گەڵی شوێن ژیاوە و پاش کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهان، ئینجا دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە بچێتە بەر خوێندن. دوای تەواوکردنی خوێندن، لە هەولێر لە خانەی مامۆستایانی بەغدا وەرگیرا و دواتر ماوەی پێنج ساڵ بە مامۆستایی لە کۆیە و چەمچەماڵ و شەقڵاوە خزمەتی کردووە. هەر ئەو سەردەمە توانای هونەرییەکانی دەرکەوتووە، بە تایبەتی لە بواری شانۆ و مۆسیقا و نیگارکێشاندا. لە چەندین چالاکیدا بەشداریی کردووە، خولیای تەواوکردنی خوێندن و برەودان بە تواناکانی، وایان لێ کرد لە قوتابخانەی عەسکەری لە بەغدا ببێ بە خوێندکار و دوو ساڵ دوای ئەوە بە پلەی ئەفسەر لە سوپای عێراق دامەزراوە. لە ماوەی خوێندندا سەردانی میسری کردووە و لە کاروباری سەربازیدا شارەزاییەکی زۆری پەیدا کرد. شەهید خەیروڵڵا وەک کوردێکی نیشتمانپەروەر پەیوەندیی بە حزبی هیواوە کرد، زۆر بە چالاکی لە ناو ئەو حزبەدا ئەرکە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانی جێبەجێ کرد. ساڵی ١٩٤٥ خۆی گەیاندە مەهاباد و هەموو توانا و شارەزایی خۆی تەرخان کرد بۆ خزمەتکردنی کۆمارە خودموختارەکەی کوردستان. وەک ئەفسەری زرێپۆش لە ناو هێزەکانی کۆماری مەهاباد فیداکاریی کردووە و ئازایەتییەکی زۆری نواندووە، بۆیە حکومەتی مەهاباد خەڵاتی ئازایەتیی پێ بەخشی و پلەکەی بەرز کردەوە بۆ پلەی کۆڵۆنیل، پاشان کە کۆماری مەهاباد ڕووخا، بە بڕیاری لێبوردنەکەی حکومەتی عێراق گـــەڕایەوە باشووری کـــوردستان، بەڵام

دەستبەجێ دەستگیر کرا و ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٩ لە سێدارە درا. پاشان تەرمەکەی هێنرایەوە هەولێر. (ئامادەکار)

٣- سەرهەنگ، عێزەت عەبدولعەزیز (١٩١٢-١٩٤٧): ساڵی ١٩١٢ لە ئامێدی لە دایک بووە، چۆتە کۆلێژی سەربازی و ساڵی ١٩٣٥ بە ملازمی دوو دەرچووە. لەبەر نیشتمانپەروەری و خەباتکردنی لەپێناو کوردستان، وەزارەتی بەرگریی عێراق لێی بەگومان بووە کە وەلای بۆ حکومەت و مەلیک غازی نەبێت، بۆیە هەمیشە لەژێر چاودێریدا بووە. چۆتە ڕیزەکانی حزبی هیوا و ئەندامێکی چالاک بووە لە شاری موسڵ و ناوچەی بادینان. لەگەڵ بارزانی چۆتە کوردستانی ئێران و بووە بە ئەفسەر لە سوپای کۆماری کوردستان لە مەهاباد. ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٩ لە سێدارە دراوە. بڕوانە: هیلین محمد امین، س،پ. ل ٨٧. (ئامادەکار)

٤- قودسی: (١٩٢١-١٩٤٧/٦/١٩) محەمەد مەحموود ئەفەندی ڕەسام کوڕی محەمەد حەنیفە، ناسناوی (قودسی) لەوەوە بەسەریدا دابڕاوە کە ساڵی ١٩٢١ لە شاری قودس لە دایک بووە، کاتێک باوکی وەك ئەفسەری عوسمانی و دیلی شەڕەکانی جەنگی یەکەمی جیهان لای ئینگلیز بووە. محەمەد قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی لە سلێمانی و قوتابخانەی عەسکەری لە ١٩٤١ لە بەغدا تەواو کردووە و بووە بە نائیب زابتی ئیعاشە لە هەولێر. ساڵی ١٩٤٢ پلەکەی بەرز کراوەتەوە بۆ مولازمی دووەم و دانراوە بە ئەفسەری سەربازگرتن (تەجنید)ی ڕەواندز. ئەندامێکی باڵی عەسکەریی حزبی (هیوا) بووە. لەبەر جموجووڵی سیاسی لەتەک کۆمەڵێک هاوڕێی لە ڕەواندز دوور خراوەتەوە، پاشتر گەڕێنراوەتەوە. ڕۆژی ١٩٤٥/٦/٤ لەگەڵ جەلالی ئەمین بەگی ئەفسەری چووەتە پاڵ جووڵانەوەی بارزان، بووەتە ئەندامی (هەیئەتی ئازادی) و پاش شکستی جووڵانەوەکە، لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا لەگەڵ بارزانییەکان و بەشدارانی دیکە ئاودیوی کوردستانی ئێران بووە، بۆیە ڕۆژی ١٩٤٥/١٢/١ لە غیابی خۆیدا حوکمی ئیعدام دراوە. سەردەمی حکومەتی میلیی کوردستان لە مەهاباد وەک ئەفسەر لە لەشکردا کاری کردووە، وەکیل و دەمڕاستی مەلا مستەفای بارزانی بووە. یەکێک لە ٩ ئەندامەکەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە و دوای ڕووخانی ئەو حکومەتە هاتووەتەوە بۆ عێراق و خۆی بە دەستەوە داوە. ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٩ لەگەڵ سێ هاوڕێی دیکەی لە سێدارە دراوە. تەرمەکەی بە ڕێورەسمێکی جەماوەری لە گردی سەیوان بە خاك سپێرراوە. قودسی خوتبەخوێنێکی دیار و وتار و پەخشاننووسێکی هەڵکەوتوویش بووە. لە گۆڤاری گەلاوێژ و ڕۆژی نوێدا نووسینی بلاو بووەتەوە. نامیلکەی نیشتمان و نیشتمانپەروەری چییە؟ وەرگێڕراوێکی ئەوە کە لە کتێبی (ماهو الوطن وماهي الوطنية)وە وەرگێڕراوە، ساڵی ١٩٤٧ لە (دار الحكمة) لە بەغدا چاپ کراوە و لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی (پێشکەوتن)ە لە ڕەواندز. (ئامادەکار)

کاك هەمزە عەبدوڵڵا کە پێشتر بە هاوکاریی شۆڕشییەکان چووبووە ئێران، ئەم جارە بە نوێنەریی ئەمانە گەڕایەوە بۆ کوردستانی عیراق، وە دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ شۆڕشییەکان و ڕزگاری، هەردوو لایان بە گشتیی دەنگ مەسەلەی دانانی (پارتی پێشڕەوی دیموکراتی) یان پەسەند کرد، کە لە هەموو ڕێکخراوەکانی کوردستان (شۆڕش) و (ڕزگاری) و لقی (ژ.ك) لە عیراقدا پێك بێت. بەڵام لقی (ژ.ك) کە مەسئوولەکەیان مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەو ڕەئییە بوون، کە بە هەموو کوردستان یەك حزبی دیموکراتی پێشڕەو هەبێت، هەر وەك نەیاندەویست لەم ناکۆکییەدا کە لە نێوان قازی محەمەدی نەمر و مەلا مستەفادا هەبوو، دەست لە قازی و حزبی دیموکراتی کوردستان بەردەن بۆ مەلا مستەفا.

پاشان لە کاتی کۆبوونەوەی کۆنگرێسی شۆڕش و ڕزگاریدا لە هاوینی (١٩٤٦)دا بۆ بڕیاردان لەسەر ئەم حزبە دیموکـــراتە نوێیە، شۆڕشییەکان لە ناو خـــۆیاندا تێك چوون. حـــەمید عـوسمان و خوالێخۆشبوو جـــەمال حـــەیدەری[1] لـــەو ڕەئییەدا بوون کـــە (ڕێکخستنی شیوعیی تایبەتی) ئەبێ هەر بمێنێ. کاك ساڵح حەیدەری و عەلی عەبدوڵڵا[2]

١- جەمال حەیدەری (١٩٢٦–١٩٦٣): جەمال حەیدەر حەیدەری، ساڵی ١٩٢٦ لە هەولێر لە دایك بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٤٥ لە خانەی مامۆستایانی باڵا لە بەغدا وەرگیراوە و لە بەشی زمانی ئینگلیزی خوێندوویەتی. بە هۆی چالاکیی سیاسییەوە لە خوێندن فەسڵ کرا. لەگەڵ دامەزراندنی حزبی شۆڕشدا لە ساڵی ١٩٤٥، بوو بە بە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە، دواتریش چووەتە ناو حزبی شیوعی و لە ساڵی ١٩٤٨دا بووە بە بەرپرسی لیژنەی محەلیی هەولێر. ساڵی ١٩٤٨ گیراوە و حەوت ساڵ حوکم دراوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٥٣ توانیویەتی لە بەندیخانە ڕابکات. هەر لە بەندیخانە لەگەڵ عەزیز محەمەد سەرکردایەتیی کۆمەڵەی (راية الشغيلة)ی کەرتخوازی کردووە کە لە حزبی شیوعی جیابببووەوە. لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩–١٩٦١ لە یەکێتیی سۆڤییەت (ئامۆژگای جیهانبینیی لینین – بەشی فەلسەفە)ی تەواو کردووە. بەعسیەکان لە ساڵی ١٩٦٣دا لە سێدارەیان دا. بڕوانە: بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری (١٩٢٢–٢٠٠١)، ڕۆڵی سیاسی و ڕووناکبیری، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانە و ئەرشیڤی مومتاز حەیدەری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٩، ل ٢٨. (ئامادەکار)

٢- عەلی عەبدوڵڵا (١٩٢٤–٢٠١١) عەلی عەبدوڵڵا قادر دەروێش، ١٩٢٤ لە شاری ڕەواندز لە دایک بووە. تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە و نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، بۆیە دەستی داوەتە کاسبی و کتێبفرۆشییەکی بە ناوی (سەرکەوتن)ەوە داناوە. لە پاش بڕانەوەی جەنگی دووەمی جیهان، بە پێشنیازی پیرەمێردی شاعیر کردوویە بە (پێشکەوتن). لە لاویدا چووەتە ڕیزی حزبی (هیوا) و پاشان بووە بە ئەندامی حزبی شیوعیی عێراق. ساڵانی ١٩٦٤–١٩٨٠ لەبەر هەڵوێستی سیاسی، چەند جارێک گیراوە و دوور خراوەتەوە بۆ بەندیخانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و تێکڕا ١٠ ساڵێکی تەمەنی لە زینداندا بەسەر بردووە. ڕۆژی ٢٠١١/٧/٢٧ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (گەردە گەردەی)ی ڕەواندز نێژراوە. بڕوانە: گەلاوێژ، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح، عەبدوڵڵا زەنگەنە، بەرگی یازدەیەم (ژیاننامە و پێرست)، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، لاپەڕە ٤٩–٥٠. (ئامادەکار)

پێشکەوتن (ڕەواندز)، لەو ڕەئییەدا بوون کە ئەبێ سەرکردەی حزبی نوێ بەشی زۆریان لە شۆڕشی و عەناسیری پێشکەوتوو بن، وە دژی تەقەلای کاك هەمزە بن، کە (شێخ لطیفی شێخ مەحموود و (محەمەد زیاد ئاغای غەفووری)[1] بکــرێنە جێگری یەکـــەم و دووەمی سەرۆکی حزب، کە بڕیار بوو مەلا مستەفای بارزانی بێت. پاشان کاك (نافع یونس)یش چووە سەرئەم ڕەئییە. واتە ناکۆکیی نێوان ئەمانە و کاك هەمزە لەسەر (جۆری پێکهێنانی سەرکردەی حزبەکە) بوو، نەوەکا لەسەر پێویستیی بوونی ئەم حزبە پێشڕەوە دیموکراتییە. دوای ئەوەی مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا بۆی نەسەلماندن، ئەمانیش لەگەڵ حەمید و جەمال حەیدەری یەکیان گرتەوە و چوونە ناو حزبی شیوعیی عیراقییەوە.

شۆڕشییەکانی تر و ڕزگارییەکان بە گشتی بڕیاری چوونە ناو (پارتی دیموکراتی کوردی – عیراق)یان دا، واتە پێکیان هێنا. ئەوە بوو لە ١٦/ئابی/١٩٤٦دا بە شێوەی کۆنگرێسی یەکەمی (پارتی دیموکراتی کورد – عیراق) کۆ بوونەوە و (میثاق) و پرۆگرام و پەیڕەوی پارتییەکەیان بۆ مامۆستا هەمزە وەك هێنابووی لەگەڵ خۆی، سەلماند و کۆمیتەی ناوەندیی پارتییشیان بەو جۆرەی کاك هەمزە داوای کردبوو ــ واتە بە کردنی شێخ لطیف و کاکە زیاد ــ بە جێگری یەکەم و دووەمی سەرۆك هەڵبژارد.

---

١- کاکە زیاد (١٩١٤–١٩٩١): کوڕی حەمەئاغای گەورەیە، لە بنەماڵەی غەفورییە، حەمەئاغای باوکی پیاوێکی چاکەخواز و نانبدە بووە. لە کاتی گرانییەکەدا ڕۆڵی جوامێرانەی خۆی نواندووە و خەڵکێکی زۆری نەتەوەکەی لە برسێتی و مردن ڕزگار کردووە. کاکە زیاد هەرچەند خوێندنی تەواونە کردووە، بەڵام هەمیشە پشگیریی خوێندەواریی قوتابیان بووە. مرۆڤێکی ڕووناکبیر و دەست و دڵفراوان و خۆشەویستی خەڵکی بووە. هەر لە سەرەتای ژیانیەوە تاکو دوارۆژی بریتی بووە لە سەروەری و نەبەردی و کوردایەتیی ڕاستەقینە و نەریتی جوانی نیشتمانپەروەری، بیروباوەری پێشکەوتنخوازانە بووە و لەگەڵ خوێندنی کچاندا بووە. ئاغایەکی بەدەسەڵات بووە، هەمیشە یارمەتی و پشگیریی جووتیارانی کردووە، هەرگیز دەستدرێژیی نەکردووەتە سەریان. هەردەم پەیوەندیی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازە تێکۆشەرەکانی کوردی عێراقدا هەبووە. لە چلەکاندا لە حزبی هیوادا ڕۆڵەیەکی فیداکار بووە. پاشان ساڵی ١٩٤٦ کرا بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق و وەك ئۆپۆزسیۆن ڕەفتاری کردووە (بە جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کورد دانراوە). لە شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١دا لە پێشەوەی شۆڕشگێڕاندا بووە. هەر ئەو کاتە دەگیرێت و ماڵەکەشی بە سووتان دەچێت تاکو ١٩٦٣، پاشان گەڕاوەتەوە ناو شۆڕش و ساڵی ١٩٧٥ دوای نسکۆ واز لە سیاسەت دێنێ و لە بەغدا نیشتەجێ دەبێ. لە پێش ڕاپەڕین بە نەخۆشی دەگەڕێتەوە کۆیە. مانگێك دوای ڕاپەڕین و لە کۆڕەوەکەدا کۆچی دوایی دەکات. بڕوانە: یاسین صابر صاڵح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، ل ٨١٨. (ئامادەکار)

بەم جۆرە، دوو حزبی پێشڕەوەی دیموکراتی لە کوردستاندا هاتنە کایەی خەباتی شۆڕشگێڕانەوە: حزبی دیموکراتی کوردستان لە (کوردستانی ئێران)دا و (پارتی دیموکراتی کورد – عیراق) لە کوردستانی عیراقدا.

دامەزراندنی ئەم دوو حزبە پێشکەوتووە پێشڕەوەی کوردستان، خۆی لە خۆیدا گەورەترین دەسکەوتی کوردایەتی بوون لە دوای جەنگی گێتیی دووەمدا، چونکە دوو پارتی پێشڕەوی گونجاو لەگەڵ پێویستییەکانی پێشکەوتن و سەرکەوتنی کوردایەتی و ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، وە لە ناوجەرگەی کۆمەڵانی ڕەنجدەرەوە هەڵقوڵا و هاتنە کایەوە. سەبارەت بە چالاکیی ئەم دوو حزبە، کوردایەتی زۆرتر پەرەی سەند و پتر گەشەی پێ کرا. هەر وەك ڕێگەی دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەت بۆ کورد لەسەر پشت کرایەوە، کە بۆ کوردایەتی کەڵکی زۆر هەبووە. لە سایەی ئەم دوو حزبەوە، کوردایەتی بە تەواوی خرایە سەر ڕێبازی خەباتی جەماهیریی شۆڕشگێڕانەی هۆشیارانە، وە بە تەواوی بووە بە بزووتنەوەیەکی جەماهیریی پێشکەوتوانەی دوژمن بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی.

هەروەها لە سایەی خەباتی پارتی دیموکراتی کورد (کە پاشان بووە بە کوردستان)، کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی دیموکراتی کوردستان پاش (١٩٥٠) دامەزراندران. لە دوای دامەزراندنی ئەم دوو حزبە دیموکراتییە پێشکەوتووە بوو کە کوردایەتی ڕێگەی خەباتی یەکگرتووی گرتە بەر شانبەشانی گەلانی دراوسێ و برای عەرەب و فارس و ئازربایجان. لە عیراقدا لە دوای دامەزراندنی پارتی، کوردایەتی بە تەواوی دروشمی برایەتیی کورد و عەرەب و یەکێتیی تێکۆشانی هەردوو نەتەوەی بەرز کردەوە. پارتی بوو شیعاری (على صخرة الاتحاد العربي الكردي يتحطم الاستعمار و مشاريعه)ی داڕشت و هەڵکرد.

## پاشەکشەیەک لە کوردایەتیدا:

لەگەڵ ئەو هەموو خزمەت و کەڵکەی ئەم دوو حزبە پێشڕەوی کوردستان بۆیان بوو بە کوردایەتی، بەڵام لە دامەزراندنیانا هێندێ کەموکورتی هەبوو، کە هەرە گرنگەکەیان پاشەکشەیەك بوو لە کوردایەتیی خەملێودا. ئەمیش بریتی بوو لە هێنانەوەی دەستەیەك لە (موڵکدار و سەرەك عەشیرەتەکان) بۆ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردایەتی و حزبە پێشڕەوەکانی، لە ئەنجامی هێنانی قازی محەمەد بە دەستەودایەرەیەکی موڵکدار و سەرەك عەشیرەتەوە، وە هێنانی مەلا مستەفا بە دوو موڵکداری گەورەی کوردەوە بۆ سەرکردایەتیی ئەم دوو حزبە: ئەمە هەرچەندە قازی محەمەد وەك پیاوێکی تێگەیشتووی خوێندەوار جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ مەلا مستەفای نەخوێندەواری سەرەك عەشیرەتدا هەبوو. بەڵام ئەو تاقمەی قازی محەمەدی نەمر لەگەڵ خۆی کردنی بە سەرکردەی حزب و دەوڵەتی کوردستان، بەشی هەرە زۆریان پیاوی موڵکدار و توجاری دینی بوون، وە ژمارەیەکی زۆر کەم لە دامەزرێنەرانی (ژ.ك) لە کۆنەوە تێکۆشەرە کوردەکانی ڕووتەڵەی وەك مامۆستا زەبیحی لە سەرکردایەتی حزبدا مابوون.

ئەم هەنگاوە پاشەکشەیەك بوو لە کوردایەتیی ڕزگاربوودا، لە سەرکردایەتیی دەرەبەگ و شێخ و موڵکدارەکانی کورددا، وە بووە هۆی دروستکردنی سەرکردایەتییەکی (دوولکانە ــ جمکانە ــ ثنائي)، لە لایەك هێندێ شێخ و موڵکدار و سەرەك عەشیرەت، وە لە لایەکی تر هێندێ خوێندەوار و ڕووتەڵەی تێکۆشەر. بەڵام دەستەی یەکەم سەبارەت بە مەرکەزی کۆمەڵایەتی و توانا و دەسەڵاتی ماڵی و ئیجتیماعی خۆیان، دەستەی دووەمیان بە لاوە نا، بە تایبەتی لە کوردستانی ئێراندا.

چونکە لە کوردستانی عیراق، سەبارەت بە دووریی مەلا مستەفا و کەمتەرخەمیی شێخ لطیف و پیاوچاکیی شێخ لطیف و کاکە زیاد، کار بە تەواوی هەر لە دەست خوێندەوارە شۆڕشگێڕەکانی وەك کاك هەمزە عەبدوڵڵا و دکتۆر جەعفەر بوو. بەڵام دیسان بوونی ئەم دوو موڵکدارە پیاوماقووڵەی کورد لە سەرکردایەتیدا، زۆر زیانی بە پارتی گەیاند، جارێ لە پێشەوە دەستەیەکی زۆر باشی لە شۆڕشییەکان (بە تایبەتی لە لقی هەولێری شۆڕشدا) لە حزبەکەی دابڕی، پاشان شیوعییەکان دیعایەیەکی زۆریان پێوە کرد لە ناو خەڵکدا بۆ

ئەوەی پارتی بە حزبی (موڵکدار و ئاغا و بۆرژوازی) بدەنە قەڵەم.

جگە لەمە، پاشان مەلا مستەفا ئەم سەرۆکایەتییەی خۆی زۆر بە توندی دژی پارتی و ناوەڕۆکە دیموکراتی و مەبادیئی سیاسی و تەنزیمی پارتی بەکار هێنا، دژی پارتی و دژی گەشەپێدانی ناوەڕۆکی دیموکراتی و شێوەی گەلیی شۆڕشەکە بۆ سەپاندنی شێوە و ناوەڕۆکێکی عەشایری و (بارزانچییەتی) بەسەر شۆڕشدا. ئەم سەرۆکایەتییەی بارزانی کە هیچ کاتێ لە ڕووی تەنزیمی و فیکری و نووسین و شەرحی زرووفی سیاسی و تەنزیمی پارتی لە لایەن بارزانییەوە بەکار نەهێندراوە (چونکە توانای ئەم شتانەی نەبووە) لە ڕووی تێکدان و شێواندنی پارتی و مەبادئی سیاسی و تەنزیمی و ژیانی پارتایەتییەوە زۆر زەرەربەخش بووە. جگە لەوەی کە بووە هۆی پەیدابوونی عیبادەتی (فەرد) لە کوردایەتیدا. ئەو هەنگاوە کۆنەپەرستانەیە زامێکی لە کوردایەتی کرد کە تا ئێستەش پێوەی ئەناڵێنێ.

-٣-

# دەرس و پەندەکانی کوردایەتی

- ناسینی هێزی بنچینەیی و ڕزگارکەری کوردستان
- ناسینی دوژمن: ئیمپریالیزم – شۆڤێنیزم – تۆرانیزم(١)
- ناسینی دۆست: گەلانی گێتی – دەوڵەتە سۆشیالیستەکان
- پێویستیی ڕێکخستن لە کوردایەتیدا
- پێکەوەبەسترانی هەموو پارچەکانی کوردایەتی
- کەڵکی دیموکراسی بۆ کوردایەتی و پێویستیی هاوکاری لەگەڵ گەلانی دراوسێدا

---

١- تۆرانییەت: تۆرانییەت بزووتنەوەیەکی بیرتەسکی تورکییە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا وەک ڕێبازێکی دوژمنکارانە سەری هەڵداوە، تاکو شۆڕش لە ساڵی ١٩٠٨ بە تورکیادا بڵاو بووەوە، بە مەبەستی بەتورککردنی ئەو نەتەوانەی کە تورک نەبوون و لەژێر دەسەڵاتی تورکیادا بوون. دواجاریش شێوەیەکی تازەی وەرگرت کە ئەویش ئەوە بوو بانگی ئەکرد بۆ یەکخستنەوەی (توران)ی نیشتمانی، کە بریتی بوو لە هەموو کوردستان و بەشێکی زۆری عێراق و هەر لە مەنگۆلیا و خۆرئاوای ژوورووی چینەوە تا تورکیا و مەجەر لە خۆرئاوا، هەروەها لە قەوقاز (لە یەکێتیی شوورەویی جاران) و ئازەربایجانی ئێرانەوە تا ئەفغانستانی دەگرتەوە، بەو بڕوایەی کە ئەو نەتەوانەی لەو وڵاتانەدا دەژین، هەموویان یەک نەتەوەن کە ئەویش تورکە. بڕوانە: یاسین صابر صاڵح س.پ. ل ٣٤٥–٣٤٨. (ئامادەکار)

وەنەبێ کوردایەتی بەرامبەر بەو ڕووداوانە و بەسەرهاتانەی باس کران، دوورەپەرێز بووبێت، بەڵکو زۆر کاریان تێ کردووە و زۆر گۆڕان و گەشەکردنیان بەسەر یەك هێناوە.

جگە لەمە، کوردایەتی بە تاقیکردنەوەی تایبەتی خۆی، هێندێ ڕاستیی مێژوویی زۆر گرنگی بۆ ساغ بۆتەوە، کە هێندێ پەند و دەرسی باشیان بۆ کوردایەتی بە میرات بەجێ هێشتووە، بە جۆرێ، کە کەڵکوەرگرتن لێیان دەستێکی باڵای ئەبێت لە چاکتر گەشەپێکردن و خەملاندن و سەرخستنی کوردایەتی. بۆیە پێویستە لێرەدا ئەم دەرسانە و پەندانە لە خوارەوە بە کورتکراوەیی باس بکەین:

١– کوردایەتی لەو ڕاستییە گەیشت کە هێزی بنچینەیی و هێزی ڕزگارکەری کوردستان، هەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، بە تایبەتی کۆمەڵانی خەڵکی ڕەنجدەر و جووتیاران (فەلاح) و کرێکاران و خوێندەوارانی شۆڕشگێڕ و ڕەنجدەرانی کوردستان هێزی بنچینەیی ئەم کوردایەتی و ڕزگارکردنەی کوردایەتین، وە هێزەکانی تریش هێزی کاسبکاران و توجارانی نیشتمانپەروەر و موڵکدارە بچکۆلە نیشتمانپەروەرەکان و هەموو کوردپەروەرێکی تریش هێزی هاوکاریکەر و بەشدارن لەگەڵ ئەم هێزە بنچینەییانەی لە کۆڕی کوردایەتی و ڕزگارکردنی گەل و نیشتماندا.

٢– دوژمنی سەرسەختی کورد و کوردستان و کوردایەتی، ئیمپریالیزم و داگیرکەران و کۆنەپەرستەکانی نۆکەریانن. ئەوانن کورد و کوردستانیان داگیر و دابەش کردووە و هەموو مافەکانیان لێ زەوت کردوون، هەر وەك ئەوانن بە زۆری زۆرداری، بە هێز و چەك و تۆپ و تانك، بە ئاگر و ئاسن، بە کوشتن و بڕین و تۆقاندن و گرتن ڕێگەی ڕزگاری و پێشکەوتنی کورد و کوردستانیان گرتووە.

هەروەها (تۆرانیزم) و شۆڤێنیزمی عەرەب و فورس و هێزی نەتەوەپەرستە چڵێسەکان هاوکاری ئیمپریالیستەکان بوون لە داگیر و دابەشکردنی کوردستاندا، لە بە دیل و کۆیلە هێشتنەوەیاندا. ئەمانەش دوژمنی کوردایەتین، یان هەر بە داگیر و دابەشکراو هێشتنەوەی کورد و کوردستان و چەوساندنەوەیانە.

٣– کوردایەتی لەو ڕاستییەش گەیشت کە دەسکەوتی گەلان یەکە، کە بزووتنەوەی ڕزگاریی هەموو گەلان زنجیرەیەکی بەیەکەوەگرێدراوە، کە دۆستایەتی و برایەتیکردن

لەگەڵ گەلان لەسەر بناغەی وەکیەکی (مساواة)، لەگەڵ گەلانی دراوسێ بە تایبەتی، وە گەلانی گێتی بە گشتی داڕێژێت.

کوردایەتی زۆر پێویستی بەوە هەیە کە ڕاستی و ڕووی گەشی کوردایەتی و مەسەلەی کورد لە گەلان بگەیەنێت تا بتوانێ پشتیوانیی گەلان بۆ خۆی مسۆگەر کات. بە تایبەتی لەبەر ئەمەش، چونکە ئیمڕۆ هیچ گەلێك تەنها هەر بە هێزی خۆی ڕزگاربوونی زەحمەتە. کوردیش لە گەلانی تر زیاتر پێویستی بە یارمەتی و هاریکاریی گەلانە، نەك هەر لەبەر ئەوەی کەگەلێکی بچووکی بێ سەناعەت و بێ چەك و جبەخانەیە، وە لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر دواکەوتووە، بەڵکو چونکە ئیمپریالیستەکان و داگیرکەران و نۆکەرانیان هەوڵ و کۆششێکی زۆریش ئەدەن بۆ شێواندنی ڕووی گەشی کوردایەتی و شاردنەوەی عەدالەتی مەسەلەی کورد لە گەلانی دنیا بە نیازی لەناوبردنی کورد و کوردستان و تەنانەت نەهێشتنی ناوی کورد و کوردستانیش، یان هیچ نەبێ نەهێڵن کەس پشتیوانیی کورد بکات. بەڵام خەباتی نەپساوەی گەلی کوردستان، وە هەوڵ و کۆششی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و چەند کوردپەروەرێکی وەك دکتۆر کامیران بەدرخان و لیژنەی پارێزگاریی مافی گەلی کورد بۆ ناساندنی کورد و کوردستان بە گەلانی ئەورووپا، وە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی کوردستان لەساڵی (١٩٦١)دا، هەروەها ڕووداوەکانی تری عیراق لەگەڵ چالاکیی لیژنەی بەرزی پارێزگاریکردنی مافەکانی گەلی عیراق و چالاکی نوێنەرانی کورد لە دەرەوە، هەموو ئەمانە دەستێکی باڵایان بووە لە چاکتر ڕوونکردنەوەی مەسەلەی کورد بۆ گەلانی ئەورووپا بە تایبەتی، وە بۆ گەلانی دنیا بە گشتی.

ئیمڕۆ کوردستان و مەسەلەی کورد تا ڕادەیەکی باش بە دنیا ناساندراوە. پشتیوانیکردنی مەسەلەی کوردیش لە لایەن دەوڵەتەکانی بەرەی سۆشیالیستی بە گشتی، وە لە لایەن یەکێتیی سۆڤیاتیی مەزنەوە بە تایبەتی، کارێکی زۆریان کردۆتە سەر ڕوونکردنەوەی ڕووی گەشی کوردایەتی. نامەکانی وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیاتی ئەندریە گرۆمیکۆ ساڵی (١٩٦٣) بۆ دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و سوریە و عیراق، دانی مەسەلەی کورد بە لیژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە لایەن وەفدی سۆڤیاتییەوە، پێشکەشکردنی یادداشت بۆ ئەنجوومەنی ئاشتی و دەوڵەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لایەن (میندورونکو)ی نوێنەری سۆڤیاتییەوە، داوای (مەنگولیا)ی گەلی کە مەسەلەی

کورد بخرێتە پرۆگرامی دەورەی هەژدەمینی کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان،[1] لەگەڵ ئەو هەموو بەیان و وتارەی ڕۆژنامەکانی سۆڤیاتی و ئاژانسی تاس بڵاویان کردەوە، دەستێکی باڵایان هەبوو لە دڕاندنی ئەو پەردە ڕەشەی ئیمپریالیزم و شۆڤێنیزم و دوژمنانی تر دەمێك بوو مەسەلەی کوردیان لە ژێرا دەشاردەوە.

ڕۆژنامە گەورەکانی دنیا، بە تایبەتی لە یەکێتیی سۆڤیاتی و بەریتانیا و فەڕەنسە و نەمسا و لبنان و سویسرە و ئەڵەمانیا و گەلێ وڵاتی تر، زۆریان لەسەر کورد و کوردستان بڵاو کردەوە و تا ڕادەیەکی باش بە گەلانیان ناساندن. دیارە هەموو ئەمانەی ڕابورد، تا ڕادەیەکی باش مەسەلەی کوردیان بە دنیا ناساندووە، بەڵام هێشتا پێویستییەکی زۆرمان هەیە بە چاکتر و زۆرتر ناساندنی کوردایەتی بە گەلانی دنیا. بۆیە ئەبێ کۆشش لەم مەیدانەشدا بەردەوام بێ و زۆرتر فراوان کرێت. هاوکاریی لەگەڵ گەلانی دراوسێ و گەلانی تری دنیا ئەبێ بەهێز و ڕێکوپێکتر کرێت. بەشداربوون لە کۆمەڵانی لاوان و قوتابیان و ئافرەتان و ئاشتیخوازان و کۆنگرەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا ئەبێ زۆرتر و فراوانتر کرێت. پەرەپێدانی چالاکیی کۆمەڵەی خوێندکاران و لیژنەی پارێزگاریی مافی گەلی کوردیش ئەبێ باشتر و خێراتر کرێت. بەڵام لە هەموو گرنگتر و کاریگەرتر، نەپساندنەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانە لە وڵاتدا، چونکە ئەم خەباتە چاکترین سەرچاوەی ئەم کارە گرنگەیە.

٤- ڕێکخستنی هەموو هێزەکانی گەلی کوردستان، وە سازدانیان لە خەباتدا بە ڕابەریی پارتی پێشڕەوی دیموکراتی کوردستان، شەرتێکی بنچینەیی سەرکەوتنە. ئەم ڕێکخستنە و یەکخستنەی هەموو هێزەکانی گەلی کوردستان ئەبێ هەموو چینە نیشتمانی و پارتی و ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و کوردپەروەرە دڵسۆزەکان بگرێتەوە. بێ ئەمە کوردایەتی بە ئامانج ناگات و سەرکەوتن وە دەست نایەت.

٥- کوردایەتی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا یەك بزووتنەوەی مێژووییە. واتە هاریکاری لە نێوان هەموو پارچەکانی کوردایەتیدا پێویستە، چونکە هەموویان لە یەك سەرچاوە ئاو دەخۆنەوە، بەڵام زرووفی تایبەتی هەریەکێ لەو پارچانە، وە پێویستیی کەڵکوەرگرتن لە ناکۆکییەکانی نێوان داگیرکەرانی هەموو پارچەکان،

---

١- یەکێتیی سۆڤییەتی جاران هەرگیز پشتیوانی مەسەلەی کورد نەبووە، ئەم یادداشتەش لە ڕێی مەنگۆلیاوە نەخرایە پرۆگرامی کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان. (ئامادەکار)

ئەبنە هۆی جیاوازیی پیلانی نیمچە مەرحەلی و تاکتیکی هەریەکێ لەم پارچانەی کوردایەتی، جیاوازییەك کە گونجان لەگەڵ واقیع بۆ سەرکەوتنی کوردایەتی گەرەکییەتی.

٦- ڕزگاربوونی عیراق لە ئیمپریالیزم و پەیمانی بەغدا[1]، وە دامەزراندنی کۆماری عیراق کە بە کۆماری کورد و عەرەب ناوی دەرکرد و لە ماددەی سێیەمیندا هاوبەشی کورد و عەرەبی لە نیشتماندا سەلماند و دانی نا بە مافەکانی نەتەوایەتیی گەلی کوردەوە (با بە شێوەیەکی لێڵ و تەسکیش بووبێت)، هەنگاوێکی زۆر گەورەی بۆ کورد بردە پێش، بەڵام ڕزگاری نەکرد لە ئازاردانی نەتەوایەتی بە تەواوی. بەمەش دوو ڕاستیی زۆر گرنگ بۆ کوردایەتی دووپات بوونەوە:

یەکەمیان: ئەوە بوو کە ڕزگاربوون لە ئیمپریالیزم (لەگەڵ هەموو کەڵکە زۆر و زەبەندەکانی بۆ کوردایەتی)، ڕزگاربوونی تەواویی کورد نییە لە ئازاردانی نەتەوایەتیدا، واتە بەئامانجگەیشتنی تەواوی کوردایەتی نییە، چونکە هەر خێرا چینی خوێنمژی کاربەدەستی (گەلی کاربەدەست) جێگەی ئیمپریالیزم لە کورد ئەگرێتەوە، هەر وەك پێشتر بۆژوازییەتی ئازادی تورك ئەم شوێنەی لە کورد گرتەوە دوای سەرکەوتنی کەمالییەکان.

دووەمیان: بۆیە بێ ئەوەی حوکمێکی دیموکراتی ڕاستەقینەی تەواو لە وڵاتدا بچەسپێت، حوکمێك کە دژی هەموو ئازاردانێك بێت بە ئازاردانی نەتەوایەتییشەوە، کورد ناتوانێ کەڵکی تەواو لەم ڕزگاربوونە لە ئیمپریالیزم وەرگرێت.

تاقیکردنەوەی ساڵی دووەمی تەمەنی جەمهوریەتی عیراق ئەو ڕاستییەی بۆ ئێمە باش دەرخستووە، کە ئەمەندەی دیموکراسی لە عیراقدا پەرە بسێنێت، وە تا فرەوانتر بێت، ئەوەندەش کوردایەتی بۆ پێشەوە ئەچێت و گەشە ئەکات، وە بەپێی توانای خۆی کەڵکی لێ وەرئەگرێت.

بۆیە هاوکاریکردن لەگەڵ گەلانی دراوسێ لە عیراقدا، لەگەڵ گەلی عەرەب، وە یەکێتیی تێکۆشانی هەردوو گەل لەپێناوی حوکمێکی دیموکراتی ڕاستەقینەدا، یەکێکە لە شەرتەکانی سەرکەوتنی کوردایەتی، هەر وەك هۆیەکی گەورەی گەشەکردن و پێشکەوتنی کوردایەتییشە. لێرەدا هەر ئەوەندەی لەسەر دەڕۆم، چونکە لە باسەکانی داهاتوودا بە دوورودرێژی باسی ئەم مەوزووعانە دەکرێن.

---

١- پەیمانی بەغدا: پەیمانێکی سەربازیی پێنجقۆڵییە، ساڵی ١٩٥٥ لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراق و تورکیا و ئیران و پاکستان بەستراوە و تا ساڵی ١٩٧٩ بەردەوام بووە. بارەگای سەرەکی لە ئەنقەرە بوو و شوێنی کارکردنی ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. عێراق بە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لەم پەیمانە کشایەوە و لە شوێنی ئەم پەیمانە (سەنتۆ) دامەزرا. (ئامادەکار)

-٤-

# خاسیەتەکانی کوردایەتی

- پیشاندانێکی کوردایەتی
- کوردایەتی مێژووکردە
- بزووتنەوەی ڕزگاریی دیموکراسییە
- بزووتنەوەیەکی جەماهیریی فراوانە
- دوژمنی ئیمپریالیزم و داگیرکەران و کۆنەپەرستانە
- بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیە
- کوردایەتی و شۆڕش
- ڕزگاربوونی کوردایەتی لە کۆتی کۆن
- کوردایەتی هەستێکی نەتەوایەتیی بەهێزی هەیە
- سەرکەوتنی کوردایەتی بۆ گەلان باش و بەکەڵکە
- کوردایەتی زووزوو گەشە ئەکات
- کوردایەتی دوورە لە شۆڤێنیزم و کۆسمۆپۆلیتایەتی
- کوردایەتی، یەکێتیی تێکۆشانی لەگەڵ عەرەب گەرەکە

## پیشاندانی کوردایەتیی ئێستەمان:

لەمەی ڕابورد، بۆمان دەرکەوت کە کوردایەتی: بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی گەلی کوردستانە. بزووتنەوەیەکی جەماهیرییە، بڕبڕەی پشتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. ئامانجەکانی هەر ئامانجی سیاسیی ڕووت نییە، بەڵکو داخوازییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و خوێندەواریی خەڵکی کوردستانیشی تێکەڵاو بووە. مەسەلەی جووتیاران، واتە مەسەلەی ڕزگارکردنی جووتیارەکان لە زوڵموزۆری دەرەبەگەکان و چەوساندنەوە و ژیانی پڕ لە کوێرەوەری و پەندەگییەتیی دەرەبەگایەتی، بۆتە ناوەڕۆکی مەسەلەی نیشتمانیی کورد، کە کوردایەتی خەبات ئەکا بۆ چارەسەرکردنی، بە جۆرێك کە گەلی کورد بە مافی دیموکراتی و نەتەوایەتیی خۆی بگات. هەر وەك جووتیاران هێزی بنچینەیی لەشکری ڕزگاری، لەشکری کوردایەتی پێك دێنن.

کوردایەتی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی دوژمن بە ئیمپریالیزم و پیلانەکانیشیەتی، بۆتە خاوەن بیروباوەڕی دیموکرات و پێشکەوتووی خۆیشی. ئاڵای کوردایەتی، ئاڵای سەرکردایەتیی کوردایەتی، لە دەست شێخ و موڵکدار و سەرەك عەشیرەت و توجارە زلەکانی کورددا نییە، بەڵکو بە دەست پارتی پێشڕەوی کۆمەڵانی خەڵکەوەیە (پارتی دیموکراتی کوردستان).

کوردایەتی ئیمڕۆ دۆستی گەلانە، ئەڵقەیەکی زنجیرە نەپساوەکەی خەباتی گەلانە دژی ئیمپریالیزم و زۆرداران. بە برایەتیکردن و یەکێتیی تێکۆشان لەگەڵ گەلانی دنیا، کوردایەتییش دۆست و پشتیوانی بۆ خۆی پەیدا کردووە و بە تەنها نەماوەتەوە.

بۆیە کوردایەتی بۆتە دوژمنی شۆڤێنیایەتی و کۆسمۆپۆلیتایەتی و تاکڕەویی نەتەوایەتی. کوردایەتی ماك و سەرچاوەی پارتی پێشڕەوی خۆیەتی، پارتی پێشڕەوی کوردایەتی لە گۆڕان و گەشەکردن و پێشکەوتنی کوردایەتییەوە، لە موتووربەکردنی کوردایەتی بە بیروباوەڕی پێشکەوتووی دیموکراتی شۆڕشگێڕەوە پەیدا بووە، واتە پارتی پێشڕەویش مێژووکردە، بەرە و ڕابەری کوردایەتیی ئەم سەردەمانە. شۆڕش ڕێبازی کوردایەتی بووە. پارتی پێشڕەو شەرتی بنچینەیی سەرکەوتنی شۆڕشەکەیە. هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی کوردستان لە ئەیلوولی (١٩٦١)دا ئەم ڕاستییەی دووپات کردەوە، کە پارتی پێشڕەو چەند پێویست و بەکەڵکە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی کوردایەتی.

هەموو ئەم ڕاستییانەی سەرەوە و هێندێ ڕاستی تر بە دوورودرێژی لەم باسەی خوارەوەدا شی ئەکرێتەوە، باسی خاسیەتەکانی کوردایەتیی ئێستەمان.

## خاسیەتەکانی کوردایەتی ئێستەمان:

کوردایەتی لە ئەنجامی ئەو هەموو گۆڕان و پێشکەوتن و گەشەکردنەی بەسەری هاتووە و تیایا ڕوویان داوە، وە دوای ئەو هەموو بەسەرهات و تاقیکردنەوەی دەیان ساڵی خەبات و تێکۆشان وە لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتن و گەشەکردنەی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستاندا هاتووە، وە پاش بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی دیموکراتی و شۆڕشگێڕی و مارکسی لە کوردستاندا، کوردایەتی بە تینی ئەم ڕووداوە گرنگانە، وە لە ئەنجامی تەفاعولکردنی لەگەڵیاندا، لە بۆتە و قاڵبی خۆیدا قاڵ کرایەوە و شێوەی تایبەتی خۆی وەرگرت، بە جۆرێ، کە ئەم خاسیەتانەی خوارەوەی پێوە دەبیندرێت، ئەم خاسیەتانەی کە خوازتراوە و هەڵبەست نین بۆ کوردایەتی، بەڵکو خاسیەتی کوردایەتی خۆیین کە لە ئەنجامی گەشەکردن و پێشکەوتنیا لێی پەیدا بوون: ئەم خاسیەتانەش ئەمانەی خوارەوەن:

## کوردایەتی مێژووکردە وە مەوزووعییە:

یەکەم: کوردایەتی مێژووکردە و بزووتنەوەیەکی مەوزووعییە (حركه تأريخية موضوعية)، واتە دەستکردی هیچ کەس و تاقمێك نییە، شتێکی بێ ڕێوجێ و ڕەگوڕیشە نییە لە مێژوودا، هەر وەك بێ بنجی کۆمەڵایەتییش نییە، بەڵکو بزووتنەوەیەکە لە ناوجەرگەی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستانەوە هەڵقووڵاوە، ڕەگوڕیشەی قووڵ و توندی لە ناوجەرگەی موجتەمەعی کوردستاندا داکوتاوە، ڕێبازی تایبەتی و جۆری گۆڕان و گەشەکردنی خۆی هەبووە لە مێژووی کوردا، بێ ئەوەی بە ئارەزوو یان بە فیتی ئەم و ئەو بووبێت، چۆن؟ وە بۆ؟

چونکە لە ئەنجامی داگیر و دابەشکرانی کوردستان و زەوتکرانی مافەکانی گەلی کورد لە لایەن داگیرکەران و ئیمپریالیزم دەسەڵاتی بێگانە، هەمیشە بۆتە کۆسپ و تەگەرە لە پێش هەموو پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتیدا. ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەی کە حەتمیەتێکی مێژووییە، هەر بووە و هەر ئەبێت، ئەو پێشکەوتنەی کە دەسەڵات و حوکمی داگیرکەران بەربەستی ئەکرد و ڕێگری ڕوودانی بوو، وە ماوەی نەئەدا بە جۆری

ئاسایی (أعتيادي) گەشە بکات. وە هەر وەك لە پێشەوە نیشان درا، لە سەرەتای چەرخی نۆزدەهەمەوە ناوەڕۆکە سەرمایەدارییە نەونەمامەکەی (جەنینییەکەی) موجتەمەعی کوردستاندا پەیدا بوو، وە کەوتبووە جووڵە و بزووتن ڕووەو گەشەکردن، بەڵام دەسەڵاتی بێگانە بەرهەڵستیی ئەم ڕوودانە مێژووییەی ئەکرد، جگە لەمە، دەسەڵاتی بێگانە و داگیرکردنی کوردستان مایەی بەندەگییەتی و کوێرەوەری و باجستاندن و تالانکردنی کورد و کوردستان بوون، وە داگیرکەران هێز و چەکیان بەکار هێنابوو بۆ لەناوبردنی هەموو جۆرە حوکمێکی کوردی و سەپاندنی حوکمی مەرکەزیی داگیرکەرانە بەسەر هەموو کوردستاندا، کە ئەمەش بەرەنگاری هێزی تازەپشکوتووی موجتەمەعی کوردستان و هەست و ویستی کوردان و ئارەزووی ئازادی گەلی کوردستان بوو.

لێرەدا دوو هێز بەرەنگاری یەکتر بوون. یەکێکیان هێزی داگیرکەران بوو کە گەرەکی بوو بە زۆری زۆردار بەندەگییەتی و کۆیلەیی و ڕاووڕووت بەسەر کوردستاندا بچەسپێنێت، وە ڕێگەی هەموو جۆرە پێشکەوتنێکی لێ ئەگرت، وە دەیەویست ناوەڕۆکە نەونەمامەکەی وشك کات.

دووەمیان: ئەو هێزە کوردییە بوو کە کۆیلەیی و بەندەگییەتیی نەدەویست و نەیدەسەلماند، وە بەرهەڵستیی سەپاندنی حوکمی مەرکەزییەتی داگیرکەرانی ئەکرد، وە ئەیەویست ڕێگەی گەشەکردن و پێشکەوتنی لێ نەبەسترێت، ئەم هێزە کوردییەی کە ڕووی دەرەوەی سەردار و ناودارەکانی کورد بووبێ، بەڵام ناوەڕۆکەکەی، نەونەمامە سەرمایەدارییەکەی، موجتەمەعی کوردستان بوو.

ئەم دوو هێزە بەرەنگاری یەکتر بوون و بەگژیەکدا چوون، لەمەش بزووتنەوەیەکی کوردی پەیدا بوو کە سەبارەت بەوەی بۆ پاراستنی مافی کورد و حوکمڕایی کوردان بوو لە کوردستاندا دژی پەلامار و مەرکەزییەتی توندوتیژی داگیرکەران، بۆیە ئەم بزووتنەوە کوردییە شێوەیەکی نەتەوایەتیی بە خۆیەوە گرت. یانەخۆ بە جۆرێکی تر بڵێین، بزووتنەوەیەکی ڕزگاریی کورد، بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتیی کوردی دژی داگیرکردن و پەلاماردانی بێگانە، واتە کوردایەتی دەستی کرد بە پەیدابوون، واتە کوردایەتی پەیدا بوو دژی داگیرکەران، کە کۆسپی ڕێگەی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بوون. واتە (تەیاری تەتەوری ئیجتیماعی – پیلی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی) خۆی لەو بزووتنەوەی

ڕزگاریی نەتەوایەتییەیدا نواند، واتە کوردایەتی شێوەیەکی نەتەوایەتیی کوردی وەرگرت، وە ناوەرۆکەکەشی پیلی گۆڕان و پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی موجتەمەعی کوردستان بوو.

پەیدابوونی کوردایەتی بەم ناوەرۆکەوە حەتمیەتێکی مێژوویی بوو. ئەو کوردایەتییەی کە دیوی دەرەوە و ئاشکرای خەباتی ڕزگاریی نیشتمان و بەرهەڵستیی پەلاماردانی بێگانە و سەربەستیی نەتەوایەتی بوو.

بەم چەشنە، ئەبینین کە کوردایەتی لە لایەکەوە بزووتنەوەیەکی حەتمیی مێژووکردی مەوزووعییە، وە لە لایەکی ترەوە هەر سیاسیی ڕووت نییە، چونکە پیلی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی خۆی تیا ئەنوێنی، واتە ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی و ئابوورییشی هەیە. ئەم ناوەڕۆکە کە گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ئەگرێتەوە.

هەر بۆیەشە کە تا ئێستا کوردایەتی هەر بەردەوام بووە و هەر بەردەوامیش ئەبێ تا بە ئامانج ئەگات، بێ ئەوەی ئەو هەموو هێرش و پەلاماردانی بێگانە و زەخت و زوڵم و زۆر و تۆقاندن و کوشتارەی کە دوژمن لێی کردووە، توانیبێتی یان بتوانێ بیفەوتێنیت، وە هەر بۆیەشە کە ئەبێ هەر سەرکەوێ وە هەر بە ئامانج بگات.

## کوردایەتی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریی دیموکراسییە:

دووەم: سەبارەت بەوەی کە (تەیاری پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی) خۆی لە کوردایەتیدا ئەنوێنێ، وە سەبارەت بەو گۆڕانە گرنگ و زلانەی بەسەر دونیا و گەلاندا هاتوون، وە لەبەرئەوەی کە بزووتنەوەی نیشتمانیی گەلانی ژێردەستە بەشێکە لە شۆڕشی گشتی دژی ئیمپریالیزم (سەرمایەداریی بڵبووی گێتی)، وە چونکە ناوەڕۆکی مەسەلەی نیشتمانی بۆتە مەسەلەی جووتیاران، وە لە ئەنجامی موتووربەکردنی کوردایەتی بە بیروباوەڕی دیموکراسی و پێشکەوتوو، بۆیە: ئیمڕۆ کوردایەتی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریی دیموکراسییە. کە نیازی نەك هەر ڕزگاریی سیاسیی گەلی کوردە، بەڵکو نیازی وەدەستهێنانی ئامانجەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی (دیموکراتی) خەڵکی کوردستانیشە، بە چارەسەرکردنی مەسەلەی جووتیاران و ڕزگارکردنیانەوە لە چەوساندنەوەی ڕژێمی دەرەبەگی، بە چاککردنی کۆمەڵایەتییشەوە (الاصلاح الاجتماعي). یانەخۆ بە جۆرێکی

تر بڵێین، نیازی دانانی ڕژێمێکی دیموکراسییە لە شوێنەواری ڕژێمی بەندەگییەتی و داگیرکەراندا. مامۆستا عەزیز شەریف لە نامیلکەکەیدا (المسألة الكردية في العراق) لەم بابەتەوە ئەڵێ:

**((بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد نەك هەر بزووتنەوەیەکی پێشکەوتوانەیە لە ڕووی مەوزووعییەوە، بەڵکو بزووتنەوەیەکە پێشکەوتوانەش خێرا گەشە ئەکات لە بیروڕای کۆمەڵایەتییەکانیشیدا، لە دروشمەکانیشیدا)).**

## کوردایەتی بزووتنەوەیەکی جەماهیرییە:

سێیەم: کوردایەتی بزووتنەوەیەکی جەماهیرییشە، نەك هەر لەبەر ئەوەی کە بە دەیان هەزار کرێکار و ڕەنجدەر و کاسبکار و خوێندەواری شۆڕشگێڕ لەژێر ئاڵاکەیدا کۆ بوونەتەوە، کە بە سەدان هەزارانی تر دڵیان لەگەڵیانە، وە حەز بە سەرکەوتنیان ئەکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە بیر و هەست و ئامانجەکانی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکیشدا بڵاو بۆتەوە و کراون بە دروشمی خەڵك، هەر وەك چونکە کوردایەتی ئامانجە تایبەتی و کۆمەڵایەتییەکانی (سیاسی و ئابووری) و خوێندەواریی ئەم چین و دەستە کۆمەڵایەتییانەشی هەڵگرتووە.

مامۆستا عەزیز شەریف لە نامیلکەکەیدا باسی ئەوە ئەکا کە:

**((بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد عەناسیری ڕەنجدەری تیایە کە خاوەن بیروباوەڕی دیموکراسیی خۆیانن، وە شێوەی خۆیان ئەسەپێنن بەسەر ئەدەبی سیاسی و کۆبوونەوە و خۆپیشاندانە گشتییەکاندا)).**

## کوردایەتی خەباتێکی شۆڕشگێڕانە و دوژمنی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانە:

چوارەم: سەبارەت بەو خاسیەتانەی پێشەوە، چونکە ئیمپریالیزم و داگیرکەران بە هەموو هێز و توانایانەوە، بە هەموو وەسیلەیەکی دڕندانە و توندوتیژەوە ڕێگەی هێنانەدیی هەموو جۆرە ئامانجەکانی نەتەوایەتیی کوردیان گرتووە و بەربەستی ئەو پێشکەوتنە ئەکەن، کە حەتمییەتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی گەرەکییەتی، وە لەبەر ئەوەی کە کورد لە هەموو ماف و سەربەستییەکی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بێبەش کراوە، وە نەك هەر

ماوەی نەدراوە یان سەربەستیی ئەوەی نەبووە کە بە خۆشی و بە ئاشتی مافەکانی خۆی داوا بکات، یان بە ڕێگەی پەرلەمانی بیانسێنێتەوە، بەڵکو هەمیشە بە هێرش و پەلاماری خوێناوی، بە ئاگر و قوڕقوشم وەرامی دراوەتەوە. تەنانەت هێندی جار لێی قەدەغە کراوە کە داوای کوردبوونی خۆیشی بکا. وە چونکە گەلی کوردیش زۆر شەیدای ڕزگاری و سەربەستی و ئازادی بووە، وە هەمیشە سوور بووە لەسەر وەدەستهێنانیان بێ ئەوەی لە هیچ فیداکارییەکی پێویست بسڵەمێتەوە لەبەر هەموو ئەو هۆیانەی سەرەوە:

کوردایەتی دوژمنی سەرسەختی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانە، هێز و توانایەکی شۆڕشگێڕانەی زۆری تیا کۆ بۆتەوە، خەباتێکی شۆڕشگێڕانەیە (زۆر جار چەکدارانەشە)، بە جۆرێ، کە شۆڕش بۆتە ڕێبازی مێژوویی کوردایەتی.

مامۆستا عەزیز شەریف لە نامیلکەکەیدا باسی ئەوە ئەکا کە هەرچەندە زۆر جار جڵەوی بزووتنەوەکانی نەتەوایەتیی کورد بە دەست پیاوی دینی و دەرەبەگەوە بوو، ((**بەڵام بە گشتی، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە ڕووی مەوزووعییەوە بزووتنەوەی ڕزگاریی گەلێکە لە کۆت و زنجیرەکانی ئیمپریالیزم، کە ئەبێتە هۆی بێهێزکردنی ئیمپریالیزم – بیروباوەڕی کۆمەڵایەتیی سەرکردەکانی هەرچییەك ئەبێ بووبن، بەڵکو ڕاستییە شۆڕشگێڕانەیەکەی بەوەش ناشێوێت گەر ناو بە ناو هێندێ هەڵمەتە کاس و چەنەبازی سەر بە ئیمپریالیزم لە باوەشی بگرن، مادامێك بزووتنەوەکە بە دەست ئەوانەوە نییە**)).

جا هەر کەسێ لەم ڕاستییانە نەگات، لە کوردایەتی ناگات، وە ناتوانێ خزمەتێکی بەکەڵکی کوردایەتی بکات، چ جای ئەوەی ڕابەریی بکات.

هەر کوردێك لەم ڕاستییە لادات کە ئیمپریالیزم و داگیرکەران دوژمنی خوێنەخۆی سەرسەختی کورد و کوردستان و کوردایەتین. وە تا ئێستا مایەی هەموو کوێرەوەری و بەندەگییەتی و داگیر و دابەشکرانی کورد و کوردستان بوون، وە لەم ڕاستییە خۆی گێل کات، کە سەوداکردن لەسەر ئامانج و دەسکەوتە بنچینەییەکانی کوردایەتی لەگەڵ دوژمنان وازهێنانە لە کوردایەتی، ئەو کوردایەتییەی کە ئەمان نقوومیان کردووە لە گۆماوی خوێن و فرمێسکدا، وە نەیانهێشتووە بە هیچ ئامانجێکی نەتەوایەتیی خۆی بگات، بەڵێ هەر کوردێك لە ئاستی ئەم ڕاستییانە خۆی گێل کات، نەك هەر ناتوانێ خزمەتێکی چاکی کوردایەتی بکات، بەڵکو ناتوانێ تا سەر لە ڕیزەکانیشیدا بمێنێتەوە.

لە لایەکی ترەوە، ئەو کەسانەی کوردایەتی بە دەستنێژ و داتاشراوی ئیمپریالیزم! و کۆنەپەرستیی سەر بەئیمپریالیزم! ئەدەنە قەڵەم، نەوەکا هەر ئیسپاتی ئەوە ئەکەن کە هیچ لە کوردایەتی نەگەیشتوون، وە کڵۆڵیی هۆشیاریی خۆیان ئیسپات ئەکەن، بەڵکو خزمەتێکی لەلاوەی پرۆپاگەندەی ئیمپریالیزم و شۆڤێنیزم ئەکەن بە بڵاوکردنەوەی ئەم چەشنە وڕێنە و بوختانانە کە سەرچاوەکەیان هەر ئیمپریالیزم و داگیرکەران و شۆڤێنییەکانن.

ئەوەی نەختێ بە وردی سەرنج لە مێژووی کوردایەتی بدا، بۆی دەردەکەوێ کە گەر ئیمپریالیزم دوژمنی سەرسەختی کورد و کوردستان و کوردایەتی نەبایە، ئیمڕۆ کوردستانیش وەك وڵاتانی تر سەربەست و ئازاد و بەختیار بوون، نەك هەر ئەوەندە، بگرە کوردایەتی بە جۆرێکی ئەوتۆ دڕندانە و توندوتیژ، وە لەسەر هەموو داوایەکی نەتەوایەتیی خۆی لە لایەن ئیمپریالیزمەوە دوژمنایەتی و بەرهەڵستی کراوە، کە ماوەی هیچ جۆرە مساوەمە و ڕێککەوتنێکیشی (تا سەر) بۆ نەماوەتەوە لەگەڵ ئیمپریالیزمدا، هەر وەك ئیمپریالیزم و داگیرکەران ڕێگەی هەموو جۆرە خەباتێکی کوردایەتییان گرتووە، بۆیە هەر بە ناچاری ڕێگەی شۆڕشی بۆ ماوەتەوە.

## کوردایەتی و شۆڕش:

وەك لە پێشتر نیشانمان دا، کوردایەتی لە ناو کۆنگەلی ڕاپەڕینە چەکدارەکانی ئازادیخوازانەی کوردا، (لە نیوەی یەکەمی چەرخی نۆزدەما) هاتە ڕوو، هەر وەك بە تین و گڕی ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەی کوردان جۆش درا. واتە کوردایەتی و شۆڕشی کوردستان پێکەوە لە هەمان سەردەمدا هاتنە ڕوو، لە پێشەوە بە شێوەیەکی سەرەتایی، پاشان تا دەهات چاکتر گەشەیان دەکرد و شێوەی (گەیشتن) و عەسرییان بە خۆیانەوە دەگرت. بەم جۆرە، ئەبینین کە لە ئەنجامی ڕووداوە مێژووییەکانی ئیقتیسادی و سیاسی و عەسکەریی نیوەی یەکەمی چەرخی نۆزدەمدا، لە کوردستاندا کوردایەتی و شۆڕش وەك (جمکانە– دوانە) پێکەوە پەیدا بوون. ئەمە پەیوەندییەکی مێژوویینی سەرەتایی لە نێوان کوردایەتی و شۆڕشدا، کە پەیوەندییەکی بەهێز و کاریگەرە، کاری کردۆتە سەر کوردایەتی

(بەمەی شێوەیەکی شۆڕشگێڕانەی داوەتێ)، هەر وەك کاری کردۆتە سەر (شۆڕش)یش، بەوەی کە شێوەیەکی کوردایەتیی پێوە نووساندووە.

هەروەها پێشتر وتمان کە (شۆڕش) ڕێبازی کوردایەتی بووە، ئەمەش سەبارەت بەوەیە کە کوردایەتی هەر لە چووزەرەدا نییە، وە هەر لە سەردەرهێنانیەوە لە ناو موجتەمەعی کوردستاندا بەرەنگاری هێرش و پەلاماری ئیستعمار و داگیرکەران بووە، کە ویستوویانە نەیهێڵن، بۆیە بە (زۆر) و (عونف) و بە هێزی چەکدار بەکارهێنان هەوڵیان داوە لە ناوی بەرن، واتە نەك هەر بوونەتە کۆسپ و تەگەرە لە ڕێی ڕەوتی ئاسایی گەشەکردن و پێشکەوتنی کوردایەتیدا (کە تەیاری گەشەکردنی کۆمەڵایەتییش خۆی تیا نواندووە)، بەڵکو هەڕەشەی فەوتاندنیشیان لێ کردووە، وە بە زۆری زۆردار نەیانهێشتووە ناوەڕۆکە ئیقتیسادی و کۆمەڵایەتییەکەی موجتەمەعی کوردستان (کە بنج و سەرچاوەی کوردایەتییشن) گەشە بکات، هەر وەك پێویستییەکانی مێژوویی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، واتە قانوونەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی گەرەکیان بووە.

ئەم ئیستیعماری داگیرکەرانە (پاشان ئیمپریالیزمیش) بە هەموو جۆرە (عونف) و (زۆر)ێك بە هەموو جۆرە تیرۆر و توقاندن و کوشتن و بڕینەوە بەرهەڵستیی کوردایەتییان کردووە، وە ماوەی هیچ جۆرە خەباتێکی (دەستووری) و (مەشرووع)یان بە کوردایەتی نەداوە. گەلێ جاریش بە چەك و هێزەوە هەڵیان کوتاوەتە سەر کوردستان بۆ توند و قایمترکردنی کۆت و تەوقەکانی بەندەگییەتی و دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی، وە بۆ تالاّن و ڕووتاندنەوەی گەلی کورد، بە جۆرێ، کە لە بەربەرەکانێی چەکدارانە بەولاوە، لە خەباتی چەکدارانە بەولاوە، لە شۆڕشی چەکدارانە بەولاوە، هیچ ڕێگەیەکی تری خەباتیان بۆ کوردایەتی نەهێشتووەتەوە. واتە شۆڕشی چەکدار زۆر جار ناچارییەکی مێژوویی بووە، هەر وەك گەلێ جار بۆ بەرهەڵستیی پەلاماردانی چەکدارانەی ئیستعمار و زۆرداران بووە.

ئەمەش پێوەندییەکی قایم و بەهێزی ترە لە نێوان کوردایەتی و شۆڕشدا کە شۆڕش بووە بە ڕێبازی کوردایەتی.

لە لایەکی ترەوە، کوردایەتی بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە لەپێناوی ئامانجە ژیانییەکانی خۆیاندا، تیایا (تەیاری ــ پیلی) گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییش خۆی ئەنوێنێ. واتە نەك هەر ئامانجی سیاسیی ڕووتوقووتی هەیە، بەڵکو

ئامانجەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و خوێندەواریی گەلی کوردیشی هەڵگرتووە، وە هەوڵ ئەدات کە شانبەشانی داهێنانی ڕژێمێکی نیشتمانیی کورد (بە شێوەی ئۆتۆنۆمی لەم پلەیەی خەباتدا) چاککردنی کۆمەڵایەتییش (الاصلاح الاجتماعي) بکات.

جا هێنانەدیی ئەم هەموو ئامانجە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و خوێندەوارییەی گەلی کورد، بە هەڵسان بە چاککردنی کۆمەڵایەتییشەوە، ئەگاتە هەڵسان بە گۆڕاندنێکی بنچینەیی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستاندا، بە جۆرێ، کە کوردستان لەم قۆناغی شێوە دەرەبەگی و دواکەوتەییەوە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغێکی نوێی پێشکەوتووی دیموکرات، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا (شۆڕش)ی ڕزگاریی نیشتمانییە.

واتە کوردایەتی بۆ هێنانەدی، وە بە هێنانەدیی ئامانجەکانی جیاجیای خۆی، شۆڕشی هەر پێویستە و شۆڕش هەر ئەکات.

کەواتە پێویستییەکانی مێژووییی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، خەبات و پێشکەوتنی کوردایەتیی شۆڕشیان کردووە بە ڕێبازی کوردایەتی، هەر وەك توند کوردایەتی و شۆڕشیان پێکەوە گرێ داون، وە بە جۆرێکی ئەوتۆ یەکیان خستوون کە شەریانی ژیان و گەشەکردنیان تێکەڵ یەکتری بوون و لە سەرچاوەیەکەوە یەکتر ئەگرنەوە، بە جۆرێ کە نە کوردایەتی بێ (شۆڕش)، وە نە شۆڕش بێ (کوردایەتی) ئەبن لە کوردستاندا. سەبارەت بەمەیە کە کوردایەتی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیە، کە شێوەی شۆڕشگێڕانەی کوردایەتی ئەسڵییە نەك فەنتازی، کە ئوسلوبی خەباتەکەی شۆڕشگێڕانە و گەلێ جاریش شۆڕشی چەکدارانەیە.

بەڵام ئەم ڕاستییانەی سەرەوە ئەوە ناگەیێنن کە کوردایەتی ڕێگەی شۆڕش نەبێت هیچ ڕێگەیەکی تر ناگرێت. بە پێچەوانەوە، ئەمە ڕاستییەك نیشان ئەدات کە (زۆر) و (عونف) و (پەلاماری) ئیستعمار و داگیرکەران لەگەڵ ماوەنەدان بە (خەباتی پەرلەمانی) و (دەستووری) و (مەشرووع) لە کوردستاندا، کوردایەتیی ناچاری بەکارهێنانی ئەم ئوسلوبەی خەبات (شۆڕش) کردووە.

مێژووی خەباتی گەلی کورد ئەوەشمان نیشان ئەدات کە کوردایەتی هەتا بۆی کرابێت، ویستوویەتی بە ئاشتی مافەکانی خۆی دەستگیر بێت، هەر وەك کەڵکی لە هەموو هەل و دەرفەتێك وەرگرتووە بۆ بەکارهێنانی (ڕێگەی) بە ئاشتی هەق وەرگرتن و ماف

ستاندنەوە. لە کاتی ئیعلانی دەستووری عوسمانیدا (١٩٠٨) کوردپەروەرەکان ملیان دایە حزب و کۆمەڵ دروستکردن و ڕۆژنامە و گۆڤاردەرکردن و بەشداربوون لە پەرلەمان بە هیوای وەرگرتنەوەی (هیچ نەبێ)، هێندێ مافی نەتەوایەتیی خۆیان. پاشان لە دوای شەڕی یەکەمی گێتیدا دیسان ڕێگەی بە ئاشتی و بە خۆشی داواکردنی مافەکانی نەتەوایەتی خۆیان کرد. هەروەها لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزیش لە عیراق و خەباتی سیلمی و مەشرووعی گرتە بەر، تا پاشان قاسم ئەم ڕێگەیەی لێ داخست و بە (زۆر) و (عونف) و (هێزی چەکدار) پەلاماری کوردستانی دا، ئینجا کوردایەتییش ناچار ملی دایەوە شۆڕش.

ئا ئەمانە بوون پێوەندییەکانی زیندووی کوردایەتی و شۆڕش بە کورتی. جا کەواتە با نەختێ لە مانای (شۆڕش) و تەبیعەتی شۆڕشی کوردستان وردبینەوە. لێرەدا بە پێویستی نازانم زۆر بە دوورودرێژی لەم باسە بدوێم، چونکە لە نامیلکەی (لەپێناوی پاراستن و سەرخستنی شۆڕشەکەی کوردستان)دا بە دوورودرێژی باسی کراوە.

## شۆڕش چییە؟

کە ئەوترێ شۆڕش، یەکسەر ڕاپەڕینێکی چەکدارانە دێتە یاد، بەڵام هەموو ڕاپەڕینێکی چەکدارانە، هەموو هەڵسانێکی چەکدارانە شۆڕش نییە، چونکە جار هەیە ئەم ڕاپەڕینە چەکدارانەیە بۆ گۆڕاندنێکی لە بنەڕەتەوەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی خەڵك نابێت، بۆیە تەنانەت ئەگەر ڕاپەڕینێکی چەکدارانەی عادیلانەش بێ، هەر نابێتە شۆڕش.

### ئەی کەواتە شۆڕش چیە؟

شۆڕش بە مەفهومی عیلمی کۆمەڵایەتی، گۆڕاندنێکی لە بنەڕەتەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکە، گۆڕاندنێکی لە بنەڕەتەوەی ژیانی ئابووری (اقتصادي) و سیاسی و خوێندەواریی بەرەو پێشەوەی گەلە، بە جۆرێکی خێرا و گورجوگۆڵ لە شێوەی بازدان (طفرة)دا. ئەم گۆڕاندنەش بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی سەختی دلێرانە پێك دێت کە زۆر جار شێوەی خەباتی چەکدارانەی خوێناوی بە خۆیەوە ئەگرێ.

گەر مانای شۆڕش وردتر کەینەوە، ئەبینین کە سروشتەکانی شۆڕش (خصائص الثورة)

بە مەفهومی عیلمی نوێ ئەمانەی خوارەوەن:

١- گۆڕاندنێکی چۆنایەتی (نوعي)ی بنچینەیی، بە جۆرێ، کە لە بناغەوە ژیانی کۆنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی گەل هەڵتەکێنێت، وە لە شوێنەواری ڕژێمی کۆندا بناغەی ژیانێکی نوێ داڕێژێت، ژیانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و خوێندەواریی ئەوتۆ کە لەگەڵ پێویستییەکانی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بگونجێن لە پلەی مێژوویی خۆیدا. واتە ئەم گۆڕاندنە بۆپێشەوەبردن و چاکترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتییە.

٢- ئەم گۆڕاندنە ئەبێ بەدەستوبرد و خێرا و چالاکانە بێت.

٣- ئەبێ دەسکەوتی زۆربەی خەڵکی تیا بێت.

هەموو ئەمانە پێکەوە سروشتەکانی شۆڕش پێك دێنن. بۆیە نابێ هەر مانا جەنگاوەرییەکەی شۆڕش بخەینەوە یاد کە باسی شۆڕش ئەکەین، چونکە مانا جەنگاوەرییەکەی شۆڕش بریتییە لەو ڕاپەڕینە چەکدارانەیە کە پێشمەرگەکانی کۆمەڵانی خەڵك ئەیکەن لەپێناوی هێنانەدیی ئەم گۆڕانە گرنگانەدا، کەچی شۆڕش هەمووی لەمە زیاترە، چونکە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و ئامانجە جیاجیاکانی گەل و هێنانەدیی پێویستییەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییش ئەگرێتەوە.

بەڵام لە هەموو حاڵێکدا شۆڕش هەر هۆیەکە، هەر وەسیلەیەکە، هەر ئوسلوبێکە بۆ خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی زۆرلێکراو دژی زۆردارانی بێگانە، یان خوێنمژان و کۆنەپەرستانی ناوخۆ، بۆ هێنانەدیی ئامانج و ئاواتەکانی کۆمەڵانی خەڵك لە پلەی مێژوویی خۆیدا.

## مەرجەکانی هەڵگیرساندنی شۆڕش

شۆڕش وەك ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی، هەڵگیرسان و گەشەکردن و سەرکەوتنی بەپێی چەند قانوون (یاسا)ێکی کۆمەڵایەتییە. واتە بە گۆترە و خۆڕایی و هیمەتی چاك و پیران نییە! جا لێرەدا باسی مەرجەکانی هەڵگیرساندنی شۆڕش ئەکەین کە بریتین لە:

١- ڕژێمی کۆن (پێشوو) وا گەندەڵ و ڕزۆك بووبێت کە چیکە توانای خۆڕاگرتن و درێژپێدانی مان و ژیانی نەمابێت.

٢- نالەباری و خراپیی گوزەرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و حوکمڕانیی کاربەدەستان، وە ژیانی خەڵك وای لێ هاتبێت کە بووبێتە هۆی تەنگوچەڵەمەیەکی

گشتی کە نە کاربەدەستان بە سووك و سانایی پێیان چارە بکرێ، وە نە کۆمەڵانی خەڵکیش توانای گوزەرانیان مابێت لەژێر باری قورسدا.

٣- جەور و زۆری کاربەدەستان کۆمەڵانی خەڵکی وا بێزار و وەرس کردبێ کە چیکە پێیان قبوڵ نەکرێت، وە کۆمەڵانی خەڵکی ئارەزوو و هێز و توانای ڕاپەڕینێکی دلێرانە و شۆڕشگێڕانەیان هەبێت، بە جۆرێ کە لەم ڕێگەیەدا فیداکاریی پێویستیش بکەن لەپێناوی سەرکەوتنا.

٤- کۆمەڵانی خەڵك پێشڕەوێکیان هەبێت، کە جێی باوەڕ و متمانەیان بێ و ئامادە بن لەژێر ڕابەریی ئەودا خەبات بکەن و ئەمرەکانی جێبەجێ بکەن. ئەمانەی پێشەوە مەرجەکانی هەڵگیرساندنی شۆڕشن، بەڵام شەرت نییە هەموویان بە چاکی پێ گەیشتبن ئینجا شۆڕش هەڵگیرسێنرێت، بەڵکو پەیدابوونی ئەم مەرجانە بە گەلاڵەکراوییش جار هەیە بەس ئەبن بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش. چونکە لە ناو کوورەی شۆڕشدا گەلێ لەم مەرجانە چاکتر جۆش ئەدرێن و باشتر پێ ئەگەن.

## مەرجەکانی سەرکەوتنی شۆڕش:

١- بوونی پارتی پێشڕەو، ئەو پارتییە مێژووکردەی کە ئەبێ قووڵ ڕەگوڕیشەی لە ناوجەرگەی کۆمەڵانی خەڵك و هەموو لایەکی وڵاتدا چووبێتە خوار، واتە پارتی پێشڕەوی ڕاستەقینە، نەوەکا تاقمێکی داتاشراوی بەزۆرسەپێندراو.

٢- یەکخستنی هەموو هێزەکانی گەل بە چاکترین شێوەی گونجاو لەگەڵ زرووفدا.

٣- بوونی هێزێکی چەکداری ڕێکوپێك، کە شارەزا بێت لە شێوەی جەنگی پارتیزانانە (پێشمەرگانە) و چەکدار بە چەکی بیروباوەڕ و ڕێکخستن و شارەزا لە تاکتیکە جیاجیاکانی شەڕی کۆمەڵانی خەڵك دژی زۆردارەکان.

٤- ئەبێ کۆمەڵانی خەڵك لە شۆڕشەکەدا ڕزگاری و بەختیاری، وە لە هێزی پێشمەرگەکەیدا لەشکری پارێزگار و فیداکاری خۆیان و مافەکانیان ببینن، واتە پێویستە پەیوەندییەکی عضویی بەتین لە نێوان کۆمەڵانی خەڵك و پێشمەرگەدا هەبێت.

٥- لە زرووفی ئیمڕۆی جیهانیدا یارمەتی و پشتیوانیی گەلانی گێتییش شەرتێکی گرنگی سەرکەوتنی شۆڕشە.

## شێوەی شۆڕشی کوردستان:

شۆڕشی کوردستان لەم پلەیەی ڕزگاری نیشتمانیدا: خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی چەکدارانەیە لە دژی داگیرکەران و ئیمپریالیزم و دیکتاتۆرییەت و ڕژێمی دەرەبەگی، نیاز و ئامانجی:

١- ئازادی و ڕژێمێکی دیموکراتی و ئۆتۆنۆمییە بۆ کوردستان.

٢- لە بنوبێخ هەڵتەکاندنی ڕژێمی دەرەبەگی و کۆنەپەرستییە تاکو لە شوێنەوارەکەیدا ڕژێمێکی دیموکرات و پێشکەوتوو دروست کرێت.

٣- واتە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی کوردایەتی بە چاککردنی کۆمەڵایەتییشەوە، بە ئیسلاحی زەراعییشەوە.

شۆڕشی کوردستان شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، لەشکری بنچینەیی شۆڕشەکە هێزی جووتیارانە (فلاح)، کرێکاران و ڕەنجدەران و کاسبکاران و خوێندەوارانی کوردستانیش لەگەڵ جووتیاران هێزی بنچینەیی شۆڕشەکە پێك دێنن. ئەمە هەرچەندە هێشتا هێندێ سەرەك عەشیرەت و موڵکداری کورد لە شۆڕشدا بەشدارن.

شۆڕشی کوردستان لە چوارچێوەی مێژوویی و تایبەتی خۆیدا: شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانییە، شۆڕشێکی دیموکراسییە (دیموکراسی بە شێوەی تایبەتی کوردستان)، کە هێندێ شتی لە دیموکراتیی جارانەوە وەرگرتووە، وەك ڕزگاریی نیشتمان و ئیسلاحی زراعی، وە هێندێ شتیشی لە سۆشیالیزمەوە (إشتراكیە) وەرگرتووە، وەك هەڵگرتنی دروشمی (تأمیمکردن ــ بە ماڵی گەل)ی پیشەسازی قورس (سەنگین) و مەعادن و نیشتمانی و کانگاکان، واتە ڕێگەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی ناسەرمایەداریی پەسەند کردووە بۆ خۆی، هەر وەك هێندێ شتی تایبەتی خۆیشی ئەبێ، وەك شێوە و جۆری حوکم و ڕێبازی تایبەتی گەشەکردن و ڕەوتی تایبەتی گۆڕین و چاککردنەوەکانی کۆمەڵایەتی و شتی تر.

واتە شۆڕشی کوردستان نە شۆڕشێکی بۆرژوازیی کلاسیکییە، وە نە شۆڕشێکی سۆشیالیستییە بە ڕابەریی پرۆلیتاریا.

ئەمە هەرچەندە لە پێشەوە هەموو خاسیەتەکانی ورد و درشتی شۆڕشی کوردستان و گەشەکردنە جیاجیاکانی دەرناکەون، بەڵکو هەر خاسیەتە درشتەکانی دیارن.

## ڕزگاربوونی کوردایەتی لە کۆتی کۆن:

پێنجەم: ڕزگاربوونی کوردایەتی لە دەسەڵات و سەرکردەیی کۆنینەی شێخ و سەرەك عەشیرەت و موڵکدار و توجارە زلەکانی کورد، وە پەیدابوونی پارتی پێشڕەو لە کوردایەتییەوە بۆ ڕابەریکردنی، بوونەتە هۆی ڕزگاربوونی کوردایەتی لە کۆتی کۆن. ئەمە هەرچەندە دوای دانانی خوالێخۆشبوو (قازی محەمەد) بە سەرۆکی حزبی دیموکراتی کوردستان، وە سەپاندنی مەلا مستەفا بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کورد – عیراق، باڵێکی عەشایەری گەڕاندرایەوە بۆ سەرکردایەتیی کوردایەتی.

ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کورد لە کاتی شەڕی دووەمەوە هات بکەوێتە دەست حزبە جەماهیرییە پێشکەوتووەکانی کورد، وەك شۆڕش و ڕزگاری و (ژ.ك). لە دوای شەڕی دووەم، بە تایبەتی دوای دامەزراندنی پارتی پێشڕەوی دیموکرات و شۆڕشگێڕی کوردستان، کوردایەتی ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر سەرکردەییەکی نوێی هۆشیارەوە کە لە ئەنجامی موتووربەکردنی کوردایەتی بە بیروباوەڕی پێشکەوتووی دیموکراتەوە، وە سەبارەت بەو گۆڕان و گەشەکردنە نوێیەی کوردایەتی پەیدا ببوو.

لەم بابەتەوە ئینسکلۆپیدیای سۆڤیاتی ئەمەی خوارەوە ئەڵێ:

**((لە بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیشدا دەوری سەرکردایەتی لە چنگ سەرکردە دەرەبەگ و سەرمایەدارەکاندا نەما. بەڵکو کەوتە دەست پارتی دیموکراتی کورد، کە پارتێکە پێك هاتووە لە یەکگرتنی چەند چینێکی شۆڕشگێڕ، کە کرێکاران لە ناویاندا دەورێکی گرنگ وازی ئەکەن. پارتی دۆستایەتییەکی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا دروست کرد، کە بووە سەرەتای پێکەوەلکان و چەسپاندنی کورد و عەرەب)).**

بنواڕە (IRAK BOLSHAYA. SOVIETSKAYA, ENCYCLOPEDIA, VOL. I٨.)

لە کتێبی (COMMUNISM AND NATIONALISM IN THE MIDDLE EAST)ەوە

نووسینی (WALTER Z. LAQUER)

لاپەڕە (٢٢٥) چاپی ئینگلیزی.

واتە پارتی دیموکراتی کوردستان لە کوردایەتی و بۆ کوردایەتی پەیدا بووە، لە پێشکەوتنی کوردایەتی بۆ پێشخستنی کوردایەتی و هێنانەدیی ئامانجەکانی پەیدا بووە،

بۆ ڕابەریکردنی کوردایەتی لەپێناوی ئامانجەکانیدا.

ئەمەش سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بوو کوردایەتی وە دەستی هێنا، نەك هەر لە ڕووی ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی بزووتنەوەکە، وە بە جۆرێکی عیلمی و پێشکەوتوانە، بەڵکو لە ڕووی ئەوەشەوە کە هۆیەکی زۆر گەورەی سەرکەوتنی کوردایەتی لەناو چوو، هەر وەك مەرجێکی بنچینەیی سەرکەوتنی کوردایەتی بەسەر دوژمندا کەوتە دەست، کە ئەمیش پەیدابوونی پارتی پێشڕەو بوو.

## پارتی و کوردایەتی:

بەڵام هەر وەك پارتی لە کوردایەتی پەیدا بووە و کوردایەتی زۆر کاری تێ کردووە، لە ڕووی شێوە و پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆیدا، لە ڕووی سیاسەت و شیعار و تاکتیك و ئوسلوبی خەباتییەوە، ئەوهاش کوردایەتی زۆر کاریشی تێ کراوە لە لایەن پارتی پێشڕەوی خۆیەوە. ئەمە هەرچەندە کوردایەتی دەسکردی پارتی نییە، بەڵکو پارتی لە کوردایەتی و بۆ ڕابەریکردنی کوردایەتی پەیدا بووە، واتە کوردایەتی ماکی پارتییە. لەگەڵ ئەمەشا، پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر کاری کردۆتە کوردایەتییەوە، وە دەستێکی باڵای هەبووە لە داڕێژتنی قاڵبێکی پێشکەوتوانەی ڕێکوپێکی نوێ بۆ کوردایەتی و داڕێژتنی سیاسەت و ئامانج و شیعارەکانی کوردایەتی لەسەر بناغەیەکی عیلمی، وە بە شێوەیەکی عەسری و گونجاو لەگەڵ پێویستییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا، وە لە دیاریکردنی ستراتیژ و تاکتیکی ڕاست و عیلمی بۆ کوردایەتی و...هتد. هەر وەك دەورێکی دیاریشی هەبووە لە چاکتر ڕسواکردنی دوژمنەکانی کوردایەتی و پەچەداماڵین لە ڕووی دزێویاندا، وە لە باشتر دۆزینەوە و زۆرکردنی دۆست و پشتیوان بۆ کوردایەتی.

پەیدابوونی پارتی کارێکی زۆری کردۆتە سەر کوردایەتی لە ڕووی بژارکردنی ڕیزەکانیەوە لە عەناسیری سەوداکەر لەگەڵ دوژمندا، لەوانەی تیجارەتیان بە کوردایەتییەوە ئەکرد، وە لە عەناسیری ئینتیهازی و ترسنۆك و هەڵەشە و گێرەشێوێن.

هەر وەك لە ڕووی تەحدیدکردن و چاکتر ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانی کوردایەتییشەوە بە جۆرێکی عیلمی و عەسری، وە لە داڕشتنی بیروباوەڕی کوردایەتیدا بە جۆرێکی پێشکەوتوانە و عیلمی، وە لە دیاریکردنی ڕێبازی کوردایەتی بە چاکی، وە لە پاراستنی

کوردایەتی لە هەموو لافاو و لادانێکدا دەستێکی باڵای هەبووە.

هەروەها دەورێکی گەورەشی نواندووە لە ڕسواکردن و ئاشکراکردنی ئەو درۆودەلەسە و بوختانانەدا کە ئیمپریالیزم بە کوردایەتیی کردووە، وە لە دەرخستنی ڕووی گەشی کوردایەتیدا بۆ گەلانی دراوسێ و تا ڕادەیەکیش بۆ گەلانی دنیا.

پارتی دەورێکی زۆر گەورە و گرنگیشی بووە لە مەیدانی بەهێزکردنی برایەتی و یەکێتیی تێکۆشانی گەلی کورد و عەرەبدا، چونکە نەك هەر بنچینەی ڕاستەقینەی ئەم برایەتی و یەکێتیی تێکۆشانەی ئاشکرا کردووە و بەهێزی کردووە، بەڵکو لەم ڕێگەیەشەوە هێندێ داخوازیی کوردایەتییشی هێنایە کایەوە، وە هێندێ ئاواتی کوردایەتییشی جێبەجێ کردووە، بە تایبەتی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز.

لە بەرەی کوردایەتییشدا پارتی زۆر کون و کەلەبەری پڕ کردۆتەوە، وە هەموو هەوڵ و کۆششی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی بەربەست کرد و ماوەی ئەوەی لێ بڕین کە پیایاندا بێنە ناو بزووتنەوەکەوە، وە بۆ دەسکەوتی خۆیان بەکاری بێنن.

جگە لەمانە، پارتی دیموکراتی کوردستان دەستێکی باڵای هەبووە لە خێرا گەشەپێکردنی کوردایەتیدا، وە لە کردنی کوردایەتی بە بزووتنەوەیەکی جەماهیریی فرەوان و هۆشیار، لە چاکتر بەستنەوەی کۆمەڵانی کرێکار و جووتیاران و مەسەلەی چاککردنی کۆمەڵایەتی، بە چاککردنی زەویوزارییشەوە، بە کوردایەتییەوە، بە مەسەلەی خەباتی سیاسییەوە، واتە گەشەپێکردنی ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییەکەی کوردایەتیدا کە هەموو ئەمانەش مایەی پەرەسەندن و بەهێزبوونی کوردایەتی بوون. وە بوونەتە هۆی ئەوەی کە کوردایەتی توند و قووڵتر ڕەگوڕیشەی خۆی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا داکوتێت.

هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان توانیی دوای دیراسەتێکی عیلمی لە شێوەی ناوەڕۆکی کوردایەتی بگات و ڕێبازە مێژووییەکەی (شۆڕش) بدۆزێتەوە و ڕابەریی خەباتی خەڵك بکات لەسەر هەمان ڕێبازی شۆڕشگێڕانەدا. وە نەك هەر ناوەڕۆك و شێوەی کوردایەتی بپارێزێت لە هەوڵی گێرەشێوێنانەی ناحەزەکانی، بەڵکو گەشەشیان پێ بکات. بەم جۆرە، پارتی توانیویەتی کوردایەتی لە زۆر تەنگوچەڵەمە و هەڵدێر و لادان بپارێزێت.

وە لە سایەی خەباتی پارتی بوو کە گەلێ بیروباوەڕی غەڵەت و ناڕاست و پڕوپووچ

دەربارەی (نەتەوەی کورد) و (مافەکانی نەتەوایەتیی کورد) و (بوونی ڕێکخراوی دیموکرات و پارتی دیموکراتی کوردستان) لە گۆڕێ نەمان و ڕسوا کران، وە لەجیاتیی ئەمانە، حەقیقەتی بوونی نەتەوەی کورد و مافەکانی گەلی کورد و ڕاستیی کوردایەتیدا لە مەیدانی سیاسی و نیشتماندا چەسپێندران.

هەر وەك پارتی زۆر سەرکەوتوانە چوو بە گژ شۆڤێنیزم و کۆسمۆپۆلیتایەتی و تاکڕەویی نەتەوایەتیدا، وە نەیهێشت ئەم چەشنە بیرە پڕ لە زەرەر و کۆنەپەرستانە (گەرا) دانێن لە کوردایەتیدا.

لە سایەی خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە لاوان و ئافرەتان و قوتابیانی کوردستان توانییان ڕێکخراوە دیموکراتییەکانیان دروست بکەن، وە چالاکانە و ڕێکوپێکتر بەشداریی خەباتی کوردایەتی بن، وە کوردایەتی بەهێزتر بکەن. هەروەها لە سایەی خەباتییەوە بیروباوەڕ و هەست و هۆشیاریی چینایەتیی کرێکاران و فەلاحان و ڕەنجدەرانی کوردستان چاکتر بووژایەوە و تێکەڵ بە بیروباوەڕی کوردایەتیی سیاسی بوو دوای ئەوەی لە ئەنجامی خەباتی پارتیدا باشتر پێوەندیی کوردایەتیی سیاسی و خەباتی چینایەتیی ڕەنجدەرانی کوردستان وەك دوو لای خەباتی مێژوویین، وەك ناوەڕۆك و شێوەی خەباتێکی شۆڕشگێڕانە، بۆ هەموان دەرخرا و گەشەی پێ کرا. بەمەش کوردایەتی نەك هەر لەسەر باری تەبیعی و ئیعتیادیی مێژوویی خۆی ڕاگیرا، بەڵکو بووە بزووتنەوەیەکی جەماهیریی گەورە، بووە بزووتنەوەی کۆمەلانی خەڵکی ڕەنجدەر بە تەواوی.

سەرەڕای ئەمانە، پارتی توانیی دۆست و یاریدەدەری باش بۆ کوردایەتی پەیدا کات. هەر وەك پارتی دەورێکی گرنگی هەبوو لە باشتر نیشاندانی عەدالەتی کوردایەتی بۆ گەلانی گێتی.

ئەم هەموو چاکە و کەڵکەی پارتی بوویەتی بۆ کوردایەتی، بوونەتە هۆی ئەمەش کە شۆڕشە پیرۆزەکەی کوردستان، شۆڕشی ئەیلوولی (١٩٦١)، شۆڕشێك بێت زۆر لە هینەکانی پێشوو ڕێك‌وپێکتر و هۆشیارانەتر و فرەوانتر و خۆگرتر. وە بۆ یەکەم جار هێزی پێشمەرگە بە شێوەیەکی عەسری ڕێك خرێت و دروست کرێت. ئەمە هەرچەندە مەلا مستەفا چەندەی بۆی کرابێت پەکی ئەم ڕێکخستنەی خستووە و ماوەی نەدا لە ناوچەی بادیناندا پەیدا بێت و ئیدارە دیموکراتییەکەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی هەڵوەشاندەوە و

شێوەیەکی عەشایەریی بە شۆڕشەکەدا.

جگە لەمە هەمووی، بوونی پارتی لە ڕیزی پێشەوەی کوردایەتیدا، کارێکی زۆر ئەکاتە سەر دواڕۆژی کوردایەتی و گەلی کوردستان، وە لە کاتی ڕزگاربوونی کوردستاندا دواڕۆژی خەڵکەکەی ڕووناك بێت و دەسکەوتی کۆمەڵانی ڕەنجدەر بێ پارێزەر نەبێت.

## هەستی کوردایەتی بەهێزە:

شەشەم: سەبارەت بەو خاسیەتانەی پێشەوە، وە سەبارەت بە توندوتیژیی ئازاردانی نەتەوایەتی، وە سەبارەت بە خاسیەتە مێژووییە نەتەوایەتییەکەمان، خاسیەتی ئەوەی کە کورد هەمیشە شەیدای ئازادی و کیانی خۆی بووە، وە سەبارەت بە بێبەشکرانی نەتەوەی کورد لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی، تەنانەت مافی خوێندەواری و سەلماندنی بوونی نەتەوەی کوردیش، بەڵێ سەبارەت بە هەموو ئەمانە، هەستی نەتەوایەتیی کوردی زۆر بەهێز و بەتینە. ئەم هەستەی کە بە گڕی تۆقاندن و تیرۆر و بە گەرمایی و گڕی تۆپ و بۆمبای دوژمنان قاڵ کراوەتەوە، لە دەروونی نەتەوەیەکی ئازاردراو و بەشخوراودا جۆش دراوە.

چونکە هەر وەك مێژووی گەلان ساغی کردۆتەوە، چەندە ئازاردانی نەتەوایەتی، سیاسەتی دامرکاندنەوەی نەتەوایەتی، توند و بەتەوژم بێ، ئەوەندەش هەستی نەتەوایەتی بەهێز و بەتین ئەبێت. با ئەو هەستەش لە ترسی تیرۆر و دڕندایەتیی دوژمن هەمیشە نەتوانێ دەرکەوێ.

دیارە هەستی نەتەوایەتییش هەر بە بیروباوەڕ و پێزانین نامێنێتەوە، بەڵکو دوای بڵاوبوونەوەی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا، ئەبێتە هێزێکی مادیی بەتین، وە ئەبێتە هێزێکی بەگەڕهێنەر وەك لە کوردستاندا ئەبینین، کە بیروباوەڕی کوردایەتی دوای بڵاوبوونەوەی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا، بزووتنەوەیەکی دروست کردووە، کۆمەڵانی خەڵکی هێناوەتە جووڵە و بەجۆشی هێناون. هەر وەك هەست و بیروباوەڕەکەشی بۆتە چەکێك بە دەست تێکۆشەرانەوە دژی ئیمپریالیزم و دوژمنانی تری کوردستان.

## فرەوانیی بەرەی کوردایەتی:

حەوتەم: سەبارەت بەو خاسیەتانەی پێشەوە، وە لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی بیر و هەستی نەتەوایەتی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا (وە بوونی بە هێزێکی مادی)، وە لە ئەنجامی سیاسەتی تالان و ڕووتاندنەوەی کورد و کوردستان و پەکخستنی بووژانەوەی تیجارەت و سەناعەت و زەراعەت لە کوردستاندا (بە فیتی ئیمپریالیزم و داگیرکەرەکان)، کە ئەمەش زەرەری لە هەموو چینەکان داوە وە لەبەر ئەوەی هێندێ قانوون و باج و پیلانی تری داگیرکەران لەگەڵ دەسکەوتی چینەکانی گەلی کوردستان ناگونجێن (بە عەشایەریشەوە)، سەبارەت بە بوونی سیاسەتی تەفروتووناکردنی کورد و کوردستان (کە هەموو کوردێك بە ئاگرەکەی ئەسووتێ)، وە تەئسیری هەستی نیشتمانی (کە لە هەستە هەرە قووڵ و بەتینەکانی مرۆڤە (ئینسانە)، بەڵێ، سەبارەت بەو هەموو شتانەی ڕابوردن، بەرەی کوردایەتی زۆر فرەوانە لە ڕووی ئامانجەکانیەوە، وە لە ڕووی ئەو عەناسیرانەی کە تیاشیدا بەشدارن:

لە ڕووی ئامانجەکانیەوە پێشتر باسمان کردووە کە چۆن هەر لە مافی گەورەی (چارەنووسیەوە) ئەگرێتەوە تا سەر مافی هەرە بچووکی نەتەوایەتی کە بە کوردی دوان و خۆ بە کورد ناساندنە.

لە ڕووی عەناسیریشەوە، ئەوانەی تیای بەشدارن، لە هەموو چین و هۆز و دەستەیەکەوە بوون، بە سەرەك عەشیرەت و موڵکداری نیشتمانپەروەریشەوە، بە توجار و سەرمایەداریشەوە، جگە لە ڕەنجدەران.

لەم بابەتەوە مامۆستا دکتۆر سەید عەزیزی شەمزینی لە تێزی (أطروحة) دکتوراکەی خۆیا – بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد– ئەمەی خوارەوەی وتووە:

**((لە بزووتنەوەکانی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردا، هەر تەنیا عەشیرەتێك یان کۆمەڵە عەشیرەت و چەند کەسێك بەشدار نەبوون، بەڵکو چەند ناوچەیەکی کوردی بە هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکانیەوە تیایا بەشدار بوون. وە هەر جارێك گەلی کورد ڕاپەڕیبێت و هەڵسابێت بە خەباتی چەکدارانەی ڕزگاریی نەتەوایەتی لەو ناوچانەدا، کە زرووفی لەبار بووبێت بۆ شۆڕش هەڵگیرساندن، هەموو عەناسیری کوردپەروەر و سەربەستی ویست بە جیاوازیی چین و دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە لەو خەباتە شۆڕشگێڕانەیەدا بەشدار بوون بێ ئەوەی ئەم خەباتە هەر جەماعەتێك یان چینێك پێی هەڵسابێت)).**

## کوردایەتی دۆست و پشتیوانی گەلانە، ڕزگاریی کوردستان بۆ گەلان باشە:

هەشتەم: کوردایەتی وەك بزووتنەوەی گەلێکی زۆرلێکراو لە لایەن ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانەوە، وەك بزووتنەوەیەکی جەماهیریی شۆڕشگێڕ، بەشێکە لە خەباتی مرۆڤایەتی دژی ئیمپریالیزم و زۆرداران و کۆنەپەرستان، وە سەبارەت بە ئەهمییەتی زۆر و زەبەندی کوردستانیش، کوردایەتی پڕ لە مەترسی و خەتەرە بۆ سەر ئیمپریالیزم، وە پڕ لە کەڵکە بۆ گەلانی ڕۆژهەلات، چونکە سەرکەوتنی ئەبێتە هۆی هەڵتەکاندنەوەی هەموو ڕژێم و دامودەسگای کۆنەپەرستەکان و لە پێش سەرکەوتنیشا دۆستی هەموو ئەم گەلانە و هاوبەشی ڕاستەوخۆی خەباتیانە، بۆیە دۆستێکی باش و پشتیوانێکی کاریگەرە بۆ گەلان.

لەم بابەتەوە کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی عیراقی لە ڕاپۆرتەکەی مارتی/١٩٦٢ی خۆیدا ئەمەی خوارەوە ئەڵێت:

**((بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە هەموو کوردستاندا بزووتنەوەیەکی خاوەن ناوەڕۆکی دیموکراتی گشتییە، چونکە لە ئاواتی نەتەوەی کوردەوە بۆ ڕزگاری و ئازادبوون و یەکێتی نەتەوایەتییەوە پەیدا بووە، چونکە دژی ئازاردانی نەتەوایەتی و ئیمپریالیزم و نۆکەرانیەتی، بۆیە دۆستێکە دەستی لێ هەڵناگیرێت بۆ خەباتی چینی کرێکار و کۆمەڵانی خەڵك و هەموو هێزە دیموکراتییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەخەباتیانا دژی ئیمپریالیزم و لەپێناوی دیموکراسیدا)).**

## ئەهمییەتی ڕزگاریی کوردستان:

بۆ ئەوەی ئەهمییەتی ڕزگاریی کوردستان نیشان دەین، ئەڵێم: ڕزگاربوونی کوردستان (کە وڵاتێکی دەوڵەمەند و خاوەن مەرکەزێکی ستراتیژیی گرنگە، وە بە چەند وڵات و ڕژێمەکەوە بەستراوە) لە چنگ ئیمپریالیزم و داگیرکەران، وە لەسەردەستی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە، ئەبێتە هۆی ڕزگارکردنی ناوچە گرنگەکەی خۆی، واتە ناوچەیەکی زۆر گرنگ لە زنجیرە بەیەکەوەبەستراوەکەی ڕژێمە کۆنەپەرستەکان و ئیمپریالیزم تێك

دەشکێندرێ. وە هەموو ئەو وەزع و سازوبازەی ئیمپریالیزم هێناویەتە کایەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەڵدەوەشێتەوە، وە ماوەی سەرکەوتنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ناوچەکە و هەڵگیرساندنی شۆڕشەکانیان زۆر زۆرتر و زیادتر ئەبێت لە جاران. هەر وەك قەڵایەکی ڕزگاربووش لە شوێنەواری بەندەگییەتی ئیمپریالیستی بەرز ئەبێتەوە، کە ئەمەش دیسان کارێکی زۆر ئەکاتە سەر جۆشدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی دیموکراسیی گەلانی ڕۆژهەڵات.

وە تا چاکتر ئەهمییەتی ڕزگاریی کوردستان بخەینە بەر چاو، پێویستە ئەم ڕاستییەش یاد بکەینەوە کەوا ئیمڕۆ: ڕماندنی ڕژێمی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیی دنیا، تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بە ڕزگاربوونی وڵاتە ژێردەست و داگیرکراوەکانەوە، چونکە هێندێ کۆڵەگە و ئەستوندەی ڕژێمی چەوسێنەرەوەی ئیمپریالیستی (وە گەلێ بنکەی عەسکەرییش) لەم وڵاتانەدا، واتە هێندێ ڕەگوڕیشەی ژیانی ئیمپریالیزم لەم وڵاتانەدایە، لەوێوە ئاو ئەخواتەوە و خواردەمەنی بۆ ژیانی خۆی ئەمژێ، بۆیە وشککردنی ئەم سەرچاوەیە لە بنەڕەتەوە، هەڵکێشانی ئەم ڕەگوڕیشەیەی ژیانی ئیمپریالیزم، ئەیهێنێتە چەمینەوە و پتر گەندەڵی ئەکا.

جگە لەمانە، بێ ڕزگاریی کوردستان، ڕژێمە کۆنەپەرستە داگیرکەرەکان باش گەندەڵ و ڕزۆك ناکەین و هەمیشە داگیرکەران مەسەلەی کورد بەکار دێنن بۆ فریودان و تەفرەدانی گەلانیان و ڕاکێشانیان بۆ مەیدانێکی زۆر دوور لە مەیدانی خەبات و دەسکەوتی ئەم گەلانەدا.

هەروەها بێ ڕزگاریی کوردستان، دیموکراسی ڕاستەقینە لەم وڵاتانەدا پەیدا نابێت، بۆیە ڕزگاریی کوردستان بۆ چەسپاندنی حوکمی دیموکراسیش لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا پێویستە.

دەربارەی ئەهمییەتی ڕزگاریی کوردستان، مامۆستا عەزیز شەریف لە نامیلکەکەیدا (المسألة الكردية في العراق) باسی ئەم کەڵکانەی خوارەوەی ڕزگاریی کوردستان ئەکات بۆ گەلان:

**١- بێ ڕزگاریی کوردستان کە خاوەن مەرکەزێکی ستراتیژیی گرنگە، ڕزگاریی عیراق نیمچە موستەحیلە.**

**٢- شوێنی ستراتیژیی گرنگی کوردستان کردوویەتی بە بنکەیەکی هەڵکوتانەسەر یەکگرتنی سۆڤیاتی، بۆیە ڕزگاریی کوردستان بۆ ئاشتیی دنیا زۆر باشە.**

**٣- نەوتی کوردستان کە ئیمپریالیستەکان بە تالآنی ئەبەن، گرنگترین هۆی بەگەڕهێنانی ماکینەی جەنگیی ئیمپریالیستەکانە، بۆیە ڕزگاریی کوردستان بۆ هەموو گەلانی ڕۆژهەلآتی عەرەبی و نزیك بەکەڵکە.**

مامۆستا عەزیز شەریف دوای نەختێکی تر لەسەر باسەکە ڕۆیشتن، ئەڵێت:

**((ڕزگاریی کوردستان قورساییەکی زۆر گەورەیە ئەخرێتە سەر پارسەنگی گەلانەوە، وە تەرازوو بە لای گەلاندا دێنیت، وە زیانێکی زۆر گەورە بە ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا و بەرەی ئیمپریالیزم بە گشتی ئەگەیێنێ)).**

## توانای گەشەکردن لە کوردایەتیدا بە زوویی زۆرە:

نۆیەم: کوردایەتی توانایەکی زۆری زوو گۆڕان و گەشەکردن و پێشکەوتنی هەیە بەرەو چاکترین چەشنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی. سەرنجێك لە مێژووی کوردایەتی دەری ئەخا کە چەندە خێرا پێش کەوتووە لە ڕووی ئامانج و چۆنیەتیی ڕێکخستنەوە و چەند زوو گۆڕاوە لە بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی شێوە بیدائییەوە کە لەژێر سەرکردەیی شێخ و موڵکدارەکاندا بووە، بۆ بزووتنەوەیەکی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلێ، بۆ بزووتنەوەیەکی جەماهیریی شۆڕشگێڕانەی دیموکراتی، کە لەژێر سەرکردەیی پارتی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستاندا بۆ پێشەوە ئەڕوات. پێشتر باسی ئەوەشمان کرد کە چۆن مامۆستا (عەزیز شەریف)یش بەو خاسییەتەی کوردایەتیی هەڵگوتووە. هەر وەك لەم بابەتەوە ئەمەی خوارەوەشی وتووە:

((لەم بزووتنەوەیەشدا، وەك هەموو بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی تر، عەناسیری جیاجیا هەن کە بیروباوەڕی کۆمەڵایەتیی جیاجیا ئارەزوو ئەکەنەوە. بەڵام بە ئاسانی ئەتوانین ببینین کە هۆشیاریی نەتەوایەتی چەندە خێرا گەشەی کردووە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە (کماً و کیفاً). چاوخشاندنێك بە مێژووی بزووتنەوەکانی کورد لە ماوەی (٣٠ –٤٠) ساڵی دواییدا ڕوونی ئەکاتەوە کە چ بە خێرایی بیری سیاسیی کوردایەتی گەشەی کردووە. هەر لەوەوە بگرە کە پەرۆشی پێوەندیی عوسمانی و ئیسلامیان

بێ و بە نەوعێك بە لامەرکەزییەت ڕازی بن، تا سەر ئارەزووی حوکمی تۆتۆنۆمی لەژێر چاوەدێریی بەریتانیادا لە شەڕی یەکەمی گێتییەوە تا تێکۆشان لەپێناوی ڕژێمێکی دیموکراسیدا ئیمڕۆ)).

## کوردایەتی دوورە لە شۆڤێنایەتی و کۆسمۆپۆلیتایەتی:

دەیەم: سەبارەت بەو خاسیەتانەی لە پێشەوە باسمان کردن، وە سەبارەت بە خاسیەتی مێژووینی گەلی کورد، کە هەمیشە دۆست و پشتیوانی گەلانی زۆرلێکراوە، کوردایەتی وەك (بزووتنەوەیەکی نەتەوەیەکی بچووکی ژێردەستە) ماوەی نەداوە بیروباوەڕی شۆڤێنایەتی گەرای تیا دانێت، وە ژەهری خۆی بڵاو کاتەوە لە ڕیزەکانیدا.

بە پێچەوانە، لە ناو بزووتنەوەی ئازادیخوازانی کوردستاندا مەترسی کۆسمۆپۆلیتایەتی هەبووە، بە تایبەتی لە دوای جەنگی جیهانیی دووەوە کە کۆسمۆپۆلیتایەتی لەژێر ناوی (هەموو هەر عیراقی و براین) و (ئینسانییەت) و (پێشکەوتن)ەوە خراوەتەوە کوردستانەوە، تەنانەت هێندێ جار کۆسمۆپۆلیتایەتی وای لێ هاتبوو زاتی ئەوەی ئەکرد، بڵێ کورد نەتەوە نییە، وە مافی چارەنووسی خۆیشی نییە، گاڵتەش بە (کورد کورد نییە!) و ناوی (کوردستان)یش بکات! خۆ دانانی ڕێکخراوەی دیموکراتی بۆ لاوان و ئافرەتان و قوتابیانی کوردستان! هەر خیانەت و نۆکەرایەتیی ئیمپریالیزم (دۆلارخۆری) ی ڕووتوقووت بووا!

بەڵام کوردایەتی کۆسمۆپۆلیتایەتییشی بەزاند، بە جۆرێ، کە ئیمڕۆ خەتەرێك نییە کوردایەتی لێی بترسێت. وە هەرچەندە سەبارەت بە خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆسمۆپۆلیتایەتیی ڕسوا کردووە و پشتی شکێنراوە، بەڵام سەبارەت بەوەی کە ماکەکەی کە ئیمپریالیزم و خستنەسەر (ئیلحاق) و بێبەشیی کوردە لە قەوارەیەکی نەتەوایەتیی سیاسیدا، بۆیە هەمیشە خەتەری سەرهەڵدانەوەی هەر هەیە لە ناو بۆرژوازییەکاندا. واتە تا ئیمپریالیزم و ئیلحاقی کوردستان بە عیراقەوە مابن، تا کورد ئۆتۆنۆمی یان شێوەیەکی تر لە حوکمڕانی وەرئەگرێت، خەتەری سەرهەڵدانەوەی هەر ئەمێنێ.

لە شوێنی خۆیدا بە دوورودرێژی باسی شۆڤێنایەتی و کۆسمۆپۆلیتایەتی ئەکەین، بۆیە لێرەدا چیکەی لەسەر ناڕۆم.

## یەکێتیی تێکۆشان لەگەڵ عەرەبدا:

یانزەهەم: دەمێکە کوردایەتی ملی ڕێگەی یەکێتیی تێکۆشانی لەگەڵ گەلی عەرەبی عیراقدا گرتووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کوردایەتی لەوە گەیشت کە یەکێتیی تێکۆشانی کورد و عەرەب دژی ئیمپریالیزم و دیکتاتۆرییەت، وە بۆ ڕزگاریی تەواو و دیموکراسی، شەرتێکی بنچینەیی گەورەیە، نەك هەر بۆ ڕزگاریی عیراق (کە خۆی لە خۆیدا ڕزگارکردنی کوردیشە لە ئیمپریالیزم)، بەڵکو بۆ سەرکەوتنی کوردایەتییش.

گەلی کورد بە تەنها لە جزیرەیەکدا ناژیەت، یان وڵاتەکەی بە بە حرێك لە عیراق داپچڕاو نییە. دەوروپشتی کوردستان پشتیوانی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان نین. جگە لەمە، هەمیشە ئیمپریالیزم و زۆر جار دەرودراوسێی کوردیش لەگەڵ کۆنەپەرستیی عەرەب یەکیان گرتووە دژی کوردایەتی.

بەم چەشنە، ئەبینین کە جگە لەمەی کە دوژمن و دۆستی موشتەرەکمان هەیە لەگەڵ عەرەب، جگە لەمەی کە دەسکەوت و ئامانجی موشتەرەکمان هەیە پێکەوە، بە حوکمی زرووفی جوغرافی و مێژوویش، کوردایەتی ناتوانێ دەست لە یەکێتیی تێکۆشان لەگەڵ گەلی عەرەبدا هەڵگرێت.

شۆڕشی ئەم جارەمان چاکتر ئەم ڕاستییەی بۆ دووپات کردینەوە، ڕاستە هێزی کوردایەتی بە تەنها ئەتوانێ زۆر خۆی ڕاگرێ و حوکمی کاربەدەستانی بەغدا گەندەڵ و ڕزۆك کات، وە ڕەنگە بتوانێ حوکمەکەشیان بتەپێنێ، بەڵام بە تەنها ناتوانێ حوکمێکی دیموکراسییان لە شوێن دانێت. واتە کوردایەتی هەر بە هێزی خۆی ناتوانێ دروشمی عیراقێکی دیموکرات و کوردستانی ئۆتۆنۆمیدار بهێنێتە دی.

جگە لەمە، بەشداربوونی هێزەکانی عەرەب لە خەباتی چەکدارانەدا، یارمەتییەکی زۆری هێزی شۆڕشی کورد ئەدات، وە دوژمن دووچاری سەرلێشێوان و پەرتوبڵاوکردنی هێزەکانی ئەکات.

لە لایەکی ترەوە، بێ خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد، زۆر زەحمەتە حوکمی کۆنەپەرستانە و دیکتاتۆری لە بەغدا بگۆڕدرێت بە حوکمێکی دیموکراسی. هەر وەك بێ یارمەتی و پشتیوانیی گەلی کورد، هیچ حوکمێکی نیشتمانی تا سەر لە بەغدا دەوام

ناکات. هەروەها بێ سەلماندنی مافەکانی نەتەوایەتیی گەلی کورد، گەلی عەرەبیش بە حوکمێکی دیموکراسیی ڕاستەقینە شاد نابێت، وە بە تەواوی ئازاد نابێ، چونکە ئەم گەلەی گەلێکی تر ئازار ئەدات، ناتوانرێ سەربەست بێ.

بەڵام کوردایەتی لەمەش گەیشتووە کە یەکێتیی تێکۆشان تواندنەوەی کورد و هێز و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کوردستان نییە، بەڵکو بریتییە لە یەکخستنی کۆشش و خەباتی نیشتمانپەروەران و دیموکرات و شۆڕشگێڕەکانی عەرەب و کورد لە ڕێگەی یەکخستنی خەبات و کۆششی حزب و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی کورد و عەرەب لە بەرەیەکی یەکگرتووی عیراقیدا دژی دوژمنانی هەردوو لاوە، لەپێناوی ئامانجە نیشتمانی و نەتەوایەتی و دیموکراسیی هەردوو لادا.

مێژوو ساغی کردۆتەوە کە یەك حزب یان یەك ڕێکخستنی عیراقییانەش، چ جای یەك ڕێکخستنی عەرەبی لە عیراقدا بە تەنها خۆی، ئەم یەکێتیی تێکۆشانەی پێ پێك نایەت. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی مارتی ١٩٦٤یدا لەم بابەتەوە ئەمەی خوارەوەی بڕیار داوە:

((دەربارەی تاکە کاری نەتەوایەتی – حول العمل القومي الواحد))

بیروباوەڕی تواندنەوەی هەموو پارتی و کۆمەڵانی سیاسی لە عیراقدا لە یەك تاکە ڕێکخراوی نەتەوایەتیی عەرەبیدا.

**((بیروباوەڕێکە ڕاستەوخۆ بە پێچەوانەی واقع و ئارەزووی کۆمەڵانی خەڵك و گەشەکردن و پێشکەوتن و پێویستییەکانی مێژوویی بزووتنەوەی نیشتمانی و نەتەوایەتییە لە عیراقی عەرەبی و لە کوردستانی عیراقدا. هەر وەك لەناوبردنی کوردایەتی و پارتی پێشڕەوی خەڵکی کوردستانە. جگە لەمەی کە بیروباوەڕێکی کۆنەپەرستانەیە بۆ چەسپاندنی حوکمی دیکتاتۆری، وە بە پێچەوانەی ڕژێمی دیموکراسیی پەرلەمانییە. بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان دژی ئەم بیروباوەڕە ڕادەوەستێ، لای وایە کە ڕێگەی ڕاستی یەکخستنی هێزە نیشتمانی و دیموکراتییەکان، ڕێگەی بەرەی یەکگرتنی نیشتمانییە (جبهة الاتحاد الوطني)، نەوەك تاکە کاری نەتەوایەتی)).**

ئەمەش نەك هەر لەبەر ئەوەی چونکە ئەم جۆرە بیروباوەڕە بە پێچەوانەی زرووفی واقیعی و ئارەزووی کۆمەڵانی خەڵك و دژی گەشەکردن و پێشکەوتن و پێویستییەکانی

مێژوویی بزووتنەوەی نیشتمانی و نەتەوایەتییە لە عیراق و لە کوردستاندا، بەڵکو لەبەر ئەمەش کە ئەم جۆرە هەوڵ و تەقەلایە خەڵك لە یەکتر دوور ئەخاتەوە و بەینی کورد و عەرەب خراپ تێك ئەدات.

چونکە بۆ کورد مانای لەناوبردنی کوردایەتی و (تعریب)کردنیەتی، هەر وەك مانای لەناوبردنی پارتی پێشڕەوی کوردایەتی و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کوردستانە. هەروەها هەڕەشەی لەناوبردنی هەموو حزب و تاقمی سیاسیی ڕێکخراوێکی دیموکراتییشە لە عێراقدا.

کەواتە تیکۆشان هەر لە ئەنجامی پێکهاتن و ڕێککەوتنی حزب و تاقمە نیشتمانی و دیموکرات و شۆڕشگێڕەکانی کورد و عەرەبدا ئەبێت. بە یەکخستنی کۆششیان لەگەڵ هەموو دەستە و پیاوە ناودارە نیشتمانییەکانی سەربەخۆیش لەسەر پرۆگرام و پیلان و ئامانجەکانی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب، واتە بەرەی یەکگرتنی نیشتمانی.

بەم جۆرە، بەری یەکگرتنی نیشتمانی پێویستییەکی مێژووییە بۆ یەکخستنی هەموو هێزە دڵسۆزەکانی گەلی عیراق، لەپێناوی دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.

دەسکەوتی گەلی عەرەب و کوردایەتییش هەر لەمەدایە کە بەرەی یەکگرتنی نیشتمانی دروست بێت. بە پێچەوانەی ئەمە، هەوڵی سەپاندنی تاقە ڕێکخراوی نەتەوایەتی بەسەر گەلی عیراقدا، دژی دەسکەوتی عیراق و یەکێتیی هێزەکانی گەلەکەیەتی. بۆیە کوردایەتی هەمیشە دژی تاکە حزبێك بووە و تا سەریش دوژمنی تاکە ڕێکخراوی نەتەوایەتی بۆ هەموو عیراق ئەبێت. بەڵام دژی ئەوە نابێت کە نیشتمانپەروەرانی نەتەوەپەرستی عەرەب تاکە ڕێکخراوی خۆیان دروست کەن بۆ خۆیان، بەڵکو دڵخۆش ئەبێ بە ڕێککەوتنیان لە ناو خۆیاندا، وە لەگەڵ هێزەکانی دیموکراتی کورد و عەرەب لە عیراقدا.

- ٥ -

# هۆیەکانی سەرنەکەوتنی کوردایەتی

- دەستپێکردنی شۆڕشەکانی لە ناوەختدا
- یەکنەگرتنی هەموو هێزەکانی گەلی کورد
- خیانەتی زۆربەی دەرەبەگەکان
- تێکەڵاونەبوون لەگەڵ مەسەلەی جووتیاراندا بە تەواوی
- مانەوەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و عەشیرەتگەری
- یەکگرتنی هەموو دوژمنانی کوردایەتی
- نەبوونی پارتی پێشڕەوی کوردایەتی
- گەلەکۆمەکێی ئیمپریالیستەکان دژی کوردایەتی
- نەبوونی چینی کرێکار و کزیی شۆڕشگێڕە هۆشیارەکان

دوای دەیان ساڵ لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خوێناوی، لە خەباتی ڕزگاری و ئازادیی نەتەوایەتی، دوای هەزاران جۆرە فیداکاری و قوربانی، دوای دەیان ڕاپەڕینی چەکدارانەی دلێرانە، دوای پێشکەشکردنی هەزاران شەهید و بەندکران و دەربەدەربوونی هەزاران هەزاری تر، دوای ئەو هەموو کوێرەوەری و وێرانی و هەژارییەی کە دووچاری کوردستان کراوە، دوای هەموو ئەمانە، هێشتا کوردستان هەر تاکە وڵاتی بێوێنەیە لە داگیر و دابەشکراندا، بە جۆرێك، کە لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی و کیانێکی نیشتمانی بێبەش بێت. هێشتا حوکمی زاتی بە کوردستان ڕەوا نابینرێ، هێشتا لەجیاتیی ماف و سەربەستیی دیموکراتی و نەتەوایەتیمان، بە ئاگر و قوڕقوشم و زۆرداری و پەلاماردان و شەڕی لەناوبردن وەرامامان ئەدەنەوە.

وەنەبێ گەلی کوردی قارەمان لە فیداکاری و خۆبەختکردنی کەم بووبێت، یان بە ڕاپەڕین و شۆڕش هەڵنەستابێت، یان خەباتی کوردایەتیی پساندبێتەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشا هێشتا کوردایەتی هەر دووچاری شکست و ژێرکەوتن بووە، هێشتا بە ئامانجەکانی ڕەوای خۆی نەگەیشتووە؟ بۆچی؟ ئەبێ هۆیەکانی ژێرکەوتنی تا ئیمڕۆی کوردایەتی چی بن؟

وا لێرەدا پوختەیەك لە هۆیەکانی ژێرکەوتنی کوردایەتی و بەئامانجنەگەیشتنی گەلی کوردستان ئەخەینە بەر چاو:

یەکەم: کوردایەتی هەر لە پەیدابوونیەوە دووچاری پەلاماردان و هێرشی داگیرکەران بووە، کە ویستوویانە کۆتوزنجیری بەندەگێتی لە ئەستۆ و گەردنی گەلی کوردا توندتر و قایمتر کەن. کوردایەتییش هەر لە سەرەتای پەیدابوونیەوە ناچار بووە بەربەرەکانێی ئەم هێرش و پەلاماردانە بکات، واتە تووشی خەباتی چەکدارانە و شۆڕش بووە، بێ ئەوەی شەرتەکانی سەرکەوتنی شۆڕش و زاڵبوون بەسەر دوژمنی هەبووبێت. چونکە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش، وەك پێشتر نیشان دراوە، هەر ئازایەتی و دلێری و خۆجەختکردن بەس نییە. جا زۆر جار شۆڕش لە کوردستاندا بەرپا بووە پێش ئەوەی هەموو مەرجەکانی سەرکەوتنی هەبووبێت. هێندێ جار سەرکردە و پیلان و تاکتیکی باش نییە، گەلێ جار

چەك و جبەخانەی نەبووە. هێندێ جار ئامانج و سیاسەتی ڕوون و دیاری نەبووە. هەمیشە هێندێ دەرەبەگ و هێندێ دەسەڵاتداری کورد خیانەتیان کردووە، چوونەتە لای دوژمن و بوونەتە ڕابەر و چاوساغی دوژمنی دژی گەلەکەی خۆیان. پارتی پێشڕەو نەبووە کۆمەڵانی خەڵك ڕێك خات و ڕابەریی خەباتیان بکات. شۆڕشەکان بە ڕابەریی نەفەرێك یان شێخێك یان سەرەك عەشیرەتێکی گەورە بوون، کە بە مردن یان فریودانی ئەم سەرکردەیە شۆڕشەکە دوایی هاتووە!

شۆڕشگێڕەکان چەکی قورس و عەسرییان نەبووە، کەچی دوژمن لە هەموو جۆرە چەکێك پەکیان نەکەوتووە. وە گەلێ هۆی تریش هەبووە، لەمانە، هەرە گرنگیان ئەوەیە کە کورد پشتیوانی و یارمەتیی دەرەوەی نەبووە.

## یەکنەگرتنی هێزەکانی کوردپەروەران:

دووەم: لە خەباتی ڕزگاری و بەربەرەکانێی نیشتمانیدا، وەنەبێ هەموو هێزەکانی گەلی کوردستان یەکترییان گرتبێت و پێکەوە شانبەشان خەباتیان کردبێت. داگیر و دابەشکرانی کوردستان و بە دواکەوتەیی مانەوەی کوردستان لە ڕووی سیاسی و سەناعی و خوێندەوارییشەوە کۆسپی گەورەی ئەم یەکخستنەی خەباتی گەلی کورد بووە. جا خەباتی بەتەوژمی کوردایەتی گەلێ جار هەر لە ناوچەیەك یان بەشێکی بچووکی کوردستاندا کڵپەی سەندووە، وە لە ناوچەکانی تردا یارمەتیی بۆ نەهاتووە، بۆیە دوژمن هەموو هێز و توانای لەو شوێنە کۆ کردۆتەوە.

بە داخەوە، هەموو هێزەکانی کوردپەروەران یەك نەخرابوون بەپێی پیلان و تەکبیری عیلمی و شۆڕشگێڕانە، وە سیاسەتێکی ڕاست و دیاریان نەبووە.

## تێکەڵاونەبوونی کوردایەتی لەگەڵ مەسەلەی جووتیاران:

سێیەم: هۆیەکی گرنگی سەرنەکەوتنی کوردایەتی ئەوە بوو کە بە تەواوی لەگەڵ مەسەلەی جووتیاراندا تێکەڵاو نەبووە، بە جۆرێ، کە ببێتە بزووتنەوەی جووتیاران، بەم جۆرە، بەشداریی جووتیاران بە تێگەیشتن و هۆشیارییەوە نەبووە، لە کوردایەتیدا بەشداربوونێکی بەستراو بە ژیان و گوزەرانی ڕۆژانە و دوارۆژەوە نەبووە. دیارە لەشکری

ئەساسیی شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانی و بزووتنەوەی نیشتمانییش هەر جووتیارن. تا جووتیار زۆرتر و باشتر لە بزووتنەوەی نیشتمانیدا بەشدار بن، بزووتنەوەکە بەهێزتر و فرەوانتر و چەسپاوتر ئەبێت. بۆیە پێویستە کوردایەتی زۆر باش و چاك تێکەڵاوی مەسەلەی جووتیاران بێ.

## خیانەتی زۆربەی دەرەبەگەکان:

چوارەم: هەرچەندە چەندین موڵکدار و سەرەك عەشیرەتی کوردپەروەر تا دوای شەڕی دووەمیش، وە هێندێك تا ئیمڕۆش، لە کوردایەتیدا بەشدار بوون، وە زۆر شەهیدیان لە شۆڕشدا داوە. بەڵام بەشی زۆری دەرەبەگەکانی کوردستان خۆیان بە دوژمن فرۆشتووە، وە خیانەتی کورد و کوردستانیان کردووە، گەلێ جار بوونەتە جاش و دژی کوردایەتی و شۆڕشەکەی جەنگیون. واتە بوونەتە کوتەکی دەستی داگیرکەران و ئیمپریالیزم.

## مانەوەی ڕژێمی نیمچە دەرەبەگی و گیانی عەشیرەتگەری:

پێنجەم: مانەوەی ڕژێمی نیمچە دەرەبەگی و گیانی عەشیرەتگەری وە بە دواکەوتەیی مانەوەی کوردستان لە ئەنجامی ئەمەدا، کۆسپێکی گەورەی یەکخستن و پتەوکردنی هێزەکانی نیشتمانیی کورد و هەموو هێزەکانی گەلی کوردستان بووە، بۆیە هۆیەکی زلی سەرنەکەوتنی کوردایەتی بووە. ئەمە جگە لە زەرەرەکانی تریشی، چونکە ڕژێمی کۆنەی نیمچە دەرەبەگی و گیانی عەشیرەتگەری نەك هەر مایەی کوێرەوەری و چەوساندنەوە و هەژاریی زۆربەی خەڵکی کوردستان بووە، بەڵکو ڕێگری هۆشیاربوونەوە و بەشداربوونی جووتیارانیش بووە لە کوردایەتیدا.

جگە لەمەی کە کارێکی زۆری کردۆتە سەر تەبیعەتی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان، وە کۆسپێکی گەورەی پێشکەوتنیان بووە، وە بە جۆرێکی ئەوتۆ بێهێز و توانا و دواکەوتەی کردوون کە بەرهەڵستیی ڕژێمێکی لەخۆ پێشکەوتووتری داگیرکەرانی پێ نەکرابێت. سەرەڕای ئەمەش، موجتەمەعی کوردستانیان لەبەر یەك ترازاندووە و گیانی عەشیرەتگەری ڕێگری یەکێتیی نیشتمانیی کورد بووە.

لەبەر ئەمانەیە کە کوردایەتی دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە ڕژێمی دەرەبەگی و گیانی

عەشیرەتگەری چ کۆسپێکی زلی گەشەکردنیەتی، چووە بە گژیاندا و خەبات ئەکات بۆ لە بنەڕەتەوە ڕامالّینیان، بە تایبەتی لەوەتەی لادانی ئەم ڕژێمە بۆتە شەرتێکی سەرکەوتنی کوردایەتی.

بەمەش کوردایەتی و مەسەلەی ڕزگاریی جووتیاران (کە بەشی زۆری کورد و لەشکری بنچینەیی کوردایەتین)، وە نەهێشتنی چەوساندنەوەی جووتیاران، تێکەڵاوتر بوون لەگەڵ یەك. واتە کوردایەتی بۆتە بزووتنەوەی جووتیارانیش. بەم چەشنە، ئەبینین کە مانەوەی ئەم ڕژێمە ڕاستەوخۆ بە پێچەوانەی کوردایەتییە، هەر وەك دژی پێشکەوتنی کورد و کوردستانیشە. بۆیە کوردایەتی لە ڕووی دەسکەوتی خۆیشیەوە، لە ڕووی پێویستیی سەرکەوتنیشەوە، هەر ئەبێ بچێ بە گژیا. سەرەڕای ئەمەی کە ڕژێمی گەندەڵ و کۆنەپەرستانەی پڕ لە کوێرەوەری و شەرمەزارییە، وە مایەی چەوساندنەوە و خوێنمژینی زۆربەی خەڵکی کوردستانە، وە دوژمنی زۆربەی ئەو کوردانەیە کە کوردایەتی بۆ ڕزگاری و بەختیارییان خەبات ئەکات.

## نەبوونی پارتی پێشڕەو:

شەشەم: نەبوونی پارتی پێشڕەو هۆیەکی زۆر گرنگی سەرنەکەوتنی کوردایەتی بووە. مێژووی کوردستان و مێژووی هەموو گەلانی ژێردەستە ئەم ڕاستییەی باش ڕوون کردۆتەوە کە بەبێ پارتی پێشڕەو، ڕزگاربوونی خەڵك زۆر زەحمەتە، وە لەم سەردەمەدا (ڕزگاریی ڕاستەقینە) هەر لە تواناداا نییە. چونکە باسی ئەم مەوزووعەمان زۆر کردووە، بۆیە هەر ئەوەندەی لەسەر ئەڕۆین.

## نەبوونی چینی کرێکار و کزی خوێندەواری و هۆشیاری:

حەوتەم: کەمی و کزیی چینی کرێکاری نوێ، وە خوێندەواری و هۆشیاریی عیلمی و شۆڕشگێڕانەی عەسری لە کوردستاندا، بۆتە هۆیەکی کزی و ناڕێکیی بزووتنەوەی نیشتمانی (بۆ ماوەیەکی زۆر)، هەر وەك بۆتە هۆی درەنگ پەیدابوونی پارتی پێشڕەوی کوردایەتی و بە پچڕپچڕ مانەوەی بەشەکانی گەلەکەمان و هێزە ڕەنجدەرەکانی تری.

## یەکگرتنی دوژمنانی کوردایەتی:

هەشتەم: بێبەشیی کوردایەتی لە یارمەتیی دەرەوە. داگیرکەران و دوژمنانی کوردایەتی هەمیشە یەکیان گرتووە بۆ بەرهەڵستیکردنی هەموو بزووتنەوە و شۆڕشێکی کورد، وە بە هەموو هێز و توانایانەوە بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد پێکەوە هەوڵیان داوە، کەچی کوردایەتی بێپشتیوان و بێبەش بووە لە یارمەتیی گەلان و حکومەتەکانی دەرەوە، وە هەمیشە بەهێز و توانای خۆی جەنگیوە، جگە لەم شۆڕشەی ئێستە.

## دوژمنایەتیی ئیمپریالیزم لەگەڵ کوردایەتیدا:

نۆهەم: هاتنی ئیمپریالیستەکانی ڕۆژاوا بە لەشکر و نفوزەوە بۆ ڕۆژهەڵات (بە کوردستانیشەوە)، وەڕێککەوتنیان لە ناو خۆیاندا لەسەر دامرکاندنەوەی کوردایەتی و داگیر و دابەشکردنی کوردستان، وە ڕێگرتنیان لە هەموو چەشنە پێشکەوتنێکی کوردایەتی و دوژمنایەتیکردنیان لەگەڵ هەموو جۆرە حوکمێکی نەتەوایەتیی کوردیدا، هۆیەکی زۆر گەورەی ژێرکەوتنی کوردایەتی بووە.

زۆر جار لەشکر و هێز و تۆپ و تانك و فڕۆکەی خۆیشیان بەکار هێناوە بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشەکانی کوردایەتی. لە ڕووی سیاسی و پیلاندانان و تەکبیرکردنیش دژی کوردایەتی درێغییان نەکردووە. هەمیشە هەموو چەشنە یارمەتییەکی عەسکەری و سیاسی و ماڵیی داگیرکەرانیشیان داوە بۆ فەوتاندنی کوردایەتی.

مەسئوولیەتی یەکەمین لە داگیر و دابەشکردنی کورد و کوردستان، وە بێبەش هێشتنەوەی گەلی کورد لە هەموو کیانێکی نەتەوایەتی، لە ئەستۆی ئیمپریالیزمە. هەر بۆیەشە کوردایەتی ئیمپریالیزمی بە دوژمنی هەرە گەورەی خۆی ناسیوە.

- ٦ -

# مەرجەکانی سەرکەوتنی کوردایەتی

- بوونی پارتی پێشڕەو
- هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵك
- یەکخستنی چینە نیشتمانپەروەرەکان
- پەیداکردنی هێزی چەکدار
- هاوکاری و یەکێتیی تێکۆشان لەگەڵ گەلی عەرەب
- پەیداکردنی پشتیوانی و یارمەتیی گەلان

## بوونی پارتی پێشڕەو:

یەکەم: بوونی پارتی پێشڕەو، وەك هێزێکی گەورە و ڕابەر، شەرتی یەکەمی سەرکەوتنی کوردایەتییە. چونکە هەر وەك بە تاقیکردنەوەی خۆمان و گەلانیش ساغ بۆتەوە، بێ پارتی پێشڕەو نە هێزەکانی شۆڕشگێڕ وە نە هێزی کۆمەڵانی خەڵك هۆشیار ئەکرێنەوە و ساز ئەدرێن لە کۆڕی خەباتدا. وە نە یەکخستنی هەموو هێزەکانی گەل (بێ هەوێنەکەی کە پارتی پێشڕەوە) بە تەواوی دێتە دی.

کۆمەڵانی خەڵکی کودستان بە تاقیکردنەوەی خۆیان بۆیان ڕوون بۆتەوە کە بەبێ پارتی پێشڕەو نە کوردایەتی، وە نە شۆڕشی کوردایەتی سەرئەکەوێت.

شۆڕشی ئەم جارەی کوردستان چاکتر ئەم ڕاستییەی دووپات کردەوە کە بوونی پارتی پێشڕەو چەندە پێویست و بەکەڵکە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش و کوردایەتی. وە چۆن جاران بێ پارتی پێشڕەو هیچ ڕاپەڕینێکی چەکدارانە لە چەند مانگێك بەولاوە خۆی پێ ڕانەگیراوە و نەژیاوە، کەچی ئەم جارە سەبارەت بە خەباتی پارتی، ئەو هۆشیاری و دڵسۆزییەی پارتی نواندی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا، وە سەبارەت بەو هۆشیارییەی پارتی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا پەیدای کردبوو، شۆڕشەکەمان چەند فراوان و گەورە بوو، وە چەندین سەرکەوتنی بە دەست هێنا. بە کورتی، پارتی پێشڕەو شەرتی هەرە گەورە و هەرە گرنگی بنچینەیی سەرکەوتنی کوردایەتییە.

## هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک:

دووەم: هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك، بە تایبەتی هۆشیارکردنەوەی جووتیاران، وە هێنانیان بۆ ژێر ئاڵای خەباتی کوردایەتی و ڕێکخستنیان، وە پێکەوەبەستنی کۆمەڵانی جووتیاران و کرێکاران و ڕەنجدەرانی تری کوردستان وەك هێزی بنچینەیی و کاریگەر لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا، شانبەشانی کاسبکار و خوێندەوارانی شۆڕشگێڕ و هەموو هێزە نیشتمانییەکانی تر، شەرتێکی بنچینەیی سەرکەوتنی کوردایەتییە.

هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستنی جووتیاران ئەهمییەتێکی تایبەتی هەیە بۆ کوردایەتی. چونکە کوردایەتی گەر بە تەواوی تێکەڵ بوو لەگەڵ بزووتنەوەی جووتیاراندا و بووە

بزووتنەوەی جووتیارانیش، هێز و توانای گەلێ زیاد ئەکات. هەر وەك شۆڕشی کوردایەتی گەرهاتوو زۆربەی جووتیارانی لەژێرئاڵای خۆیدا کۆکردەوە و بووە شۆڕشێکی جووتیارییش، ئەوا بە قووڵی و توندی ڕەگوڕیشەی خۆی لە ناوجەرگەی کۆمەڵدا دائەکوتێت، بە جۆرێك، کە لە هەڵکەندن نەیەت.

لەشکری شۆڕش بە زۆری هەر لە جووتیاران و ڕۆڵەی جووتیاران پێك دێ، وە هەر ئەوان ئەتوانن بە دەوری ڕەئیسی هەڵسن لە شۆڕشدا. جگە لە جووتیاران، ئەبێ زۆر ئیهتیمام بە کرێکاران بدرێ، چونکە چینی کرێکار چینی پێشڕەوە، وە توانایەکی زۆری ڕێکخستن و گیانی شۆڕشگێڕی و زەبت و ئیتاعە و گیانی خۆبەختکردن و هاریکاریی تێدایە. خوێندەواران (بە قوتابیانیشەوە)، لە وڵاتی دواکەوتە زۆر ئەهمییەتیان هەیە، چونکە بڵێسەی هۆشیاری بەرزکردنەوە و هەستی نیشتمانی بڵاو ئەکەنەوە، وەك چرای ڕێگە ڕووناککەرەوە وان.

هەروەها پێویستە لاوان و ئافرەتان لە ڕێکخراوەی تایبەتی دیموکراتی خۆیاندا ڕێك خرێن، وە ئەهمییەتێکی زۆر بە ئافرەتان بدرێ کە نیوەی موجتەمەعن، وە لە پەروەردەکردنی منالانی کوردستاندا دەستێکی بالایان هەیە.

دروستکردنی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی لاوان، ئافرەتان، قوتابیان و مامۆستایان و... هتد شەرتێکی بنچینەیی چاك ڕێکخستنی کۆمەلانی خەڵکە لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا.

## ڕێکخستن و یەکخستنی هەموو چینە نیشتمانییەکان:

سێیەم: یەکخستنی زۆربەی هێزەکانی گەل بە چینە نیشتمانییە جیاجیاکانیشەوە بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ واقیع و زرووفدا، بە شێوەیەك کە زۆرترین هێزی پێ کۆ بکرێتەوە و بە چاکترین جۆری پێوەندی بەیەکەوەیان ببەستێتەوە، چ بە شێوەی بەرەی نیشتمانی بێت یان بەرەی ڕزگاری یان ڕێکخستنێکی تایبەتی. ئەڵبەتە بێ ئەوەی دەوری پێشڕەوی پارتی پێشڕەو تیا بچێت، بەڵکو ئەبێ پارتی پێشڕەو هەوێن و ڕابەری ئەم یەکخستنە نیشتمانییە بێت، چونکە بێ ئەمە ئەم ڕێکخستن و یەکخستنە سەرگرتن و بەئامانجگەیشتن و ئیستمرارییەتی لە تواناداا نییە.

لێرەدا پێویستە سەرنج لەم نوقتەیە بدەین کە جگە لە هێزی ڕەئیسیی شۆڕشگێڕ

(جووتیاران و کرێکاران و ڕەنجدەرانی تر) لە توانادا هەیە توجاری کوردپەروەر و هێندێ موڵکداری نیشتمانپەروەر (بە تایبەتی موڵکدارە بچکۆلەکان) ڕێك خرێن و جۆش درێن لە کۆڕی خەباتی کوردایەتیدا. بە تایبەتی لە کاتی دەستدرێژی و پەلاماری بێگانەدا، لەگەڵ ئەو چەند سەرەك عەشیرەتەی لە کۆڕی کوردایەتیدا ماون، ئەبێ دۆست و تەبا بن، بەڵام بێ ئەوەی ماوەی بووژاندنەوە و هەڵسانەوەی دەرەبەگایەتی بدەین. ئەبێ لەگەڵیان دۆستانە و ژیرانە و بە مەروونەت ڕەفتار بکەین. نابێ بیانهورووژێنین یان بیانڕەوێنینەوە، بەڵام نابێ یارمەتیشیان بدەین لە چەوساندنەوەی جووتیاراندا یان ئەوەندەیان بەرز کەینەوە کە بە هۆی شۆڕشەوە! دەرەبەگایەتی بژێنینەوە!

ئەبێ سیاسەتێکی ڕاست و عیلمی لە کاتی شۆڕشدا دەربارەی مەسەلەی زەویوزار پێڕەو بکەین بە ڕەچاوکردنی پرۆگرامی پارتی و پێویستییەکانی شۆڕش.

**سیاسەتی عیلمی و ڕاستی (کاتی شۆڕشیش) ئەمەیە کە:**

١- زەویوزاری دەرەبەگە خائینەکان دابەش کرێت بەسەر جووتیاراندا.

٢- دابەشکردنی زەویوزاری دەرەبەگە ڕاڕا و دوودڵەکانی ئامادەن بچنە ڕیزی دوژمنەوە، بەڵام دەرفەتیان نەدراوە، بەسەر جووتیاراندا.

٣- دابەشکردنی هەموو زەویوزاری میری، بە هیی ئیسلاحی زەراعییشەوە، بەسەر جووتیاراندا.

٤- بەڵام زەویوزاری موڵکدارە شۆڕشگێڕەکان و نیشتمانپەروەرەکان دابەش ناکرێت، مەگەر بە کڕین لێیان وە یان بە ڕەزامەندیی خۆیان، بەڵکو ئەبێ بە خۆشی ئیقناعیان کەین کە ڕەفتاری باش لەگەڵ برا جووتیارەکان بکەن.

٥- نابێ (ئاغایەتی) و ئەوەی دەرەبەگ پێی ئەڵێ (هەقی ئاغایەتی)، بژێندرێتەوە و ماوەی سەرهەڵهێنانەوەی بدرێ.

٦- لەو ناکۆکی و نیزاعەی لە نێوان موڵکدار و جووتیاراندا ڕوو ئەدات، نابێ ئێمە پشتیوانیی موڵکداران بکەین، بەڵکو ئەبێ بەپێی دەسکەوتی شۆڕش لابەلا بکرێن، بە ڕەچاوکردنی بەندەکانی سەرەوە.

## بوونی هێزی چەکدار:

چوارەم: بوونی هێزی چەکدار (بۆ ئێمە هێزی پێشمەرگە)، بۆ گەیشتن بە ئامانج زۆر زۆر پێویستە، چونکە داگیرکەران و ئیمپریالیستەکان بە ئاشتی و خۆشی دەست لە وڵات و سەروەت و سامانی نیشتمانەکەمان هەڵناگرن، وە ئامادە نین مافە زەوتکراوەکانی گەلەکەمان بە خۆشی بدەنەوە. جا یان ئەبێ واز بهێنین، یان ئەبێ لێیان بسێنینەوە. کە کەوتینە هەوڵی لێسەندنەوەیان، بەرهەڵستیمان ئەکەن، وە بە هەموو هێزیانەوە بە گژماندا دێن، ئەوسا بە ناچاری تووشی بەربەرەکانێکردنیان و بەرهەڵستیکردنیان ئەبین، جگە لەمە، دوژمن هەر کە هەستی کرد بە پەرەسەندن و بەهێزبوونی کوردایەتی، ئەکەوێتە لێدان و شێلانی بۆ دامرکاندنەوەی، بە جۆرێ، کە بۆ پاراستنی کوردایەتییش ناچاری دروستکردنی بەربەرەکانێی چەکدارانە ئەبین، واتە دروستکردنی هێزی چەکدار بە تایبەتی، چونکە دوژمن ماوەی خەباتی (شەرعی) و پەرلەمانی بە کوردایەتی نادات، وە چونکە زرووفی تایبەتی کوردستان شۆڕشی کردووە بە ڕێبازی کوردایەتی.

بەڵێ، دوژمن بە زۆر و زۆرداری، بە هێز و ،عونف بە لە شکر و چەك گەرەکییەتی کورد و کوردستان بە داگیر و دابەشکراوی و بەشخوراوی بهێڵێتەوە، وە کوردایەتی لەناو بەرێت، بۆیە ناچار ئەبێ بە هێز بەرەنگاریان ببین و هێزی چەکداری خۆمان دروست کەین، بە عونفی شۆڕشگێڕانە بەرهەڵستییان بکەین، ئەگینا ئەمانفەوتێنن یان ئەبێ تەسلیمیان بین!

بەم جۆرە، بوونی هێزی چەکدار (هێزی پێشمەرگە)، نەك هەر شەرتێکی بنچینەییە بۆ هەقوەرگرتن و سەرکەوتنی کوردایەتی، بەڵکو بۆ مان و پاراستنی ژیان و ماڵی خەڵکی کوردستانیش، بۆ پاراستنی کوردایەتی و کوردپەروەرەکانیش لە فەوتاندن. بۆیە هەر کەسێ لەم ڕاستییە نەگات، لە وەزع و خەباتی کوردستان ناگات، وە ناتوانێ کەڵکبەخش بێ لە خەباتی گەلی کوردا.

هێزی چەکداریش لە هەموو هێزێکی تر پتر پێویستی بە ڕێکخستن و ئیتاعە و زەبت و مەشقی تایبەتی هەیە. ڕێکخستنێکی پۆڵایینی ئەوتۆ کە بتوانێ بەرەنگاری لەشکری چەکدار و ڕێکوپێکی دوژمن بێت.

جگە لەمە، شێوەی جەنگی هێزی چەکداری شۆڕشگێڕ، سەبارەت بە زۆری و پرچەکیی دوژمن، نابێ شێوەیەکی عەشیرەتگەریی بەرەڵڵا بێت، وە یان شێوەیەکی نیزامیی جەبهەوی بێت، بەڵکو پێویستە شێوەی خەباتی پارتیزانانە و پێشمەرگانە بێت، تاکتیك و ئوسلوبی پێشمەرگانەی عەسری فێر بێت و بەکار بێنێت. ئەگینا ناتوانێ بەربەرەکانێی دوژمن بکات و ناچاری کات مافەکانمان بداتەوە.

بەڵام بوونی هێزی چەکدار مانای ئەوە نییە، کە کوردایەتی نابێ ڕێگەی بە ئاشتی و خۆشی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بگرێت. بە پێچەوانەوە، چاکتر پێڕەویکردنی ئەم ڕێگەیە، چاکتر سەپاندنی ئەم ڕێگەیە ئاسان ئەکات. کوردایەتی هەمیشە ویستوویەتی، وە هەتا توانرابێت و ماوەی بۆ مابێتەوە، هەوڵی داوە کە بە ئاشتی و خۆشی هەقەکانی خۆی وەرگرێت. ئەوانەی نەیانویستووە مەسەلەی کورد بە ئاشتی و خۆشی چارەسەر کرێت، هەر داگیرکەران و دوژمنان بوون.

بۆیە کوردایەتی هەموو کاتێك تا ناچار نەکرابێت، ملی ڕێگەی شۆڕشی چەکدارانەی نەگرتووە. وە لە پاش شۆڕش هەڵگیرسانیش، هیچ هەلێکی لە دەست نەداوە کە بۆنی هیوای بە ئاشتی بڕینەوەی مەسەلەی کوردی لێ کرابێت.

کوردایەتی ئەزانێ کە شۆڕش ئوسلوبێکی خەباتە بە ناچاری گرتوویەتی، واتە داگیرکەران و ئەو زرووفەی دروستیان کردووە سەپاندوویەتی بەسەریا، بۆیە هەر کاتێك ماوەی بە ئاشتی بڕینەوە هەبێ، کوردایەتی خۆی لێ لانادات.

## هاوکاری و یەکێتیی تێکۆشان لەگەڵ عەرەبدا:

پێنجەم: هاوکاری و یەکێتیی تێکۆشان لەگەڵ عەرەبدا، لە بۆ سەرکەوتن و هێنانەدیی ئامانجی گەورەی کوردایەتییە، لەم پلەیەدا (لە عیراقدا)، کە بریتییە لە عیراقێکی دیموکراتی ڕزگار و کوردستانی ئۆتۆنۆمیدار لە چوارچێوەکەیدا، شەرتێکی بنچینەیی سەرکەوتن و بەئامانجگەیشتنی کوردایەتییە. چونکە بێ ئەم هاوکاری و بێ ئەم یەکێتیی تێکۆشانە، عیراقێکی دیموکرات پێکهاتنی زۆر زەحمەتە تا کورد لە چوارچێوەکەیدا بە ئۆتۆنۆمی شاد بێت. بەڵێ، کوردایەتی خۆی پێ ڕائەگیرێ و نابەزێ، بەڵام حوکمی بەغدا بێ هاوکاری لەگەڵ عەرەب چاك ناکرێت و ناکرێ بە دیموکرات. بۆیە ئەبێ کوردایەتی

لەگەڵ هێزە دیموکرات و پێشکەوتووەکانی عەرەبدا ڕێك کەوێت و هاوکاری بکات، وە پێکەوە بەرەی یەکگرتنی نیشتمانی عیراقی دروست کەن.

کەواتە دروستبوونی بەرەی یەکگرتنی نیشتمانی لە عیراقدا بە هاوکاریی کوردپەروەرەکان و عەرەبە پێشکەوتووەکان، شەرتێکی بنچینەیی سەرکەوتنی کوردایەتییە.

## پشتیوانی و یارمەتیی گەلان:

شەشەم: پشتیوانی و یارمەتیی گەلان، پشتیوانییەکی مادی و مەعنەوی بۆ سەرکەوتنی کوردایەتی، زۆر زۆر پێویستە. ئەم ڕاستییە بۆ هەموو بزووتنەوەیەکی نیشتمانی ساغ بۆتەوە.

دوژمنان زۆرن، بەدەستەڵاتن، دەوڵەمەندن، تەنانەت سەروەت و سامانی بەتاڵانبراوی وڵاتی ئێمەش بەکار ئەهێنن دژی گەلەکەمان، وڵاتی ئێمەش لە ڕووی ئابووری و زەراعی و ماڵییەوە زۆر دواکەوتووە، بەشی زۆری خەڵکیشی هەژارە، سەناعەتی حەربییمان نییە، بۆیە یارمەتیی گەلان بۆ ئێمە زۆرتر پێویست و ئەهمییەتدارە. بە تایبەتی چونکە دوژمنان یەکیان گرتووە (زۆر جار)، وە یارمەتیی دەرەوەشیان هەیە.

ئەمە جگە لەوەی کە خەباتی ئێمەش بەشێکە لە خەباتی ڕزگاری و ئازادیی هەموو گەلان، بۆیە پێویستە یارمەتیمان بدەن.

## - ٧ -

# کـــوردایەتی و:

- شۆڤێنایەتی دوژمنن
- کۆسمۆپۆلیتایەتی دژی یەکترن
- برا تورکمانەکانمان و ئاسوور و کلدان
- تاکڕەویی نەتەوایەتی پێکەوە ناگونجێن
- دیموکراسی تێکەڵن
- ڕەگەزایەتی بە پێچەوانەی یەکترن
- جیابوونەوە لە عیراق

## کوردایەتی دوژمنی شۆڤێنایەتییە:

کوردایەتی و شۆڤێنایەتی دوژمنی یەکترن. بۆ ئەوەی چاك لەم ڕاستییە بگەین، دوای زانینی مانای کوردایەتی ئەبێ مانای شۆڤێنایەتییش بزانین تا باشتر بەراوردیان بکەین.

**جا بزانین شۆڤێنایەتی چییە؟**

دانەری قامووسی سیاسی، پرۆفیسۆر بانوماریۆڤا، لە لاپەڕە (٦٥٧)دا، لەژێر وشەی شۆڤێنایەتیدا (شۆڤێنیزم) ئاوا ئەڵێ:

**(شۆڤێنایەتی: سیاسەتێکی بوورژوازییانەی کۆنەپەرستانەیە، ئامانجی تێکشکاندن و ژێردەستکردنی گەلانی ترە، وە بە بیانووی ئیمتیازی نەتەوایەتییەوە ئاگری دوژمنایەتی و بەیەکهەڵبرژاندن لە ناو نەتەوەکاندا خۆش ئەکات).**

(بنواڕە باسەکەی مامۆستا زەبیحی لە ژمارە (٢)ی لاپەڕە (٦)ی ڕۆژنامەی کوردستان[1]، خاوەنەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، چاپی بەغدا).

ئینجا ئەگەر سەرنج لە کوردایەتی و شۆڤێنایەتی بدەین، ئەبینین کە: کوردایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیەکی بچووکی ژێردەستەیە لەپێناوی ڕزگاری و سەربەستیدا، کەچی شۆڤێنایەتی سیاسەتێکی کۆنەپەرستانەی داگیرکەرانەیە، (بە گشتی لە ناو نەتەوەی گەورە و دەسەڵاتدارا پەیدا ئەبێ). بۆ ئەوەی نەتەوەی گەورە یان دەسەڵاتدار بەو بیروڕایە داگیرکەرانەیە ڕابهێندرێت و بە گیانی لەخۆباییبوونی نەتەوایەتی (غروری قەومی) وە خۆپەرستی نەتەوایەتی وە بە (سووك و چرووك تەماشاکردنی نەتەوەکانی تر) پەروەردە بکرێت، وە بەو بیرە چەوتە فریو بدرێت تاکو بەدوای ئەم سیاسەتە بکەوێت، وە بە بیانووی ئیمتیازی نەتەوایەتییەوە دژی گەلانی تر هانیان بدەن.

---

١- کوردستان: ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانە بوو و پێنج ژمارەی لێ بڵاو بووەوە، ژمارە ١ی لە ١٩٦١/٣/٤، ژمارە ٥ لە ١٩٦١/٤/١ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی ئیبراهیم ئەحمەد، سەرەك نووسینی لێپرسراو پارێزەر جەلال تاڵەبانی. بڕوانە: کوردستان، کاری هاوبەشی پرۆفیسۆر دکتۆر هیمداد حوسێن، نەوزاد عەلی ئەحمەد، ٢٠١٩، چاپخانەی پیرەمێرد، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ. (ئامادەکار)

هەرچی کوردایەتییە، بۆ ڕزگاریی گەل و نیشتمانی خۆی (کورد و کوردستان)، وە سەندنەوەی مافە نەتەوایەتییە داگیرکراوەکانی خۆی خەبات ئەکات، کەچی شۆڤێنایەتی بۆ سەپاندنی سیاسەتی داگیرکردنی ئیمپریالیستی و بێبەشکردنی گەلانی ژێردەستەیە لە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان بۆ بە دیل وکۆیلەهێشتنەوەی گەلان و بە ژێردەستەمانەوەی وڵاتەکانیانە.

کوردایەتی بزووتنەوەیەکی مێژووکردی (موزوعي) ئینسانی و عادیلانەیە، کەچی شۆڤێنایەتی بێ بناغە و بنچینەیی عیلمی و ئینسانییە، بەڵکو فیڵبازی و تەڵەکەبازی و سیاسەتێکی ژەهراوییە، بۆ سەلماندن و سەپاندنی یاسای جەنگەڵ (قانوون الغاب) بەسەر مرۆڤایەتیدا (دڕندەی بەدەسەڵات بێدەسەڵاتەکە بخوا).

کوردایەتی باوەڕی بە برایەتی و وەکیەکیی گەلان هەیە، وە دەسکەوتی لەمەدایە کە هەموو گەلان وەك یەك بن بێ جیاوازی، کەچی شۆڤێنایەتی دوژمنایەتی لە نێو گەلاندا بڵاو ئەکاتەوە و بەند و بالۆرەی ئیمپریالیستەکان ئەڵێتەوە، کە گوایا هێندێ نەتەوە لە هێندێکی تر سەرووەرترن!

بۆیە ئەبێ حوکمیان بە دەستەوە بێت. واتە شۆڤێنایەتی پاکانە بۆ داگیرکردن و هەمان سیاسەتی داگیرکەری ئەکات، کە کورد و کوردستان چەندین ساڵە بە دەستیانەوە ئەناڵێنن.

دەربارەی بێبنج و ڕەگوڕیشەیی شۆڤێنایەتییش لە ناو کوردستاندا، مامۆستا زەبیحی لە هەمان وتاری باسکراویدا ئەمەی خوارەوە ئەڵێ:

**((لەوانەی باس کراون، بۆمان ڕوون ئەبێتەوە، کە شۆڤێنایەتی لە کوردستاندا، کوردستانی بەشکراوی بێبەش لە هەموو مافێکی دیموکراتی و نەتەوایەتی، جێگەی نابێتەوە و زەوی و گەرمکیکی وای دەست ناکەوێت، کە تێیدا گەرا دانێت. بەم جۆرە ئاشکرا دەبێ کە بوختانی شۆڤێنایەتیکردن بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانی کوردی بێجێ و ناڕەوایە. سەرەڕای ئەوەش، بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد بە شێوەی پێشکەوتوانەی خۆیەوە دەری ئەخا کە شۆڤێنایەتی وەکو بیروباوەڕ ناتوانێ ڕیشەی تێدا دابکوتێ)).**

بەم جۆرە، ئەبینین کە کوردایەتی دوژمنی شۆڤێنایەتییە، وە بە هیچ جۆرێك بیروباوەڕی کوردایەتی لەگەڵ شۆڤێنایەتیدا ناگونجێ، بەڵکو ڕاستەوخۆ بە پێچەوانەی یەکترین.

## کوردایەتی دۆستی تورکمانە:

هەرچەندە شۆڤێنایەتی بنج و ڕەگی کۆمەڵایەتیی نییە لە کوردستاندا، وە سەبارەت بەوەی کە، کورد گەلێکی بچووك و ژێردەستەیە، شۆڤێنایەتی ناتوانێ لەسەر بنجێکی کۆمەڵایەتی لە ناو کوردستاندا بڕوێت و پەرە بسێنێت، بەڵام دیسان سەبارەت بە بوونی (کەمایەتی) لە ناو کوردستاندا، وە یان سەبارەت بە مەترسیی پەیدابوونی لەخۆباییبوونی نەتەوایەتی لە کوردستانیشدا، مەترسیی پەیدابوونی هێندێ بیر و ڕەئی شێوە شۆڤێنایەتی هەر هەیە، بۆیە ئەبێ لە پێشەوە بەربەست کرێ.

گەر ئەم قسەیە لە بابەت پێوەندیی کوردایەتی و تورکمانەوە بکەین، پێویستە کە بگوترێ نابێ ماوەی هیچ جۆرە بیروباوەڕێکی شێوە شۆڤێنی بدرێ. نابێ بە هیچ جۆرێك ماوەی سیاسەتێکی ناڕەوا و ناڕاست دژی برا تورکمانەکانمان بدرێ. بە پێچەوانەوە، ئەبێ کوردایەتی خەبات بکا بۆ ئەوەی هەموو ماف و سەربەستییەکانی برا تورکمانەکانمان بێتە دی. ئەبێ گەلی کورد کە حوکمی ئۆتۆنۆمیی وەرگرت، یان ویلایەتێکی دەست کەوت، هەموو مافەکانی برا تورکمانەکانیش بهێنێتە دی، بە جۆرێ، کە نموونەیەکی نایابی ئینسانی بدا بە گەلانی دراوسێ، کە چۆن ئەبێ لەگەڵ (نەتەوەی بچووك) و (کەمایەتیی نەتەوایەتی) ڕەفتار بکرێت.

زۆر بە داخەوە، هێشتا پێوەندیی کوردایەتی و برا تورکمانەکانمان لە کوردستانی عیراقدا، وەك پێویست بەهێز و گەشەکردوو نییە، بە تایبەتی چونکە هێشتا کوردایەتی هەوڵ و کۆششێکی زۆری لەم ڕووەوە نەداوە، هەر وەك هێشتا بیروباوەڕی تۆرانیزم بە شێوەیەکی ناڕەوا کاریگەرە لەسەر گەلێ کەس لە برا تورکمانەکانمان، وە چونکە پێوەندیی نێوان گەلی کورد و گەلی تورك لە جەمهورییەتی تورکیادا، سەبارەت بە سیاسەتی شۆڤێنایەتیی نەتەوەی گەورەی حکومەتەوە هێشتا هەر چەوت و چوێڕ و خراپە، کە ئەمەش بۆتە هۆی (لێکدڕدۆنگی و دوورەپەرێزییەکی تەواو) لە نێوان کورد و برا تورکمانەکانیدا لە کوردستانی عیراق.

هەرچۆنێ بێ، دەسکەوتی کوردایەتی و برا تورکمانەکانیشمان لەمەدا نییە، بەڵکو دەسکەوتیان هەر لەمەدایە کە پێکەوە تەبا و برا بین، وە ئەبێ کوردایەتییش ئیحترامێکی

تەواوی هەستی برا تورکمانەکان و زمان و ڕەوشت و خوی نەتەوایەتییان بگرێت و خەبات بکات بۆ بەجێهێنانی ئاواتەکانی ئەوانیش. هەر وەك پێویستە برا تورکمانەکانیشمان لەم ڕاستییە بگەیەندرێن کە بێ ئەوەی کوردایەتی بە هەقی خۆی بگات، ئەوان موستەحیلە بە هەقی بچکۆلەکەشیان بگەن، چونکە ئەو حکومەتەی دوو ملیۆن کورد لە هەق بێبەش کات، تورکمان هەر قووت ئەدات! وە کەچی بە ئۆتۆنۆمیداربوونی کوردستان، ئەوانیش وەك هەموو دانیشتوانی تری کوردستان بەختیار ئەبن.

هەروەها هەمیشە لەسەر کوردایەتی پێویستە کە خەبات بکات بۆ ئەوەی هیچ مەترسییەك لە دڵی برا تورکمانەکاندا نەهێڵێت وە تا هەموو جۆرە شك و شوبهەیەك لە دڵیانا بەرامبەر بە کوردایەتی لابەرێت، هەر وەك لەسەر کوردایەتی و برا تورکمانەکان پێویستە کە ماوە نەدەن سیاسەتی شۆڤێنایەتیی جەمهورییەتی تورکیا بەرامبەر بە کوردی ئەوێ، کار بکاتە سەر پێوەندیی کورد و برا تورکمانەکانیان لە کوردستانی عیراقدا.

جگە لەمە، هەڵوێستی کوردایەتی بەرامبەر بە برا تورکمانەکانمان، یەکەم مەیدانی تاقیکردنەوەی ناوەڕۆکە ئینسانییەکەی کوردایەتییە، چونکە کوردایەتی چاکتر گەشە ئەکات و زۆر پێش ئەکەوێت.

پاشان بە چ ڕوویەك کوردپەروەران داوای هەقی کورد ئەکەن لە تورکیا و سوریادا، گەر هاتوو وەك (کوردکوژەکان) گەرەکیانە، ناحەزانە لەگەڵ برا تورکمانەکان ڕەفتار کرا؟ وە یان کوردایەتی مافی برا تورکمانەکانی نەسەلماند و خەباتی بۆ نەکردن؟

لێرەشدا بۆمان دەرئەکەوێت کە هەموو جۆرە بیر و ڕەئییەکی شێوە شۆڤێنانە نەك هەر بە پێچەوانەی کوردایەتی و دەسکەوتی کوردایەتین، بگرە ئەبێتە هۆی زیانگەیاندنیش بە مەسەلەی کورد و عەدالەتی کوردایەتی، بۆیە دیسان ئەبێ کوردپەروەرەکان هەر بچن بە گژ شۆڤێنایەتیدا، وە هەموو بیر و ڕەئییەکی شێوە شۆڤێنی، وە دوژمنی شۆڤێنایەتیی نەتەوەی دەسەڵاتدار بن.

## کوردایەتی و ئاسووری و کلدان:

ئاسووری و کلدان سەدان ساڵە لەگەڵ برا موسڵمانە کوردەکانیان لە کوردستاندا بە خۆشی و برایەتی ئەژین. واتە کوردستان نیشتمانی ئەوانیشە، ڕزگاری و بەختیاریی گەلەکەی ڕزگاری و بەختیاریی ئەوانیشە، هەر وەك زەوتکرانی مافەکانی کوردستان، زەوتکرانی مافەکانی ئەوانیشە، نەبوونی حوکمێکی دیموکراتی دەستڕۆیشتوو بەسەر کوردستاندا، برا ئاسووری و کلدانەکانیشمان دووچاری بێبەشی لە بەری ئەم چەشنە حوکمە وە لە ئازادی و سەربەستییە دیموکراسییەکان ئەکات.

جگە لەمە، هەموو کوێرەوەری و دەردەسەری و زوڵموزۆرێکی بەسەر کورد بێت، ئەوانیش هەر ئەگرێتەوە. واتە برا ئاسووری و کلدانانەمان هەر وەك بەشێکن لە هاونیشتمانییەکان، ئەوهاش لە خۆشی و ناخۆشی، لە دەسکەوت و چارەسەری گشتییشدا بەشدارن، وە بە برا کوردە موسڵمانەکانیانەوە بەستراون، کە بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانن.

هەروەها لە مێژوودا گەلێ جار خوێنی برایانی کورد و ئاسوور و کلدان پێکەوە ڕژاوە و تێکەڵ بە خوێنی یەکتر بووە لە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەیاندا لەپێناوی پاراستنی کوردستانی نیشتمانی هەمواندا لە پەلاماری داگیرکەران. وە هەرچەندە ئیمپریالیزم و داگیرکەران و دەرەبەگەکانی کورد و ئاسوور ناوبەناو هەوڵیان داوە کە برایەتیی کورد و ئاسوور کز کەن، بەڵام سەری نەگرتووە، بە پێچەوانەوە، ئەو برایەتییە تا دێت بەهێزتر و توند و پتەوتر بووە، بە تایبەتی لە دوای بڵاوبوونەوەی هەستی نیشتمانی و دیموکراتی لە ناویاندا.

کوردایەتییش کە بزووتنەوەیەکی دیموکراسییە و لەپێناوی ڕزگاریی نیشتمانی هەمواندا (کوردی موسڵمان و کلدان و ئاسوور) خەبات ئەکا، کە هەوڵ ئەدات حوکمێکی دیموکراسیی ڕاستەقینە بهێنێتە کایەوە، کە بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستان باش و بەکەڵکە، کوردایەتییش کە هەمیشە وەك بزووتنەوەیەکی پێشکەوتوانە یەکێتیی برایانی کورد و ئاسوور و کلدان بە پێویست و زۆر بایەخدار ئەبینێ.

هەر بۆیەشە کە کوردایەتی لە پرۆگرامی پارتی پێشڕەویدا داخوازییەکی تایبەتی لە مادەیەکی تایبەتیدا بەرز کردۆتەوە بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی تایبەتی ئەم برایانەمان.

## کوردایەتی و کۆسمۆپۆلیتایەتی دژی یەکترین:

کوسمۆپۆڵیتایەتی بیروباوەڕێکە ئیمپریالیزم و داگیرکەران بڵاوی ئەکەنەوە بۆ پاراستنی دەسکەوتی خۆیان بۆ چەوساندنەوەی گەلانی بچووك و ژێردەستە بە بیانووی مرۆڤایەتی (ئینسانییەت) و عالمییەتەوە! بە بیانووی ئەوەی کە جیاوازی نەبێ لە نێوان گەلاندا، وە هەموو هەر برا بن.

پرۆفیسۆر بانوماریۆڤا، لە قامووسی سیاسیی سۆڤیەتدا لاپەڕە (٢٨٩) لە تەعریفی کۆسمۆپۆلیتایەتیدا ئەمەی خوارەوە ئەڵێ:

**((کۆسمۆپۆلیتیزم: فیکرەیەکی بۆرژوازی و کۆنەپەرستانەیە، ئەڵێ کە لە نێوان نیشتمانەکان و گەلەکاندا و سەقافەتی قەومییاندا جیاوازی نییە. داوا لە نەتەوەکان ئەکات واز بێنن لەو خەباتەی لەپێناوی دەسەڵاتی نیشتمانی و سەربەخۆیی خۆیاندا دەیکەن، وە هەوڵ دەدەن کە حکومەتێکی عالەمی دامەزرێنن)).**

(بنواڕە ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی کوردستان – چاپی بەغدا، خاوەنەکەی مامۆستا برایم ئەحمەد، وتارەکەی مامۆستا زەبیحی: کۆسمۆپۆلیتایەتی چییە؟).

جا ئەگەر باش سەرنج لە کۆسمۆپۆلیتایەتی بدەین، ئەبینین کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە:

ئینکارکردنی ئەم سنوور و پەرژینانەی نەتەوایەتی کە مێژووی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە نێوان نەتەوەکاندا دروستی کردووە، بەوەی کە هەر نەتەوەیەك خاك و زمان و خاسیەتی تایبەتی نەتەوایەتی و ڕەوشت و خووی خۆی هەیە، وە لە وەزع و زرووفی تایبەتی خۆیدا ئەژیەت.

کۆسمۆپۆلیتایەتی ئینکاری وجودی (بوونی) تایبەتی نەتەوەکان ئەکا. ئینکاری ئەم ڕاستییە ئەکات، کە هەر نەتەوەیەك بوونی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر خاکی خۆیدا، وە گەرەکییەتی کۆمەڵێ نەتەوە پێکەوە تێکەڵاو کات بێ سنوور و پەرژین و مافی تایبەتی نەتەوایەتی.

کۆسمۆپۆلیتایەتی گەرەکییەتی نەتەوەکان وا لێ بکات کە واز بهێنن لە داواکردنی سەربەستیی نیشتمانی و گەشەپێکردنی سەربەخۆیی تایبەتی (التطور الحر الخاص).

بیانووەکانی کۆسمۆپۆلیتایەتییش ئەوەیە، کە فەرق و جیاوازی نییە لە نێو گەلاندا، هەموو هەر براین، چ پێویست ئەکات بەپێی نەتەوە و سنوور دابەش دابەش بین! پێویستە گوێ بدەینە (عالمییەت!) و (مرۆڤایەتی!) لەجیاتیی هەستی نەتەوایەتی!!

هەر وەك کۆسمۆپۆلیتایەتی گاڵتە بە ڕەوشت و و خووی باشی نەتەوایەتی و تەقلید و سەروەرییەکانی (أمجاد) نەتەوایەتی و سەقافەتی نەتەوایەتی ئەکا. دیارە شتێکی باش و پیاوەتییە ئینسان دەسکەوتی گەلان ڕەچاو کات، چونکە مرۆڤایەتی گەر لە هەموو جیهاندا بیروباوەڕی خۆی بە تەواوی چەسپاند، ئەوا ڕزگاری و بەختیاریی هەموو گەلان بە ئاسانی دێتە دەست، بە گەلی کوردیشەوە. دیارە زۆر شتێکی باش و پیرۆزیشە کە هەموو گەلان برا و تەبا و یەك بن، وە بێ جیاوازی بە برایەتی لەگەڵ یەکتر بژین. ئەڵبەتە دەسکەوتی گەلی کوردیش لەگەڵ ئەم چەشنە (مرۆڤایەتی)یەیە.

نەك هەر لەبەر ئەوەی مرۆڤایەتی بیروباوەڕێکی بەرز و پێشکەوتوانەیە، بگرە لەبەر ئەوەش کە بۆ کورد ئەمەش ئەگەیێنێ کە لە دیلی و کۆیلەیی و تەمییز و دواکەوتنی ئابووری و خوێندەواری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرچێت و بگاتە ئاستی گەلانی ئازاد و پێشکەوتوو (چونکە مرۆڤایەتی وەکیەکیی گەلانی داوایە)، کەواتە کوردایەتی دۆستایەتی و پێوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ئەم مرۆڤایەتییەدا هەیە.

## کوردایەتی و مرۆڤایەتی:

گەلی کورد هەر لە سەرەتای مێژووی خۆیەوە دۆست و پشتیوانی گەلانی تر بووە، هیچ وەختێ گەلێکی پەلاماردەر و تالانبەر نەبووە. هەمیشە ویستوویەتی برا و هاوڕێی گەلانی دراوسێی بێت و لەپێناویاندا فیداکاری بکات.

کوردایەتییش لەگەڵ مرۆڤایەتی لە چەند لایەکەوە بەیەکەوە بەستراون، جارێ لە لایەکەوە ناوەڕۆکی کوردایەتی کە ڕزگاری و چاککردنی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکە، هەر وەك کوردایەتی خەباتێکی ئازادی و بەختیاریی کورد و کوردستانیشە، واتە بەشێکە لە مرۆڤایەتی، چونکە گەلی کورد بەشێکە لە گەلانی دنیا و خەباتەکەشی بەشێکە لە خەباتیان. لە لایەکی ترەوە، کوردایەتی نیازی برایەتی و هاوکارییە لەگەڵ گەلانی دراوسێ و ڕۆژهەڵات و جیهاندا، وە نەك هەر ناحەز و دوژمنی هیچ گەلێك نییە، بەڵکو خۆی

بە برا و دۆستی گەلان ئەزانێت. ئەمەش پێڕەوکردنێکی مرۆڤایەتییە، واتە تێکەڵاویی کوردایەتی و مرۆڤایەتییە. سەرەڕای ئەمانە، کوردایەتی هاوبەشیکردنێکی دلێرانەیە لە خەباتی مرۆڤایەتیدا دژی ئیمپریالیزمی دوژمنی هەموو لایەك، وە دژی خوێنمژان و زۆردارانی گێتی.

کەواتە سەرکەوتنی کوردایەتی سەرکەوتنێکە بۆ مرۆڤایەتی لە ناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەر وەك سەرکەوتنی مرۆڤایەتییش سەرکەوتنە بۆ کوردایەتی، سەرکەوتنە بۆ کورد و کوردستان. بۆیە کوردایەتی کە بەشێکە لە خەباتی ڕزگاری و بەختیاریی گەلاندا، لە ڕاستی و واقیعدا بەشێکە لە خەباتی مرۆڤایەتی بە گشتی. بەم جۆرە، ئەبینین کە چۆن کوردایەتی بە مرۆڤایەتییەوە بەستراوە و چەندە پێوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ مرۆڤایەتیدا.

## مرۆڤایەتی و کۆسمۆپۆلیتایەتی:

بەڵام مرۆڤایەتی هیچ کاتێك ئەوە ناگەیێنێ کە گەلە بچووکەکان بە زۆر بخرێنە سەر گەلە گەورەکانەوە، یان بە زۆر لە ناو ورگی دەوڵەتە گەورە و داگیرکەرەکاندا بتوێنرێنەوە، یان گەلانی بچووك و دواکەوتە بێبەش کرێن لە مافەکانی نەتەوایەتیی خۆیان و ژێردەستە و بەشخوراو بهێڵدرێنەوە، یان گەلان واز لە سەربەخۆیی نیشتمانی بهێنن، وە حوکمڕانی بدەنە دەست چەند حکومەتێکی بێگانە! تا ببنە ئینسانی!

بە پێچەوانە، ((**بۆ دانی ئۆتۆنۆمی و یەکخستنەوەی هەر نەتەوەیەك، یەکخستنی ئینتەرناسیۆنالیستی پرۆلیتاری یان هاوکاریی هۆشیارانەی بە خۆشی و ئاشتیی نێو گەلانیش لەپێناوی ئامانجی گشتییاندا موستەحیلە**))، دەردی فردرێك ئەنگلز لە پێشەکییەکەی چاپی ئیتالیی (بەیانی شیوعی)دا نووسیویەتی (بنواڕە: کردستان والحرکە الوطنیة الکردیة، نووسینی سەلاحەددین سەعدوڵلا ).

شتێکی ئاشکرایە بەم جۆرەی کۆسمۆپۆلیتایەتی گەرەکییەتی مانای مرۆڤایەتی بشێوێنێ، لەجیاتیی برایەتی گەلان بەهێز بێت، دوژمنایەتی لە نێویاندا دروست ئەبێت. وە ڕێگەی پێشکەوتن و گەشەکردنی گەلان ئەبەسترێت، چونکە ژێردەستەیی بێگانە ماوەی ئەوە نادات کە سەناعەت و زەراعەت و ژیانی کۆمەڵایەتی بە گشتی گەشە بکات.

بۆیە کۆسمۆپۆلیتایەتی مایەی فیتنە و دووبەرەکی و ناخۆشییە. هەر وەك مایەی شێواندنی مرۆڤایەتی و تێکدانی برایەتیی گەلانە (کە بناغەی مرۆڤایەتییە).

برایەتیی گەلان و تەبایی و دۆستایەتیی ڕاستەقینەشیان ئەو وەختە چەسپاو و بەرقەرار ئەبێت کە هەر گەلە هەموو مافێکی نەتەوایەتیی خۆی وەرگرێت، بە مافی چارەنووسیشەوە (حق تقرير المصير). ئینجا بە ئارەزووی خۆیان لەسەر بناغەی وەکیەکی و تەبایی، وە بە ڕەچاوکردنی دەسکەوتی هەموو لایەکیان، پێوەندیی نێوان خۆیان بەهێز کەن، وە بە هاوبەشی و هاوکاریی هەموان برایەتی و هاوڕێیەتیی خۆیان بچەسپێنن. بەم چەشنە، دەسکەوتی مرۆڤایەتی ڕەچاو ئەکرێ کە لە دەسکەوتی گەلاندایە.

بۆیە زەوتکرانی مافی هەر گەلێك ڕاستەوخۆ بە پێچەوانەی مرۆڤایەتییە. دەسکەوتی هەموو گەلان (کە دەسکەوتی مرۆڤایەتی پێك دێنێت)، بەیەکەوە جووت و تەبایە، وە هیچ ناکۆکییەکیان لە ناودا نییە.

کەواتە کۆسمۆپۆلیتایەتی کە دوژمنایەتیی گەلانی بچووك و گەلانی تر ئەکات، دوژمنایەتیی مرۆڤایەتی ئەکات.

## شێوەکانی کۆسمۆپۆلیتایەتی لە کوردستاندا:

کۆسمۆپۆلیتایەتی لە کوردستاندا لە سەرەتادا خۆی لەسەر دەستی ئیمپریالیستەکان و داگیرکەراندا بەو شێوەیە نواند کە (کوردیش هاونیشتمانی ژوورووی عیراقن). یانەخۆ بە جۆرێکی تر، کە کورد (عیراقییەکی شیمالین)، وە کوردستانی خوارووش (ژوورووی خۆشەویستی نیشتمانە – شمال الوطن الحبيب) ناوبەناویش ئەوەمان بە بنگوێدا ئەگوترا کە فەرق و جیاوازی نییە! هەموومان هەر براین! ئەوەی (کوردایەتی)ش بکا، (ئینفصالی و نۆکەری بێگانەیە!).

واتە (یەکێتیی عیراقییان) کردبوو بە ماکی ڕەسمیی کۆسمۆپۆلیتایەتی، لە کاتێکدا کۆسمۆپۆلیتایەتی ژەهرێکە ئەژدیهای ئیمپریالیزم ئەیتەقێنێتەوە. شۆڤێنایەتیی عەرەب بە بیانووی ئەوەی کە هەموومان خەڵکی عیراقین، وە عیراقیش هەمووی بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، وە لە ژێر ناوی (هاونیشتمانییەکانی ژووروی وڵات)دا ویستوویانە کورد و کوردستان لە گۆڕێ هەڵگرن، کۆسمۆپۆلیتایەتییش داردەستیان بووە. بەڵێ ڕاستە

کە کوردی جەمهورییەتی عیراق لە ڕووی ڕەسمی و قانوونییەوە بوون بە عیراقی، بەڵام بەعیراقیبوونی کورد بۆچی وەك بەعیراقیبوونی عیراقییەکانی ئەسڵی (برا عەرەبەکانمان) نەبێت؟ چونکە هەر وەك عیراقیبوونی عەرەب لە عەرەبایەتییان ناشۆرێتەوە، ئەوهاش عیراقیبوونی کورد لە کوردایەتییان ناشۆرێتەوە. بۆیە هەر وەك گەلی عەرەب بۆی هەیە داوای مافەکانی نەتەوایەتیی خۆی بکا، ئەوهاش گەلی کورد هەمان هەقی ئەوانی هەیە (کە داوای مافەکانی نەتەوایەتی خۆی بکات).

واتە ئەم عیراقیبوونەی کورد نابێ ببێتە هۆی تیابردنی نەتەوەی کورد و کوردستان و کردنیان بە بەشێك لە نەتەوە و لە خاکی عەرەب.

ناو لە کوردستان گۆڕینیش هەر بۆ تیابردنی نەتەوایەتیی کوردە، هەر بۆ کردنی خاك و نیشتمانی کورد بە بەشێك لە خاکی گەلێکی تر. ئەگینا کوردستانی ڕەنگینی زۆرلێکراوی دابەشکراو گوناهی چییە؟! بۆ ئەبێ ناوی لە ناو ناواندا نەمێنێت؟ بۆ ئەبێ لە چەرخی بیستەمدا، لە سەردەمی ڕزگاری و بەختیاریی گەلاندا، تەنانەت ناوەکەی خۆیشی لێ قەدەغە کرێت؟

داخەکەم، ماوەیەك ئەم فرتوفێڵەی ئیمپریالیستەکان و داگیرکەران خزایە ناو ڕیزەکانی هێندێ لە خوێندەوارانی کوردیشەوە، لە ڕێی هێزێکی چەپی عیراقییەوە کە بە ناوی (برایەتی) و (یەکێتیی تێکۆشان)ی کورد و عەرەبەوە، بەم بەند و باوەی شۆڤێنایەتیی عەرەب هەڵخەڵەتابوون. ئەوەش هەرچەندە زۆر سەیر و بێجێ بوو، بەڵام بڵاوبوونەوەی لە ناو هێندێ خوێندەواری کوردا زیاتر لە چینەکانی کرێکار و فەلاح و کاسبکاردا، سەبارەت بەوە بوو کە ئەم خوێندەوارانە لە منداڵییەوە قوتابخانەکان مێشکیان بە (عیراقچییەتی) و (یەکێتیی عیراق) ئاو ئەدەن، وە سەبارەت بەوە کە هێندێ بیروباوەڕی پێشکەوتووی یەکێتیی تێکۆشان و برایەتیی کورد و عەرەبیان بە شێوەیەکی فەریك و کاڵ وەرگرتبوو، بێ ئەوەی قووڵ تێی بگەن، واتە لە ڕووی خیانەتەوە نەبوو، بەڵکو لە ڕووی نەزانین و فریوخواردن و سەرلێشێوانەوە بوو.

لەژێر تەئسیری ئەم سیاسەتە کۆسمۆپۆلیتایەتییەشدا، هێندێ کورد گەیشتە ئاستی گاڵتەکردن بە ناوی کوردستان و کوردایەتییش!! بە کوردی سڵاوکردن وە وەرامدانەوە، ماوەیەك نیشانەی پارتییەکان و لایەنگرەکانیان بوو! بەڵام خەباتی پارتی دیموکراتی

کوردستان ئەم کۆسمۆپۆلیتایەتییەی بەزاند. وە دوای چەندین ساڵ خەبات ئەم قسە پڕوپووچانە لەناو بردران و لە گۆڕێ هەڵگیران. ئەو کوردانەش لێی پەشیمان بوونەتەوە. ئیمڕۆ ئەوانیش ڕاستیبوونی کورد و کوردستان و کوردایەتی و مافەکانی گەلی کورد ئەسەلمێنن، وە دان ئەنێن بە مافی چارەنووسی گەلی کوردا. لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە سەرکەوتنی پارتی بەسەر کۆسمۆپۆلیتایەتیدا (لە ناو کورد) یەکێتیی تێکۆشانی کورد و عەرەب بەهێزتر و قایمتر ئەکات، چونکە کۆسمۆپۆلیتایەتی هۆیەکی ناکۆکی و ناتەبایی بوو.

## کوردایەتی ناگونجێ لەگەڵ تاکڕەویی نەتەوایەتیدا:

بە پێچەوانەی شۆڤێنایەتی کە لە ناو نەتەوەی دەسەڵاتدارا گەرا دائەنێت، تاکڕەویی نەتەوایەتی لە ناو نەتەوەی بچووك و زۆرلێکراوا گەرا دائەنێ. لە ئەنجامی ئەوەی کە نەتەوەی بچووك لە لایەن مترۆپۆلەوە یان کاربەدەستانی نەتەوەی دەسەڵاتدارەوە ئەچەوسێندرێتەوە و بێبەش ئەکرێ لە مافەکانی نەتەوایەتیی خۆیدا بە ناوی یەکێتیی دەوڵەت و هاریکاری هەموانەوە. کە ڕەدی فیعلی ئەمەش تەنگبیری و کورتبینیی نەتەوایەتییە لە نێو هێندێ ناهۆشیار و نەتەوەپەرستی ساویلکەی گەلە زۆرلێکراوەکاندا، کە ئەمەش لە لایەن بۆرژوازیی گەلە بچووکەکان بە جۆرێکی تر ئەقۆزرێتەوە و بۆ دەسکەوتی خۆیان، کە دژی ڕەنجدەرانی گەلەکەیانە، بەکاری دێنن.

ئەم سیاسەتی تەنگبیری و کورتبینییەش لەبەر لووتی خۆی بەولاوە چیکە نابینیت، وە سەر لە کۆمەلانی خەڵك ئەشێوێنێ، بە جۆرێ کە دوژمنی ڕاستەقینەیان لێ ون کات، کە ئیمپریالیزمە و کاربەدەستانی خوێنمژی گەلە دەسەڵاتدارەکانە، وە لەجیاتی ئەوەی خەباتی خۆیان ئاڕاستەی دوژمنی ڕاستەقینە بکەن، لە هەمان کاتدا بە چاوی دوژمنایەتییەوە ئەنواڕنە هەموو چینەکانی گەلی دەسەڵاتدار، بە چینە چەوساوە و ڕەنجدەرەکانی ئەم گەلەشەوە، کە دوژمنی چینە خوێنمژە کاربەدەستەکانی خۆیانن. واتە هاوڕێی خەباتی گەلانی زۆرلێکراون. جا ئەم سیاسەتە چەوتە لەجیاتیی کەڵك لەم هاوڕێیەتییەی خەبات وەرگرێت، دژی دوژمنی هەموو لایەك، وە لەجیاتیی کەڵکوەرگرتن لەم پێوەندییە بەهێزەی خەباتی گەلی زۆرلێکراو ئەبەستێتەوە بە خەباتی ڕەنجدەرانی

چەوساوەی گەلی کاربەدەست، ئەبێتە هۆی تێکدانی خەباتی یەکگرتوو و مایەی دوورخستنەوەی تێکۆشەرانی گەلی زۆرلێکراو لە تێکۆشەرانی چینە ڕەنجدەرەکانی گەلی دەسەڵاتدار، وە پاڵ بە کۆمەڵانی خەڵکەوە ئەنێ بۆ (باریکەڕێی) هەڵدێراوی تاکڕەویی نەتەوایەتی بۆ ئەوەی خۆیان لە ناو قەپێڵکی تەسکی نەتەوایەتیدا وێك بهێننەوە، خۆیان دابڕن لە خەباتی یەکگرتوو دژی زۆردارانی هەموو لایەك. بەم جۆرە، کوێرەڕێی تاکڕەویی نەتەوایەتی ئەبێتە هۆی لێکدابڕین و کزکردنی بەرەی دوژمنانی کاربەدەست و خوێنمژەکان، دەبێتە هۆی کوێرەوەری بۆ گەلە زۆرلێکراوەکە و خەباتەکەی لەپێناوی ڕزگاری و دیموکراسیدا.

جا سەرنجدانێك لەم کوێرەڕێیەی تاکڕەوی نەتەوایەتی و بەراوردکردنی لەگەڵ سروشتەکانی کوردایەتیدا، بۆمان دەرئەخات کە تاکڕەوی نەتەوایەتی ناگونجێت لەگەڵ کوردایەتیدا، هەر وەك پێڕەوکردنی تاکڕەویی نەتەوایەتی ئەبێتە هۆی دابڕینی گەلی کورد لە دۆست و پشتیوانەکانی لەو خەباتە یەکگرتووەی کە شەرتێکی بنچینەیی سەرکەوتنی کوردایەتییە، وە بۆ بەدیهێنانی دروشمی عیراقێکی دیموکرات و کوردستانی ئۆتۆنۆمیدار لە چوارچێوەکەیدا.

ئەنجامی ئاشکرا و دیاری پێڕەوکردنی کوێرەڕێی تاکڕەویی نەتەوایەتی، تێکشکاندن و ژێرکەوتنی کوردایەتی و شۆڕشی کوردستانە. هەر بۆیەشە کە هێندێ جار کۆنەپەرستان و ئیمپریالیستەکان ئەیانەوێ تووشی ئەم کوێرەڕێیە هەڵدێراوییەی تاکڕەویی نەتەوایەتیمان بکەن.

تاکڕەویی نەتەوایەتی لە ناو کوردەواریدا لەمەدا خۆی ئەنوێنێ کە هێندێ کوردکوژە و ساوێلکەی ناتێگەیشتوو ئەڵێن:

کورد چیی بەسەر یەکێتیی تێکۆشانەوە هەیە لەگەڵ عەرەب و گەلانی تری دراوسێدا؟ یان ڕەخنە ئەگرن لەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لایەنگریی خەباتی گەلانی ئازادیخواز ئەکات؟ وە گاڵتەیان بەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی پارتی ئەکرد کە باسی خەباتی گەلانی ئەکرد؟ وە بە فیزێکەوە ئەیانفەرموو ئەرێ کورد چیی بەسەر ئەمانەوەیە؟!

هەر وەك خەباتی گەلان زنجیرەیەکی توند بەیەکەوەبەستراو نەبێت، هەر وەك سەرکەوتنی هەر گەلێك بەسەر ئیمپریالیزمدا (دوژمنی هەرە گەورەی گەلان) سەرکەوتنێك

نەبێ بۆ گەلانی تر، وە هەر وەك بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی بیروباوەڕی دیموکراسی و ئازادی لە دنیادا یارمەتییەکی باش نەبێت بۆ خەباتی گەلانی دیموکراسیخواز و ئازادیخواز. وە هەر وەك یەکێتیی تێکۆشان لەگەڵ عەرەبی برا و هاوبەش لەگەڵمانا لە عیراقدا شەرتێکی بنچینەیی سەرکەوتنی کوردایەتی نەبێت.

شۆڕشی ئەم جارەی کوردایەتی لە کوردستانی عیراقدا باش بۆی دەرخستین کە چیمان بەسەر گەلان و خەڵکەوە هەیە، وە چۆن پشتیوانی و لایەنگری و هاریکاریی گەلان بۆ کورد و کوردایەتی پێویستییەکی گەورە و شەرتێکی گرنگە.

بەم جۆرە، ئەبینین کە تاکڕەویی نەتەوایەتی نەك هەر بە پێچەوانەی کوردایەتی و سروشتەکانی کوردایەتییە، بەڵکو زۆر زەرەربەخشیشە بۆ کورد و کوردستان. بۆیە ئەبێ بچین بەگژیا وە لە ڕەگوڕیشەی هەموو ڕەئییەکانی هەڵکەنین، وە ماوەی نەدەین تۆوی بڕوێت.

## کوردایەتی و ڕەگەزایەتی بە پێچەوانەی یەکترین:

هەرچەندە ڕەگەزایەتی بیانوویەکی ئیمپریالیستەکان و داگیرکەرەکانە بۆ چەوساندنەوەی گەلان و داگیرکردنی نیشتمانیان، بەڵام بە داخەوە هێندێ جار چەند نەفام و ساویلکە و لاوی هەڵەشەی گەلە ژێردەست و بچووکەکانیش فریو بە هێندێ بیر و ڕەئییەکانی ئەخۆن و وەك تووتی هێندێکیان ئەڵێنەوە، لەجیاتیی ئەوەی وەك نیشتمانپەروەری دڵسۆز بچن بە گژیا.

دەربارەی سەرچاوەی ئەم بیر و ڕەئییە کۆنەپەرستە پووچەڵانە، مامۆستا عەبدولڕەحمان زەبیحی لە وتارێکیا کە لە ڕۆژنامەی کوردستان، چاپی بەغدا، ژمارە (٥)ی ١٩٦١/٤/١دا بڵاوی کردۆتەوە، زۆر بە ڕاست و دروستی ئەڵێ:

**((سیاسەتی ئیمپریالیستی و پێکەوەبەستنی نیشتمانی نەتەوەکان، سیاسەتی سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری بەسەر نەتەوە زۆرلێکراوەکاندا، سیاسەتی کۆیلەیی و ژێردەستکردنی نەتەوەکان و داگیرکردنی مافەکانیان، ئەم جۆرە سیاسەتانە هەر وەك هێز و زۆریان پێ ئەوێ، پێویستیان بە (نظرياتي) ناڕەواش هەیە، تا لە لایەکەوە توانا و گوناهیان پێ داپۆشن، وە لە لایەکی تریشەوە نەتەوەی وڵاتە دەسەڵاتدارەکە و**

**بیری گشتیی دنیای پێ بخەڵەتێنن. تیۆری (نظرية) ڕەگەزایەتی تیۆرییەکی یەکجار کۆنەپەرستانەیە، کە سیاسەتی ئیمپریالیستی و ژێردەستکردن و تالانکردنی میللەتانی لەسەر دادەندرێ. لە ئەنجامی تەتبیقکردنی ئەم تیۆرییە لە لایەن فاشیستەکانی ئەڵمانەوە مرۆڤایەتی تووشی دەردەسەرییەکی زۆر بوو، وە گەلێ تاڵی و سوێریی چێشت. وەنەبێ ئەم تیۆرییە تەنیا لە ئەورووپا و لە نازییەتیدا[1] دەرکەوتبێ، بەڵکو لەسیاسەتی تۆرانییەتی کەمالییەکانیشدا کە نەتەوەی کورد و عەرەبی چەوساندەوە. سیاسەتی چەوساندنەوەی قولەڕەشەکانی ئەمریکا و ئەفریقاش کە شێوەیەکی دڕندانەی هەیە، تەتبیقکردنێکی تری ئەم تیۆرییەیە. لایەنگری ئەم تیۆرییە، کە هیچ بناغەیەکی عیلمیی نییە و بە پێچەوانەی زانست و فیزیولوژییە، تێ دەکۆشن بەرگێکی ئاڵ و والا و زەرقی و بەرقی تێ هەڵکێشن و بیانکەی بۆ بدۆزنەوە)).**

بۆ چاکتر ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی ڕەگەزایەتی، وە مانایەکەی، مامۆستا زەبیحی لە مەقالەکەیدا مانای ڕەگەزایەتی لە قامووسی (لارووس)ی فەڕەنسی و قامووسی سیاسیی سۆڤیایەتیدا بەم جۆرەی خوارەوە ئەکاتە کوردی:

لارووس بەم چەشنەی خوارەوە باسی ڕەگەزایەتی ئەکات و ئەڵێ:

**((ڕەگەزایەتی کۆمەڵێ کێش و عیارە (مقیاس)ە، سوورە لەسەر گەورەیی ڕەگەزێك بەسەر ڕەگەزەکانی تردا، وە لە وڵاتێکیشدا هێندێ کەس لە هێندێکی تر بە باش ئەزانی)).**

ئەڵبەتە لە ڕووی ڕەگەزەوە قامووسی سیاسی سۆڤیاتی بەم جۆرەی خوارەوە مانای ڕەگەزایەتی لێك ئەداتەوە:

---

١- نازییەت: زاراوەیەکی سیاسییە، کورتکراوەی ناوی (پارتی نیشتمانیی سۆشیالیستی ئەڵمانیا)یە. بە ئەندامەکانی ئەم پارتە دەڵێن نازی، ئەم ناوە پەیوەندیی بە حکومەتی ئەڵمانیاوە هەیە لەو سەردەمەدا کە لە ساڵی ١٩٣٣دا بە پێشەوایەتیی (ئەدۆلف هیتلەر) دەسەڵاتی ئەڵمانیایان گرتبووە دەست و ساڵی ١٩٤٥ بە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتیان کۆتایی بە جەنگی دووەمی جیهان هات کە ئەڵمانیا لەو جەنگەدا دۆڕا و هیتلەر لەناو چوو. بڕوانە: یاسین صابر صالح، س.پ، ل ١٠٧٣. (ئامادەکار)

**((ڕەگەزایەتی: تیۆرییەکی ناعیلمی و کۆنەپەرستانەیە و پێی وایە شەرت و شوێنی تەبیعی و لەش و مێشکی بۆتە هۆی وەك یەك نەبوونی ڕەگەزەکانی ئادەمیزاد. ڕەگەزپەرستەکان سوورن لەسەر ئەوەی کە ڕەگەزە جۆربەجۆرەکان لە ناو خۆیاندا وەك یەك نین، جا بۆیە بە خەیاڵی خاوی ئەوان، نموونەی ئەو ڕەگەزانە لە عەقڵیشدا وەك یەك نین. بە ڕاستی جیاوازیی ڕەگەز تەنیا لە جیاوازیی دەرەوەی لەشدا خۆی ئەنوێنێ و بە هیچ بارێك نیشانەی تەتەوری (گەشەکردنی) چاکی عەقڵی و کۆمەڵایەتی و خوێندەواری نییە. لە نەتیجەی تەتبیقی تیۆری ڕەگەزایەتیدا، سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزایەتی لە وڵاتە سەرمایەدارەکاندا بەردەوامە. لە ئەمریکا قولەڕەشەکان ئەچەوسێننەوە، مافی کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان (قولەڕەش و هیندییە سوورەکانی ئەمریکا، قولەڕەشە ئەسڵییەکان و هیندییە لەلاوەهاتووی ئەفریقای خواروو) سنووری تەسکی بۆ ئەکیشرێ. بەگوێرەی زانستی ئیتنۆگرافی و ئانترۆپۆلۆژی (ناسینی نەتەوەکان و مرۆڤناسین)، وە مێژووی دەوڵەتی سۆڤیاتی کە نموونەی زیندووی وڵاتێکی زۆر نەتەوەیە، تیۆری داتاشراوی ڕەگەزایەتی تەپڵی ڕیسوایی بۆ لێ دراوە)).**

جا بیروباوەڕێکی ڕەگەزایەتیی کۆنەپەرستانەی ئەوها کە لە لایەن ئیمپریالیزم و داگیرکەران و چەوسێنەرەوەکانەوە داهێنراوە بۆ بیانوودۆزینەوە بۆ داگیرکردن و چەوساندنەوەی گەلان (بە گەلی کوردیشەوە)، ئەبێ چیی بەسەر کوردایەتییەوە هەبێ کە بزووتنەوەی گەلێکی زۆرلێکراوی وڵات داگیرکراوی بەشخوراوە؟ لە دوژمنایەتییەکی سەخت بەولاوە؟

بەڵام داخەکەم، لەگەڵ ئەم دوژمنایەتییە ئاشکرایەی ڕەگەزایەتی لەگەڵ کوردایەتی هەیەتی، دیسان هێندێ بیروڕای پووچی ڕەگەزایەتی خزانراوەتە ناو باسکردنی مێژووی کوردەوە، بە تایبەتی لە لایەن مێجەر سۆنی دوژمنە کۆنەکەی کورد و کوردستان و جاسووسە ناودارەکەی ئیمپریالیزمی بەریتانییەوە، کە تا ماوەیەك لە مێشکی هێندێ خوێندەواری ساویلکەی کوردا قەتیس مابوو، بەڵام پاشان شوێنەواری نەما.

مامۆستا عەزیز شەریف لەم بابەتەوە ئەڵێ:

**((گەلی کورد وەك هەموو گەلێك لە گەلانی گێتی، مافی چارەنووسی خۆی هەیە. ئەم مافەش لە هیچ ئیعتبارێکی ڕەگەزییەوە وەرناگرێ. گەلی کورد سەروەریی هەیە شانازیی**

پێوە بکرێ، بەڵام وەنەبێ ئەمەشی لە ڕەچەڵەکی ڕەگەزایەتییەوە بۆ مابێتەوە، بەڵکو لە هاوبەشیکردنیەتی لە پێشخستنی شارستانێتی مرۆڤایەتی و لە خەباتی پڕ لە شانازیی خۆیەوەیەتی لەپێناوی سەربەستیدا. کەچی تەیارێکی بیرکردنەوەی کۆنەپەرستانە هێندێ خوێندەواری کوردی ڕاپێچەك داوە. لامان وابێ ئەوەی شوێنەوارێکی زۆری لە بیری ئەم خوێندەوارانەدا بەجێ هێشتبێ، وە پاڵی پێوە نابن بۆ کۆلانە تەسکە پێچاوییەکانی ڕەگەزایەتیا. وە (مێجەر سۆن) کە بە لۆرەنسی کوردستان و فارس ناوی دەرکردووە و خۆی شاردبووەوە لەژێر ناوی (میرزا غلام حسین شیرازی)دا. سۆن یەکێك بووە لە جاسووسە هەرە توانایەکانی (ئینتیلیجنت سێرڤس) و نۆکەرانی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. هەر وەك زۆر باش لەهجەکانی زمانی کوردیی زانیوە (بە شایەدیی کوردان خۆیان). ئەم بیروڕایانە لەسەر – بە ڕەگەزایەتی ئاری هەڵگوتنی– یەوە داڕشتووە، خزاونەتە مێشکی یەکێك لە سەرکردەکانی بیری بۆرژوازیی کوردییەوە، ئەمین زەکی[1]، وە لەویشەوە بۆ هێندێ نووسەری تر بلاو بۆتەوە. پوختەی ڕەئی مێجەر سۆن کە ئەمین زەکی لە (مێژووی کورد و کوردستان)ەکەیدا وەری گرتووە، ئەمە قسەیەتی کە: گەلی کورد نموونەی عونسرێکی ئاریی پاکژە ــ تیۆرییەکەی هیتلەر لەسەر گەلی ئەڵەمان ــ ، هەر وەك ئەمین زەکی ئەمەی خوارەوەشی لە سۆن وەرگرتووە:

---

١- ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠–١٩٤٨): محەمەد ئەمین زەکی حاجی عبدولڕەحمان مەحموود، زانا و ڕۆشنبیر و مێژوونووسێکی مەزنی کوردە، لە سلێمانی لە دایک بووە و هەر لە سلێمانییش خوێندنی حوجرە و فێرگەی سەرەتایی و ڕوشدیەی عەسکەریی خوێندووە. لە بەغدا ئیعدادیەی سەربازی (١٨٩٩) و لە ئەستەنبۆل قوتابخانەی ئەرکانی حەربیی (١٩٠٢) تەواو کردووە. لە سەردەمی عوسمانیدا گەلێک کاروبار و پلەی سەربازی و ئیداریی لە تورکیا و عێراق گرتووەتە دەست، لەگەڵ لیژنەکانی دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیا و بولگاریا و تورکیا و ڕووسیا کاری کردووە. لە زۆربەی بەرەکانی جەنگی یەکەمی جیهاندا لە سوریا و عێراق بەشداری کردووە. خزمەتێکی گەورەی گەلی کوردی کردووە بە نووسینەوەی مێژووی ناودارانی کە تا ئێستا کەس نەیگەیشتووەتێ. جگە لە زمانی کوردی، عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی و فەڕەنسیی باشی زانیوە. نووسینە گرینگەکانی (خلاصة تاریخ الکورد و کوردستان) لە دوو بەرگدا، مشاهیر الاکراد، تاریخ السلیمانیة و گەلێکی تر. بڕوانە: ئینسایکلۆپیدیای گشتی، یاسین صابر صاڵح، س.پ، لاپەرە ٩٤–٩٥. (ئامادەکار)

**ئەم كوردانە تاكە گەلێكن توانیبێتیان بوەستن لە ڕووی لەشكرە پەلامارەدەرەكاندا، وە قەوارەی نەتەوایەتیی خۆیان بە پاكژی بهێڵنەوە بێ ئەوەی خڵتی گەلانی تری تێ بچێ. بە ڕاستی گەلی كورد سروشتی نەتەوایەتی و ڕەگەزایەتیی ئەوتۆی هەیە كە هیچ كەس ناتوانێ نەیسەلمێنێ))**. لێرەدا وەرگرتن لە مامۆستا عزیز تەواو ئەبێ.

كەواتە بیروڕای (عونسری پاكی ئارییەتی كوردان) و (خوێنی پاكی بێگەرد و خڵتی ئاریی كوردان) سەرچاوەكەی مێجەر سۆنی دوژمنە سەرسەختەكەی ڕزگاریی كوردستانی عیراقە، كە وەختی خۆی بۆ تێكدانی حوكمی شێخ مەحموود و دەوڵەتێكی كوردستان چیی لە دەست هاتبێ، درێغیی نەكردووە، بۆیە زەحمەت نییە پیاو لە نیازی ژەهراویی ئەم نۆكەرەی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا بگات. ئەمە لە كاتێكدا دەردی خوالێخۆشبوو ئەمین زەكی بەگ خۆیشی لە مێژووی كورد و كوردستاندا ساغی كردۆتەوە، گەلی كورد نۆبەرەی تێكەڵاوبوونی دانیشتوانی كۆنی كوردستانە لەگەڵ شەپۆلەكانی گەلانی هیندۆ–ئەورووپی كە هاتوونەتە كوردستانەوە، واتە ڕەگەزایەتی دەستی نییە لە پەیدابوونی گەلی كوردا، بە تایبەتی لەوەتەی هۆز و تیرە و عەشیرەتە جیاجیا و جۆربەجۆرەكانی موجتەمەعی شلۆقی كۆچەری و دەرەبەگایەتی كوردستان لە ناو بۆتەی نەتەوەی كوردا قاڵ بوونەتەوە و نەتەوەیەكی تایبەتی كوردیان پێك هێناوە.

جا لێرەدا بۆمان دەرئەكەوێت كە ئەم بیر و بالۆرەیەی (ئاریایەتی)، وەك بیر و بالۆرەی (تۆرانیزم)، نیازی ڕاستەقینەیان لەناوچواندنی بوونی سەربەخۆ و تایبەتی نەتەوایەتیی كوردە، تا كورد بە چەند عەشیرەتێكی ئاری یان تۆرانی بدرێتە قەڵەم و بە بەشێك لە نەتەوەیەكی تر دابندرێ.

كەواتە ئەم (بیر و بالۆرە) ژەهراوییەش چ لەژێر پەردەی ڕەگەزایەتیی ئاری یان تۆرانییەوە بڵاو كرابێتەوە، هەر بۆ تیابردنی نەتەوەی كوردە، هەر دەستكردی دوژمنی هەرە گەورەی كوردستانە، كە ئیمپریالیزم و داگیركەرانن... هەر وەك مۆری (ئیمپراتۆرییەت) و (ئینتلیجنت سێرڤس) و (داگیركەرانیش)ی وا بە ناوچەوانەوە نراوە!!

كوردایەتی هیچی بەسەر ڕەگەزایەتییەوە نییە لە دوژمنایەتی و دژایەتی بەولاوە. كوردایەتی بە پێچەوانەی ڕەگەزایەتی و دوژمنی ڕەگەزایەتییە.

## کوردایەتی و دیموکراسی تێکەڵن:

هێندێ ساویلکە و ناهۆشیار، یان کوردکوژەکان، جارجار بە فیزێکەوە ئەپرسن: ئەرێ کوردایەتی چیی بەسەر دیموکراسییەوەیە؟! هەر وەك کوردایەتی نەك هەر فڕی بەسەر دیموکراسییەوە نەبێت، بەڵکو دوژمنی یەکتریش بن. تەنانەت هێندێ جار گوایا تیری کوشندە ئاڕاستەی پارتییەکان ئەکەن، کە بە ((دیموکرات)) ناویان دەبەن. واتە بە لایانەوە سووکایەتییە کە مرۆڤ دیموکرات بێ. لە هەموو سەیرتر ئەوەیە کە ئەو دوژمنانەی دیموکراسی چالاکیی ناحەزانەی خۆیان لە دژیا لەژێر پەردەی (کوردایەتی) و (نەتەوەپەرستی)دا ئەشارنەوە، بۆیە پێویستییەکی تریش ئەچێتە پاڵ پێویستییەکانی تری ڕوونکردنەوەی پێوەندیی کوردایەتی و دیموکراسی بەیەکەوە.

ئەڵبەتە ئەوەی لە کوردایەتی گەیشتبێت، بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێ کە ئەم (کوردایەتیکەرانەی) دوژمنی دیموکراسین، نەك هەر لە کوردایەتی نەگەیشتوون، بەڵکو ئەچن بە گژ کوردایەتییشدا، دوژمنایەتیی ناوەڕۆکە (دیموکراتییەکەی) کوردایەتی ئەکەن، دوژمنایەتیی شێوە دیموکراتی و ئامانجە دیموکراتییەکانی کوردایەتی ئەکەن.

**کام شێوەی دیموکراتیی کوردایەتی؟ و کام ناوەڕۆك و ئامانجی دیموکراتیی کوردایەتی؟**

بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستی لەم باسەدا، بۆ وەرامدانەوەیەکی عیلمی و ڕاست و دروستی ئەم پرسیارانە، پێویستە ئەم ڕاستییانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردستان (کوردایەتی)، بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە (کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی کوردستانن)، لە ژێر ئاڵا شەکاوەکەیدا سەدان هەزار جووتیار و کرێکار و ڕەنجبەر و کاسبکار و خوێندەواری شۆڕشگێڕی کوردستان کۆ ئەکاتەوە، کە هەموویان خەبات ئەکەن بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆیان بکەوێتەوە دەست خۆیان، بۆ ئەوەی بەشی زۆری گەلی کوردستان فەرمانڕەوا و کاربەدەست بن (بە هۆی نوێنەرانی ڕاستەقینەی هەڵبژاردراو و باوەڕپێکراوی خۆیانەوە)، نەوەکا لەژێر دەستی ئیمپریالیزم و بێگانەدا بن، یان مشتێ خوێنمژ و کۆنەپەرست کاربەدەست بن بەسەریانەوە. ئا ئەمەیە شێوە دیموکراتییەکەی کوردایەتی، ئەو دیموکراسییەی کە لە ڕاستیدا بریتییە لە دەسەڵاتی (حوکمی) بەشی زۆری گەل.

دەسەڵات و فەرمانڕەواییش لایە سیاسییەكە، واتە شێوەی بزووتنەوە یان حوكمی چین و هێزە جیاجیاكانی گەل پێك دێنن، بۆیە وتمان كوردایەتی كە گەرەكییەتی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی بە دەست زۆربەی گەلەوە بێت (واتە دیموكراتییانە بێت)، شێوەیەكی دیموكراتیی هەیە.

ناوەڕۆك و ئامانجە دیموكراتییەكانی كوردایەتییش بریتین لەمەی كە: كوردایەتی سەرەڕای خەباتی لەپێناوی مافی چارەنووسی گەلی كوردا (كە لەم پلەیە بە شێوەی ئۆتۆنۆمی بەكاری دێنێت)، وە لەپێناوی ئەمەدا كە بەشی زۆری دانیشتوانی كوردستان جڵەوی حوكم و كاروباری ناو وڵاتی خۆیان بگرنە دەست (كە ئەمەش ئامانجی سیاسیی كوردایەتییە و ئامانجێكی دیموكراتییشە)، بەڵێ سەرەڕای ئەمانە، كوردایەتی خەبات ئەكات بۆ ئەوەی ژیانی كۆمەڵایەتیی گەلی كوردستان گەشە پێ بكات و پێش خات، بە جۆرێ، كە لە بنەڕەتەوە ژیانی ئابووری و سیاسی و خوێندەواریی خەڵكی كوردستان چاك بكات. ئەم چاككردنە بنەڕەتییەش كە ناوەڕۆكەكەی كوردایەتی پێك دێنن (وەك نیشانمان داوە)، بریتییە لە چاككردنی دیموكراتی (أصلاح دیمقراطي) لە ژیانی كۆمەڵایەتیی خەڵكی كوردستاندا، وەك ڕزگاركردنی جووتیاران (فەلاحەكان) لە بەندەگێتیی دەرەبەگایەتی و تەسنیعكردنی وڵات و مەكینەداركردنی زەراعەت و چاككردنی ژیانی كرێكار و ڕەنجدەرەكانی كوردستان و ڕزگاركردنی ئافرەت لە كۆتوبەندەكانی كۆنەپەرستی و نەهێشتنی نەخوێندەواری و بووژاندنەوەی وێژە و زمانی كوردی و... هتد. واتە كوردایەتی وەنەبێ نیازی هەر نەهێشتنی سیاسەتی ئازاردانی نەتەوایەتی و لەناوبردنی دەسەڵاتی داگیركەرانەی بێگانە بێت، بەڵكو نیازی هەرە گەورەشی ئەم چاككردنە دیموكراتییانەیە. یانەخۆ بە جۆرێكی تر بڵێین، بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەكانی ڕێخۆشكەری ئەم ئامانجە دیموكراتییانەی كوردایەتین، تا كوردی ئەم سەردەمە بچێتە ڕیزی ئینسانی ئازاد و ئاسوودەی ئەم چەرخی بیستەمە، كە بە چەرخی ڕزگاری و ئازادی و دیموكراسی دائەندرێت، چەرخی ڕووخاندنی ئیمپریالیزم و هەڵهاتنی خۆری (ڕۆژی) سۆشیالیزم و دیموكراسیی نوێ لە گێتیدا.

ڕزگاركردنی نیشتمان لە چنگ داگیركەرانی بێگانە، هەر بەو نیازەیە كە كۆمەڵانی خەڵك (سەرەڕای ڕزگاربوونیان لە بەندەگێتی و ئازاردانی نەتەوایەتی)، لە ڕووی ئابووری

و سیاسی و خوێندەواری و کۆمەڵایەتییشەوە پێش کەون و بگەنەوە مرۆڤی (ئینسانی) ئەم سەردەمە، چونکە داگیرکرانی وڵات لە لایەن بێگانەوە، کۆسپی هەرە گەورەی ئەم پێشکەوتنەیە. بۆیە ڕزگاربوون لە داگیرکەران و ئیمپریالیزم و خوێنمژانی نۆکەریان، هەنگاوی هەرە گەورە و هەرە پێویستی یەکەمینە ڕووەو ئەم ئامانجە، ئەم پێشکەوتنە.

جا کەواتە کوردایەتیی ئێستەمان کە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانە، لەپێناوی چاککردنێکی بنچینەیی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش، وە ئامانجی هەرە گەورەی چاککردنی دیموکراتین، ناوەڕۆکەکەی، ئامانجەکەی دیموکراتییە، سەبارەت بەوەی کە ناوەڕۆك و ئامانجی هەرە گەورەی ئەم چاککردنە دیموکراتییانەن کە باسمان کردن. ئەم ناوەڕۆکە دیموکراتییەی کوردایەتییش جەوهەری کوردایەتی پێك دێنێت، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە ڕزگاریی سیاسی (کە دیوی دەرەوەی ئەم چاککردنە دیموکراتییەیە، هۆی جێبەجێکردنی ئەم جەوهەرە دیموکراتییەی کوردایەتییە)، شێوە و بەرگی کوردایەتی پێك دێنن، شێوە و بەرگێ کە دەسەڵات و حوکمڕانییە لە کوردستاندا بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی کوردایەتی بۆ گەشەپێکردنی ناوەڕۆکەکە.

بەم جۆرە، ئەبینین کە کوردایەتی (شێوە و ناوەڕۆك و ئامانجی دیموکراتییە، بە جۆرێ، کە کوردایەتی و دیموکراسی وا تێکەڵن کە بە هیچ هێزێك لێك جیا ناکرێنەوە، تێکەڵییەکی گیاندار و عضویی تەواو.

ئەم شێوە و ناوەڕۆکە دیموکراتییەی کوردایەتی ئەوەندە گرنگ و بنچینەیین، کە نەك هەر لە کوردایەتی جیا ناکرێنەوە، بگرە هەوڵی دیموکراسی دابڕین لە کوردایەتی، وەك هەوڵی دابڕانی لەشی ئینسان وایە لە ئێسقان و دڵ و جەرگ و شادەمارەکانی، واتە هەوڵێکە بۆ دەرهێنانی گیان لە کوردایەتیدا بۆ پووچەڵکردنی کوردایەتی، هەوڵێکی دوژمنانەیە بۆ دەرهێنان و فڕێدانی کاکڵەکەی کوردایەتی، بۆ خنکاندنی گیانی شۆڕشگێڕیی پێشکەوتووی کوردایەتی، بە کورتی، هەوڵێکە بۆ قڕاندن و فەوتانی کوردایەتی.

نیشانەیەکی دیار و ئاشکرای پێوەندی بە گیاندار و عضوییەکەی کوردایەتی و دیموکراسی ئەمەیە کە هەموو پەیدابوون و ڕوودانی ئیسلاحێکی دیموکراسی یان پەرەسەندنی دیموکراسی سیاسی لە یەکێ لەم دەوڵەتانەدا، کە کوردستانیان بە دەستەوەیە، ئەبێتە هۆی گەشەکردن و پێشکەوتنی کوردایەتی.

بۆیە هەموو کوردپەروەرێکی هۆشیار، دیموکرات بووە، وە هەر بۆیەشە کە ئەبێ هەموو دڵسۆزێکی کوردایەتی دیموکرات بێت، وە لەپێناوی دیموکراسی و داهێنانی حوکمی دیموکراتیدا خەبات بکات.

لەم بابەتەوە مامۆستا برایم ئەحمەد، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە وتارێکی سەرەکیی ڕۆژنامەی (خەبات)[1] ـ ئۆرگانیا ـ نووسیویەتی:

**((چاوخشاندنێك بە ڕووداوەکانی دوای شەڕی دووەم تا ئیمڕۆ بە چاکی بۆمان دەرئەخات کە چ پێوەندییەکی بەهێز و تین هەیە لە نێوان دیموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، نەك هەر لە عیراقدا، بەڵکو لە هەموو ئەو دەوڵەتانەدا کە کوردیان تیا ئەژی، هەر کە بزووتنەوەی دیموکراتی لە یەکێ لەم دەوڵەتانەدا بووژابێتەوە، دیومانە گەلی کورد (کە لە دوو جۆر ئازاردان ئەچێژێت، ئازاردانی نەتەوایەتیی تایبەتی و ئازاردانی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستیی گشتییش)، لەپێش هەمواندا لە بەری دیموکراسیی چێشتووە.**

**سەرەڕای کەڵکوەرگرتن لەو سەربەستییە دیموکراتییانەی بۆ هەموو گەلی دەوڵەتەکەی ئەهێنێتەکایەوە، گەلی کورد کەڵکیشی وەرگرتووە بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی و گەشەپێکردنی کوردایەتی و بەتینترکردنی خەباتی لەپێناوی وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیدا. بە پێچەوانە، هەموو تێکشکانێکی بزووتنەوەی دیموکراتی کارەساتێکی بەسەر گەلی کورد هێناوە، نەك هەر لەبەر ئەوەی کە مافەکانی نەتەوایەتی لە دیموکراسی جیا ناکرێتەوە و بزووتنەوەی ڕزگاریی هەر گەلێك بەشێکە لە خەباتی هەموو گەلان لەپێناوی ڕزگاری و دیموکراسیدا بە گشتی، بەڵکو لەبەر ئەمەش کە ئەو دەوڵەتەی هەموو گەلی وڵاتەکەی خۆی بێبەش ئەکا لە بەکارهێنانی مافە دیموکراتییەکان و لە هەڵسووڕاندنی کاروباری خۆیان بەپێی ڕێوشوێنێکی دیموکراتیی ڕاستەقینە، هیچ ئەوەی لێ ڕەچاو ناکرێ کە ماوە بدا بە گەلی کوردی ژێردەستە مافەکانی خۆی بەکار بێنێت. ئەم ڕاستییەی**

---

١- (خەبات)، ژمارە (٣٨٩) ڕۆژی چوارشەممە، ١٩٦٠/١٢/٢١.

**سەرەوە بۆ پارتی باش ڕوونە و چاك باوەڕی پێ هێناوە، باوەڕێکی هەڵقوولاو لە سەرەتاکان (مبادیء) و ئامانجەکانی پارتیمان، هەر وەك بە کردەوە و تاقیکردنەوەش بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕوون بۆتەوە و تێی گەیشتوون. بۆیە گەلی کورد تا سەر پارێزگاری دڵسۆزی دیموکراسی ئەبێ لە ناو هەموو ئەو دەوڵەتانەدا کە لەژێر سێبەریاندا ئەژیەت)).**

بەم جۆرە، ئەبینین کە چ پێوەندییەکی عضوی و بەتین هەیە لە نێوان کوردایەتی و دیموکراسیدا. تاقیکردنەوەیەکی نزیك ئەوەی کە لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز، بەڵگەیەکی تری ئەم ڕاستییانەی سەرەوەن. گەلی کورد بە کردەوە بۆی دەرکەوت کە چۆن بوونی هێندێ سەربەستیی دیموکراسی (لە ساڵی یەکەم و دووەمی شۆڕشەکەدا)، بووە هۆی بووژانەوە و گەشەکردنی کوردایەتی، بووە هۆی پەرەسەندن و بەهێزتربوونی پارتی پێشڕەوی کوردایەتی و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کوردستان.

کەواتە پارتییەکان زۆر ڕاست بوون، وە ئەوپەڕی دڵسۆزییان بۆ کوردایەتی نواندووە کە خەباتیان کردووە لەپێناوی دیموکراسیدا، کە خەباتیانکردووە لەپێناوی یەکخستنی هێزەکانی نیشتمانی و دیموکراتی لە عیراقدا بۆ دامەزراندنی حوکمێکی پەرلەمانیی دیموکرات، ئەم حوکمە دیموکراتییەی پاشان پارتی کردی بە دروشمی شۆڕشەکەی کوردستانیش.

سەرەڕای ئەمانە، چاکتر و باشتر لە کەڵکی پێڕەوکردنی ئەم ڕاستییانەی سەرەوە ئەگەین گەر هاتوو ئەو ڕاستییەشمان زانی کە دیموکراسی سەرەڕای ئەو هەموو تێکەلاوی و توانەوەیان لە ناو یەکدا لەگەڵ کوردایەتی، وە سەرەڕای ئەو هەموو سوودەی بۆ کوردایەتی، دیسان ئەوەش ئەگەیێنێ کە مافەکانی نەتەوایەتی کورد بسەلمێندرێن و بدرێن، ئەو مافانەی کە خۆیان بەشێکن لە دیموکراسی، بێ سەلماندن و دانیان، دیموکراسی لەو دەوڵەتانەدا پووچەڵ و ئیفلیج و تەسك و تروسك ئەبێ.

لەم بابەتەوە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی عیراقی لە مارتی/١٩٦٢دا ئەمەی خوارەوە ئەڵێ:

**((دیموکراسی هیچ مانایەکی نابێت و ئەبێتە گاڵەیەکی بۆش بۆ گەلی کورد، گەر هاتوو ئیمکانییەتی ڕاستەقینەی بەکارهێنانی مافەکانی نەتەوایەتی خۆی بۆ نەهێنێتە دی،**

بە مافی هەڵسووڕاندنی کاروباری خۆیەوە، کە ئەمەش هەر بە ڕێگەی حوکمی زاتییەوە ئەبێ)).

کەواتە خەبات لەپێناوی دیموکراسیدا ئەمەش ئەگرێتەوە کە خەبات بکرێ لەپێناوی مافەکانی گەلی کوردا، بۆیە ئەبێ دیموکرات و پێشکەوتووەکانی ئەم گەلانەی کوردیان لەگەڵ ئەژیەت، هەوڵ دەن بۆ ئەوەی گەلی کوردیش بە مافەکانی نەتەوایەتی خۆی بگات.

لەم بابەتەوە مامۆستا برایم ئەحمەد لە هەمان وتاری ناوبراوی ڕۆژنامەی (خەبات) دا ئەڵێ:

**((باوەڕمان بەوەی کە چەسپاندنی ڕژێمی دیموکراسی ڕێگەیەکی ئەساسییە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا، کە حوکمی کوردستان ئەکەن، ئەم باوەڕەمان و خەباتمان لەپێناویدا تەنها لایەکی مەسەلەی چەسپاندنی حوکمی دیموکراسی و شادبوونی گەلی کوردە بە مافە نەتەوایەتییەکانی.**

**لایەکی تریش ئەمەیە کە ئەم گەلانەی ئێمە لەگەڵیانا ئەژین لەژێر سێبەری دەوڵەتێکدا، وە هەموو ناخۆشییەکیان لەگەڵ ئەچێژین (سەرباری ئەمەش خۆمان بە تەنها ئازاردانی نەتەوایەتییش ئەچێژین)، ئەم گەلانە پێویستە بزانن کە ناتوانن بە دیموکراسی و ئازادی شاد بن، تەنانەت ناتوانن لافیشیان پێوە لێ بدەن، گەر بێتوو خەبات نەکەن و پشتیوانیی خەباتی گەلی کورد نەکەن لەپێناوی مافە نەتەوایەتییە شەرعییەکانی خۆیدا، نەك هەر لەبەر ئەوەی کە خەباتی گەلی کورد بزووتنەوەیەکی ڕاست و ڕەوایە، واجبی ئینسانیشییانە پشتیوانی بکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە ئەم پشتیوانییەیان بەشێکە لە خەباتی خۆیاندا بۆ مافە دیموکراتی و سەربەستییەکانی خۆیان چونکە، ناتوانرێ بوترێ کە دیموکراسی لە وڵاتێکدا چەسپاوە کە بە ملیۆن دانیشتووی بێبەش بن لە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان. ئەم گەلانە پێویستە ئەم ڕاستییەیان بیر نەچێت، کە لەم وتەیەدا ئەدرەوشێتەوە، کە ئەڵێ (ئەو گەلە ئازاد نییە کە گەلانی تر ئازار ئەدات)، بۆیە واجبی گەلانی عەرەب و تورك و فارسە کە لەم ڕاستییە بگەن و ڕەفتاری پێ بکەن، واتە یارمەتیی گەلی کورد بدەن لە خەباتیا بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییە شەرعییەکانی خۆی، چونکە خۆیشیان تەواو ئازاد نابن هەتا گەلی کوردی برایان بە ناوی ئەوانەوە ئازار بدرێ، وە بە**

ناوی پاراستنی دەسکەوتی ئەوانەوە بچەوسێندرێتەوە. ئەرکی ئەم فرمانەش بە جۆرێکی بنچینەیی ئەکەوێتە سەر شانی حزبە دیموکرات و پێشکەوتووەکان، کە نەك هەر ئەبێ باش لەو ڕاستییە بگەن، بەڵکو پێویستە لەسەریان کە کۆمەڵانی خەڵکی عەرەب و تورك و فارسیشیان پێ پەروەردە بکەن. بەم چەشنە ئەتوانن خزمەتێکی گەورەی گەلەکەیان بکەن و هەنگاوی بەرین هەڵبهێنن لەپێناوی دیموکراسیی ڕاستەقینەدا.

ئا لێرەدا هۆی ئیهتیمامی زۆر و زەبەندەی پارتیمان و خەباتی نەپساوەی پارتی لەپێناوی دامەزراندنی حوکمی دیموکراسی لە عیراقی خۆشەویستمان و هەموو دەوڵەتەکانی دراوسێ و دنیا، بە چاکی بۆ دەردەکەوێت. سەبارەت بەوەی کە دیفاع لە دیموکراسی و خەباتکردن لەپێناویا بەشێکە لە خەباتمان و دیفاعمان لە مافەکانی نەتەوایەتیی گەلی کوردا. وە ئەوەی مایەی شادبوونمان ئەبێت، ئەمەیە کە ببینین برا عەرەبە ئازادەکانی عیراقمان، وە برا تێکۆشەرە تورك و فارسەکانیشمان لە دەرەوەی عیراقدا کە لەپێناوی دیموکراسیدا خەبات ئەکەن، ئیهتیمام بە مافەکانی نەتەوایەتیی گەلی کورد ئەدەن، بە ئیعتباری ئەوەی خەباتکردن لەپێناویانا بەشێکە لە خەباتی گشتی بۆ دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی تری مرۆڤ)).

ئەم وتە ڕاست و عیلمییەی مامۆستا برایم ئەحمەد پوختەیەکی باسەکەمان ئەخاتە بەر چاو. بەم چەشنە ئەتوانین تێ بگەین، کە چۆن تا دیموکراسی گەشە بکات، کوردایەتییش زۆرتر خەملێو ئەبێت وە بە پێچەوانە، هەر کە دیموکراسی دووچاری شکست بێت، کوردایەتییش کز و سیس ئەبێت. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە بە سەرکەوتنی کوردایەتی یان پەرەسەندنی کوردایەتی، دیموکراسییش سەرکەوتن و پەرەسەندن وە دەست دێنێت، هەر وەك بەشکانی کوردایەتییش، دیموکراسی تووشی زیان و زەرەرێکی زۆر ئەبێ.

ئەهمییەتی ئەم ڕاستییە لە سەردەمی شۆڕشی کوردستاندا باشتر دەردەکەوێ. شکانی کوردایەتی لەم شۆڕشەیدا زۆر زیان لە بزووتنەوەی دیموکراتی ئەدا لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. شتێکی ئاشکرایە کە لەبەر تیشکی ئەم ڕاستییانەی سەرەوەدا ئەتوانین هەڵوێستی کوردایەتی بەرامبەر بە داهێنانی سەربەستییە دیموکراتییەکان باش ڕوون بکەینەوە، ئەم هەڵوێستەی، کە ڕاستییەکەی هەر خەباتکردنە لەپێناوی سەربەستییە

دیموکراتییەکاندا، هەر پشتیوانیکردنی دیموکراسی و سەربەستییە دیموکراتییەکانە، چونکە دەسکەوت و بەرژەوەندیی کوردایەتی و گشتیی گەلی عیراق هەر لەمەدایە.

بۆیە کوردایەتی خەباتی کردووە و درێژەش بە خەباتی خۆی ئەدا، لەپێناوی سەربەستییە دیموکراسییەکاندا بۆ هەموو گەلی عیراق، بۆ هەموو هێز و تاقمێکی نیشتمانی، بۆ هەموو چین و نەتەوەکانی گەلی عیراق، بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسی بیروباوەڕە دیموکرات و نیشتمانپەروەرەکان، بۆ نەقابە و کۆمەڵانی جووتیاران و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی عیراق و کوردستان.

کوردایەتی دەسکەوت و بەرژەوەندیی لە بەدیهێنان و بەرەلاکردنی سەربەستییە دیموکراتییەکاندایە بە فرەوانترین و پێشکەوتووانەترین شێوەی. چونکە ئەبێتە هۆی بووژاندنەوە و گەشەکردن و پەرەسەندنی کوردایەتی، ئەبێتە هۆی بە ئازادی و سەربەستی خەباتکردنی تێکۆشەرانی کوردستان (لە ماوەیەکی فرەوان و پان و بەریندا) هەر وەك ئەبێتە هۆی هاتنەڕووی پارتی پێشڕەوی کوردایەتی و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کوردستان، وەك: لاوان، ئافرەتان وە قوتابیان و... هتد.

نەقابە و کۆمەڵی جووتیاران بۆ کرێکاران و جووتیاران پەیدا ئەبێت و گەشە ئەکات، وە بە سەربەستی خەباتی خۆیان درێژە پێ ئەدەن.

گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپکراوی کوردی زۆر ئەبێت. وێژە و ئەدەبی کوردی ئەبووژێتەوە و گەشە ئەکات. هەروەها گەلێ کەڵکی تریشیان هەیە بۆ کوردایەتی.

## کوردایەتی و جیابوونەوە لەعیراق:

هەر کاتێ کوردایەتی دروشمی هێندێ مافی نەتەوایەتیی ڕەوای کوردی هەڵکردبێت، ئیمپریالیست و داگیرکەران درۆودەلەسەی (جیابوونەوە)یان بۆ هەڵبەستووە، تاکو بتوانن گەلانی تورك و عەرەب و فارس هاندەن دژی کوردایەتی، وە بناغەی یەکێتیی تێکۆشانی ئەم گەلە دۆست و برایانە هەڵتەکێنن لە لایەك، وە لەو درۆودەلەسانەیان تەمومژێ دروست کەن، تیایا تاوان و کوشتار و خراپەکانی خۆیان بشارنەوە لە لایەکی ترەوە.

ئەمە هەرچەندە زۆر دەمێکە کوردایەتی دروشمی جیابوونەوەی بە لاوە ناوە، بە تایبەتی لە دوای ڕووخاندنی حکومەتی نیشتمانیی شێخ مەحموودەوە لە لایەن هێزی

ئیمپریالیزمی بەریتانییەوە.

لە دوای ڕاپەڕینی ئەیلوولی/١٩٣٠، وە هاتنەپێشەوەی لاوانی خوێندەواری کوردەوە، کوردایەتی دروشمی جیابوونەوەی بە تەواوی پێچاوەتەوە. ئەم گۆڕانەش سەبارەت بەوە نەبوو کە گەلی کورد مافی چارەنووسی خۆی نییە، ئەو مافەی کە جیابوونەوەی کوردستانی خواروو و دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆی کوردیش ئەگرێتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە کە گەلی کورد کەوتۆتە زرووفێکەوە کە تیایا دەسکەوت و بەرژەوەندیی لەوەدا نییە کە مافی چارەنووسی خۆی بە شێوەی جیابوونەوە بەکار بێنێت، بەڵکو دەسکەوتی لەوەدایە کە ئەم مافەی خۆی بە شێوەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عیراقدا بەجێ بهێنێت.

لێرەدا ڕەنگە هێندێ بپرسن کە بۆ دەبێ وابێ؟ لە وەراما ئەڵێین کە داوای جیابوونەوەی کوردستانی خواروو، جگە لەوەی کە خەیاڵ و خەونێکی ئەوتۆیە کە جارێ لە هاتنەدی نایەت، بە تایبەتی لەم زرووفەی ئێستەی ڕۆژهەڵات و عیراقدا، جگە لەمە ئەبێتە هۆی (وەتەقپێخستنی – عزل– دابڕین)ی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتدا، وە دانی بیانوو و بەڵگە بەو دوژمنانەی کە خۆیان بۆ دانووساندووە، وە لێی چوونەتە کەمینەوە. هەر وەك پاڵپشتکردنێکی سیاسەتی ئازاردان و لەناوبردنی کوردایەتییشە. سەرەڕای هەموو ئەمانە، سەپاندنی ئەم داوایە بەسەر کوردایەتیدا مانی ئەوەیە کە کوردایەتی بخرێتە ناو گێژاوێکی بێبڕوبنەوە، وە باری قورس بکرێ بە دروشمێکی خەیاڵیی زۆر دوژمندار، لەبەر ئەم هۆیانە، دەسکەوتی تایبەتی کوردایەتییش لەوەدا نییە کە داوای جیابوونەوەی کوردستانی خواروو لە عیراق بکرێ. ئەمە سەرەڕای زیانی زۆر و زەبەندی ئەم دروشمە بۆ برایەتی و یەکێتیی تێکۆشانی گەلی عەرەب و گەلی کورد کە بەردی بناغەی سەرکەوتنی کوردایەتییە (وەك لە پێشەوە نیشانمان دا).

لەبەرئەم هۆیانەی سەرەوە کە پارتی پێشڕەوی کوردایەتی، پارتی دیموکراتی کوردستان، دژی جیابوونەوە بووە و لە بەندێکی پرۆگرامیا دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵیا نیشان داوە.

بەڵام دوژمنایەتیکردنی جیابوونەوە لە لایەن پارتییەوە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ دوژمنایەتی ئیمپریالیستەکان و داگیرکەران لەگەڵ جیابوونەوەدا.

ئیمپریالیستەکان و داگیرکەران لەوەتەی کوردایەتی دەستی لە دروشمی جیابوونەوە هەڵگرتووە، بە درۆ و بوختان ئەم ئاوازەی جیابوونەوە لێ ئەدەن:

((ئاوازی جیابوونەوە لە کۆنەوە درۆیەکە بە دەست ئیمپریالیزمەوە، هەڵی بەستووە بە هەموو بزووتنەوەیەکی ئازادکەری کوردییەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە ئامانجی چەند مافێکی خوێندەواری یان دەرامەتی ڕووت بێت، نەك تەنیا بۆ ئەوەی ڕاستیی بزووتنەوەی ئازادکەری و دیموکراتییانەی گەلی کورد بشێوێنێت، ئەو بزووتنەوەیەی لەسەر بناغەی یەکێتیی خەباتی شۆڕشگێڕی و یەکێتیی چارەنووسی و ئامانجی گشتی لەگەڵ ئەو گەلانەدا کە نەتەوەی خەباتکەری کورد لەگەڵیانا ئەژی، پێك هاتووە، بەڵکو بۆ ئەوەی بەکاریشی بێنێ لە لایەکەوە بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئەو گەلانە و ڕاستکردنەوەیان لەسەر گەلی کورد، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی ناکۆکی لە نێوانی گەلی کورد و گەلانی عەرەب و فارس و تورکی برادا دروست بکا، تا دوایی بتوانێت یەکێتیی تێکۆشانی موشتەرەکیان دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی نۆکەری بڕووخێنێت و درێژە بدات بە دەسەڵاتی خۆی لە وڵاتەکانیاندا.

کۆنەپەرستی دەسەڵاتداری پێشووی عیراق، بە فرمانی ئیمپریالیزمی بەریتانیی ئاغای، بوختانی جیابوونەوە و بەربەرەکانێی جیابوونەوەی کورد بوو بە پەردەیەك –با پەردەیەکی هەلاهەلا بووبێ – بۆ کوژاندنەوەی بزووتنەوەی ئازادکەری کوردایەتی بەوپەڕی قین و جانەوەرییەوە. ئەوە بوو لەژێر پەردەی بەربەرەکانێی (جیابوونەوە)دا چەندان تاوانی ناشرینی وای بەرامبەر بەو گەلە تێکۆشەرە کرد کە مێژوو کەم شتی وای بە خۆیەوە دیوە، لە کوشتنی تێکڕایی و سووتاندنی دێهات و بۆردوومانکردنی شار و مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکانی خەڵکی، جگە لە دەربەدەرکردن و دوورخستنەوەی هەزاران ڕۆڵانی بەجەرگی خەڵکی کوردستان و لەسێدارەدانی چەندان خەباتکەری ئازادیخوازی نەبەز.

هەر بە بیانووی بەربەرەکانێی (جیابوونەوە)وە، بزووتنەوەی نیشتمانیی نەتەوەی کوردی لە گۆمی خوێن و فرمێسکدا نوقم کرد، وە گەلی کوردی بێبەش کرد لە هەموو مافێکی نەتەوایەتیی خۆی. تەنانەت لە مافی خوێندن بە زمانەکەی خۆشی. بەڵکو تەنانەت لەناوبردنی ناوی کورد و کوردستانیش. بەم جۆرە، ئەو درۆ ئیمپریالیستییە کرا بە چەکێك بۆ بەرهەڵستیی گەلی کورد و زەوتکردنی مافە نیشتمانییەکانی. وە هەر کاتێك گەلی کورد داوای مافێکی ڕەوای خۆی کردبێ، یان لەسەر دەستکەوتێکی نیشتمانی خوێناویکراوی خۆی هەڵی دابێت، خێرا ئەو چەکە ژەنگاوییەی لێ ڕاست کراوەتەوە و بۆ

چاوی درێژ کراوە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بزووتنەوەی ئازادکەری کوردایەتی لە سەرەتای شەڕی جیهانیی دووەمەوە ئاڵای جێبەجێکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی لە ناو چوارچێوەی عیراقدا بڵند کردۆتەوە و بە دڵسۆزییەوە داوای خەباتی موشتەرەکی کردووە لەگەڵ برا عەرەبەکان و هەموو عیراقییەکی تر دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، وە بۆ پێکهێنانی حوکمێکی دیموکراسیی ڕاست، کە هەموو مافێکی نەتەوایەتی بۆ کورد و عەرەب بە تەواوی و وەکیەکی جێبەجێ بکات، وە ئەو بزووتنەوە ئازادکەرییە کوردییە کە بە شۆڕشگێڕی و دوژمنایەتییەکی تیژ بەرامبەر بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ناسراوە، وە خاسیەتی بزووتنەوەیەکی دیموکراتییانەی پێشکەوتووی تێدا بووە، وە لە لایەن خەڵکی پێشکەوتوو و هۆشیار و ئاگادار لە پێویستیی قۆناغی مێژوویی ئێستا و ئەرکە مێژووییەکانی سەر شانی سەرکردەیی کراوە بۆ بەرێوەبردنی شانبەشانی خەباتی گەلی عەرەب، ئەڵێن ئەو بزووتنەوەیە هەمیشە چووە بە گژ هەر دروشمێکی جیابوونەوەدا، کە جاروبار هەندێك لەو پیاوە کوردانەی سەر بە ئیمپریالیزم بوون، بۆ مەبەستێکی ئیمپریالیستی دژی کورد و عەرەب هەڵیان ئەگرت)). (بنوارە – خەبات ژمارە ٧١ ساڵی ١٩٥٩)

بەڵام هەر وەکو گوتمان، هۆیەکانی دوژمنایەتیکردنی جیابوونەوە لە لایەن کوردایەتی بە ڕابەریی پارتی پێشڕەوی خۆی، جیاوازییەکی زۆری هەیە، بگرە هەر بە تەواوی بە پێچەوانەی دوژمنایەتیکردنی ئیمپریالیستەکانە بۆ کوردایەتی.

هەرچی پارتییە، لەپێناوی کوردایەتیدا بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی، بۆ دوورخستنەوەی لە هەڵدێر و گێژاوی بێبڕوبندا، دروشمی بەربەرەکانێی جیابوونەوەی هەڵگرتووە. کەچی ئیمپریالیستەکان بۆ لەناوبردن و پلیشاندنەوەی کوردایەتی، ئەم دروشمەیان هەڵگرتووە، هەرچی پارتییە، بۆ بەهێزکردنی برایەتی و یەکێتیی تێکۆشانی گەلی کورد و گەلی عەرەب دژی جیابوونەوەیە، کەچی ئیمپریالیزم و داگیرکەران بە نیازی هەڵتەکاندنی برایەتی و یەکێتیی تێکۆشانی کورد و عەرەب، ئەم بەند و باوەی جیابوونەوە بڵاو ئەکەنەوە.

هەرچی پارتییە، لەسەر بناغەی بەکارهێنانی مافی چارەنووسی گەلی کورد بە شێوەی

ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عیراقدا دژی جیابوونەوەیە، کەچی ئیمپریالیزم بۆ زەوتکردن و تیابردنی ئەم مافی چارەنووسەی گەلی کورد ئەم درۆودەلەسەیەی جیابوونەوە بۆ کوردایەتی هەڵدەبەستێت.

هەرچی پارتییە، بۆ داڕێژتنی برایەتی و پێوەندیی کورد و عەرەب لەسەر بناغەیەکی پتەوی چەسپاو، بۆ بەهێزکردنی یەکێتیی نیشتمانی عیراق دژی جیابوونەوەیە، کەچی ئیمپریالیزم و داگیرکەران ئەیانەوێ بە بیانووی بەربەرەکانێی جیابوونەوە ماوە نەدەن چەوت و چوێڕی لە بناغەی داڕێژراوی یەکێتیی کۆنەپەرستانەی عیراق ڕاست کرێتەوە، تا هەمیشە ببێتە مایەی ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان کورد و عەرەبدا، وە تا هەمیشە کەلێن بمێنێتەوە کە خۆیان لە کاتی پێویست و مومکیندا تیایا بێنەوە ژوور و سەرلەنوێ عیراق بخەنەوە ژێر دەستی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیی نۆکەرییەوە. بۆیەیە کە نایانەوێ کورد ئۆتۆنۆمی وەرگرێت و یەکێتیی نیشتمانی عیراق لەسەر بناغەی وەکیەکیی ڕاستەقینەی هەردوو گەلی کورد و عەرەب (کە ئێستا هەر بە دانی ئۆتۆنۆمی بە کوردستان پێك دێت)، داڕێژرێت. هەر لەبەر ئەوە کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووز، وە کە عیراق ڕزگار بوو لە ئیمپریالیزم و پەیمانەکانی و بەرەبەیانی دواڕۆژێکی ئازاد و بەختیاری عیراق دەستی پێ کردووە و هات، کورد و عەرەب کەلەبەرەکانی پێوەندیی خۆیان بخەنە ڕوو، وە دەست بکەن بە داڕێژتنەوەی برایەتی و یەکێتیی نیشتمانی خۆیان لەسەر بناغەیەکی توند و پتەوی چەسپاو، ئیمپریالیستەکان و کۆنەپەرستەکان دەستیان کردەوە بە بڵاوکردنەوەی درۆودەلەسەی (جیابوونەوە)ی هەڵبەستراو بۆ کوردایەتی. ئەوە بوو پارتی دیموکراتی کوردستان لە بیرخەرەوە مێژووییەکەی خۆیدا بۆ زەعیم ڕوکن کەریم قاسم[1] و عەقید ڕوکن سەلام عارف[2] کە لە ١٩٥٨/٩/١١دا پێشکەشیان کرا، پەچەی داماڵی لە ڕووی ئەم درۆودەلەسانەی ئیمپریالیزم بڵاوی ئەکاتەوە. لەم یادداشتەدا وترابوو:

**(ئەو بیرە ژەهراوییانەی بڵاوی ئەکەنەوە، گۆیا بزووتنەوەیەك لە ناو گەلی کوردا هەیە، هەوڵ ئەدات بۆ ئەوەی کورد جیا کاتەوە لە کۆماری عیراق، لە چەند سەرچاوەیەکی دیارەوە دەرئەچن. وە شێوەی بڵاوکەرەوەکانی بەسەر ڕووی ئەو بیرە ژەهراوییانەوە دیار و ئاشکرایە، ئەوانە ئەو کەسانەن کە ئاوات و ئارەزوویان لەسەر بەرداشی یەکێتیی عەرەبی**

**ــ كوردیدا وردوخاش بوو. ئیمپریالیزم كە شۆڕشی مەزنی عیراق زەبرێكی كوشندەی پێ گەیاند، هێشتا نائومێد نەبووە لەوەی بتوانێت دەسەڵاتی خۆی لە ڕێگەی سیاسەتی ــ جیا كەرەوە زاڵ ئەبیت ــ بگەڕێنێتەوە عیراق. خۆی و نۆكەرەكانی و چەند فەرمانبەرێكی قین لە دڵی سەر بە ڕژێمی لەناوبراو لەگەڵ چەند خۆپەرستێكی ترساو لە قازانجی تایبەتی و دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان لە هاوپشتیی نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی كورد و پتەوبوونی هێزی یەكێتییان، تەنیا ئەمانە ئەم پروپاگەندە نزمە پیسانە بڵاو ئەكەنەوە).**

پارتی دیموكراتی كوردستان هەر لە هەمان بیرخەرەوەدا هەڵوێستی مەبدەئیی خۆی بەرامبەر بە جیابوونەوە بە گشتی دەربڕیبوو. پارتی نیشانی دابوو، كە هەموو گەلێك مافی جیابوونەوەی هەیە لەو دەوڵەتەی كە پێوەی بەستراوە. بەڵام بەكارهێنانی ئەم مافە لە لایەن گەلەكەی خاوەنیەوە ئەبێ بە جۆرێك بێت كە دەسكەوتی كۆمەڵانی خەڵكی خۆی و دەسكەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریی دوژمن بە ئیمپریالیزم و كۆنەپەرستیی تیا بێت، بۆیە جار هەیە جیابوونەوە باشە، بە تایبەتی كە ببێتە هۆی كز و لاوازكردنی ئیمپریالیزم، وەك

---

١- كەریم قاسم (١٩١٤ –١٩٦٣): عەبدولكەریم قاسم محەمەد بەكر عوسمان زوبەیدی، لە ٢١ی نۆڤەمبەری ١٩١٤ لە بەغدا هاتووەتە دنیا. خوێندنی لە بەغدا تەواو كردووە و بە یەكەم حاكمی عێراق دەژمێردرێ دوای حوكمی مەلەكی. دوای تەواوكردنی خوێندن، بووە بە مامۆستا تا ساڵی ١٩٣٢، پاشان دەچێتە كۆلێژی سەربازی و دوای دوو ساڵ بە پلەی مولازمی دوو دەردەچێت. لە ماوەی چەند ساڵێكدا چەندین پلەی سەربازی دەڕواتە پێشەوە. یەكێک بووە لە ئەفسەرە ئازادەكان كە ساڵی ١٩٥٤ دامەزراوە و دواتر بووە مایەی كۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی مەلەكی لە عێراقدا. عەبدولكەریم لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا بووە بە سەرۆكوەزیران و ماوەی پێنج ساڵ حوكمڕانیی كۆماری عێراقی كردووە، تا لە ٩ی شوباتی ١٩٦٣ كودەتایەكی سەربازیی بەسەردا كرا و كوژرا. (ئامادەكار)

٢- سەلام عارف: عەبدولسەلام محەمەد عارف، لە ١٩٢١/٣/٢١ لە شاری بەغدا لە دایك بووە. دوای تەواوكردنی خوێندن، پەیوەندیی بە كۆلێژی سەربازییەوە كردووە و لە ساڵی ١٩٤١دا بە پلەی مولازمی دوو دەرچووە. یەكێک بووە لە ئەفسەرە ئازادەكان و ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ عەبدولكەریم قاسم ڕابەرایەتیی شۆڕشی ١٤ی تەمووزیان كردووە، ڕژێمی پاشایەتییان ڕوخاندووە و كۆماریان لە عێراق ڕاگەیاند. ساڵی ١٩٦٣ بە هاوپەیمانێتیی بەعسییەكان كودەتایان بەسەر قاسمدا كرد و بوو بە سەرۆكی كۆمار. ڕۆژی ١٩٦٦/٤/١٣ بە ڕووداوی كەوتنەخوارەوەی هەلیكۆپتەر لە باشووری عێراق، كە لە سەردانی بەسرا دەگەڕایەوە، گیانی لە دەست دا. (ئامادەكار)

جیابوونەوەی جەزائیر لە فەڕەنسە. جاریش هەیە جیابووونەوە پڕ زەرەر و مەترسییە، وەك جیابوونەوەی کوردستان لە عیراق، بۆیە ئەبێ کورد مافی چارەنووسی خۆی بە شێوەی جیابوونەوە بەکار نەهێنێت، بەڵکو بە شێوەی ئۆتۆنۆمی لەم پلەی خەباتماندا بەکاری بهێنێت.

لەم بابەتەوە لە یادداشتەکەی پارتیدا نووسرابوو:

**((لەبەر ڕۆشنایی ئەو حەقیقەتانەی سەرەوە، بە ئاشکرا دەرئەکەوێت کە جیابوونەوەی کوردستان لە کۆماری ساوای عیراق، کارێکە لە بنەڕەتەوە دژی دەسکەوتی گەلی کورد و عەرەبە، وە خزمەتی ئیمپریالیزم ئەکا و دەسەڵاتی بەهێز ئەکات، نەك تەنیا لە عیراقا، بەڵکو لە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستا، وە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بزووتنەوەی ئازادکەری گەلانی ئەم ناوچەیە و گەلی کوردیش کز و لاواز ئەکات، وە دۆست و هاوڕێکانی خەباتی گەلی کورد بێهێز ئەکا، لەبەر ئەم هۆیانە، جیابوونەوە لە عیراق بزووتنەوەیەکی تاوانکارییە، هەڕەشە لە دەسکەوتی گەلی عەرەب و گەلی کورد و ئامانجە موشتەرەکەکانیان لە ئازادی و ڕزگاربوونا ئەکا بە خراپترین ئەنجام)).**

ئا ئەمەیە هەڵوێستی پارتی پێشڕەوی کوردایەتی بەرامبەر بە جیابوونەوەی کوردستان لە جەمهورییەتی عیراق، ئەم هەڵوێستە ڕاست و مەبدەئییەی کە تا ئیمڕۆش پارتی و کوردایەتی توند دەستیان بە ئەڵقەکەیەوە گرتووە، بەڵام پارتی وەك لە هەمان بیرخەرەوەدا گوتبووی، هەمیشە ئەم ڕاستییەشی دەرخستووە کە هیچ تەیارێکی جیابوونەوە لە کوردایەتیدا نییە، وە درۆودەلەسەی جیابوونەوە هەڵبەستی ئیمپریالیست و داگیرکەرانە دژی کوردایەتی و پارتییە پێشڕەوەکەی.

لەمەی ڕابورد، بەچاکی ئەم ڕاستییانەی خوارەوەمان ڕوون کردەوە:

١- کوردایەتی دەمێکە هیچ تەیارێکی جیاکەرەوەی تیا نییە و زۆر دەمێکە دروشمی جیابوونەوەی لە عیراق پێچاوەتەوە.

٢- جیابوونەوە بوختانێکە ئیمپریالیست و داگیرکەران بۆ کوردایەتییان هەڵبەستووە دژی کوردایەتی و دژی برایەتی و یەکێتیی تێکۆشانی کورد و عەرەب.

٣- گەلی کورد، وەك هەموو گەلێکی تری گێتی، مافی چارەنووسی خۆی هەیە، کە مافی جیابوونەوەش ئەگرێتەوە، بەڵام لەم سەردەمەدا کوردایەتی خەبات ئەکات بۆ ئەوەی مافی چارەنووسی کوردی دەستگیر بێت، تا بە شێوەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی

جەمهورییەتی عیراقدا بەکاری بێنێت.

کوردایەتی لە ڕووی بیروباوەڕ و تێگەیشتنەوە دژی جیابوونەوەیە، هەر وەك دژی تواندنەوەی گەلی کوردیشە، چونکە جیابوونەوە شتێکی خەیاڵی و دوور لە هاتنەدییە، چونکە کردنی بە دروشمێك کوردایەتی ئەخاتە گێژاوێکی کوشندەوە، وەتەقی دەبێخێت، دۆست و پشتیوانەکانی لێ دوور ئەخاتەوە، برایەتی و یەکێتیی تێکۆشان لەگەڵ عەرەب هەڵئەتەکێنێت کە شەرتێکی بنچینەیی سەرکەوتنی کوردایەتییە.

- ٨ -

# کـــوردایەتی
# پشتـیوانی خەباتی نەتەوەی عەرەبە

- برایەتیی کورد و عەرەب مێژووکردە
- کوردایەتی و (التضامن العربي)
- کوردایەتی و یەکێتیی عەرەب

## برایەتی کورد و عەرەب مێژووکردە:

زۆر دەمێکە دینی ئیسلام کورد و عەرەبی پێکەوە لە ژێر ئالاَی خۆیدا کۆ کردۆتەوە. ماوەیەکی گەلێ زۆر لەژێر سێبەری یەك دەوڵەتدا پێکەوە ژیاون. دینی ئیسلام بە هەموو ئەحکام و عەدالەت و ڕەوشتە دینی و دنیاییەکانیەوە، ماوەیەکی زۆر حوکمڕانیی هەموو عالەمی ئیسلامیی کردووە (بە کوردستان و عەرەبستانەوە)، وە گەلێ ڕەوشتی کۆمەلاَیەتی و دینیی بەسەر هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردا سەپاندووە. بەم چەشنە، دینی ئیسلام بناغەی برایەتیی کورد و عەرەبی داڕێژت بە شێوەیەکی زۆر پتەوتر و توندتر لە برایەتیی نێوان عەرەب و گەلانی تری ئیسلامدا.

لەمەدا ڕەنگە یەکێتیی مەزهەب و دراوسێیەتی دەستێکی بالاَی بووبێت لە سەرەتادا، بەلاَم هۆی هەرە گرنگ بە لای منەوە ئەمە بووە کە هەر لە سەرەتای بەیەکەوەژیانی کورد و عەرەبەوە (لە سێبەری یەك دەوڵەتدا) خەڵکی کوردستان شانبەشانی کۆمەلاَنی خەڵکی زۆرلێکراوی عەرەب لە زۆرداری و خراپە و چەوساندنەوەی کاربەدەستانی چێشتووە، بە جۆرێ، کە یەکێتیی دوژمن وە یەکێتیی ئامانجی ڕزگاربوون لە دوژمن و زۆرداری و چەوساندنەوەکەی، توند گەلی کورد و گەلی عەرەبی پێکەوە گرێ داوە. هەر وەك بەیەکەوە بەشداربوونی کورد و عەرەب لە شەڕی پاراستنی ئیسلامدا لە هێرش و پەلاماردانی بێگانە پەلاماردەرەکانی تۆرانی (هۆلاکۆ و جەنگیز خان و تەیمووری لەنگ) و سەلیبییەکان کارێکی باشی کردۆتە سەر بەهێزکردن و گەشەپێکردنی برایەتیی کورد و عەرەب. جگە لەمانە، بە پێچەوانەوەی فورس (کە خاوەن ئیمپراتۆرییەتێك بوون عەرەب لێی تێك دان)، وە بە پێچەوانەی تورك (کە کۆمەڵە عەشیرەت و هۆزی پەلاماردەری تالاَنبەر بوون)، لە نێوان کورد و عەرەبدا هیچ هۆیەکی دوژمنایەتیی یەکترکردن و قین و تۆڵە لە گۆڕێ نەبوو.

جگە لەمانە، سەدان ساڵە بەیەکەوە یەخسیربوونی گەلی کورد و گەلی عەرەب لە بەندیخانەی دەوڵەتی عوسمانیدا، وە پێکەوە لە تاڵی و زۆرداری چێشتنیان لە دەست کاربەدەستانی عوسمانی، پاشان بەیەکەوە گیرۆدەبوونیان بە کۆتوزنجیری بەندەگێتیی ئیمپریالیزمەوە، وە بەیەکەوەژیانی بەشێك لە نەتەوەی کورد و لە نەتەوەی عەرەب لە

سوریە و عیراقدا، واتە یەکێتیی دوژمن وە یەکێتیی ئارەزووی ڕزگاربوون لە ئیمپریالیزم و بەندەگێتی، هەموو ئەمانە وایان کردووە، کە برایەتییەکی ڕیشە لە مێژوودا داکوتراو، کە پێوەندییەکی توند و بەهێزی گیاندار هەردوو گەلی کورد و عەرەب چاك بەیەکەوە ببەستێت، بە جۆرێ، کە ڕێککەوتن و هاریکاری و یەکخستنی خەباتیان دژی داگیرکەران و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیی نۆکەری و دیکتاتۆرییەت، شتێکی نەك هەر تەبیعی بێت، بەڵکو شەرتی بنچینەیی ڕزگاریی تەواو و سەرکەوتنی هەردووکیشیان بێت.

ورده ناکۆکییەکیش لە نێوان کورد و عەرەب (گەر ڕووی دابێت) لە نێوان گەلی کورد و گەلی عەرەب نەبووە، بەڵکو لە نێوان کاربەدەستان و سەرانی چینەکانی خوێنمژ و زۆردارا بووە. بۆیە برایەتیی کورد و عەرەب لە نێوان کۆمەڵانی خەڵکی کورد و عەرەبدا بەهێزتر و چەسپاوتر و پتەوترە، بە تایبەتی چونکە هیچ ناکۆکییەکی چینایەتی و نەتەوایەتییان لە بەینا نییە.

دەربارەی پێوەندیی کورد و عەرەب لەم سەردەمەشدا، مامۆستا برایم ئەحمەد لە وتارێکی سەرەکیی ڕۆژنامەی (خەبات)ی تێکۆشەرا، ژمارە (٤٢١)ی (١٩٦١/٢/٢)ی چاپی عەرەبیدا ئەمەی خوارەوە ئەنووسێ:

**((پێوەندییەکانی مێژوویی و دینی، وە بەیەکەوەبوونی کورد و عەرەب لە ناو جەمهورییەتی عیراقی و جەمهورییەتی عەرەبیی یەکگرتوودا[1] ، وە یەکێتیی دوژمن و دەسکەوت و ئیش و ئاواتەکانیان، هەردوو گەلی برا و دۆستی کورد و عەرەب بە توندی پێکەوە ئەبەستن، هەر وەك واجبی یەکخستنی خەباتیان دژی ئیستعمارییەکان و داگیرکەرانی وڵاتەکانیان لەپێناوی هێنانەدیی ئامانجە نەتەوایەتییە ڕاست و ڕەواکانیان و ژیانێکی ئازادی و سەربەرزانەدا. بەڵێ، ئەم واجبەش ئەخەنە ئەستۆی ڕۆڵەکانی هەردوو نەتەوەکەوە. ئەوەی بەجێهێنانی ئەم ئەرکە پیرۆزەش ئاسان ئەکات، ئەمەیە کە لاپەڕەی پێوەندیی کورد و عەرەب پاکە و گەردی دوژمنایەتی و ناکۆکیی خوێنینی لێ نەنیشتووە، بە پێچەوانەوە، هەمیشە ئەم پێوەندییە دۆستانە و برایانە بووە.**

---

١- ئەوسا سوریە ئیقلیمی شیمالی ج.ع.ی بوو.

لەوەتەی ئەم دوو گەلە یەکتریان ناسیوە، گەلێ جار خوێنی هەردوو گەلەکە لە خەباتی یەکگرتوویاندا تێکەڵ بووە بۆ پاراستنی ئاوات و ئامانجە موشتەرەکەکانیان، وە دژی پەلامارەدەرانی بێگانە. لە کاتی بەیەکەوە کەوتنەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان و پاش ئەوان ئیمپریالیستەکانی ڕۆژاوا، کورد و عەرەب شانبەشانی یەکتری خەباتیان درێژە پێ داوە دژی داگیرکەران و ئیمپریالیستەکان، وە لەپێناوی ئازادی و مافی چارەنووسی هەردوو گەلدا. لەم ماوەیەشدا پێوەندیی کورد و عەرەب لەوپەڕی چاکیدا بووە. گەلێ خوێندەواری کورد لە بزووتنەوەی هۆشیاربوونەوەی عەرەبدا لە خەباتی ڕزگاریی عەرەبدا بەشدار بوون. کە بزووتنەوەکانی گەلی عەرەب لە دوای شەڕی دووەمدا پەرەی سەند، هەمیشە گەلی کورد پشتیوانیی لێ کردوون، وە بە هۆی پێشڕەوە دیموکراتییەکانی خۆیەوە دەری بڕیوە، کە بە هەموو هێز و توانایەکیەوە لایەنگریی خەباتی گەلی عەرەب ئەکات دژی ئیمپریالیزم و سەهیۆنییەت و لەپێناوی هێنانەدیی هەموو ئامانجە ڕاست و دروستەکانی گەلی عەرەبدا)).

بەم جۆرە، ئەبینین کە برایەتیی کورد و عەرەب نەك هەر لە یەکێتیی دوژمن و ئامانجدا خۆی نواندووە، بەڵکو لایەکی تریشی ئەمە بووە کە کورد هەمیشە هاوبەش و پشتیوانی خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیی گەلی عەرەب بووە.

سەرۆکی وەفدی کوردستان کە بۆ پیرۆزبایی لە شۆڕشی چواردەی تەمووز، ڕۆژی ٢٧/ی تەمووز/١٩٥٨ چوو بۆ وەزارەتی دیفاعی عیراقی، لە خوتبەکەیدا کە بە ناوی وەفدەکانی شار و دێهاتەکانی کوردستان پێشکەشی کرد، لەم بابەتەوە ئەمەی خوارەوەی وت:

((ئازادیخوازانی کورد، شانبەشانی ئازادیخوازانی عەرەب، لە هەموو کۆڕ و مەعرەکەیدا خەباتیان کردووە. لەگەڵ برا عەرەبەکانیاندا دووچاری بەندیخانە و دوورخستنەوە و کوشتن بوون، بە هیوای ئەوەی کە لەناوبردنی ئیمپریالیزم و نۆکەرە نیشتمانفرۆشەکانی دەستەبەری سازدانی بەهێزترین بناغەیە بۆ داڕێژتنی پێوەندیی کورد و عەرەب بەو گیانی برایەتی و وەکیەکییەی بە درێژایی مێژوو باڵی کێشاوە بەسەر پێوەندییانا، هەمیشە ئازادیخوازانی کورد باوەڕیان وابووە، کە هەر سەرکەوتنێك بزووتنەوەی نەتەوایەتیی عەرەب وە دەستی بێنێت لە خەباتیا دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، سەرکەوتنێکە بۆ کوردایەتییش، هەر وەك هەموو سەرکەوتنێکی کوردایەتییش سەرکەوتنە بۆ نەتەوەی

**عەرەب بە گشتی، وە لەناوبردنی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی لە عیراق، سەرکەوتنێکە بۆ مەسەلەی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب بە تایبەتی))**. بنواڕە خوتبەکەی مامۆستا برایم ئەحمەدی سەرۆکی وەفدی کوردستان لە دیفاع ڕۆژی ١٩٥٨/٧/٢٧.

جا لەبەر تیشکی ئەم ڕاستییانەی سەرەوە، وە بۆ نموونە، هەڵوێستی کوردایەتی بەرامبەر بە (التضامن العربي)، هاریکاریی نێوان عەرەب و یەکێتیی عەرەب، لێرەدا باس ئەکەین:

## کوردایەتی و هاریکاریی عەرەبی:

ڕۆژنامەی تێکۆشەری خەبات لە ژمارە (٣٩٢)ی ڕۆژی (١٩٦٠/١٢/٢٢)یدا پێوەندیی نێوان گەلی عەرەب و گەلی کوردی بەم جۆرەی خوارەوە هەڵسەنگاندووە:

**((برایەتیی کورد و عەرەب ڕەگی زۆر قووڵ لە مێژوودا چۆتە خوار، دەسکەوتی هەردوو لا و پێوەندییە نیشتمانی و دینییە یەکخەرەکانیان و یەکێتیی دوژمن و بەڵا و کوێرەوەرییەکان توند هەردوو گەلی کورد و عەرەب بەیەکەوە ئەلکێنێ، وە ئۆباڵی یەکخستنی هێزەکانیان و هاریکاریکردنیان لە خەباتی دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی مافەکانی هەردوو گەلدا، وە لەپێناوی مافەکانی نیشتمانی و نەتەوایەتی و دیموکراتییاندا. بەڵێ، ئەم ئۆباڵە ئەخاتە ئەستۆی پێشڕەوەکان و ڕۆڵەکانی هەردوو گەلەکەوە))**.

بەم گیانەشەوە کوردایەتی و پارتی پێشڕەوی کوردایەتی هەڵوێستی خۆیان دەربارەی هاریکاریی عەرەبی دیاری کردووە. چونکە کورد نەك هەر چاکەی عەرەبی ویستووە و خۆی بە برای عەرەب داناوە، بەڵکو دەردی خەبات ژمارە (٣٩٨) گوتەنی:

**((گەلی کورد هەمیشە خۆی بە هاوبەشی ناخۆشیی عەرەب زانیوە، هەر سەرکەوتنێکیش نەتەوەی عەرەب وە دەستی هێنابێت، بە سەرکەوتنی خۆی زانیوە. گەلی کورد هەمیشە لەگەڵ برا عەرەبەکانیا بە خۆشی یان شاد بووە وەك ئەوان. بۆیە هاریکاریی عەرەبی دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و سەهیۆنیەت، وە لەپێناوی بەجێهێنانی هەموو ئامانجە ڕاست و ڕەوایەکانی نەتەوەی سەروەری عەرەبدا، بە پێویستییەکی نیشتمانی و نەتەوایەتی ئەژمێردرێت لە لایەن هەموو گەلی عیراقەوە بە هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبییەوە))**. دەربارەی هەڵوێستی پارتی پێشڕەوی کوردایەتییش، پارتی دیموکراتی کوردستان، خەبات لە هەمان ژمارەی ناوبراویدا نووسیویەتی کە:

**((پارتی ئێمە پاڵپشتیی نەتەوەی کوردی بۆ هاریکاریی عەرەبی (التضامن العربي) بە ئاشکرا دەرخستووە. هەر وەك لە پرۆگرامی پارتیمان و ڕاپۆرتی مامۆستا برایم ئەحمەدی سکرتێریدا بۆ کۆنگرەی پێنجەمی پارتیمان لە زۆر وتاری ڕۆژنامەکەیدا (خەبات) ئەم هەڵوێستە دەرکەوتووە)).**

هاریکاریی عەرەبییش بە لای تێکۆشەرانی کوردەوە، وەك خەبات لە ژمارە (١٥٨)دا ئەڵێ، بریتییە لە:

**((یەکخستنی خەباتی گەلانی عەرەب دژی ئیمپریالیزم (دوژمنی موشتەرەك)، وە لەپێناوی ڕزگاری و دیموکراسیدا. ڕێکخستن و یەکخستنی هەوڵ و کۆششەکانی گەلانی عەرەب و ڕێکخراوە نیشتمانی و دیموکراتییەکانی وڵاتانی عەرەبدا، وە یارمەتیدانی گەلانی ژێردەستە و لێقەوماوی عەرەب لە لایەن گەلە ڕزگاربووەکانەوە)).**

بەم چەشنە، ئەبینین کە گەلی کورد برایەتی و هاوکاریی خۆی لەم مەیدانەشدا (میدان التضامن العربي) لەگەڵ برا عەرەبەکانی خۆیدا دەربڕیوە، هەر وەك بە کردەوەش کوردپەروەرە هۆشیارەکان، شانبەشانی برا عەرەبە عیراقییە تێکۆشەرەکانیان، خەباتیان کردووە بۆ پشتیوانیکردنی خەباتی گەلانی عەرەبی لە فەلەستین و میسر و جەزائیر و لوبناندا، هەروەها کوردپەروەرە هۆشیارەکان لە عیراق و سوریەشدا بەشداریی خەبات و فیداکاری بوون لەپێناوی ڕزگاری و سەربەخۆیی عەرەبدا بۆ یارمەتیدانی بزووتنەوەی گەلانی عەرەب لە هەموو نیشتمانی خۆیاندا.

گەلێ جار خوێنی گەشی شەهیدانی کورد لەگەڵ خوێنی پاکی شەهیدانی عەرەب تێکەڵ بووە لە کۆڕی خەباتی یەکگرتوویاندا دژی دوژمنی هەردوولا، وە لەپێناوی فەلەستین و یارمەتیدانی خەباتی نەتەوەی عەرەبدا.

گەلی کورد لەو پشتیوانیکردنەی خەباتی گەلانی عەرەب و هاریکاریی عەرەبییەدا هیوای ئەوەی هەبووە کە جگە لە کزکردن و دەرپەڕاندنی ئیمپریالیزمی دوژمنە خوێنەخۆکەی، سەرکەوتنی خەباتی برا عەرەبەکانی ببێتە هۆی پچڕاندنی ئەو کۆتوزنجیرانەش کە ئیمپریالیزم کورد و عەرەبیان پێ بەستبوونەوە، واتە ببێتە هۆی ڕزگارکردنی کوردیش لە کۆت و بەندەگێتیی ئیمپریالیزم و ماوەدان بەوەی گەلی کوردیش مافە دیموکراتییەکان و نەتەوایەتییەکانی خۆی وە دەست بهێنێت.

## کوردایەتی و یەکیەتیی عەرەب:

دیارە گەلی کورد کە خۆیشی گەلێکی وڵات داگیر و دابەشکراوە، باشتر لە دەردی دابەشکران و لێکداپچڕانی گەلان و وڵاتانی عەرەب دەگات، کە نەتەوەی عەرەب پێك دێنن، وە باشتر لە عەدالەتی هەوڵ و کۆششی گەلانی عەرەب ئەگات لەپێناوی یەکێتیی گەلان و وڵاتانی عەرەبدا، هەر وەك مەسەلەی یەکخستنەوەی هەموو نەتەوەیەك (بە نەتەوەی عەرەبیشەوە)، بەشێکە لە مافی چارەنووس، کە گەلی عەرەبیش هەیەتی. بۆیە گەلی کورد بە شێوەیەکی مەبدەئی لایەنگری خەباتی نەتەوەی عەرەبە لەپێناوی یەکێتیی عەرەبدا.

بەڵام (یەکێتیی عەرەب)یش وەکو هەموو ڕووداوێکی تری کۆمەڵایەتی، شتێکی داپچڕاو و جیا نییە لە ڕووداوەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەی تیایا ئەقەومێت. بۆیە کورد هەر ئەتوانێ لەو مەسەلە گرنگ و ئاڵۆزەدا هەر بە جۆرێکی سەرەتایی (مەبدەئی) ڕەئی بدات، بە تایبەتی چونکە چۆنێتیی ئەم یەکخستنەی گەلانی عەرەب، وە کات و شوێنی ئەم یەکێتییە و بناغە و شێوەکەی، ڕاستەوخۆ بەندە بە ئیرادەی نەتەوەی عەرەبەوە. ئێمەش گەر بۆمان بلوێ ڕەئی بدەین لەم ڕووەوە، ئەوا پشتیوانیی ڕەئی و بیری هێزە پێشکەوتوو و دیموکراتەکانی عەرەب ئەکەین، بە ڕەچاوکردنی ئارەزوو و دەسکەوتی کۆمەڵانی خەڵکی نەتەوەی عەرەب و بە جۆشوخرۆش هێنانی خەبات دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی.

ئەوەی پێوەندیی ڕاستەوخۆیشی بە گەلی کوردەوە هەیە، ئەمەیە کە ئەو یەکێتیی عەرەبە تا چەند ئەبێتە هۆی یان کۆسپی بە ئاوات و ئامانج گەیشتنی گەلی کورد. هەر بۆیەشە کورد حەز بە یەکێتییەکی دیموکراتیی تێروپڕ لە سەربەستی و ئازادییە دیموکراتییەکان ئەکات، چونکە هەموو یەکێتییەکی دیموکراتیی عەرەب لە باریدا هەیە کە مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد بسەلمێنێت، وە ماوە بدات بە یەکگرتنی برایانەی بە ئارەزوو و ئازادی گەلی کورد لەگەڵ گەلی عەرەب لەسەر بناغەی وەکیەکیی ڕاستەقینە و دەسکەوتی ڕەچاوکراوی هەردوو نەتەوەی برا و دۆستی کورد و عەرەبدا.

دەبارەی مەسەلەی یەکێتیی عەرەب، یەکێتیی کۆماری عیراق و کۆماری عەرەبی

یەکگرتوودا، کە وەختی خۆی هەر خێرا دوای شۆڕشی چواردەی تەمووز بە شێوەیەکی فەریك و کاڵ و بە پەلە هێنرایە کایەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان لەو یادداشتەیدا کە لە ١٩٥٨/٩/١١دا پێشکەش بە حکومەت و حزبەکانی عیراقی کردبوو، زۆر بە عیلمی و جوان هەڵوێستی کوردایەتیی بەم جۆرەی خوارەوە دیار کردبوو:

## مەسەلەی یەکگرتن یان یەکێتی لە دوو لاوە پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە:

((یەکەمیان: ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەك ئەم ئامانجە دوورونزیکانەی کە گەلی عیراق هەموو خەباتی بۆ کردووە و ئەیکات، ئەپارێزێت و ئەهێنێتە دی.

دووەمیان: ئەمەیە کە تا چ ڕادەیەك (دەرەجەیەك) سەرەتای هاوبەشی لە نیشتماندا ئەپارێزێت و جێبەجێی ئەکات، وە تا چ ڕادەیەك مافەکانی نەتەوایەتیی گەلی کورد فرەوان ئەکات، کە لە دەستووری کۆماری عیراقدا سەلمێندراون. جگە لەم دوو لایە گشتییە، ئێمە بە شێوەیەکی سەرەتایی لامان وایە کە مەسەلەی یەکگرتن و یەکێتیی ڕاستەقینە و خۆ یەکسەر بە گەلی عەرەبەوە بەندە، چونکە هەردووکیان بەشێکن لە مافی نەتەوەی برامان، لە چارەنووسی خۆی، ئەو مافی چارەنووسییە گرنگەی کە پەیمانی مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو گەلانی دنیای سەلماندووە، وە پاشان گەلانی ئاسیا و ئەفریقا لە کۆنگرێسی باندونگدا[1] دووپاتیان کردۆتەوە، وە کە گەلی کوردمان بە سەنەدی قانوونیی خۆی ئەزانێت لە خەباتی ڕزگاریخوازانەیدا. لەسەر ئەم بناغەیە، ئێمە لایەنگریی ئەوە ئەکەین کە گەلی عەرەب بڕیاری لەسەر ئەدا دەربارەی چارەنووسی خۆی، وە بەو شێوەیەی خۆی دای دەنێت بۆ ڕێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان پارچەکانی (نیشتمانی دابەشکراوی عەرەب) ئەمە بە شێوەیەکی سەرەتایی موتڵەق، بەڵام ئەوەی پێوەندیی بە باری ئێستەی عیراقەوە هەیە، هەر ئەو دوو لایەیە کە باسمان کردن، وە کە ناتوانین دەستیان لێ هەڵگرین.

---

١- کۆنگرەی باندونگ لە ١٨ تا ١٩٥٥/٤/٢٤ لە ئەندەنووسیا بەسترا، کە نوێنەری بیستونۆ دەوڵەتی ئاسیا و ئەفریقا تێیدا ئامادە بوون. (ئامادەکار)

بۆ جێبەجێکردنی یەکەمیان، کە پاراستنی ئەو ئامانجە دوور و نزیکەکانە، کە گەلی عیراق خەباتیان بۆ کردووە، وە پەلەکردنە لە هێنانەدیی ئەو ئامانجانە، ئێمە وای بە ڕاست ئەزانین کە جارێ پەلە لە هیچ یەکێ لەم دوو هەنگاوە، یەکگرتن و یەکێتی، نەکرێت، پێش لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنێکی زۆر پێویست، وە پێش بە پلەپلە ڕۆیشتن و هەڵهێنانی هەنگاوەکانی سەرەتایی پێویست بۆیان یان پێش گەڕانەوە بۆ گەلی عیراق لە مەسەلەکەدا، بە تایبەتی ئێستە باری عەرەبی و عالەمی یارمەتیی ئەوە ئەدەن کە ماوەیەکی تەواو تەرخان کرێت بۆ ئەو لێوردبوونەوە و وردەوردە ڕۆیشتنەوە و تەواوکردنی خۆئامادەکردنەکانی پێویست بە جۆرێکی ڕاست و دروست و دوور لە پەلەپەل و موباغەتە)).

هەروەها لە یادداشتەکەدا دەربارەی وەزعی کوردیش لەم یەکێتییە یان یەکگرتنەی عەرەبدا، وە پێویستیی سەلماندنی مافەکانی کوردا تیایانا، ئەمەی خوارەوە نووسرابوو:

(ئەم تەکوینەی دروست ئەکرێت، بێگومان بەشە هەرە زۆرەکەی عەرەب ئەبێت، کوردەکانی ناویشی ژمارەیان و نیسبەتیان لەگەڵ بەشە زۆرەکەی عەرەبا یەکجار کەم دەبێتەوە، کە ئەمەش وایان لێ ئەکات کە زۆرتر سڵ و دڵ ناسك بن بەرامبەر بە هەر شتێك کە پێوەندیی بە مافەکانیانەوە هەبێت، پێوەندییەکی دوور یان نزیك. وە بەم هەستە هەموو کردار و ڕەفتاری ئەم تەکوینە دروستکراوەیە لێك ئەدەنەوە، لەبەر تیشکی ئەم ڕاستییانە و بە کەڵکوەرگرتن لە تاقیکردنەوەکانی کورد لەگەڵ تورکان و لەگەڵ بزووتنەوەی کەمالی و لەگەڵ فارسەکان لە گەلێ موناسەباتی جیاجیادا کە دەرسی زۆر تاڵیان بە کورد داوە، ئەڵێین:

.. هەر هەنگاوێك نەتەوەی عەرەب هەڵی بهێنێ بەرە و ئامانجەکانی، ئەبێ شانبەشانیان مافەکانی نەتەوایەتیی کورد فرەوان کەین و هەنگاوێك بێت بۆ پێشەوە ڕووەو ئامانجەکانی نەتەوەی کوردیش، دیارە ئەبێ هەنگاوی هەریەك لەم دوو نەتەوەیە بگونجێت لەگەڵ مەرکەز و باری ئەم نەتەوەیە. بۆ ئەمەش پێشنیاز ئەکەین کە:

یەکەم: گەر عیراق ویستی تیکەڵ بە یەکگرتنێکی فیدراڵی بێت لەگەڵ دەوڵەتانی ڕزگاربووی عەرەبیدا، ئەبێ حوکمی زاتی بە چەشنێك بە کوردستان بدرێ لە چوارچێوەی یەکێتیی عیراقدا.

**دووەم: گەر هاتوو عیراق یەکێتیی لەگەڵ جەمهورییەتی عەرەبیی یەکگرتوو دروست کرد، ئەوسا ئەبێ کوردستان ئەندامێکی فیدراڵی بێ لەم تەکوینە نوێیەدا).**

ئا ئەمە بوو ئەو داخوازییانەی کوردایەتی کە پارتی لە یادداشتی ١٩٥٨/٩/١١ی خۆیدا پێشکەشی کردبوو بە کاربەدەستانی عیراق.

ئەم هەڵوێستە مەبدەئیبە ڕاست و ڕەوایەی کوردایەتی بەرامبەر بە یەکێتیی عەرەب، هەر وەك خۆی مایەوە لە کاتی دەسەڵاتداریی بەعسیشدا، ئەوە بوو ئەو وەفدە کوردییەی کە لە کاتی خۆیدا لە کۆبوونەوەکەی کۆیەدا هەڵبژێردرا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کاربەدەستانی بەغدا ساڵی (١٩٦٣) دەربارەی هەڵوێستی کوردایەتی بەرامبەر بە یەکێتیی عەرەب، یادداشتێکی دا بە کۆبوونەوە سێ قۆڵییەکەی قاهیرە لە نێوان سوریە و عیراق و میسردا بە ئیمزای سەرۆکی وەفدی کورد (نووسەری ئەم باسە)، تیایا گوترابوو کە:

**((بۆتان ڕوون ئەکەینەوە کە گەلی کورد هیچ ڕۆژێك دژی ویستی گەلی عەرەب ناوەستێت لە جۆری ئەم پێوەندییەی کە دەیەوێ لە نێوان پارچەکانی خۆی و حکومەتەکانیان پێکی بێنێت. مایەی بەختیاریی گەلی کورد ئەمە ئەبێ کە هەلی بۆ ڕێك کەوێت تا بەشدار بێت لە ئاسانکردنی ئەوەی دژوارە لە مەوزووعی ئەو پەیوەندییەی ئەویسترێ لە نێوان هەموو پارچەکانی نیشتمانی عەرەب بە گشتی و دەوڵەتە ڕزگاربووەکانی بە تایبەتی دروست کرێت، ئەو پەیوەندییە هەرچی چۆنێ بێت.))**

هەروەها لە هەمان یادداشتدا (کە لە ڕۆژی ٨ نیسانی ١٩٦٣)دا درابوو بە کۆبوونەوەکەی قاهیرە و وترابوو کە: **(گەر هاتوو عیراق بەشداریی یەکگرتنێکی فیدراڵی عەرەبی بوو، ئەوا ئەبێ کورد حوکمێکی ئۆتۆنۆمیی تەواوی بدرێتێ، بێ وێکهێنانەوە و لێداتراشین. (ج – ت) گەر عیراق توایەوە لە یەکێتییەکی تەواوی عەرەبیدا لەگەڵ دەوڵەتێکی تری عەرەبی، ئەوا ئەبێ گەلی کورد بکرێ بە (ئیقلیمێك) لەو دەوڵەتە عەرەبییەدا، بە جۆرێك کە ئامانج لە پاراستنی وجودی خۆی بۆ بهێنێتە دی).**

لەمەی ڕابورد، هەر ئەوە دەردەکەوێت کە کوردایەتی دژی یەکێتیی عەرەب نەبووە و نییە، وە هەڵوێستێکی مەبدەئیی ڕاستی هەیە دەربارەی یەکێتیی عەرەب.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، بە لای ئێمەوە بە لێکدانەوە و بۆچوونی ئێمە، ڕاست هەر ئەمەیە کە پەلە نەکرێت لە هەنگاوهەڵێنان بۆ یەکێتیی دەستووریی عەرەب، وە پێش

زرووف سازکردن بۆ ئەم یەکێتییە تەواوە. ئیمڕۆ ئەم ڕەئییە پەسندە کە گەلێ هێزی عەرەبی دەیگوت، کە ئەویش یەکگرتنی فیدراڵییە.

بەڵام گەر گەلی عەرەب شێوەی یەکێتی و توانەوەی لە ناو یەك دەوڵەتدا پەسند کرد، ئەوا ئێمە دژی ناوەستین.